# شێخ ڕەزای تاڵەبانی

کەڵەشاعیری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**
* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# شێخ ڕەزای تاڵەبانی

کەڵەشاعیری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

ئەحمەد تاقانە

ناوی کتێب: شێخ ڕەزای تاڵەبانی – لێکۆڵینەوەی ئەدەبی
نووسینی: ئەحمەد تاقانە
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٩١
هەڵەگری: شێرزادفەقێ ئیسماعیل + بۆکان نووری سەعید
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: ناسیح ساڵح
چاپی دووەم، هەولێر – ٢٠١٠
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٥٩ی ساڵی ٢٠١٠ی دراوەتێ

## ناوەڕۆک

پێشەکی ..... 7
سەرەتا ..... 9
بەشی یەکەم: ژیان و بەسەرهاتی شێخ ڕەزا ..... 27
بەندی یەکەم: بنەماڵەو ڕەچەڵەک ..... 29
بەندی دووەم: ناو و نازناو و لەدایکبوونی شێخ ڕەزا ..... 38
بەندی سێیەم: پەروەردەبوون و ژینی ..... 51
بەندی چوارەم: گەڕانەوەی لە ئەستەمبووڵ ..... 77
بەندی پێنجەم: کۆچی دوایی ..... 97
بەشی دووەم: شیعرو شاعیرێتی و مەبەستەکانی شێخ ڕەزا ..... 103
بەندی یەکەم: دیوان و هەڵبەستەکانی ..... 105
بەندی دووەم: پلەی شاعیرێتی و ڕۆشنبیریی ..... 114
بەندی سێیەم: پەیوەندیی بە شاعیرانەوە ..... 132
بەندی چوارەم: مەبەستی شێخ ڕەزا ..... 158
بەشی سێیەم: خودە هونەرییەکانی شیعری شێخ ڕەزا ..... 203
بەندی یەکەم: جۆری داڕشتنی شیعری ..... 205
بەندی دووەم: هونەرە وێژەیی و وردەکارییەکانی شیعری شێخ ڕەزا ..... 221
بەندی سێیەم: وێنەی هونەری لە شیعری شێخ ڕەزادا ..... 238
ئەنجام ..... 253
سەرچاوەکان ..... 255
پاشکۆی ژمارە ١ ..... 263
پاشکۆی ژمارە ٢ ..... 266

# پێشەکی

١٩٦١، باوکم ئەفسەری پۆلیس بوو لە چەمچەماڵ، شێخ عەلی تاڵەبانی کۆکەرەوە و لە چاپدەری دیوانی شێخ ڕەزای ساڵی ١٩٤٦ قایمقامی چەمچەماڵ بوو.. شێخ عەلی دانەیەکی دیوانەکەی پێشکێشی باوکم کردبوو.. کە باوکم ساڵی ١٩٦٢ کۆچی دوایی کرد، ئەو دیوانی شێخ رەزایە و دوو سێ کتێبی تری بۆ جێ هێشتم.. ئەمە یەکەم پێوەندیم بوو.. بە شیعر و دیوانی شێخ ڕەزاوە.. لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا، کەوتمە سەر ئەوەی لە بارەی شێخ و شیعرەکانییەوە زانیاری کۆبکەمەوە.. ئیدی لەوساوە، جارجار بەگەرمی و جارجار بەساردییەکەوە، هەر خەریکی بووم.. بەنیازی ئەوەی کارێکی باش بۆ ئەم شاعیرە مەزنە بکەم.. بەڵام باری ژیان و ئەو تەگەرانەی کە دێنە پێش لێکۆڵەرەوە (بەتایبەتی کورد) و لەلای خاوەنی خۆیدا ئاشکرا و دیارە، بێگومان دەهاتنە بەر ڕێی منیش. لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا، جارێکیان مامۆستا «هێمن»ی شاعیری گەورەی کوردم قایل کرد کە هەندێک لە شیعرە فارسییەکانی شێخ رەزام بۆ لێک بداتەوە، بۆ تێگەیشتنی خۆم، جارێ دوو جار، چوونە لایەک لە (ئەبوو نوئاس)ی بەغدا و دوو سێ شیعرێکی بۆ لێکدامەوە و.. لەبەر باری ژیانی تایبەتی خۆی و باری دەروونی ئەوسای مامۆستا، چی دی پێی نەکرا بێت. دیسانەوە لەگەڵ برای خۆشەویستم کاک (عەبدولقادری شەمسەدینی)دا کە خوارزای «هێمن»ی شاعیر و رۆشنبیرێکی چاک و فارسیزانێکی شارەزای شیعر بوو، لەو دەمانەدا کە لە بەغدا پەنابەر بوو، ویستمان پێکەوە تێکڕای شیعرەکانی شێخ رەزا ساغ بکەینەوە و بەراوردێکی دیوان و شیعرە جیاجیا چاپکراوەکانی بکەین و.. چەند شیعرێکمان تەواو کرد و.. دیسانەوە بۆمان نەچووە سەر.

جاریکیان، کە ئەوسا لە بەغدا دادەنیشتم (هەر لە حەفتاکاندا)، لە ژمارەیەکی کۆواریک دەگەڕام، لە بەغدا چنگم نەکەوت.. سواربووم و چوومە سلیمانی، هەر لەبەر دەرگەی کتیبخانەی گشتیدا دابەزیم و چوومە کتیبخانەکەوە، کۆوارەکە، بەپێی ریزی ژمارە و ساڵە و ساڵ بەرگ کرابوون. بەرگی ئەو ساڵەم دەرکرد کە ئەو ژمارەیەی تیدا بوو کە من دەمویست.. تەنیا ئەو ژمارەیەی تیدا نەبوو... بێ ئەوەی ساتیک بحەسێمەوە، یەکسەر لە کتیبخانەوە چوومە مەڵبەندی گواستنەوە و یەکسەر گەڕامەوە بەغدا.

ساڵی ١٩٧٨ چوومە ئەستەمبووڵ، یەک لەو مەبەستانەی کە بۆی چووبوومە تورکیا، گەڕان بوو بەدوای سەرچاوەیەکی گرینگدا کە مامۆستای هێژا «عەتا ترزی باشی» لە کتیبە بە نرخەکەی (کرکوک شاعرلری)دا پشتی پێ بەستبوو، ئەویش کتیبی (صوک عصر تورک شاعرلری) بوو.. گەلیک بە دوایدا گەڕام، دواتر بە ڕێبەریی (کاک عومەر ئویز تورکمەن)ی کچەزای شێخ رەزای تاڵەبانی.. دانەیەکم بەدەست خست و هێنامەوە... ئا بەم جۆرە هەر خەریکی ئەم کارە بووم و... دەیان برادەر و ناسیاوی ئەدەبدۆست، هەموو کات لە کارەکەیان دەپرسی.. منیش هەر پەلەم نەبوو..

لەم ماوەیەدا، وەنەبێ کەس یارمەتی نەدابم.. کە هەموو شایانی سوپاسی گەرم و ریزن.. بەتایبەتی هاوسەرە بەوەفاکەم و منداڵەکانم.. نازێکی زۆریان کێشاوم و بە گیانێکی لە خۆ بوردووانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کردووم.

لەم ساڵانەی دوای نەوەد، کە لە بێزارییەکی تەواودا دەژیام.. لە کۆتاییی ساڵی ١٩٩٦دا بڕیارم دا وردەوردە دەست بە لێکۆڵینەوە و رێکخستنی ئەو زانیارییانە بکەم کە لەبەر دەستمدان.. ئەوەندەی پێم کرا کۆشام و کارم کرد و ئەم بەرهەمە هاتە کایەوە.. ئەوا دەیخەمە بەردەستی خوێنەری خۆشەویست، ئەگەر شتێکم بە شتێک کردبێ، ئەوە ئەوپەڕی بەختەوەریمە.

تاقانە: نیسانی ١٩٩٨

# سەرەتا

هەردوو کیشوەری عوسمانی و ئێران هەریەکە ڕێبازێکی ئاینی بۆ خۆی کردبووە داردەست و هەوڵی داگیرکردنی ئەم وڵاتانەی ئەم ناوچەیەی دەدا.

ئەم شەڕ و ئاگرکردنەوەیە بە هاتنە سەرتەختی «سمایل شا»، لەساڵی (١٥٠٢)دا پتر تینی سەند و ئاگرەکەی خۆشتر کردووە، کاتێک کە ئەم شایە ڕێبازی شیعەگەریی بەسەر رژێمی دەوڵەتەکەیدا سەپاند و ئەو شین و شەپۆڕەی بوەیهی لە بەغدادا دایان هێنابوو ژیێنرایەوە و گەلێک شتی تری وەکو هێرش بردنە سەر سێ جێنشینەکانیان بە نوێژدا ئاخنی و.. ئەم هەموو شتەش بێگومان بەشێک بووە لەو شەڕەی کە مەبەست ژیاندنەوەی تاسە و سۆزی دانیشتووانی ئەم ناوچەیە بووە دژ بە دوژمنی نەتەوەیی، کە تورکیا بووە، واتە ئەو کیشوەرەی سوڵتانەکانیان گوایە جێنشینییان بۆ ماوەتەوە.(١)

ئەدوارد بروان باسی هەندێک دیمەنی شین و شەپۆڕی شیعەکان دەکا کە لە موحەڕەمەدا دەیگێڕن و ڕاو بۆچوونی - زانا و شارەزای فارس، میرزا حوسەین دانش دەگێڕێتەوە و لە دواییشدا دوو دێری فارسی شێخ رەزا تۆمار دەکات کە بەرامبەر شیعە فارسەکان وتوویەتی و بەڵگەی بەرزیی هونەر و جوانیی هەڵبەستەکە، لە شوێنێکی وەهادا یەکسەر بێتەوە یاد و بخرێتە بەرچاو:

بشکست عمر پشت هژبران عجم را
برباد فنا داد رگ و ریشهء جم را
این عربده بر غصب خلافت زعلی نیست
با آل عمر کینه قدیم است عجم را(٢)

ئەم شیعرەی شێخ ڕەزایە، گومان لەوەدا نییە کە لێکدانەوەیەکی پڕۆپاگەندە ئامێزی ئەوانەی سەر بەو ڕێبازەی دییە کە دەوڵەتی عوسمانی گرتبووی و شێخ بەخۆشی وەکو لە شوێنێکی دیی ئەم کتێبەدا باسی دەکەین، هەر سەر بەو ڕێبازە بووە.

پاش چەندین ساڵی شەڕ و خوێنڕێژی، لە نێوان دوو کیشوەرەکە.. ساڵی ١٦٣٩ی زاین لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە ئەم ناوچەیە لە نێوانیاندا دابەش بکەن(٣).

ئەم ڕێککەوتنە دوو قۆڵییە، وەنەبێ ئارام و هێمنی بە ناوچەکە بەخشیبێ.. لەلایەکەوە یەکیان داو و پیلانی بۆ ئەوی دی دەنایەوە.. لەلایەکی دییەوە گەلێک لە شا و گەورەکانی ئەو دوو کیشوەرە، هەر لە ناو خۆیاندا و بۆ بەرژەوەندیی خودی خۆیان و بۆ دەست بەسەراگرتنی تەختی شایی و پاشایی، نەک هەر خەڵکی دی، بەڵکو برا و کەسوکارەکانی خۆشیان لەناو دەبردن.

ئەمەش وە نەبێ بڵێین دوای ئەو ڕێککەوتنە هاتبێتە کایەوە، بەڵکو هەر لەمێژە ئەو ئاوە ڕژاوە. بۆ وێنە دەبینین، لە ٥ی شوباتی ساڵی ١٤٥١ی زایندا کە سوڵتان موراد دەمرێ کوڕەکەی جێی دەگرێتەوە و فەرمانڕەواییەکەی بە کوشتنی ئەحمەدی برای دەست پێ دەکات. وەکو بڕۆکلمەن دەڵێ.. هەر لەو ڕۆژەوە وای لێ هات کوشتنی برایان، لەلایەن سوڵتانەکانەوە ببێتە یاسا و نەریتێکی دوانەهاتوو(٤).

دیارە ئەم کێشەیەی ناو خزم و خوێشەکە لە پایتەختەکانی حوکمڕانیدا بەرپا بوو.. پەتایەک بوو، وەکو لەمەودوا دەردەکەوێ تووشی ئەو میرنشینییە کوردانەش هاتبوو کە لە کوردستاندا دامەزرابوون، بەڵام لێرەدا نەدەگەیشتە براکوشتن و شتی وەها.. وەکو ئدمۆندسیش دەڵێ: هەردوو کیشوەری ئێرانی و عوسمانی، ئەم ئاگرەیان خۆش دەکرد و نموونەش بۆ ئەم کارە، بەچەندین بار پچڕانەوەی ماوەی فەرمانڕەواییان بە عەبدولڕەحمان پاشا دەهێنێتەوە کە پتر لە پێنج جار، لە نێوان ساڵانی ١٧٨٩ و ١٨١٣ی زایندا لە میرایەتی لابراوە(٥).

لەم ناوچەیەی کوردستاندا کە پێوەندییەکی زۆری بە دەوروبەر و جۆری پەروەردەبوون و ژیانی شێخ ڕەزاوە هەیە، سێ میرنشینیی کوردی لێ بوو، ئەردەڵان و سۆران و بابان.. بەتایبەتی ئەمەی دواییان کە شێخ ڕەزا خۆی سەر بەو میرنشینییە دەزانی و لە شیعرێکیدا دەڵێ:

دەوری وەسمان بەگ لە کۆیە، ژن نەمانەیـ... (بەبە)

نسبەتی کۆیە لەگەڵ من، نسبەتی ئیبنەو (ئەبە)[٦]

هەروەها، ئەمین فەیزی برادەری گیانی بەگیانیی شێخ، لە پێشەکی کتێبی – ئەنجومەنی ئەدیباندا، کە شیعری زۆری شێخ ڕەزاشی تێدا بڵاو کردووەتەوە، دەڵێ: «من نییەتم کرد کە بەعزێ لە ئەشعاری کوردی بابان طەبع و نەشر بکەم.. هتد»[٧] کە لە جێی خۆیدا ئەم باسەمان دیسان کردووەتەوە. هەرسێ میرنشینییەکە ویستوویانە – هەرنەبێ وەکو سەرەتایەک – لە ژێر سایە و دەسەڵاتی ئەو دوو کیشوەرەدا دەسەڵات پەیدا بکەن، جا دەبینین بەتایبەتی ئەردەڵان و بابان کە لە هەردوو کیشوەرەکە نزیک بوون، بە پێی بار و ڕۆژگار و جۆری بیرکردنەوەی میرەکانیان جاروبار سەر بەملاو جارناجاریش سەر بەولا دەبوون. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەوە ناکۆکی و دوژمنایەتی ناو بنەماڵە و خزم و خوێشی میران لە ناو خۆیاندا و پیلانی دژ بەیەکیان گەلێک جار بێهێزی کردوون و دەرفەتی بەدوژمنان داوە کە ئاسانتر لەناویان ببەن... وەکو دەبینین ئاین و ڕێبازگەریی ئەو سەردەمانەش دەورێکی چاکی بینیوە و دوو کیشوەری ئێران و عوسمانی بەردەوام سوودیان لێ بینیوە، کاتێک کە هەندێک لە گیروگرفت بوونەتەوە، ئەم میرنشینانەیان تێکداوە و میرەکانیان لابردووە و مووچەخۆری خۆیان لەسەر ئەو ناوچانەدا داناوە.

میرنشینی ئەردەڵان کە لە کۆنەوە دامەزرابوو و مەڵبەندەکەی شاری سنە بوو، هەر ئەو خاڵانەی سەرەوەی تێدا دەبینرێت. سەرەڕای ئەوەش لەگەڵ میرنشینیی دیی وەکو باباندا ناکۆکی هەبووە و چەندین جار لەلایەن فەرمانڕەوایانی بابانەوە هێرشی براوەتە سەر و وێران کراوە.[٨]

پێم وایە، ئەم نموونانەی خوارەوە – بۆ پێشەکییەکی کورتی وەکو ئێرە – بایی ئەوەندەی تێدایە کە بڵێم... مشتێک نموونەی خەروارێکە..

دوای بیگە بەگ، مەئموون بەگی کوڕی دێتەجێ کە هاوچەرخی سوڵتان سلێمانی قانوونی (٩٢٦– ٩٧٤)ی کۆچی بووە، کە ئەم مەئموون بەگە لەبارەی رامیارییەوە سەربەکیشوەری ئێرانی سەفەوی بووە، بەم پێیە توانیویەتی دەسەڵات پەیدا بکات و دەستی بەولا و بەولادا رابگەیەنێ و فەرمانڕەوایی و سنووری خۆی بەرینتر بکات تا گەیشتووەتە زێی کۆیە، بەم جۆرە هەورامان و شارەزوور و، قەرەداغ و دەشتی گەرمیان (بەسەر کێوی قەرەداغدا و رێگەی کفری – کەرکووک)ی خستووەتە ژێر دەسەڵاتەوە.

بێگومان ئەم پەرەسەندنە، کیشوەری عوسمانی پێ تووڕە بووە و ترساوە، لە پێشدا دەستی بەهەوڵدان کرد بۆ بەرگریکردن لەم پەرەسەندنە، ئەویش بەدانانی هێزێکی ئینکیشاری[٩] لە کەرکووک و، هەڵمەتێکی لەشکرکێشی گەورەی بەسەرکردایەتی (حسێن پاشا) لەساڵی (٩٤٥)ی کۆچی بردەسەر (مەئموون بەگ)، بە بیانووی ئەوەی کە ڕێی بەغدا ئاسووده بکات و بەدڕەفتاریی هۆزەکانی شارەزوور دوایی پێ بهێنێ، کە هەموو کات لەم رێیەدا ڕێیان بە ڕێبواران دەگرت. زۆربەی زۆری ئەم هێرشەش لە سەربازانی میرە کوردەکان بوون کە (سوڵتان حسێن)ی میری ئامێدیش یەکێکیان بوو، بەڵام مەبەستی راستەقینەی ئەم هێرشە ئەوە بوو کە (مەریوان) و (سنە) بگرێت، ئەگەر خۆ هیچ نەبێ ناوچەی شارەزووری لێ داببڕێ. مەئموون بەگیش بەهەموو توانایەکییەوە بەرامبەر بەم لەشکرە وەستا و، وەکو پاڵەوانان بەرگریی لە وڵات کرد و تا لە دواییدا ناچاربوو لە قەڵای زەڵمدا خۆی دابمەزرێنێ، کە عوسمانییەکان تەنگیان پێ هەڵچنی، مەئموون بەگ کە بینی لەمە پتر بەرگریی پێ ناکرێ، بە ئەسپایی لە قەڵاوە خۆی دزییەوە و چووە ئەستەمبوڵ و پەنای بردە بەر سوڵتان، بەڵام ئەوان لە قووڵاییی بەندیخانەیان توند کرد. لەشکری (حسێن پاشا)ش دوای ئەوەی وڵاتەکەی تێک دا و تاڵانی کرد، گەڕایەوە جێی خۆی.

کە (سورخاب بەگ)ی مامی (مەئموون بەگ) جڵەوی کاری گرتە دەست، پێوەندییەکی چاکی لەگەڵ (تەهماسپ)ی شای ئێراندا بەست و وڵاتەکەی برازای بە ئاسانی داگیر کرد. لەم کاتەدا سوڵتان سلێمان، مەئموون بەگی لە ئەستەمبوڵدا ئازاد کرد و پارێزگاریی حیللەی دایێ و سروچکیشی دایە دەست (سمایل بەگ)ی برای مەئموون بەگ، بەڵام (سورخاب بەگ) دەستی بەسەر وڵاتدا گرتبوو و هەموو پێویستییەکی بۆ بەرگریی ئامادە کردبوو، بەم جۆرە هەموو کۆششی دوو براکە لە دەرهێنانی وڵات لە بەردەستی مامیان بەفیڕۆ چوو[١٠].

پاش مردنی شاعەباسی ئێران لە ساڵی (١٠٣٧)ی کۆچی کە پشتگیریی میرانی ئەردەڵانی دەکرد، ئەو هێز و دەسەڵاتەی جارانیان نەما، ساڵی (١٠٣٩)ی کۆچی، خوسرەو پاشای سەدری ئەعزەم بۆ گەڕاندنەوەی بەغدا لە ئێرانییەکان گەیشتە موسڵ، لەوێ (سییدی خان)ی فەرمانڕەوای ئامێدی و (میرە بەگ)ی میری سۆران و چەند میرێکی کوردی دیکە، راوێژ و قسەیان لەگەڵ کرد کە پێویستە (ئەردەڵان) بگیرێ و بەم جۆرە بەهەموویان روویان لەولایە کرد. خان ئەحمەد خان دۆستایەتی و پێوەندیی بە کیشوەری ئێران هەر درێژە پێ دا، ئەمەش لە گەلێک ڕووداودا سەلمێنرا بە تایبەتی لەو بەسەر بەغدادا دانەوەیەی دوای (شا عەباس)دا، بەڵام گەلێک لە پیاوە گەورەکانی لەشکرەکەی بەلای عوسمانییاندا دادەتاشی، چونکە بە ڕێبازی ئاینی سونی بوون[١١] و لەو کاتەدا کە لە سنوور نزیک دەبووەوە لە هەلومەرج دەگەڕان بۆ چوونە پاڵ لەشکری (خوسرەو پاشا)، بەم جۆرە هەر کە لەشکری عوسمانی لە (کەرکووک)ەوە بەڕێ کەوت، دەستەیەک لە سەرکردەکانی ئەردەڵان و پیاوە گەورەکانی لە تەک بیست میری کوردستان هاتنە لای سەدری ئەعزەم و خۆیان خستە ژێر فەرماندەی لەشکری عوسمانی کە لە ڕێکردندا بەردەوام بوو تا گەیشتە ناوچەی (گوڵعەنبەر).[١٢]

ئەم میرنشینییە کە لە کۆتایی نزیک دەبووەوە، کاتێکی وای بەسەردا هات کە لە لایەنی رامیارییەوە جاری وابووە سەر بە ئێران بووە و جارجاریش سەر

بە عوسمانی، واتە بە پێی بارودۆخی خۆیان، تا ئاوابوونی فەرمانڕەوایی خان ئەحمەد خان و ئینجا دەسەڵاتی ئێران وردەوردە دەستی بە پەرەسەندن کرد تا لە ساڵی (١٢٨٤)ی کۆچیدا ئەردەڵانی بە یەکجاری لەناو برد و پەردەیەکی بەسەردا دادا.[١٣]

میرانی سۆرانیش کە هەر لە کۆنەوە دامەزراوە و مەڵبەندی جێنشینی میر، لە شاری ڕەواندزدا بووە، هەلومەرجی مانەوە و پەرەسندن و بەردەوامبوونی لە هەردوو میرنشینەکەی دی پتر بوو، ئەو هەموو قەڵایەی کە هەندێکیان تا ئێستا بە گەردنکەشی بەسەر پێوە وەستاون، ئەگەر بەڵگەی نیازی خۆ چەسپاندن و باوەڕ بەخۆکردن نەبێ.. چین؟!. وەکو حوزنی موکریانی دەیگێڕێتەوە.. بەتایبەتیش لە سەردەمی پاشای گەورە، میر محەمەددا سۆران گەیشتە پایە و پلەیەکی بڵند و پێشکەوتوو.. ساڵی ١٢٣١ لە گەڕەکی کاولۆکان کارخانەی شیر و خەنجەر و تفەنگ و لوولە تۆپ و گوللە دروستکردن و داڕژتن و زێڕنگەری و دارتاشی بۆ کالانەی شیر و خەنجەر و ڕەوڕەوەی تۆپ و چتی پێویستی دیکەش دامەزراند و خستییە ژێر گەڕانێکی ڕێککەوتوو لە چەمبەرێکدا گەڕان، تۆپ و گوللە داڕژتنی خستە ژێر فەرمانی وەستا ڕەجەب، دارتاشی و خەنجەر و تفەنگ و دەمانچە دروستکردنی خستە دەست (خان گێلدی) و بە دەستووری خوارەوە فەرمانڕەوایی خستە قاڵبێکی زۆر جوان و دامەزرا، هەر کار و پیشە و ئیشێکی دایە دەست زانا و خاوەندی خۆی، سەردار و گەورە و میری هەمووان میر مەنسوور محەمەد بەگ میری ڕەواندز، ڕەسوڵ بەگی برای میر کارپەزیر و سەرپەرشتی هەموو کارێک، ئەحمەد بەگی برای میر سەرهەنگی سەرهەنگان، حەمەدی شیروانی مامیشی، سووڕاو، عەبدوڵا ئاکۆیی، خدری حەمەدی، سۆفی ئاغای، کە ئەوانە شەش کەس بوون، کران بەسەرهەنگ و لە ژێر فەرمانی ئەحمەد بەگی دەگەڕان، وەستا ڕەجەب فەرمانڕەوای تۆپخانە و جبەخانە، خان گێلدی خەنجەرکەر و زێڕگەران، وەستا برایمی ماویلی سەر معماری بینا و وەستای دیواران، حاجی مستەفا ئاغای گەورەی بازرگانان (خەڵکی مەتارە، باتاس و

سوورچی بوو) ئەوانە بەو دەستوورەی دامەزراندن و هەرکەس لە کاری خۆیدا تەقەلای دا و دەستی بە ئیش کرد. هەروەها دراویشی لە سکە دا و لەشکری ڕێکوپێکتر کرد و بەچەک و بەرگی تایبەتی کوردی رازاندنیەوە، کە هەرکەسە و بەپێی پایە و پلەی جۆرە جلکێکی تایبەتیی هەبوو. جگە لەوە نۆ پردی لەسەر رووباری رەواندز دروست کرد[١٤].

محەمەد ئەمین زەکی لەو پزیشکە بیانییانەوە دەگێڕێتەوە کە لە بەغداوە چووەتە ڕەواندزو باسی ئەوە دەکا کە فەرمانڕەواییی سۆران چەند ڕێکوپێک و کارگوزار بووە و وڵاتی عوسمانی لە چ بارێکی نالەباردا بووە و دەڵێ: هەر کە چووینە ناو سنووری عوسمانییەوە لە هەموو لایەکەوە داوای بەخشیشمان لێ دەکرا و بەکوشتن دەیانترساندین ئەگەر هات و بە ئاسانی بەخشیشەکە نەدەین، کەچی ئەم خووە ناشیرینە لە ناو خاکی فەرمانڕەواییی رەواندزدا نەبوو، کورتەی قسە ئەوەیە کە بەڕێوەبەرێتی گشتی فەرمانڕەوایی ڕەواندز لە هەموو بارێکەوە گەلێک لە فەرمانڕەوایی والیی بەغدا (عەلی پاشا) پێشکەوتووتر و بەویژدانتر بوو[١٥].

بەهەرحاڵ ئەم میرنشینییەش تا بڵێی شەڕوشۆڕ و دەستدرێژی لە دەرودراوسێ و هۆز و تیرەی دەوروپشتی کردووە کە دوژمنێکی زۆری بۆ خۆی پەیدا کردووە، ئەگەرچی لە سەردەمانی بەهێزیدا ناحەزانی سەرکوت و دەمکوت کردووە، ئەم بارە وای لە هەندێک لەو میرانە کردووە کە کاتێکی زۆریان بە تۆڵەسەندنەوە و دەستدرێژی لەدەست بدەن، نموونەی زەقی ئەم کارەش لە هەڵسوکەوتی (رەسوڵ پاشا)ی دوا پاشای سۆراندا دەبینرێت[١٦].

ئەوەی سەرنج رادەکێشێ ئەوەیە کە ئەم میرانە بەگشتی رێزێکی زۆری مەلا و زانا ئایینییە موسڵمانەکانیان گرتووە و قسەیان ڕۆیشتووە.. یەکێک لەو مەلا بەناوبانگانەی ناو کوردەواری، مەلای خەتێیە کە گوایە بووەتە هۆی تێداچوونی میرنشینی سۆران، کە فەتوای داوە نابێ شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و جێنشینی پێغەمبەردا بکرێ و، بەم جۆرە بووەتە هۆی ئەوەی پاشای گەورە میر محەمەد خۆی بەدەستەوە بدات و لەناوبچێ، هەر چۆنێک

بێ، ئەم قسەیە وابێ یان نا دەسەڵات و ڕێز لە قسەگێرانی ئەو مەلا و زانایانەمان هەر بۆ دەسەلمێنن[١٧].

دوای (میر محەمەد پاشا)، (ئەحمەد بەگ)ی برای بووە بە جێنشینی میرایەتی و ڕەسوڵ پاشاش بووە بە فەرمانڕەوای ئامێدی.. پاش دوو ساڵ (ئەحمەد پاشا) لە پیلانێکدا کوژرا کە ئامۆزایانی خۆی بۆیان گێڕابوو.. ئینجا (سلێمان بەگ)ی برای جێی گرتەوە، بەڵام شەش مانگی نەبرد لەبەر بێ هێزی لە میرنشینی لابرا.. ئەوجا ڕەسوڵ پاشا هاتە ئامێدی و لەوێدا بوو بەمیر، ئەمەش لەسەر داواکاریی خەڵکەکە و (پشتگیری میرییەوە بووە) و حەوت ساڵان فەرمانڕەوایی کرد.[١٨] بەقسەی ئەمین زەکی، لە سەردەمی ڕەسوڵ پاشادا هیچ ئاژاوە و ناخۆشییەک ڕووی نەدا. بەڵام لە پاشان مووچە و باجی بەمیری نەدا، لەبەر ئەوە لەشکرێکیان هێنایە سەر و لە دوو شەڕی خوێناویدا بەیەکداهاتن لە (دیرە) و (خەلیفان) و.. لە پاشان کشایەوە ڕەواندز، لەوێشدا کە تەنگی پێ هەڵچنرا پەنای بردە (شنۆ) و پێنج ساڵ لەوێدا مایەوە.. کە لەو ماوەیەدا میرنشینی سۆران خرایە سەر بەڕێوەبەرێتی ڕاستەوخۆی عوسمانییەوە[١٩]. کە لە ڕۆژی ١٥ی جومادی دووەمی ١٢٧٢ – ڕۆژی جومعە. دوای ئێوارە لەشکری ڕۆمی گەیشتە نێو ڕەواندزو، چوون لە (سەرسا) خێوەتیان هەڵدا و لە ناو شاردا دەستیان بە تەشکیلات کرد، (کەنعان پاشا) ناوێکی تورکیان کردە موتەسەریفی ڕەواندز و عەسکەرێکی زۆری لێ دانرا[٢٠].

کە دێینە سەر باسی میرنشینی بابان، دەبینین کە ئەم میرنشینییەش دووچاری هەر ئەو دەردەسەرییانە بووە کە میرنشینییەکانی دی، تووشی هاتوون، وەکو ئدمۆندس دەڵێ: ئەو کێشە ناو خانەوادەییە خوێناوییەی کە مەبەستی بەپێش یەکدی کەوتنەی تورکیا و ئێرانە خۆشی کرد، بووە هۆی پچڕانی پتر لە جارێکی ماوەی فەرمانڕەواییان[٢١].. بەڵام ئەمەیان وەنەبێ تاکە هۆی تێکچوونی باری میرنشینییان بووبێت، بەڵکو ناکۆکی و ناخۆشی ناو میرەکان بەخۆشیان دەستێکی تێکدەری لەو بارەدا بووە و.. زۆر کەسی –

بێ دەسەڵاتیش – هەستی بەمە کردووە. ئەوەتا یەکێکیان باس بۆ ریچ دەکا و دەڵێ: ناکۆکی و ناتەبایی میرەکانمان قورمان بەسەردا دەکا. دەنا تورک و ئێرانی ناتوانن ئازارمان بدەن، تەنیا بەهەلزانینی ئەو دووبەرەکی و ناکۆکییە ناو خانەوادەییەی ناو سەرانمان نەبێ، ئێمە ئەوە دەزانین... هتد.(٢٢)

بەهەرحاڵ، گەلێک لە میر و سەرانی ئەم میرنشینییەش هیوا و ئومێدێکی گەورەیان هەبوو، یەکێکی وەکو عەبدولڕەحمان پاشا.. وەکو مستەر ریچ باسی دەکا رۆژێک لە ڕۆژان بەتەمای ئەوە بووە کە باجی وڵاتەکەی یەکسەر بداتە بابی عالی (پایتەخت)، بەمەرجێک سەر بەهیچ پاشایەکی دەوروبەری نەبێ و کەس نەتوانێ لای بدات و دووری بخاتەوە.. یان تێکەڵی کاروباری ناوەخۆی بێ(٢٣). ئەگەر هەموو ئەو کۆشش و تەقەلایەی ئەم پاشایە بۆ بەرژەوەندی وڵات نەبووبێ، بەشی هەرەزۆری هەر بەرەو ئەو مەبەستە دەچێ. هەر لە گەشتنامەکەی ریچدا دەخوێنینەوە کە: ئەوسا کە (سلێمانی گچکەی پاشای بەغدا) لە بابی عالی یاخی بوو، لە ئەستەمبوڵەوە رەئیس ئەفەندی نێررا بۆ لابردنی پاشای یاخیبوو، داوای لە عەبدولڕەحمان پاشا کردووە کە فەرمانڕەوایی بەغدا بکا، کەچی عەبدولڕەحمان پاشا ئەمەی رەت کردووەتەوە و گوتوویەتی: «راستە بەمە دەبمە وەزیری پلەی یەکەم، بەڵام من قومێکی بەفراوی وڵاتەکەم بەهەموو پایە و پلەکانی ئیمپراتۆریەت ناگۆڕمەوە. هەروەها کە دەگوێزمەوە بەغدا، بەشم لە خۆشیی ژیان پتر دەبێ، بەڵام لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی لەناوچوونی بنەماڵەی بابان»(٢٤).

ئەم هەوڵ و کۆششەی عەبدولڕەحمان پاشایە، کە شێوەیەکی رامیاریی هەبوو و دەیویست بەجۆرێک دان بەگەورەییدا بنرێت و خۆی پتر بچەسپێنێ. بۆی نەچووە سەر، وەکی دی دیارە میرەکانی بابان ... پێشەکی دڵنیا نەبوون لە مانەوەی سەرتەختی میرایەتییان و.. بەپێی ئەوەش لایان لە بنیاتنان و قەڵا هەڵبەستن و شتی وەها نەکردووەتەوە، لە پاش خۆیانەوە شوێنەوارێکی دیار و بەرچاویان جێ نەهێشتووە.

هەرچۆنێک بێ، دژایەتیی بەردەوامی نێوانی ئێران و عوسمانی و

چاوچنۆکی و هەوڵی دەست بەسەر وڵاتی دیدا گرتنیان لەلایەکەوە و ناخۆشیی هەمیشەیی نێوان میرانی بابان و حەز لەیەک نەکردنیان، ئەوەی لەدەست ئەو میرە بەتوانا و بە ئەزموون و زیرەکانەوە دەرکرد کە توانایان دەرکەوێت و بنیاتێکی چاکی رامیارییانە بنێن. بەتایبەتی هۆی دووەمیان بووە هۆی رووخانی میرنشینی بابان و وڵاتەکەشی تووشی وێرانی و بێ پیتی کرد و دانیشتووانی خستە ژیانێکی سەخت و هەژارانەوە[٢٥].

کە ئەمانە باس دەکرێن، ئەوەشمان نابێ لە بیر بچێتەوە کە هەندێک لە پیاوە ئاینییەکان دەوری چاکیان نەدەبینی و خۆیان لە کاروباری رامیاریی پاشاکان هەڵدەقورتان. ئەوەتا ریچ دەگێڕێتەوە کە لەگەڵ بابانەکاندا دانیشتووە و یەکێکیان (عوسمان بەگ) بووە و دەڵێ: کە ئەوەشم پێ راگەیاند کە کەسمان ناوێرین لەلای شایەکەماندا دانیشین، گوتی (واتە عوسمان بەگ).. چی؟! پیاوە ئاینییەکانیشتان؟.. کە وەڵامم بە نەء دایەوە، ئەوجا بەشێوەیەکی نارەزاییەوە رووی کردە ئامادەبووان کە هەموویان لە خۆیان بوون و گوتی: «دەبینن.. لەلای ئەمان مەلا هیچ دەسەڵاتێکیان نییە».[٢٦] بۆ دوا جار ئەحمەد پاشای بابان هاتە سەرتەختی میرنشینی، وەکو ئەدمۆندس دەڵێ و تۆفیق وەهبی کردوویەتی بە کوردی: دێریکی چوونە سەرتەختی ئەحمەد پاشا دەتوانین دابنێین بەپێی ئەم بەیتە دێریکبێژەی خوارەوەی شاعیر نالی:
(شاهی جەمجا «نالیا» «تاریخی جم» تەئریخییە)

بەپێی ژمارەی «أبجد» گردیی ژمارەکانی تیپەکان «تاریخ جم» (١٢٥٤)ە کە بەرامبەر بە ١٨٣٨ی میلادییە[٢٧].

ئەم ئەحمەد پاشایە، کە بووەتە حوکمداری بابان، هەوڵی ئەوەی داوە کە بە شێوەیەکی هاوچەرخانە لەشکرێک رێک بخات و خۆی بەهێز بکات. نالی شاعیری هەرە بەناوبانگی کورد بەم شێوەیە باسی ئەو لەشکرە دەکات:

ئەو تاقمە مومتازە کەوا خاسسەیی شاهن
ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن

سەف سەف کە دەوەستن بەنەزەر خەتتی شوعاعن
حەلقە.. کە بەدەستن، وەکو خەرمانەیی ماهن
نەرگس نیگەهـ و ساق سەمەن، کورتە وەنەوشەن
موو سونبول و روومەت گوڵ و هەم لالە کولاهن[٢٨]

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئەحمەد پاشایە هەندێک شتی لێ باس دەکرێ. وەکو زوو هەڵچوون و توورە بوون و دڵڕەقی. نموونەی ئەمەش بەوە دەهێننەوە کە لەبەر چەند چەتە و ڕێگرێک، لەشکرێک دەکێشێتە هەورامان و چەند هەزار کەسێکی تەور بەدەستیان دەباتە سەر، هەموو دارستان و باخ و بێستانیان دادەپاچێ و زیانێکی زۆر لە خەڵکەکە دەدا[٢٩].

ئەگەرچی دەوڵەتی عوسمانی لەو سەردەمەدا وەکو چەند میرنشینییەکی دی لەناوبردبوو. بەرەو ئەوە دەچوو کە میرنشینی بابانیش هەر لەناو ببات..

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕووداوەی هەورامان، بەهۆی ڕاستەوخۆی بیانووی عوسمانی لە قەڵەم دراوە بۆ تێکدانی میرنشینییەکە. ئەمەش لەوەوە ئەنجام دەدرێت، کە هەورامی سکاڵا دەبەنە بەر میری ئێران کە لەشکرێک دەکاتە سەر ئەحمەد پاشا، بەسەرکردایەتی والیی سنە، ئەحمەد پاشاش لەشکرێکی دەنێرێتە بەرامبەر، بە سەرکردایەتیی (عەبدوڵا بەگ)ی برای و لە مەریواندا و ساڵی ١٢٥٧ لەشکری ئێران دەشکێت و دەبەزێ[٣٠]. بەم جۆرە ئێران سکاڵا دەباتە بەر دەوڵەتی عوسمانی و عوسمانییش بەسەرکردایەتیی (محەمەد نەجیب پاشای گوێزلکلی) لەشکرێکی گەورە دەنێرێتە سەر (سلێمانی).. بەهەرحاڵ لەشکری بابان بەر لەڕوودانی شەڕ بڵاوەی لێ دەکەن و ئەحمەد پاشاش، بەخۆی هەڵدێ و لە ئەنجامدا خۆی دەگەیەنێتە ئەستەمبوڵ[٣١].

محەمەد ئەمین زەکی، لە (لۆنگریک)ەوە دەگێڕێتەوە کە: میرەکانی بەغدا وایان لە (نەجیب پاشا)ی والی کردبوو کە بڕیاری لابردنی میرنشینی بابان بدات، ئەوەبوو عەبدوڵا پاشای برای (ئەحمەد پاشا)ی کردە قایمقامی سلێمانی و چوار ساڵ عەبدوڵا پاشا قایمقام بوو، بەڵام تورک (حامیە)یەکی

سەربازی تورکیان لە سلێمانی دانابوو.

ساڵی (١٢٦٧)ی کۆچی، (نامیق پاشا)ی والی (عەبدوڵا پاشا)ی بانگ کردە بەغدا و بەبەندکراوی رەوانەی ئەستەمبوڵی کرد و (ئیسماعیل پاشا)ی میری میرانی تورکی ناردە سلێمانی و. بەم جۆرە میرنشینی بابان دوای دوو سەد ساڵ لە دامەزراندنییەوە لەناوچوو. هەرەسی یەکجاری هێنا. ئەمەش ساڵی (١٢٦٧)ی کۆچی (١٨٥٠)ی زاین بووە[٣٢] .

*

دەوڵەتی عوسمانی تووشی گەلێک تەنگژە و نووچی رامیاری و سەربازی و دارایی بووبوو. گەلێک ناوچەی ژێر دەسەڵاتی لەدەس چووبوو. کەچی ژیان هەر بەرەو پێشەوە دەچوو، بیروباوەڕی ئازادیخوازی و تازەکردنەوە پەیدا بووبوو.

تەنانەت سوڵتان عەبدولەجید (١٨٢٣ - ١٨٦١)ی زاین، کە خۆیشی رۆشنبیرێکی فەرەنسی هەبوو، لە ژێر پاڵەپەستۆی ناوەوە و دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی ئەو سەردەمەدا ناچار بوو ساڵی ١٢٥٥ی کۆچی (١٨٣٩)ی زاین، یاسا و فەرمانی (خەتی شەریفی گوڵخانە)ی دەرکرد[٣٣]، کە بە (تنظیمات خیرية)ش ناودەبرا و سەردەمەکەش ناونرا سەردەمی (تەنزیمات)، کەسایەتی بەهێزی پشت ئەم یاسایە مستەفا رەشید پاشای سەدر ئەعزەم بوو، ئەم یاسایە گەلێکی لەباری یاسایی و کۆمەڵایەتی گۆڕی و دواتریش ساڵی (١٢٧٣ی کۆچی - ١٨٥٦ی زاین) فەرمانی (خطی همایون - خەتتی هەمایۆن)ی دەرکرد و یاسای پێشەوەی دووپات کردەوە و هەندێک شتی دیکەشی بۆ زیاد کرد، کە ئەمەیان بیروبۆچوونی خۆراوایی هێنایە کایەوە. ئەگەرچی ئەم یاسایە زۆر بە سستی جێبەجێ دەکرا و بڵاو دەبووەوە[٣٤]. لەگەڵ ئەوەشدا شتی گرینگ و بەبایەخ هاتە ناوەوە، با درەنگیش بووبێ. وەکو یاسای فرۆشتنی دیل و کۆیلە قەدەغەکردن، کە ساڵی ١٨٤٧ی زاین، بەپێی فەرمانی سوڵتان دەرکرا[٣٥].

لە سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیزدا (١٨٣٠ - ١٨٧٦)ی زاین کە لە

سەردەمی سوڵتان عەبدولمەجیدی سوڵتانی پێش خۆیەوە، دەوڵەتی عوسمانی تووشی قەرزێکی زۆر بووبوو. خۆی و فوئاد پاشای سەدر ئەعزەم (١٨١٥ – ١٨٦٨) ویستوویانە و هەوڵی ئەوەیان داوە، ئەم قەرزانە بدەنەوە یان کەمی بکەنەوە[٣٦]. بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارە داکەوتووەی دارایی عوسمانییە، هەندێک یاسا دەرکرا، ساڵی ١٢٨٩ی کۆچی (١٨٧٢ – ١٨٧٣)ی زاین بەپێی یاسا، کاروباری تاپۆ دامەزرا و ساڵی ١٨٧٤ی زاین یاسای باجی مەڕوماڵات جێبەجێ کرا. کە لەم ساڵەوە لە بەغدا کەوتووەتە گەڕ[٣٨]. کەچی لەلایەکی دیکەوە، وا دیارە ئەم سوڵتانە پارەیەکی زۆری بۆ کۆشک دروستکردن و رابواردنی خۆی لەناو بردووە.

لۆنگریک کە باسی میری عێراقمان بۆ دەگێڕێتەوە، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا دەڵێ: پارەیەکی زۆری بۆ رابواردنی لە تام بەدەری سوڵتان عەبدولعەزیز دابین کرد[٣٩]. هەروەها کە باسی (نامیق پاشا)ی والیی بەغدا دەکات، دەڵێ: چیرۆکێکی زۆری لێ دەگێڕنەوە لەبارەی توانای رێکخستنی کاروباری داراییەوە، کە توانیویەتی پارەیەکی زۆر بۆ سوڵتان عەبدولعەزیز بنێرێ بۆ ئەستەمبوڵ، تا کۆشکەکەی پێ دروست بکات[٤٠]. هەروەها سوڵتان عەبدولعەزیز، یاسا کۆنەکەی تەنزیمات و مەشرووتییەتی پشتگوێ خستووە و بەبێ یاسا دادگاییکردن و دوورخستنەوە و دەربەدەرکردن هەر لە ئارادا بووە و بگرە پتریش بووە[٤١]. بەم جۆرە مەدحەت پاشا (١٨٢٢ – ١٨٨٥) و چەند کەسێکی دیکە توانیویانە سوڵتان عەبدولعەزیز لە تەختی سەڵتەنەتەوە بێننە خوارەوە، (٧ی جومادیلئاخیرەی ١٢٩٣ی کۆچی / ١٨٧٦ی زاین)[٤٢].

کە عەبدولحەمیدی دووەم، ساڵی ١٨٧٦ی زاین بووە سوڵتان.. وردەوردە دەستی بەزۆرداری کرد. یەکەم پەردە لادانی لە ڕووی زۆرداریی دزێوەوە ئەوە بووە کە یەکێکی وەکو مەدحەت پاشا و شاعیرە گەورە نیشتمانپەروەرە تورکەکانی وەک نامیق کەمال (١٨٤٠ – ١٨٨٨)ی زاین و ضیا پاشا (١٨٢٥ – ١٨٨٠)ی زاین، کە ئازادیخواز و نوێخوازی رژێم بوون، دوور خستەوە. کەچی بۆ شاردنەوەی ئەم کارە ناپەسەندانە، لە (٢ی رەبیعول ئەوەلی

١٢٩٤)ی كۆچیدا، مەجلیسی میللی (پەرلەمان)ی كردەوە[٤٣]. بەم جۆرە زۆرداریی سوڵتان عەبدولحەمید، رۆژ بەڕۆژ بە تینتر دەبوو و ئەنجام، نە (قانوونی ئەساسی) و نە (مەجلیسی میللی) هیچیان سەریان نەگرت[٤٤]. مەدحەت پاشا كە تیۆرییەكانی لەگەڵ ئەوانەی سوڵتاندا نەدەگونجا، دوور خرایەوە بۆ (تائیف)ی نزیك (مەككە) و لە (١٨٨٣)ی زاینیدا لەوێ كوژرا[٤٥]. هەروەها ساڵی ١٩٠٦، كوژرانی (رضوان پاشا/ ١٨٥٥ – ١٩٠٦) كراوەتە بیانوو و بنەماڵەی بەدرخانییان كە ئەوسا لە ئەستەمبوڵ بوونە، تەفروتوونا كراوە[٤٦].

ئەو پڕوپاگەندە ئاینی (سونێتی)یەی كە سوڵتان عەبدولحەمید لە وڵات و ناو عەشایری كورددا بڵاوی دەكردەوە، كاری دیاری لە ویلایەتەكانی سەر بەعێراقدا كردبوو[٤٧].

لەلایەكی دییەوە، ئەم رووداو و گۆڕانكارییانەی كە دەهاتنە پێش، پتر چاوی میللەتانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانییان دەكردەوە و پتر داوای ئازادی و سەربەستییان دەكرد. تا لە كۆتاییداو لە ئەنجامی كۆمەڵێ كوودەتا و شۆڕش و رووداوی دیكەدا، سوڵتان عەبدولحەمید لە (٢٧ی نیسانی ١٩٠٩)دا لادرا[٤٨].

## پەراوێزەكان:

(١) ئەدمۆندس – كرد وترك وعرب – ص/ ٦٥ – ٦٦ .

2. E. Browne: ALiterary history of percia - vol - 4. page - 29

(٣) هاممەر – دولت عثمانية تاريخي – ص/ ٢٦٢ بەولاوە.

(٤) بروكلمەن – تاريخ الشعوب الاسلامية – ص/ ٤٢٩ .

بۆ نموونەی تر ئەو بەزمانە، بڕوانە ل/ ٤٤٥ی هەر ئەم سەرچاوەیە بەولاوە .

(٥) ئەدمۆندس – كرد وترك وعرب – ص/ ٥٥ .

(٦) دیوانی شێخ رەزا – چاپی ١٩٤٦ – ل/ ٦٦ .

(٧) ئەمین فەیزی – ئەنجوومەنی ئەدیبان – چاپی یەكەم – ل/ ٤ .

(٨) ئەمین زەكی – تأریخ الدول والامارات الكردیة – ص/ ٢٩٠ و ماقبلها .

(٩) ڕاستیی وشەی (ئینكیشاری)، (یەنی چەری)، یان (یێنگی چەری)یە..
واتە سەربازە نوێكان، ئەمانەش لە ڕۆڵەی ئەو گەلانەوە پێك دەهات كە پێشتر موسڵمان نەبوون و لە ژێر دەستی عوسمانیدا بوون و بە منداڵی دەهێنران و مەشقی سەربازی و ئاینیان پێ دەكرا.

(١٠) امین زكي – تأریخ الدول والامارات الكردیة – ص٢٨١

(١١) سەرنجی بۆ كاریگەریی ڕێبازی ئاینی رادەكێشێ.

(١٢) امین زكي – تأریخ الدول والامارات الكردیة – ص/ ٢٨٥ – ٢٨٦ .

(١٣) س. پ – ل/ ٢٩١ .

(١٤) حسێن حوزنی موكریانی – میرانی سۆران – ل/ ٤٩ – ٥١ .

(١٥) امین زكی – تأریخ الدول والامارات الكردیة – ص ٤١١ .

(١٦) حسێن حوزنی – میرانی سۆران – ل/ ٩٣ .

(١٧) س. پ – ل/ ٨٦ .

(١٨) و (١٩) امین زكي – تأریخ الدول والامارات الكردیة – ص/ ٤١٥ .

(٢٠) حسێن حوزنی – میرانی سۆران – ل/ ٩٨ .

(٢١) ئدمۆندس – كرد وترك وعرب – ص/ ٥٥ .

(٢٢) ریچ – رحلة ریچ في العراق – ص/ ٦٣ .

(٢٣) و (٢٤) س. پ – ل/ ٦٧ – ٦٨ .

(٢٥) امین زكي – تأریخ السلیمانیة وأنحاؤها – ص/ ١٦٢ .

(٢٦) ریچ – رحلة ریچ في العراق – ص/ ٧١ .

(٢٧) دەنگی گێتیی تازە – بەرگی یەكەم – ژ/ ٢ – ت٢ / ١٩٤٣ .

(٢٨) أمین فیضی – أنجمن أدیبان كورد – چاپی ١٣٣٩ – ل/ ٣٣ .

(٢٩) امین زكي – تأریخ السلیمانیة وأنحاؤها – ص/ ١٥٩ .

(٣٠) بۆ تێكرای ئەم باسە بڕوانە: شێخ محەمەد مردوخ – تأریخ مردوخ – جلد دوم – ل/ ١٦٦ – ١٦٧ .

(٣١) أمین زكي – تأریخ السلیمانیة وأنحاؤها – ص/ ١٥٩ – ١٦٠ .

(٣٢) س. پ – ل/ ١٦١ – ١٦٢ .

– لونگریک – أربعة قرون من تأريخ العراق – ص/ ٣٤٥ .

(٣٣) العزاوي – تأريخ العراق بين احتلالين – جـ/ ٧ – ص/ ٤١ .

– أحمد رشدي – تأريخ عثماني – ايكنجي قسم – ص/ ٤٩٤ .

(٣٤) لونگريك – أربعة قرون من تأريخ العراق الحديث – ص/ ٣٣٧ – ٣٣٧ .

(٣٥) العزاوي – تأريخ العراق بين احتلالين – جـ٧/ – ص/ ٧٨ .

(٣٦) أحمد رشدي – تأريخ عثماني – ايكنجي قسم – ص/ ٥٠٧ .

(٣٧) العزاوي – تأريخ العراق.... ج٨/ – ص/ ١١ – ١٢ .

(٣٨) س. پ – ص/ ٢٤ .

(٣٩) لونگريك – أربعة قرون من تأريخ العراق – ص/ ٣٧٤ .

(٤٠) س. پ – ص/ ٣٤١ . ئەمە دووەم جاری بە والیبوونی (نامیق پاشا)یە کە ساڵی ١٢٧٨ی کۆچی – ١٨٦١ی زاین بووە. هەر بۆ ئەم باسە و دروستکردنی کۆشکی سوڵتان عەبدولعەزیز بڕوانە:

العزاوي – تأريخ العراق بين احتلالين – جـ/ ٧ – ص/ ١٣٥ – ١٣٦ .

(41) Ibrahim ALaettin Gövsa - Türk Meshurlari - s. 7

(٤٢) العزاوي – تأريخ العراق بين احتلالين – جـ/ ٧ – ص/ ٢٧٥ .

(٤٣) أحمد رشدي – تأريخ عثماني – ايكنجي قسم – ص/ ٥٤٦ .

(٤٤) س. پ.

(٤٥) لونگريك – أربعة قرون من تأريخ العراق – ص/ ٣٦٠ (الحاشيه).

(46) Ibrahim Alaettin - Meshur Adamlar - c-4. s. 1355

ئەم سەرچاوەیە، لە باسی (رضوان پاشا – ڕزوان پاشا)دا دۆزی لەناوبردنی بەدرخانییان بەم جۆرە باس دەکات:

ڕزوان پاشا، لەگەڵ بەدرخانییاندا، لە ئەنجامی مەسەلەی چاککردنەوەی کۆڵانێک نێوانیان تێک چووە. عەلی شامیل پاشای (بەدرخانی) کە ئەوسا سەرکردەی ناوچەی ئوسکودار بووە، لەگەڵ عەبدوڕەزاق بەگی پەرچڤەکار (موتەرجیم)ی مابەین، کە رووی زۆری لە سوڵتان عەبدولحەمیدەوە دیبوو، بەدەستی ئەو پیاوانەی مابەین (سەرای سوڵتان) دەستنیشانی کردبوون (ڕزوان

پاشـا) کـوژراوه، بـه کـوژرانی ئەم پاشـایە، فـەرید پاشـای سـەدر ئـەعـزەم، دڵی عـەبدولحـەمیدی لێـیان کرمێ کردووه، کـە هـەر پێشـتریش خـۆشی نەدەویسـتن، بیانووی دەربـەدەرکردن و کوژاندنەوەی بنەمـاڵەی بەدرخانی دیوەتەوە. نـەک تەنیا ئەوانەی تاوانەکەیان کردووه، یان ئاگایان لـێ بووه، بەڵکو ئەوانەی ئاگاشیان لەم مەسـەلەیه نەبووه و، ئەوانەی دوور و نزیک پێوەندییان بە بنەماڵەی بەدرخانییاندا بووە، سـەدان کەسیان بەند کران یانیش دەربەدەر کران.

(٤٧) لونگریک – أربعه قرون من تأریخ العراق – ص/ ٣٧٤ – ٣٧٥ .

(48) Ibrahim Alaettin - Türk Meshurlari - s. 11

بەشی یەکەم

# ژیان و بەسەرهاتی شێخ ڕەزای تاڵەبانی

بەندی یەکەم

# بنەماڵە و ڕەچەڵەکی شێخ ڕەزا

شێخ ڕەزا کوڕی شێخ عەبدوڕەحمانی، کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ مەحموودی زەنگنەیە[1]. لەم بارەیەوە، شێخ ڕەزا خۆی (لە باسی باب و باپیری تا دەگاتە خۆی)دا شیعرێکی هەیە تێیدا دەڵێ:

خوا وەختێ کە حەز کا بەندەیێکی خۆی بکا خۆش نوود
لە ڕێگەی دوورەوە بۆی دێ بەپێی خۆی شاهیدی مەقسوود
لە هیندستانەوە شەش مانگە ڕێ، تا خاکی کوردستان
خوا شێخ ئەحمەدی هیندیی ڕەوان کرد بۆ مەلا مەحموود
مەلا مەحمموودی زەنگنە، یەعنی قوطبی دائیرەی ئیرشاد
لە دەوری مەرقەدی هەر دەنگی یاهو دێت و یا مەعبوود
لە پاش ئەو، ئەرشەدی ئەولادی شێخ ئەحمەد لە جێی دانیشت
بەعەینی وەک سولەیمان جێنشینی حەزرەتی داوود[2]
بەڵێ بابی وەها ئەڵبەت دەبێ فەرزەندی وا بێنێ
ئیلاهی سەد هەزار ڕەحمەت لە قەبری والد و مەولوود
بەڕەحمەت چوون ئەوان، با بێینە سەر باسی ئەوڕەحمان
فیدات بم ئەی نەتیجەی دوودمانی ئەحمەد و مەحموود
نەتیجەم مەقسەدە، تالی موقەددەم شەرتی تەحسیلە
ئەوانەی بۆیە ئیجاد کرد خودا، تا ئەم ببێ مەوجوود
ئەمێستاش شێخ عەلی نەجلی کەبیری ساحێب ئیرشادە
ئەمیش وەک باوک و باپیری لە زومرەی ئەولیا مەعدوود

(رضـا)ش لەو نەسـلەیە، بیبـەخـشـە یارەب، چونکە قـەت نابێ
گـوڵی بـێ خـارو، بەحـری بێ بوخـار و، ئـاگـری بێ دوود[٣]

وەکـو دەبینین شـێخ ڕەزاش لێرەدا (مـەلا مـەحـمـوود) هـەربـە (زەنگنە) دادەنێ. عەبباس ئەلعەزاویش هەر بە زەنگنەیان دادەنێ[٤].

مـامـۆسـتـا عـەتا تـەرزی باشی دەڵێ: شـێخ مـەحـمـوودی باپیـری شـێخ عـەبدوڕەحـمـان لە نەوەی (کـاکـە سـووری) و کـوڕی یووسف ئاغـایـە، کـە لە سەرەک عەشیرەتەکانی زەنگنەیە[٥].

لەگـەڵ ئـەوەشـدا، قسـە هـەیە کـە ئەم بنەمـاڵەیە لە نـاوچەی (سـووررداش)ەوە هـاتبن، کە دەچنە سـەر کاکە سـوور و میری سـووری کوڕانـی شـێخ مـووسـا و شێخ عیسا و بەم جۆرە بێ (زەنگنە) نین[٦].

شـێخ محـەمەد حـوسـامودین - پشـتگیریی ئەم قسـەیەی دواییـیان دەکات و دەڵێ: شێخ مەحـمـوود بە ڕەسـەن لە نەوەی کاکە سـوورییە و باوکی پایەبەرزی، ناوی (یووسف ئـاغـایە)، لـە (قـەرەداغ)دا خـاوەن سـامـان و دارا بـووە و لە خـانەدان و پیـاوە دیارەکـانی ئەم ناوچەیە بووە و (هـاوسـەرەکـەی) کچی (مـیر سـمـایل بەگی زەنگنە) بووە و شـێخ مـەحـمـوود سـاڵی ١١٣٠ی کـۆچی لە (قـەرەداغ)دا هـاتووەتـە دنیـا[٧]. مـامـۆسـتـا (تـەرزی باشـی)ش ئەم قـسـەیەی دووبارە کردووەتەوە[٨]. کەچی مامۆستا مـەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەڵێ: ئەو پیـاوە کوڕی یووسف ئاغا ناوێ بووە (واتە شـێخ مەحـمـوود)، ئەم یووسف ئاغـایە مـەئمـووری مـەفـرەزەی عـوسـمـانی بووە، پاش مـاوەیەک دەسـتـی لە کـارەکـەی هـەڵگرتووە و چـووەتە ناو عـەشـیـرەتی زەنگنـە، ئافـرەتێکی زەنگنەی مارە کـردووە، کوڕێکی بووە نـاویان ناوە مەحـمـوود[٩]. کەچی ئەدمـۆندس شێخ مـەحمـوود بەزاوای (مـیر سـمـایل بەگی زەنگنە) دادەنێ نەک (یووسف ئاغـا)ی باوکی، بۆ هـەریەکێک لە وەچەکان سی سـاڵ تەمەن دادەنێ و بەم جـۆرە ئەوەی لەلا شـیاوە کـە شێخ مـەحمـوود لە کۆتاییی سـەدەی هـەژدەمدا ژیابێت و کـچی، یان کچەزای مـیر سمایلی خـواستبێ، کە ئەم مـیرە، گەورەیەکی زەنگنە بووە و

لە (قەیتوول)دا[١٠] دانیشتووە[١١]. هەروەها شێخ حوسامودین لە باسی (شێخ عەبدوڕەحمانی خاڵس)دا ئەو شیعرە فارسییەی شێخ ڕەزای هێناوەتەوە کە دەڵێ:

مشهور جهان به غوث ثانی
شیخ عبدالرحمان طالبانی
محمود جدو، أحمدش باب
هرسی ولی اندو قطب الاقطاب
محمود مرید پیر لاهور
هەرچند به زنگنه آست مشهور
در آصل و نسب گل سوریست
از گلبانگ باغ کاکه سوریست[١٢]

ئەم شیعرە، بێ ئەوەی شێخ حوسامودین ئاماژە بۆ ئەو لایەنە بکا، پشتگیریی ئەو بۆچوونەی دەکا کە بنەماڵەی شێخ ڕەزا دەچنەوە سەر کاکە سووری، نەک زەنگنە. وشەی (سور) لەم شیعرە فارسییەدا کە بە واتای ڕەنگی سووری کوردی بەکار براوە، من بۆم ساغ نەبووەوە کە لە فارسیدا بەو واتایە بەکار هاتبێ، بگرە بەواتای ئاهەنگ و شایی و ژنهێنان بەکار دێت، هەروەکو لە کوردیشدا، ئەو واتایە ڕادەگەیەنێ، جگە لە ڕەنگەکە، وەک ئەوەی دەڵێن (سوورانە)، بۆ ڕەنگی سووری فارسیش (سورخ) بەکار دێت.

لە دەقەکەی (الانفاس الرحمانیة)دا، وشەی (گلبانگ)ی فارسی، کە دەنگەدەنگ و نزای کۆمەڵە خەڵکێک دەگەیەنێ، بەمەش واتای دێرەکە ڕێک نایەت. لە دەقی ناو دیوان و[١٣] (بنەماڵەی زانیاران)ی[١٤] مودەڕیسدا لە جیاتی «گلبانگ» وشەی «گلبن» بەکار براوە، کە واتای (دارەگوڵ، یان دارێک کە گوڵ بگرێ) دەگەیەنێ و واتای دێرەکەی پێ ڕاست دەبێتەوە کە دەڵێ: بە بنەچە و ڕەسەن گوڵێکە، سوور.. لە گوڵەکانی دارەگوڵی باخی (کاکە سووری).

دەمێنێتەوە ئەوەش بڵێم کە نووسراوە (گلی) است، هەندێکم بیستووە کە بەوەی لێکداوەتەوە، کە سەر بەعەشیرەتی (گل) بێ، کە ئەمە ڕاست نییە.

لە سەرووی ئەم شیعرەدا و لە دیوانی چاپی ١٩٣٥دا، کە لە لاپەڕە (١٧٥)دا بڵاو کراوەتەوە، بە فارسی نووسراوە: کاکە سوور کە نام شخصی برزنجی است منسوب تالبانیست، طلبی زنی از عشیرتی زنگنە میکند شێخ رضا این أبیات میگوید. واتە: کاکە سوور کە ناوی کابرایەکی بەرزنجییە و سەر بە تاڵەبانییە، داوای ژنی لە عەشیرەتی زەنگنە کردووە، شێخ ڕەزاش ئەم چەند دێرە شیعرەی گوتووە.

ئەم قسەیە، وەکو ئەوەی ڕستە و وتەی پتەو و ڕێکوپێک نییە، پیاو ئەوەندەی لێ هەڵدەهێنجێ کە (کاکە سووری) لەوانەیە سەر بە بەرزنجە بن.. ئەگەر نا قسەکە لەگەڵ دێرە شیعرەکاندا پێوەندییەکی ئەوتۆ نانوێنن.

هەروەها مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەڵێ: لەگەڵ ئەوەدا باوک و باپیرەی شێخ ڕەزا داوای ئەوەیان نەکردووە کە سەید بن و خۆیان بە عەشیرەتی زەنگنە داناوە.. شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە چەند شیعرێکدا ئەوەی دەربڕیوە کە لە بنەماڵەی سەید ئەحمەدی، کوڕی سەید حەسەنی، کوڕی سەید بابا ڕەسوڵی گەورەی بەرزنجین.. ئینجا دەقی شیعرەکەی داناوە[١٥].

یەکەم کەسی ئەم بنەماڵەیە کە لە دێی (تاڵەبان – طالبان)ی لای چەمچەماڵدا نیشتەجێ بووە. ناوبانگی بە تاڵەبانی دەرکردووە و دواییش بووەتە ناوی بنەماڵەکە[١٦]. ئەدمۆندس ئەو یەکەم کەسە بە شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ مەحموود دادەنێ و کە هاتووەتە دێی تاڵەبانی پشت زێی (باسەڕە)ی ناوچەی چەمچەماڵ[١٧]. بەهەرحاڵ شێخ مەحموود لە (١٢١٥)ی کۆچیدا لە کەرکووک مردووە و[١٨] دوو کوڕی لێ بەجێ ماوە، محەمەد و ئەحمەد، محەمەد بە گەنجی لە جیهان دەرچووە و کەسی لێ بەجێ نەماوە[١٩]. «شێخ ئەحمەد»یان (١١٩٤ – ١٢٥٧)ی کۆچی[٢٠] نۆ کوڕی بووە کە ئەمانەی خوارەوەن:

١- شـێـخ عـارف ٢- شـێـخ عـەبدولعـەزیز ٣- شـێـخ عـەبدوڕەحـمـان - ی (خاڵس) - وەکو لەمەودوا باسـی لێوەدەکەین باوکی شێخ رەزای شاعیرمانە. ٤- شێخ مـوحـێدینە - شـێـخ عـەبدولکەریم ٦- شـێـخ عـەبدولغـەفـوور (شـێخ غـەفوور)، ئەم شێخ غەفوورەی مـامی شـێخ رەزا، کە لە کۆیە بووە، ئەوەیە کـە شێخ رەزا گەلێک شیعری داشۆردنـی بۆ خۆی و شێخ رەشیدی کوڕی گوتووە. ٧- شـێخ عەبدولقـادر ٨- شێخ عـەبدولفـەتاح ٩- شێخ سـاڵح (کە ئەمیش هـەر شـاعیر بووە)[٢١].

ئەوەی مـەبەسـتی سـەرەکیی ئێمەبێ لێرەدا، شـێخ عەبدوڕەحـمانی (خـاڵس، خالص)ە، کە لە ساڵی ١٢١٢ی کۆچیدا لە دایک بووە و[٢٢] باوکی شـێخ رەزای شاعیرە و بەخۆشی وەکو دەبینین شێخێکی پایەبەرز و خـوانـاس و شـاعیرێکی مەزن و دامەزرێنەر و چەسپێنەری راستەقینەی رێبازی شێخایەتیی تاڵەبانییە کە زۆر جاریش ڕێبازەکە (دوای شێخ عەبدولقـادری غەوسـی گەیلانی) دراوەتە پاڵ ئەم شـێـخـە مـەزنـە و پێـیـان گـوتووە رێبـازی (قـادریی خـاڵسی). شـێخ عـەبدوڕەحـمـان بەناوبانگی سـەردەمـی خـۆشـی بووە و بە (غـەوسـی دووەم) ناوبراوە کـە بـە ڕاسـتـیش شـایانی ئەو نازناوە بووە و. لە شـێـخـە قـادرییـە گەورەکـانی کەرکـووک بووە. لە ١٢٥٧ی کۆچـیـدا، کۆچی دوایـی کـردووە[٢٣]، هـەروەکو شێخێکی پایەبەرز بووە شـاعیرێکی ناوداری سـەردەمی خۆیشـی بووە و[٢٤] دیوانێکی فارسـی و تورکی لە زیلحیجەی ١٢٨٤ی کۆچیدا لە چاپخانەی بەردینـدا چاپ کـراوە، روشـدی بـەگی کـوڕی رەشـیـد پاشـای گـوێزلکلی والی بەغدا، لە چاپخـانەی (رەزا - رضـا)ی ئەستەمبوڵدا لە چاپی داوە[٢٥]. جگە لە شـیـعـری تورکی و فـارسـی و زانسـتـە ئاینیـیـەکـان و مـەقـام و پەردە مۆسیقاییەکان و گەلێک شتی تردا شارەزاییەکی زۆر چاکی بووە. هەروەها لە شـیـعری کوردیشدا شـارەزا بووە. ئەمـەمـان لەو باسـەوە بۆ دەردەکەوێ کـە مامۆستا مودەریس دەیگێڕێتەوە کە، مەولەوی[٢٦] جارێکیان دەچێتە کەرکووک دەمـەوبەیان دەگـاتە (تەکیـەی تاڵەبانی)، سـەیر دەکات (شـێخ عەبدولڕەحمـان) بەخـەبەرە. کـە شـێخ بە مـەولەوی دەزانـێ، دێ بە پیـرییـەوە، مـەولـەویش ئەم

شیعرەی (بێساران)ی[٢٧] بەسەردا دەخوێنێتەوە کە دەڵێ:

شەوەن، خەڵوەتەن، ماڵ بێ ئەغیارەن
ئالەم گـرد و تەن، دۆس خـەبەردارەن

شێخ عەبدولڕەحمانیش گورج بەم شیعرە وەڵامی دەداتەوە:

ئیــرادەم ئیــدەن، وەی کـەڵپـوســەوە
شــەونالین وەشـەن، وەلای دوسـەوە[٢٨]

*

دوای شێخ عەبدولڕەحمان پێنج کوڕی ماوە کە ئەمانەن: شێخ عەلی، شێخ عەبدولقادر، شێخ عەبدولواحید، شێخ حەسەن[٢٩]. شێخ حوسامەدین بەو شێوەیە ناویانی ریز کردووە، کەچی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس دەڵێ: شێخ عەبدولڕەحمان چوار کوڕی بووە و..[٣٠] دەڵێ: چوارەم لە کوڕەکانی شێخ عەبدولڕەحمان.. شێخ رەزا بووە. هەروەها مامۆستا (تەرزی باشی)ش دەڵێ: شێخ رەزا کوڕە هەرە گچکەی شێخ عەبدولڕەحمانی (خالص)ی شاعیری سۆفیی گەورەیە[٣١].

**پەراوێزەکان:**

١- سەجادی - مێژووی ئەدەبی کوردی - چاپی دووەم - ل/ ٣٧٤
- شێخ محەمەدی خاڵ - دەفتەری کوردەواری - ب/ ١ - ل/ ١٢
٢- لە دیواندا - چاپی ٤٦ نووسراوە (بعەینە) من لەسەر چاپی ٣٥ کردمە (بەعەینی) بڕوانە ل/ ١٨ .
٣- دیوان - چاپی ٤٦ - ل/ ١٤ - ١٥ .
٤- عباس العزاوي (المحامي) - عشائر العراق - (٢) الكردية - ل/ ٢٢٨ . هەروەها دەڵێ: گەلێک لەسەرانی تاڵەبانی ئەمەیان بۆ سالماندووم.. وەکو: شێخ وەهابی کوڕی شێخ حەمید کە لە دێی (یێنگیدەرە)دا دادەنیشێ و چەند جارێک بووەتە ئەندامی پەرلەمان، هەروەها شێخ حەبیبی کوڕی شێخ عەلی تاڵەبانی کە گەورەی گشتیانە و سەرۆکی شارەوانی کەرکووکە.

٥- عطا ترزی باشی - کرکوک شاعرلری - ج ٢ - ص/ ١٣١

٦- عباس العزاوي - عشائر العراق (٢) الكردية - ص/ ٢٢٨

٧- محمد حسام الدين عمر - الانفاس الرحمانية -ص/ ١٢

٨- ترزی باشی - کرکوک شاعرلری - ج/ ٢ - ص/ ٤٩ .

٩- "عبدالكريم" ی مدرس - بنەماڵەی زانیاران - ل/ ٥٦٧

١٠- عبدالمجید قطب - له (معجم قری کرکوك)دا که هێشتا دەستنووسە - له ١٩٤١دا دەڵێ: قەتیوول - دێیێکه (١١٠) کیلۆمەترێک له کەرکووکەوە دوورە، سەرژمێری دێیەکە ٤٠٠ کەسە و له هەشتا ماڵدا دەژین - ل/ ٢٦ .

١١- ئدمۆندس - کرد وترك وعرب - ص/ ٢٤٥ .

١٢- الشيخ محمد حسام الدين - الأنفاس الرحمانية - ص/ ١٤٤ .

- دیوان - چاپی ٤٦ - ل/ ١٧٠ .

- عبدالکریمی مدرس - بنەماڵەی زانیاران -/ ٦٠١ - ٦٠٢ .

له نێوان ئەم سێ سەرچاوەیەی سەرەوەدا جیاوازیی دەقە شیعرییەکان بەرچاو دەکەون، لەگەڵ ئەوەشدا کە مەبەستم ئەوە نییە بڵێم کە ئەو مەبەستەی سەرەوە دەگۆڕێ.. بەڵکو وەکو شیعر و مەبەستی تر دەڵێم:

دێری دوایی شیعرەکە لە دیواندا کە لەوە دەچێ ئەوەی - بنەماڵەی زانیاران - هەر لەوێوە وەرگیرابێ (بەدەستکارییەکی کەمی ڕێنووسەکە).. کە بەم جۆرەیە:

در اصل و نسب (گلی) است سوری

از گلبن باغ کاکه سوری..

١٣- بڕوانە: دیوان - چاپی ٤٦ - ل/ ١٧٠ .

١٤- مودەریس - بنەماڵەی زانیاران - ل/ ٦٠١ - ٦٠٢ .

١٥- س. پ - ل/ ٦٠١ .

١٦- العزاوي - عشائر العراق (٢) الكردية - ص/ ٢٢٨ .

١٧- ئدمۆندس - کرد وترک وعرب - ص/ ٢٤٥ .

هەروەها ئدمۆندس لەو وتارەیدا - هەجوکەرێکی کورد - کە مامۆستا تۆفیق وەهبی - وەری گێڕاوەتە سەر کوردی - دا دەڵێ: ئەندامەکانی خانەوادەی تاڵەبانی کە بەناوی دێی تاڵەبانەوە ناونراون کە مەلا مەحموودی تێدا

مـردووه...هتـد. بڕوانه: دەنگی گـێتـی تازه – ب/ ١ – ژ/ ٢ – تشـرینی دووەمی ١٩٤٣ .

١٨– مودەریس – بنەماڵەی زانیاران – ل/ ٥٧١ .

١٩– س. پ.

٢٠– س. پ – ل/ ٥٧٣ .

٢١– العزاوي – عشائر العراق – (٢) الكردية – ص/ ٢٢٨ .

کەچی شێخ حوسامودین دەڵێ: یازده کوڕی هەبووه، بەڵام له کتێبەکەدا ناوی شێخ عەبدولفەتاح دووباره بووەتەوه و بۆ ئەوەی تریان دەڵێ:

بزر بووه و سەروسۆراخی تا دواییش دیار نەبووه و، هەروەها دەڵێ:

له دۆزینەوەو زانینی ناوی کـوڕه بزربووەکـەدا سـەرنەکـەوتم. بەو جـۆره ئەویش ئەنجام، هەرناوی نۆ کەسی تۆمار کردووه. بڕوانه: الشیخ حسـام الدین عمر – الانفاس الرحمانیة – ص/ ٥٨ .

مامۆستا عەبدولکەریمی مودەریس، ئەو کوڕانه دەکاته ده کوڕ و (شێخ حسێن) ناوێکیشی تۆمار کردووه.. بڕوانه – بنەماڵەی زانیاران – ل/ ٥٧٢ – ٥٧٣ .

٢٢– مەلا عەبدولکەریمی مودەریس – بنەماڵەی زانیاران – ل/ ٥٧٦ .

٢٣– س. پ – ل/ ٥٨٥ .

٢٤– ئەمین فـەیزی – لەبارەی باوکی شـێخ رەزای برادەری نزیکیـیەوه دەڵێ: باوکی مـەرحـوومی که مـەشـهووره به شێخ عـەبدوڕەحمـان تاڵەبانی، هەم شـێـخـێکی سـاحـێب نەزەر بوو و هەم شـاعـیـرێکی پڕ هونەر – بڕوانه – أنجـمن أدیبـان – چاپی یەکەم – ل/ ٦ .

– هەروەها له (دیاریی کوردستـان)دا نووسـراوه، شێخ عەبدوڕەحمان ئەفەندی، له مورشـیدینی تەریقەتی قادرییه. بڕوانه: دیاریی کوردستـان – ساڵی/ ١ – ژ/ ٤ – پێنجشەمه ٢٣ی نیسانی ١٩٢٥ – ل/ ١٠ .

٢٥– بروسەلی محمد طاهر – عثمانلی مؤلفلری – ج/ ١ – ص/ ١٣١ – ١٣٢ .

هەروەها دەڵێ: دیوانی ڕێکوپێک و لێکدانەوەی هەژده دێری مەسنەوی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی و.. هتد.. له چاپ دراوه.

٢٦– مەولەوی (مـەلا عـەبدوڕەحیمی تاوه گوێزی).. سەجادی دەڵێ: ساڵی ١٨٠٦ی

زاین له تاوەگۆز هاتووەته دنیاوه و له ١٨٨٢دا کۆچی دوایی کردووه.
بڕوانه: مێژووی ئەدەبی کوردی – چاپی دووەم – ل/ ٢٧٦ – ٣٠٦ . مەلا عەبدولکەریمی مودەریسیش دەڵێ: مەولەوی له ١٢٢١ی کۆچی له دێی (سەرشاته) له ناوچەی (تاوەگۆز)دا لە دایک بووه و له ١٣٠٠ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووه. بڕوانه دیوانی مەولەوی – چاپی یەکەم – بە پێشەکیی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس – ل/ و – ح – پێشەکی.

٢٧- بێسارانی – مەلا مستەفای مەلا ئەحمەدی بێسارانی (١٠٥٢ی کۆچی/ ١٦٤١ی زاین – ١١١٣ی کۆچی/ ١٧٠٢ی زاین). بڕوانه: سەجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – چاپی دووەم – ل/ ٢٠٦ . کەچی (١٠٥٢)ی کۆچی دەکاته (١٦٤٢ – ١٦٤٣)ی زاین.
– له پێشەکیی دیوانه چاپکراوەکەیدا لەدایکبوونی خراوەته (١٠٥٣ی کۆچی – ١٦٤١ی. ز) بڕوانه: دیوانی بێسارانی – بەرگی یەکەم – کۆکردنەوه و لێکۆڵینەوه و لێکدانەوەی – کیومرث نیک رفتار – ل/ ٩ – کەچی (١٠٥٣ی کۆچی) دەکاته (١٦٤٣ – ١٦٤٤ی زاین).

٢٨- مودەریس – دیوانی مەولەوی – ل/ی – ک – پێشەکی –
– مامۆستا جەبار جەباری – ئەم تاکه شیعرەی که دراوەته پاڵ (خالص)ی تاڵەبانی، دەداته پاڵ مەلای جەباری و باسەکەش دەداته پاڵ مەلای جەباری و مەولەوی. بڕوانه: دیوانی مەلای جەباری – کۆکردنەوه و لێکۆڵینەوه و لەسەر نووسینی – عبدالجبار محمد الجباري – ل/ ١٨ – ٢١ .

٢٩- الشیخ حسام الدین عمر – الانفاس الرحمانیة – ص/ ١٥٠ .

٣٠- مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس – کوڕەکانی شێخ عەبدولڕەحمان بەچوار کوڕ داناوه، شێخ رەزا و شێخ عەبدولواحید و شێخ عەبدولقادری (فائض).. لەلاپەڕە (٥٨٥)ی کتێبەکەیدا ناوی شێخ عەبدولقادر (فائض) نەنووسراوه، بەڵام له لاپەڕە (٥٩٥)دا باسی ئەویشی کردووه. بڕوانه کتێبی: بنەماڵەی زانیاران.

٣١- ترزی باشی – کرکوک شاعرلری – جـ/ ٢ – ص/ ١٣١ .

بەندی دووەم

# ناو و نازناو و لەدایکبوونی

## ناو و نازناوی شاعیر:

گیروگرفت لە ناوی شێخ رەزادا نییە و هەموو سەرچاوەکان هەر ناویان بە (رەزا – رضا) بردووە، لەبەر شێخایەتی و بنەماڵەی شێخایەتییانەوە بە (شێخ رەزا)، لە زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانیشیدا ناوی خۆی وەکو نازناوێک بەکار هێناوە و، وەکو (ئدمۆندس) دەڵێ:

بەناوبانگترین کەسایەتیی ناوچەی کەرکووک کە سەردەمی خۆی هێناویەتییە کایەوە، بەبێ رەقیب (شێخ رەزای تاڵەبانییە)[١]. هەروەها محەمەد ئەمین زەکی بەگ، بە شێخ رەزای کوڕی شێخ عەبدوڕەحمای ناو دەبات[٢]. مەلا سابیری مەلا محەمەدی حافزی گەورە (بویوک حافظ ملا محمد آوغلی)ش هەر بە شێخ رەزا ئەفەندیی تاڵەبانی ناو دەبات[٣] شاعیر لە زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانیدا یان (رەزا – رضا)، یان (شێخ رەزا)ی کردووەتە نازناوی شیعریی خۆی، سەیرێکی دیوان و شیعرەکانی، ئەوەمان بۆ دەردەخەن و لەبەر زۆریی بەکارهێنانی ئەم نازناوە پێویست بە نموونە هێنانەوە ناکات.

دەمێنێتەوە ئەو نازناوەی کە لە چەند شیعرێکی کەمیدا بەکاری هێناوە، ئەوەش نازناوی (لامیع)ە.. واتە: پرشنگدار.

لەم بارەیەوە مامۆستا سەجادی کە باسی شێخ رەزا دەکات دەڵێ: خۆی خستووەتە کۆشی شیعرەوە، (لامیع)ی کردووە بە نازناو و شیعری وەکو لە هەندێ شوێنا دەبینرێت کە دەڵێ:

نیـیـە بـاکم گـەر ئـەو خـەبیـسـە بڵێ
ئەوە ئەشـعـاری (لامـیـع)ی کـوێرە

دیسان دەڵێ:

وەک (لامـیـع)ی شـاعـیـر نیـیـە ئێـسـتـە لـە جـیـهـاندا
شـیـرین سـوخـەن و قـابیل و خـۆش تەبع و (ڕەزا) سـووک

بەڵام لـە ئاخـردا ئـەم ناوەی گـۆڕییـەوە بە نـاوەکـەی خـۆی و رازی بـوو بە (رەزا)(٤).

مـامـۆسـتـا (ترزی بـاشی) دەڵێ: لە پێشـان نازناوی (لامـیـع)ی لە شـیـعـریدا بەکـار هێناوە و لە دواییدا وازی لەمـە هێناوە و نـاوە راسـتـەقـینـەکـەی خـۆی کردووەتە نازناو(٥) ئازاد عـەبدولواحـیـد، ئەم دێرەی خـوارەوەی (شـێخ رەزا)ی هێناوەتەوە و لە پەڕاوێزدا دەڵێ:

لامیع– نازناوی شێخ ڕەزایە.

(لامـیـع)ی شـاعـیـر بەهـەر مـەجلیس بچێ خـەڵکی دەڵێن
بولبولی دەسـتـان سـەرا، مـورغی غـەزەل خـوان هـاتەوە(٦).

مـەحـمـوود زامـداریش لە باسـی شـێخ رەزادا دەڵێ: شـێخ رەزای نـازنـاو (لامیع)(٧).

شـێخ رەزا دوو دێرە شـیـعـری لە (هـەجـوی قـازیـی کـۆیسـنـجـەق – کـۆیە)دا داناوە و تێیدا دەڵێ:

(شـێخ رەزا) بێت و لەسـەر تۆ هـەجـوی قـازیی کـۆی بکا
سـەیری کـە چی پێ بکـا، دۆم بێ و کـڵاش بۆ خـۆی بـکا
چونکە غـەدری کرد لە (لامـیع) شـەرت بێ قـازی وای (....)
هـەر گـەنو گـوویێ لە زگـیـایە بە جـارێ رۆی بکا..

لە بەراوێزی ئەم شـیـعـرەدا نووسـراوە: (لامـیـع) ئەفـەندی ناوی فـازڵێکی کـۆییـیـە(٨). ئەم لامـیـع ئەفـەندییـە کـە شـێخ رەزا نیـیـە لە لایەکـەوە و، بوونی

شاعیرێکی هاودەمی شێخ رەزا لە کۆیە بە ناوی (لامیع)ەوە، لە لایەکی ترەوە، لەلای هەندێک، سووکە گومانێکی پەیدا کردووە کە ئەو شیعرانەیان، یان هەندێکیان شیعری (لامیع)ی شاعیرەکەی تر بن نەک هی شێخ رەزا، کەچی لە هەندێک لەو شیعرانەدا بەڵگەی ئاشکرا و دیاری ئەوەی تێدایە کە هی شێخ رەزان. بۆ نموونە، لەم شیعرەدا کە بۆ (شێخ عەلی)ی برا گەورەی خۆی گوتووە، ئاشکرا ئەوە دیارە کە دەڵێ:

بێگانە هەموو ساحیبی جاه و جەبەرووتن
بێچارە برای (شێخ عەلی) موفلیس و ڕووتن
ئەی (شێخ عەلی) چاکە وسووقت بە برابێ
باوەڕ مەکە بەم خەڵقە کە وەک توولە لە دووتن

تاکو دەڵێ:

جومعانە بڕاوە، بە خودا موفلیسە (لامیع)
نەپوولی حەمامی هەیە، نە.. پارەیی تووتن(٩)

هەروەها لە دوو دێری دوایی ئەو شیعرەیەوە دیارە کە بۆ (ماڵ مودیری)ی نووسیوە و تێیدا دەڵێ:

وتی یا شێخ ئەمان مەکە مەنعی
ئەهلی ق..ییان بە ق..ی فێرە
نییە باکم ئەگەر ئەو خەبیسە بلێ
ئەوە ئەشعاری (لامیع)ی کوێرە(١٠)

هەروەها دوو دێری دوایی شیعرێکی (فارسی)ی بەڵگەی ئەوەی تێدایە:

لعن نفرين إيشان همه بر شمر يزيد
لعن (لاميع) بهمان طائفه خيره سر آست
نه خدا راضى از ايشان، نه على بود رضا
سب آصحاب نبى، موجب نار سقر أست(١١)

***

## زاین و لەدایکبوونی شێخ ڕەزا

لە بارەی زاینی شێخ ڕەزاوە، گەلێک راوبۆچوونی جیاجیا هەیە، هەندێک لەوانە، لە نووسەرە کۆنەکانن. کە لەبەر نزیکییانەوە لە سەردەمی شاعیرەوە، پتر پشتیان پێ دەبەستریت. ئەوانەی لەم سەردەمانەی دواییدا، بە تایبەتی ئەوانەی بەبێ بەڵگە و لێکدانەوەی ورد، مێژوویەکیان هەڵبژاردووە و داناوە، دەبێ جێی لێکۆڵینەوە و رەخنە لێگرتن بن.

مامۆستایەکی بەڕێز، بێ ئەوەی ناوی خۆی بنووسێ (د. کەمال مەزهەر ئەحمەد؟!) لە یەکەم ژمارەی گۆواری کۆڕی زانیاریی کورددا، لەو بارەیەوە راوبۆچوونی جیاجیای چەند نووسەرێکی تۆمار کردووە و، لە دواییدا (١٢٥٣ی کۆچی/ – ١٨٣٧ – ١٨٣٣٨ی زاین)ی هەڵبژاردووە[١٢]. جگە لەوانەی مامۆستای ئاماژە بۆکراو باسی کردوون، ئەم رایانەی خوارەوەشمان لە بەردەستدایە.

هجری دەدە، دەڵێ شێخ رەزا ئەفەندی لە ١٢٥٣ی کۆچیدا لە (کەرکووک؟!) لە دایک بووە[١٣]. مەلا سابیریش هەر ساڵی ١٢٥٣ی کۆچی بۆ داناوە[١٤]. لە پێشەکی دیوانی شێخ رەزادا – چاپی ١٩٣٥ – ساڵی ١٢٥٤ی کۆچی بۆ دانراوە[١٥]. مامۆستا فەتحولڵا ئەسعەدیش ساڵی ١٢٥٣ی داناوە[١٦]. مەلا عەبدولکەریمی مودەریسیش هەر ١٢٥٣ی کۆچی دەستنیشان کردووە[١٧]. شێخ حوسامودین عومەریش ١٢٥٤ی بۆ داناوە[١٨].

موردناسی دەرەوە، تۆمابوا ١٨٣٥ی داناوە و[١٩] گۆرگیس عەووادیش ساڵی ١٨٤٢ی داناوە[٢٠]، شێخ مورادی کوڕی وەیس موردای زەنگنە ١٨٣٥ی زاینی بۆ داناوە[٢١]. هەروەها ئیبراهیم داقووقیش ساڵی ١٨٣٥ی بۆ داناوە[٢٢]. شێخ محەمەدی خاڵیش (١٢٥٣ی کۆچی – ١٨٣٧ی زاینی) داناوە[٢٣]. مامۆستا عەبدورەزاق بیماریش لەم بارەیەوە دەڵێ: ئەگەر وەکو رۆژنامەی (الرقیب – ی بەغدایی) دەڵێ شێخ رەزا حەفتا ساڵ ژیابێت و ئەمە راست بێت، ئەوا ساڵی لەدایکبوونیشی دەگۆڕێت و دەبێ بە ١٢٥٨ی کۆچی[٢٤].

دوای خستنه رووی ئەو هەموو راوبۆچوونە، دەبێ بچینەوە سەر ئەو بەڵگە مێژووییانە و ئەو شیعرانەوە کە ئەم لایەنەمان بۆ روون دەکەنەوە[٢٥].

وەکو ئدمۆندس دەڵێ: چوونە سەر تەختی ئەحمەد پاشای بابان، یەکێکە لەو مێژووانەی کە باوەڕی پێ دەکرێ و بەڵگەی بەهێزی ئەو مێژووە – شیعرێکی نالییە لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

تا فەلەک دەورەی نەدا – سەد کەوکەبی ئاوا نەبوو –

کەوکەبەی میهری موبارەک، تەڵعەتی پەیدا نەبوو –

هەروەها لە دوا دێریدا کە مێژووی چوونە سەر تەختەکە باس دەکا دەڵێ:

شاهی جەم جا «نالیا» (تەئریخی جەم) تاریخییە

تا نەڵێن لەم عەسرەدا ئەسکەندەری جەم جا نەبوو[٢٦]

بێگومان کە بەڕێنووسی ئەو سەردەمە (تەئریخی جەم) بە (تاریخ جم) دەنووسرا کە بەپێی ژمارەی ئەبجەدی دەکاتە ١٢٥٤ی کۆچی، کە بەرامبەر بە ١٨٣٨ی زاینە[٢٧]. ئەحمەد پاشا بە گێرمە و کێشەوە لەسەر تەختی میرنشینی باباندا ماوەتەوە تا ساڵی ١٨٤٢[٢٨]، کە بەیەکجاری لابراوە و عەبدوڵا پاشای برایان لە جێی داناوە و لە دواییشدا عەبدوڵا پاشاشیان لابرد و سمایل پاشای تورکیان بە قایممقامی لە جێی دانا[٢٩].

شیعرێکی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، تاکە بەڵگەیەکە تەمەنی شێخمان بۆ روون بکاتەوە، بەڵگەکەش لە دوا دێری ئەم شیعرەیەتی کە دەڵێ:

لەبیرم دێ سلێمانی کە دارولملکی بابان بوو

نەمەحکوومی عەجەم، نەسوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو

لەبەر قاپی سەرا، سەفیان دەبەست، شێخ و مەلا و زاهید

مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت، گردی سەیوان بوو

لەبەر تابووری عەسکەر ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا

سەدای مۆزیقە و نەقارە، تا ئەیوانی کەیوان بوو

درێغ بۆ ئەو زەمانە، ئەو دەمە، ئەو عەسرە، ئەو ڕۆژە

کــه مــەیدانی جــریدبازی، لە دەوری کــانی ئاسکان بوو
بەزەربێ حــەملەیی بەغدایی تەسـخـیـر کـرد و تێی هـەڵدا
سلێـمــانی زەمــان، ڕاسـتت ئەوێ، باوکی سلێـمــان بوو
عــەرەب ئینکاری فــەزڵی ئێـــوە ناکــەم ئەفــزەڵن ئەمما
(سەلاحەدین) کە دنیای گرت لەزومرەی کوردی بابان بوو
قــوبووری پڕ لە نووری ئالی بابان، پڕ لە ڕەحــمــەت بێ
کە بارانی کەفی ئیحسانیـان وەک هەوری نیسـان بوو
کــە عــەبدوڵا پاشــا لەشکری والیی سنەی شــڕ کــرد
(ڕەزا) ئەو وەختە عومری پێنج و شەش توفڵی دەبستان بوو

کە تەمەنی شێخ رەزا، لە کاتی شەڕی نێوان لەشکری ئەحمەد پاشای بابان - بەسـەرکردایەتیی عەبدوڵا پاشای برای - و لەشکری والی سنە.. تەمـەنی شێخ پێنج و شەش ساڵان بووبێ.. دەبێ بزانین ئەو شەڕە و شکانی والی سنە کەی بووە.

مامۆستا سەباح غالیب - پێشڕەو - پشت بەسەرچاوەی مێژوویی، هەوڵی ساخکردنەوەی ساڵی لەدایکبوونی شێخ رەزای داوە کە دەڵێ:

ئەو شـەڕەی کە بەسەرکردایەتی عەبدوڵا پاشـا بوو، دوای دوورکەوتنەوەی لەشکری عەجەم بووە، کە ئەحمەد پاشا بۆ جاری دووەم هاتەوە سولەیمانی لە ساڵی ١٢٥٨ی کۆچی، وە ئەحـمـەد پاشاش لە ساڵی ١٢٦٠ی کۆچی حەپس کرا و لابرا.. دواتریش دەڵێ: شـەڕەکـەی والی سنە دەبێ لە ١٢٥٨یا ١٢٥٩ی کۆچیدا بووبێ(٣٠).

دەقی باسی شـەڕەکـە، وەکـو مــامـۆسـتـا مـحـەمـەد ئەمین زەکی بەگ نووسیویەتی بەم جۆرەی خوارەوەیە کە دەڵێ:

دانەری (الأربعة قرون الأخيرة للعراق - چوار سەدەی دوایی عیراق) باسی حکوومەتی ئەحمەد پاشامان بۆ دەکات و دەڵێ: بەهۆی گەڕانەوەی (مەحموود پاشـا)ی مـامی، بە لەشکرێکی ئێرانییـەوە، تووشی تەگـەرە هات و، مـاوەی

ساڵێک پەکی خست و ئەم داگیرکردنەی ئێرانییەی وڵاتی بابان، بۆ ماوەیەکی زۆر، گێرە و کێشەیەکی سیاسی بەرپا کرد. میریی ئێران ناچار بوو هێزەکانی بکشێنێتەوە، ئینجا دوای کشانەوەی ئێران، ئەحمەد پاشا گەڕایەوە بۆ گرتنی (سلێمانی) و مەحموود پاشای دوورخستەوە، ئەوەش لە ساڵی ١٢٥٨ی کۆچیدا بوو[٣١].

هەروەها مامۆستا محەمەد ئەمین زەکی دەڵێ: لە دەفتەری (سەید نووری نەقیب)ەوە دەردەکەوێ کە لابردنی (ئەحمەد پاشا) و گرتنی لە ساڵی ١٢٦٠ی کۆچیدا بووە و،[٣٢] چوونی عەبدوڵا پاشا بۆ ئاستانە – ئەستەمبوڵ – پێنج ساڵ دوای ئەوەبوو[٣٣].

کەچی ئەو چاپەی (أربعة قرون من تأریخ العراق الحدیث – چوار سەدەی مێژووی عیراقی نوێ)ی لۆنگریک – کە لە بەردەستمدایە دەڵێ:

ماوەی فەرمانڕەوایی ئەحمەد پاشا، لە ساڵی ١٨٤٠ی زایندا (کە دەکاتە ١٢٥٦ی کۆچی – تاقانە) بە گەڕانەوەی مەحموود پاشای مامیەوە پچڕا. کە مەحموود پاشا بە لەشکرێکی ئێرانییەوە هاتبووەوە، ئەم لەشکرکێشییەی ئێرانە، بەوەی خاکێکی داگیر کردبوو، ئەو خاکە بە عوسمانی دەژمێردرا، گەردەلوولێکی توندی دیپلۆماسی بەرپا کرد بە کشانەوەی ئێرانییان، ئەحمەد پاشا جڵەوی فەرمانڕەوایی گرتەوە دەست[٣٤]. واتە ئەحمەد پاشا بۆ دوا جار لە ١٨٤١ی زاین – ١٢٥٧ی کۆچیدا هاتەوە سلێمانی. هەروەها (لۆنگریک) دەڵێ: لە (١٨٤٢ی زاین – ١٢٥٨ی کۆچی)دا ئەحمەد پاشا لابرا و برایە بەغدا[٣٥].

بەپێی ئەم قسانەی لۆنگریک، شەڕەکەی والیی سنە و لەشکری عەبدوڵا پاشا، لە پێش لابردنی یەکجارەکی ئەحمەد پاشا بووبێ، دەبێ ساڵی (١٨٤١ی زاین – ١٢٥٧ی کۆچی) بووبێ.

(شێخ محەمەدی مەردۆخ)یش لە مێژووەکەیدا کە دێتە سەر باسی ئەو شەڕە و زۆر لایەنی باس دەکات، ساڵی (١٢٥٧ی کۆچی) بۆ دادەنێ[٣٦].

کەواتە بە پێی ئەم ساڵەی ١٢٥٧ی کۆچییە، دەبێ ساڵی لەدایکبوونی شێخ ڕەزا دەستنیشان بکرێ، بە یارمەتی دێرە شیعرەکەی خۆی کە دەڵێ:

کــە عــەبدوڵا پاشــا لەشکری والیی سنەی شــڕ کــرد
(ڕەزا) ئەو وەختە عومری پێنج و شەش تیفلی دەبستان بوو

جا ئەگەر شەش ساڵی لێ دەرکەین دەکاتە (١٢٥١ی کۆچی – ١٨٣٥ی زایین). کە ئەمەیان وەکو پێشتر بینرا، ڕای (مامۆستا سەجادی و تۆمابوای کوردناس و شێخ موڕادی زەنگنە و ئیبراهیم داقووقی)یە. خۆ ئەگەر پێنج ساڵ لە (١٢٥٧ی کۆچی) دەرکەین، دەکاتە (١٢٥٢ی کۆچی) (١٨٣٦ – ١٨٣٧ی زاین) کە نزیکە لە ڕای د. کەمال فوئاد. بەش بە حاڵی خۆم، ئەمەی دواییانم لا پەسەندە، واتە (١٢٥٢ی کۆچی)... دەمێنێتەوە شتێکی تریش کە لە دڵمدایە باسی بکەم و بڵێم.. زۆر جار سەرنجم لەو دوو دێرە شیعرەی شێخ دەدا کە دێری یەکەمی لەسەر بەرگی دیوانی چاپی ١٩٤٦دا نووسراوە و دەڵێ:

شێخ (رضا)م و بەفصاحت لە جهاندا مشهور
پسری پیری نەزەرکردەی قوطبی لاهور

مامۆستا سەجادی ئەو دێرە و دێرەکەی تری ئەم شیعرەی بەم شێوەیە نووسیوەتەوە:

شێخ ڕەزام و بە فصاحەت لە جیهاندا مشهور
پسری پیر نظر کەردەی قطبی لاهور!
شعری من وەهبییە، کەسبی نییە وشیارەوە بە
خۆت لەمن لادە لە سۆراخی (قن...) بم مەخموور(٣٧)

سەرنجم لەم دوو دێرە دەدا و دەمگوت، دەبێ شتێکی، جگە لە واتا ڕواڵەتییەکەی تێدا نەبێ؟! لە دواییدا گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە:

لە نیوە دێری یەکەمی شیعرەکەدا، ئەگەر (شێخ ڕەزام) لە دێرەکە دەرکەین و بەشەکەی تری کە دەمێنێتەوە، وەسفی شێخ خۆیەتی کە (و بە فصاحت لە جیهاندا مشهور)ەکەیە، بە ژمارەی ئەبجەدی لێکبدرێتەوە دەکاتە (١٢٥٢) کە

به سـاڵی کـۆچی، سـاڵی لەدایکبـوونی شـێخ ڕەزایە، کـە دەکـاتە (١٨٣٦ – ١٨٣٧)ی زاین.

*

**پەراوێزەکان:**

١- س. ج. ئدمۆندس – کرد وترك وعرب – ص/ ٢٥٦ .

٢- محمد أمين زكي – مشاهير الكرد وكردستان – جـ/ ١ – ص/ ٢٢٤ .

٣- ملا صابر – كركوك شعراسي – کتێبێکی دەستنووسە، لە ١٩٥٢دا لە کەرکووکدا نووسراوە – بەشێکی لە کۆواری (قارداشلق)ی تورکمانیدا بڵاو کراوەتەوە...
بڕوانە: ل/ ٢٠ی – ژ/ ٥ی – ئەیلوولی ١٩٦٥ی کۆواری ناوبراو.
هەروەها لەبارەی ناوی شێخ ڕەزاوە، بڕوانە:
– علاء الدين سجادي – مێژووی ئەدەبی کوردی – چاپی دووەم – ل/ ٣٧٤ .
– الشيخ محمد حسام الدين عمر – الانفاس الرحمانية – ص/ ٢٥٥ .
– عطا ترزي باشي – كركوك شاعرلري – جـ/ ٢ – ص/ ١٣١ .

٤- سەجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – چاپی دووەم – ل/ ٣٨٠ .
بۆ ئەو دوو دێرە شیعرەی، مامۆستا سەجادی بە نموونەی هێناوەتەوە، جگە لەو سەرچاوەیە، بڕوانە: بۆ شیعری یەکەم: دیوان – چاپی ٣٥ – ل/ ٦١ – دیوان – چاپی ٤٦ – ل/ ٤٤ . بۆ شیعری دووەم: دیوان – چاپی ٣٥ – ل/ ٣٩ . دیوان – چاپی ٤٦ – ل/ ٢٩ .

٥- عطا ترزي باشي – كركوك شاعرلري – جـ/ ٢ – ص/ ١٣١ .

٦- ئازاد عـەبدولواحـیـد – ئەخـتـەر – ل/ ٢٠ و پەراوێزی ژمـارە (٤)ی هـەر ئەو لاپەڕەیە.

٧- مەحموود زامدار – ڕۆشنبیری نوێ – ژ/ ٣٥ – ل/ ٤ .

٨- دیوان – چاپی ٤٦- ل/٠٧.

٩- دیـوان – چـاپـی ٤٦ – ل/ ٣١ – ٣٢ . هـەروەهـا لـە پـەراوێـزی لاپـەڕە (٣٢)دا نووسـراوە: ئەم لەقـەبە لە ئەوائیلی حـەیاتی شـاعـیـری بزورگـوار مـەخلـەسی شاعیریی بووە، پاشان وازی لێ هێنا، هەر بەناوی ڕاستەقینە ئیکتیفای کرد.

١٠- ديوان - چاپی ٤٦ - ل/ ٤٣ - ٤٤ .

١١- ديوان - چاپی ٤٦ - ل/ ١١٠ - ١١١ .

١٢- له پەراوێزی ژمارە (٩)دا دەڵێ: تا ئێستا جیاوازی هەیە لە دیاریکردنی مێژووی لە دایک بوونی شێخ رەزادا، مامۆستا ئەمین زەکی بەگ باسی ساڵی لەدایکبوونی نەکردووە (بڕوانە: محمد أمين زكي، مشاهير الكرد وكردستان، الجزء الأول، بغداد، ١٩٤٥، ص ٣٢٤ - ٣٢٥)؛ مامۆستا عەلائەدین سەجادی ١٨٣٥ی بە ساڵی لەدایکبوونی داناوە (علاء الدين سجادي، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغدا، ١٩٥٢، ل ٣٤١؛ چاپی دووەم: بەغدا، ١٩٧١، ل ٣٧٤)؛ دوکتۆر مارف خەزنەدار ساڵی ١٨٤٢ی داناوە (بڕوانە: د. مارف خەزنەدار، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردیی نوێوە. (بەزمانی رووسی)، مۆسکۆ، ١٩٦٨، ل ٨١)، کوردناسانی دەرەوەش ئەو ساڵەیان بەتەواوی بۆ دیار نەکراوە، بەوێنە ئەدمۆندس لە یەکەم نووسینیدا لە بارەی شێخ رەزاوە ساڵی ١٨٤١ یا ١٨٤٣ی بۆ لەدایکبوونی تەقدیر کردووە (بڕوانە:-

C.J. Edmonds, AKurdish Lampoomist, Shaikh Riza Talabani

Juornal of the Royal central Asian Society VoL.XXII, january, 1935,P.116

کەچی پاش ماوەیەک ناوەندی ئەو دوو ساڵەی هەڵبژاردووە و ١٨٤٢ی کردووە بە ساڵی لەدایکبوونی. بڕوانە:

C.J Edminds, Kurds, Turks, and Arabs, 1957.P.57.

بەڵام لەم چەندانەدا مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس توانیوێتی بە یارمەتی شێخەکانی تاڵەبان مێژووی لەدایکبوونی شێخ رەزا بدۆزێتەوە و گەیشتووەتە ئەوە کە لە ساڵی (١٢٥٣)ی. ک دا لە دایک بووە و ئەوەی لەو دەسنووسەیدا تۆمار کردووە کە لە ژێر ناوی «یادی مەردان»دا ئامادەی کردووە بۆ چاپ. شایانی باسە دوکتۆر کەمال فوئادیش ساڵی (١٢٥٣ک) داناوە: (بڕوانە:-

(Kamal Fuad, Kurdish Handschriften, Wiesbaden, 1970,P.101)

بەڵام بێ ئەوەی رۆژ یا مانگی لە دایکبوونەکەدابنێت تا بە تەواوی ساڵەکە بە «میلادی» دیاری بکرێت، چونکە (ساڵی ١٢٥٣ک) بەر ساڵی (١٨٣٧) و (١٨٣٩)ی «میلادی» دەکەوێت، دوکتۆر کەمال خۆی ساڵی (١٨٣٧)ی

هەڵبژاردووە. بڕوانە: کۆواری کۆڕی زانیاری کورد – ب/ ١– ١٩٧٣ – ل/ ٣٨٦ – ٣٨٧ .

«لە وتاری – هەجوکەرێکی کورد – دا، ئەدمۆندس لە شوێنێکدا دەڵێ: (سەید حوسێن حوزنی موکریانی دێریکی پیرۆزییەکەی ئەولا پاشا ١٨٣٩ی میلادی پێشان دەدات، کە دوو ساڵ پێش لەدایکبوونی شێخ ڕەزا دەکەوێ» بەم پێیە دەبینین دووبارە ئەدمۆندس مێژووی ل دایکبوونی شێخ ڕەزای بە ساڵی ١٨٤١ داناوە کە دەکاتە ١٢٥٧ – ١٢٥٨ی کۆچی – بڕوانە: ئدمۆندس – هەجوکەرێکی کورد – وەرگێڕانی: تۆفیق وەهبی – دەنگی گێتی تازە – ب/ ١ – ژمارە/ ٢ – تشرینی دووەم ١٩٤٣ – ل/ ١٣» – تاقانە –.

* د. شوکرییە ڕەسوڵ لە بارەی بۆچوونەکەی مامۆستا (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس)ەوە دەڵێ: ئێمە دەتوانین بڵێین ئەمەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم نووسیویە لە قسەکانی هەموو ئەوانی تر زیاتر جێگەی باوەڕە، چونکە سەرچاوەیەکی دیاری کردووە کە شێخەکانی تاڵەبانین و شێخ ڕەزایش لەو شێخانەیە و دیارە دەبێ ئەوان لە هەموو کەس زیاتر شارەزای مێژووی ژیانی شێخ ڕەزا بن.. بڕوانە: کۆواری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد – بەرگی یازدەم – ١٩٨٤ – ل/ ٨٢ ..

لەگەڵ ڕێزی بێ پایانماندا بۆ مامۆستای مەزنمان مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، ئەم قسانەی (د. شوکرییە)م بەلاوە سەیرە.. بە تایبەتی کە ڕاوبۆچوونەکەی مامۆستا مودەریسی لە بەردەستدا نییە، تا بە شێوەیەکی زانستی هەڵبسەنگێنرێت، بەڵکو باسەکە وەکو بینیمان، هەروەکو هەواڵێک لەلایەن (د. کەمال مەزهەر)ەوە بلاو کراوەتەوە و چۆنیەتی ساغکردنەوەکەمان نەدیوە تا حوکمی لەسەر بدەین.

١٣– هجری دەدە – ڕۆژنامەی کەرکووک (بە تورکی) – عدد ٣٣٠ – ٢٨ / ١١ / ١٩٣٠، ص/ ٣ .

١٤– ملا صابر – كركوك شعراسي (بەتورکی) – کۆواری قارداشلق – صايی/ ٥ – أيلول ١٩٦٥ .

١٥– دیوان – چاپی ١٩٣٥ – لاپەڕەی پێش لاپەڕە (یەک)، بەڵام بۆ ساڵی زاینی

بەرامـبـەر بەو سـاڵـە كـۆچـيـيـە (١٨٣٢)ى بۆ دانراوە، من ئەمـە بە هـەڵەی چاپ دەزانم لەبەر دووريى.. كـە بەرامـبـەر (١٢٥٤ی كۆچی) سـاڵی (١٨٣٨ – ١٨٣٩)ی زاينە.

دوكـتـۆر عـيـزەدين مـسـتـەفـا رەسـوڵ – وا ديارە هـەر ئەو (١٨٣٢)ە هـەڵەيەی بۆ سـاڵی لەدايكبـوونی شـێخ رەزا داناوە، بڕوانـە: د. عـيـزەدين مـسـتـەفـا رەسـوڵ – شـــێخ رەزای تـاڵەبـانـی – ل/ ٣ – بەڵام لـەوەی نـەكـــۆڵـيـــوەتـەوە و دۆزەكـــەی نەبڕاندووەتەوە.. بڕوانە: پەڕاوێزی ژمارە/ ١ی ل/ ٣٥ی هـەر ئەم كتێبە.

١٦– ديوان – چاپی ١٩٤٦ – پێشـەكی – ل/ب.

١٧– مودەريس – بنەماڵەی زانياران – ل/ ٥٩٦ .

١٨– الشيخ حسام الدين عمر – الأنفاس الرحمانية – ص/ ٢٥٥ .

١٩– تومـــابوا – مـع الأكـــراد – ص/ ١٤٩ . هـەروەهـا د. مـــارف خـــەزنەدار هـــەر لەو لاپـەڕەيـەدا و لـە پـەڕاوێـزدا بـە (١٨٤٢)ی ز (بـەلای خـــــــۆيـەوە) ئـەوەی راسـت كردووەتەوە.

٢٠– كوركيس عواد – معجم المؤلفين العراقيين – المجلد الأول – ص/ ٤٧٢ .

٢١– آبراهيم باجلان – في آربعينية نصير السلم الشاعر الكردي الشيخ مراد زنگنة – جريدة التآخي – العدد/ ٢٠٠١ – الأثنين – الأول من آيلول ١٩٧٥م. ص/ ٣

٢٢– أبراهيم الداقوقي – فنون الأدب الشعبي التركماني – ص/ ٣٤ .

هـەروەهـا بڕوانـە: -Dakuki - Irak Türkmenleri - s.40

كە چاپە توركييە (لاتينييە)كەی هـەر ئەو كتێبەی سەرەوەيەتی.

٢٣– شێخ محـەمەدی خاڵ – دەفتەری كوردەواری – ب/ ١ – ل/ ١٢ .

٢٤– رۆژنـامــــەی هـاوكـــــاری – ژ/ ١١٦٩ – ٢١ / ٤ / ١٩٩٠ – هـەر لـەم وتـارەدا مـامۆسـتـا عـەبدوڕەزاق بيمـار، سووكـە گومـانێكی خسـتووەتە سـەر ئەو مێژووە و دەڵێ: بەڵام نووسـينـی رۆژنامـەكە – الرقيب (توفاه الله عن عمر ناهز السـبعين) رەنگە لە ورديدا نەگاتە نووسـينی فـەتحـولا ئەسـعـەدی كۆيی بنووسـی پێشـەكيی ديوانەكە... هتد.

لە باسـی كۆچـی دوايی شـێخ رەزاشـدا ئامـاژە بۆ ئەم وتارە بەنـرخـەی مـامـۆسـتـا بيـمـار دەكـەين، كـە وەكـو بەڵگەيەک و وردبوونـەوەيەک لەو بەڵگەيە (رۆژنـامـەی –

الرقـيب – كـه له سـەردەمی بەشی دوایی ژیانی شـێخ رەزادا دەرچووە و باسی نەخۆشی و كۆچی دوایی شێخی كردووە).. نرخی تایبەتی خۆی هەیە.

٢٥– هێنانـەوەی ئەو بۆچوونـانە بـە دووبارەكــردنـەوەیەكی بێ ســوود نـازانم، بگـرە نرخزانینێكی ئەو نووسەرانەیە و بۆ ئەوەیە كە رەنجی كەسیان بە فیڕۆ نەچێ.

٢٦– بۆ دەقی تەواوی شیـعرەكە، بڕوانە دیوانی نالی – لێكۆڵینەوە و لێكدانەوەی مەلا عەبدولكەریمی مودەریس و فاتیح عەبدولكەریم – چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد – بەغدا ١٩٧٦ – ل/ ٣٧٠ – ٣٧٤ .

٢٧– ئەدمۆندس – دەنگی گێتی تازە – ب/ ١ – ژ/ ٢ – ل/ ٨ .

٢٨– بەرامبەر بە ١٢٥٨ی كۆچییە .

٢٩– لۆنگریک – الأربعة قرون الأخیرة من تأریخ العراق – ص/ ٣٤٥ .

٣٠– پێشڕەو (سەباح غالیب) – كۆواری بەیان – ژ/ ١٤ی ساڵی ١٩٧٤ – ل/ ٨ . كە ئەو زانیارییانەی لە (محـمد آمین زكي – تاریخی سلێمـانی و وڵاتەكـەی – ل/ ١٥٨) وەرگرتووە. بەڵام ١٢٥٩ی كۆچییەكەی، وەكو رایەک خۆی زیادی كردووە.

٣١– محمد آمین زكي – تأریخ السلیمانیة وأنحاؤها – ل/ ١٥٨ – ١٥٩ .

٣٢– بەرامبەر ساڵی ١٨٤٤ی زاینە.

٣٣– بڕوانە: محمد آمین زكي – تأریخ السلیمانیة و... پەڕاوێزی ژ/ ٢ی ل/ ١٦٠ .

٣٤– لونگریك – أربعة قرون من تأریخ العراق الحدیث – ل/ ٣٤٥ .

٣٥– س. پ.

٣٦– آیت الله آقاي شیخ محمد مردوخ كوردستاني – تأریخ مردوخ – ج/ ٢ – ص/ ١٦٧ .

٢٧– علاء الدین سجادي – مێژووی ئەدەبی كوردی – چاپی دووەم – ل/ ٣٧٩ .

بەندی سێیەم

# پەروەردەبوون و ژین و بەسەرهاتی شێخ ڕەزا

له سەرەتاوە تاکو گەڕانەوەی دووەم جاری لە ئەستەمبووڵەوە

شێخ رەزا لە دێی (قرخ)دا لە دایک بووە[(١)]، کە سەر بە (بازیان) بووە، لەبەر ئەوە هەندێک نووسەر هەر ناوچەی بازیانیان بەجێی لە دایکبوونی پێشان داوە[(٢)].

هەروەکو لەو شیعرەوە دیارە کە بۆ سلێمانیی دەوری بابانی نووسیوە، بە پێنج شەش ساڵی سلێمانی دیوە لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

لەبیرم دێ سلێمانی کە دارولملکی بابان بوو

نە مەحکوومی عەجەم، نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو

شێخ عەبدوڕەحمانی باوکی، جارجار لە دێی (قرخ) و جارجاریش لە کەرکووک بووە، لەو تەکیەیەی کە باوباپیرە مەزنەکانی بە شێوەیەکی سادە بنیاتیان ناوە[(٣)]، دوور نییە شێخ رەزاش لەم هاتوچۆیەی نێوان کەرکووک و قرخدا لەگەڵ باوکیدا بووبێ.. دوای ئەوە دەست دەکرێ بە بنیاتنانی تەکێ و گەورەتر و رێکترکردنی، تا ساڵی ١٢٦٠ی کۆچیدا تەواو دەبێت.. مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس دەڵێ: لەو سەردەمەدا ئەو مزگەوتە دروست کراوە خوالێ خۆشبوو سەید عەبدوڕەحیمی مەولەوی دیدەنی ئەو شوێنەی کردووە و ئەم شیعرانەی نووسیوە:

عقل گفتا چون تفکر کردو ایست:

دانی این بانی و مبنی چیست و کیست؟

درتنزل كرد جلوه بى چنين

حق در آن و، عرش اعظم آن درين

هركه داند سر اين راز نهفت

خوش (على العرش استوى الرحمن) گفت

مبتداو منتهاى هر شيى است

(مظهر حق باد) تأريخ وى است[٤]

هەروەها شـێخ حـوسـامـەدین عـومـەریش١٢٦٠ی کـۆچی بە مـێـژووی دروستکردنی ئەو مزگەوتە داناوە[٥].

مـامۆستا (تەرزی باشی) لە باسـی شێخ عـەبدوڕەحمـاندا دەڵێ: لە ١٢٦٢دا ئەو مـزگـەوتـەی ناو تەکـێکەی بە منارەوە دروست کـرد، ئەم تـەکـێـیـەی کـە لانەیەکی خـواپەرسـتی بووە، هاوکاتیش شـێخ عـەبدوڕەحمـان وەری گـێـڕایە مەڵبـەندێکی ئەدەبی و ئاینی و مۆسیقیی شـارەکە.. مەقامناسە ناسراوەکانی کەرکووک لەوێدا ئاوازە ئاینییەکان و (خۆریات)ی[٦] خۆجێییان تێدا دەچڕی و ئەو هونەرمەندانەی کە لە هەرێمەکانی ترەوە دەهاتن دیسانەوە لێرەدا خۆیان دەنواند[٧].

بەم جۆرە، شێخ ڕەزا.. ئا لەم جۆرە مەڵبەندەدا چاوی هەڵهێنا.

جا دوای ئەوە، شێخ ڕەزا، لەگەڵ باوکیدا، لە تەکیە تازەکراوەکەدا و لە تەک مەرقەدی پاکی باپیرە شێخەکانیدا بەیەکجاری نیشتەجێ دەبێ[٨]. کە بەلای ئێمـەوە تەمەنی ئەوسـای لە دەوروبەری هەشت سـاڵاندا بووە، وەکو مـامـۆستـا (تەرزی باشی)ش دەڵێ: لەبەرئەوەی باوکی و بنەماڵەیان، گشتیـان لە گەڕەکی (بولاق)ی[٩] کـەرکـووکـدا نیـشـتـەجێ بوونە، (زاین؟) و پەروەردەبوونی لەم گەڕەکەدا شتێکی بڕاوە و بێگومانە[١٠].

لە تەمـەنی حـەوت سـاڵیـدا لای باوکی دەستی بە خـوێندن کـردووە[١١]، لە پاشـان چەند کـتـێـبـێکی سـەرەتـایی لای شـێخ عـەبدولغـەفـووری مـامی دەخوێنێ[١٢]. هەروەها شێخ ڕەزا، لە کەرکووکدا، لە لای سەید محەمەدی بلاغ

و حـاجی سـەعیـد ئەفـەندیی حـیلمی زادەدا دەرسی عـەرەبی خـوێندووە[١٣]. ئینجـا بۆ خـوێندن چووەتە (کـۆیە) و لە مـەدرەسـەی زانـای بەناوبانگ حـاجی مەلا ئەسعەدی جەلیزادەدا دامەزراوە[١٤]. وەکو مامۆستا خاڵیش دەڵێ: لەگەڵ حـاجی مەلا عـەبدوڵای جەلیزادە و کـەیفی جوانڕۆیی شاعیردا، لە لای حـاجی مەلا ئـەسعەد خـوێندوویانە و بەڵکو لە یەک ژووریشـدا بوون[١٥]. هـەر لە دەوری فەقێتیدا سلێمانیشی چاو پێ کەوتووە و لە مزگەوتی گەورە – مزگەوتی کاک ئەحمەدی شێخ –دا خـوێندوویەتی[١٦]. لە شـێخ عەلی تاڵەبانی دەگێڕنەوە کـە، جارێکیـان شێخ عەبدوڕەحمان کوڕەکانی دەباتە سەردانی شێخ عـەبدولقادری گـەیلانی، لـە بەردەرگـەی شـێخی گـەیلانیـدا کـۆیان دەکاتەوە و ئامـۆژگـارییـان دەکـات و دەڵـێ: ئێـسـتـا لە خـزمـەتی پیـری مـەزنداین، کـە دەچینە ژوورەوە هـەریەکـە و چی لە دڵدابێ بـا داوای بکات.. بەجـێـهـاتنی ئاوات و ئـامـانج لە تاقیکراوەکانمانە.. شـێخ عەلی دەڵێ: کە چووینە ژوورەوە و سـەردانمان کرد و.. هـاتینەوە دەرەوە، شـێخ رەزا دەمودەست، دەستی بە خـوێندنەوەی ئەم دێڕە شیعرە کرد:

پادشـاه هردو عالم، شـاه عبدالقادرست
سـرور أولاد آدم، شـاه عـبـدالقـادرست
آفتـاب و ماهتـاب و عرش و کرسی و قلم
نور قلب از نور أعظم، شاه عبدالقادرست

شـێخ عـەبدوڕەحـمـانی بـاوکی، سـەیرێکی دەکـات و دەڵێ: رەزا چیت کـرد، داوای شـاعـیـرێتـیت کـرد؟! شـێخ رەزاش لە شـەرمـان و لەبەر رێزی بـاوکی، بێدەنگ دەبێت و وەڵامی پێ نادرێتەوە[١٧].

مـامـۆسـتـا (تەرزی باشی) دەڵێ: شـێخ رەزا هـەر لە ژیانی باوکـیدا سـاڵی ١٢٧٣ی کـۆچی دەچێتـە ئەسـتـەمبـووڵ و مـاوەی دوو سـاڵ لەوێ دەمـێنێتـەوە، پاشان دەگـەڕێتەوە کەرکووک، لە رێی گـەڕانەوەیدا لە نێوان مـوسڵ و هـەولێردا هـەواڵی مـردنی بـاوکی (١٢٧٥)ی کۆچی، لە کاروانچییـەکانەوە دەبیسـتێ[١٨]. بەلای منەوە، تەمەنی ئەوسـای بیست و یەک سـاڵان بووە[١٩].

مـامـۆسـتـا سـەجـادی دەڵێ: ئەم سـەفـەرەی یەکـەمی شـێخ رەزایە بەسـەر حـەڵەبەوە بووە و[٢٠]، لە شـیـعرێکی فـارسـیدا بۆمـان دەگێڕێتـەوە کە بەسـەر (بریـفکـان)ی[٢١] بـادینـاندا رەت بـووە و لـەسـەر گـۆڕی پـیـرۆزی (شـێخ نوورەدین)ی[٢٢] بریفکانیدا دەوەستێ و شیـعرێکی فـارسی بەسەر گۆڕەکەیدا هـەڵدەدا.. لە یەکەم دێریدا دەڵێ:

عـزم دیار روم چو کـردم زشـهـرزور
افتـاد در دریا (بریفکـان) مـراعـبور[٢٣]

لە دێرێکی تردا دەڵێ:

این مـرقـد حـبـیب خـدا (شـیخ نوریست)
جسمش بخاک خفتەو، جان رفت درحضور[٢٤]

لە کۆتاییی ئەم شیعرەوە بۆمـان دەردەکەوێ کە، شێخ رەزا لە سەرەتای ئەم چوونەی یەکەم جار بۆ ئەستەمبوڵ، نیازی گەڕانەوەی هەر لە مێشکدا بووە و کە بۆ گەڕان و دنیـابینی چووە، هەروەها من بەوەشدا دەڵێم ئـەمـەی لە یەکـەم چوونـیـدا نووسـیـوە، چونکە وا پێ دەچێ، کـە چوونی دووەم جـاری بۆ ئەسـتـەمبـوڵ، بە دڵشکاوی بووە و بە دووری نازانم نیازی گەڕانەوەی نەبووبێ، بەڵام لە یەکەمیاندا دەڵێ:

یارب بجـاه و حـرمت این قطب اولیـا
جرم (رضا) ببخش کە فـەرمـودەء انا الغفور
روزی مکن دراین سـفـرش رنج و مـحنتی
باز اورش بشـادی و اسـایش و سـرور[٢٥]

سـەرچاوەکان باسـی ئەوە ناکەن کە، لەم یەکـەم چوونەیدا بۆ ئەسـتـەمبـووڵ، چیی کردووە و چۆنی رابواردووە و کوێ و کوێی دیتووە. تەنانەت مـامـۆسـتـا فـەتحـوڵا ئـەسـعـەد، راسـتـەوخـۆ دەڵێ: هیـچ مـەعلوومـاتێکمـان نییـە کـە لەم سـەفـەرەی لـە ئەسـتـەمـبـووڵ چیی کـردووە و بەچی خـەریک بووە[٢٦]. لە گەڕانەوەیدا، وەکو پێشتر باس کرا، هەر لە رێگە هـەواڵی کۆچی دوایی باوکی

له کاروانچییەکانەوە پێ دەگات، واتە ساڵی (١٢٧٥ی کۆچی – ١٨٥٨ – ١٨٥٩ی زاین) گەڕاوەتەوە کەرکووک. کە دێتەوە، دەبینێ شێخ عەلی برا گەورەی، لە جێی باوکی بووەتە شێخی تەکێ. وا پێ دەچێت لە پێشدا لەگەڵ شێخ عەلی برا گەورەیدا نێوانیان خراپ نەبووبێ، لەو شیعرەیدا (کە من بە هی ئەو سەردەمەی دەزانم!).. وەکو دیارە ویستوویەتی لێی نزیک ببێتەوە و مووچە و پارەی لێ دابین بکات، بەڵام شێخ عەلی دەست و پێوەندێکی هەبووە و باوەڕی بەوان بووە و پشتی بەوان بەستووە، کە زۆریان خزم و خوێش و مامی خۆی بووە، کە شێخ رەزا ئەمانەی بە دڵ نەبووە و دەڵێ:

بێگانە هەموو ساحیبی جاه و جەبەرووتن
بێچارە برای شێخ عەلی، موفلیس و ڕووتن
ئەی (شێخ عەلی) چاکە وسووقت بە برابێ
باوەڕ مەکە بەم خەڵقە کە وەک توولە لە دووتن
قەومێ کە لە عەهدی پدەرت حەڵقە بەگۆش بوون
تەحقیقی بزانە، بە خودا، جوملە عەدووتن
ڕەحمیان نییە دەربارەیی تۆ.. خزم و ئەقاریب
موشفیقترە، بێگانە، لەمانە کە (عەمووتن)
نادان و قوڕمساغ و نەزانن کە ئەمانە
گاهێ لە سەما، گاهێ لە سەیری مەلەکووتن
ئەم تەکیە نشینانە چ دەروێش و چ سۆفی
هەرچەندە بەدڵ موشتەغیلی زیکر و قونووتن
وەک حاجیی مابەینی (سەفا) و (مەروە) بە تەعجیل
بۆ لوقمە ئەمانیش،... بەمەسەل یوونس و حووتن
جومعانە بڕاوە، بەخودا موفلیسە (لامیع)
نەپوولی حەمامی هەیە، نە.. پارەیی تووتن[٢٧]

بەهەرحاڵ، شێخ رەزا نەیتوانیوە شێخ عەلی وا لێ بکا کە پشتگیریی بکات

و لەو ناکۆکییەدا لەگەڵ خزم و خاڵ و مام و کەسوکاریدا لایەنی بگرێ. ئینجا لە شیعرێکی فارسیدا (تەخمیس لەسەر غەزەلی حافظ) باسیان دەکات و هێرشیان دەباتە سەر و.. بەڵام هێشتا نەگەیشتووەتە ئەوەی کە باسی شێخ عەلیی برا گەورەی بە خراپ بکا. کە دەڵێ:

تعــــدای کـــــه بامن اقــــربا کــــرد
ندیدم شـــــمــــر با ال عــــبـــا کــــرد
مگر أز حـــال من رمــــزی ادا کــــرد
(ســحــر بلبل حکایت با صــبــا کــرد
کـه عـشق روی گل با مــا چهــا کـرد)
ز عـــــقــــرب طینتـــــان عم و خـــالم
پریشـــان روزگــار و خــســتــه حـــالم
مــــــهـــــیـــــا أز پی تاراج مـــــالم!
(مـن أز بیـگانـگان هـرگــــــز ننالـم
که بامن هرچه کرد ان اشنا کرد)..(٢٨)

بەڵێ شێخ رەزا کە دەبینێ عەلیی برا گەورەی پشتی ئەوان دەگرێ، لە شیعرێکی تری تورکیدا باسی ئەوە دەکا کە شێخ عەلی بەخۆی زۆردار نییە، بەڵام پشتی زۆرداران دەگرێ.. (واتە کورد واتەنی.. شەل نییە پای شکاوە) و هەرچەندە لەم شیعرەدا باسی (سوورانە)ی باجی ژنهێنان دەکات. دەڵێ:

حضرت شێخ شریفک پک بیوک معتادی وار
ظلمه میلی یوقدر أما ظالمه إمدادی وار(٢٩).

واتە: شێخی پیرۆزی بەرێز، (هێن!)ێکی زۆر زلی هەیە، حەزی لە زۆرداری نییە بەخۆی، بەڵام یارمەتی زۆردار دەدات.

گەڕانەوەی لە ئەستەمبووڵەوە و مردنی باوکی شەش مانگی پێ ناچێ، وای لێ دێت کە لەگەڵ شێخ عەلیی برا گەورەشیدا نێوانیان تێک بچێ و لێی بتۆرێ. لە شیعریدا پێشان دەدات، کە بەدەست ئەمیشەوە تووشی جەور و

ستەم بووە و، وای لێ دێت کە بەتەمای ئەوەبێ، سەر هەڵبگرێ و بچێتە دەرەوەی وڵات:

ئەو ڕۆژە کە تۆرام و لە کەرکووک سەفەرم کرد
مانەندی عەقارب لە ئەقارب حەزەرم کرد
گەردوون سوبوکی کردم و هێنامییە کۆی
میوانی لەکن مامە غەفووری لە جەرم کرد
(خواستم کە بڕۆم بۆ سەفەری ڕۆم بە سەیاحەت)
نەیهێشت و دوو سەد ئەهلی عەمامەی لەسەرم کرد[٣٠]

لە کۆتاییی هەر ئەم شیعرەدا، سووکە داننانێک بەدی دەکەین کە شێخ عەلی خۆی دەری کردووە، کە دەڵێ:

هەرچەندە وتم، وەختێ کە دیم نەخوەتی قەلبی
یارەب کە لەگەڵ (شێخ عەلی) بۆچی شەڕم کرد
هەر دەچمەوە لای گەرچی بڵێ: هاتەوە دیسان
ئەو خوێڕییە بێ کارە کە من لێرە (دەرم کرد)[٣١]

دیارە مامە غەفووری کە ئەوسا لە تەکیەی کۆیەدا دەبێ، داوای لێ دەکا کە بچێتە لای و گەلێک بەڵێنی دەداتێ، بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە ساردکاتەوە و دای مرکێنێ و.. بەم جۆرە شێخ رەزا دەباتە لای خۆی و سەرەتا چاودێرییەکی چاکی دەکات. شێخ رەزا لەم بارەیەوە دەڵێ:

بەم حاڵە ئەگەر دەفعەیێ تر بچمەوە کەرکووک
مەعلوومە بەمەردی نەڕوواوە، لەسەرم تووک
بۆچ بچمەوە کەرکووکی قوڕمساغ کە لەگەڵ من
ئەهلی هەموو ناسازە وەکو ئاوی حەمامووک
پێم خۆشە لەبەر (جەوری برا) و لەومەیی ئەقوام
سەد جار، لە غەریبی بکەوم موفلیس و مەفلووک

ئینجا دەڵێ:

شـەش مانگە زیاتر کـە لە پاش مـەرگی پدەر، من
مـەغدوورم و مـەزڵووم و جـەفـا دیدە و مـەهتـووک
تا سـاکنی کۆی مـامـەغـەفوورم، وەکو فـەغفـوور
کیسـەم پڕە دایم لەزەڕ و لیـرەیی مـەسکووک[٣٢]

بەڵام دواتر، لەگـەڵ مـامـە غـەفـوور و ڕەشیـدی ئامـۆزاشـیـدا نێـوانیـان تێک دەچێ.. پێ دەچێ کە پێشـتر قسـەی خـراپ و بەدکاریی لەگەڵ شـێخ ڕەشیدی ئامـۆزایدا کردبێ.. کـەسێکیش پەندی دادابێ، کـە بەدکاری لەگـەڵ مـامـە شـێخ غـەفـووریدا نەکـات و.. پێی گـوتبێ: ئەی شـێخ ڕەزا، لەگـەڵ شـێخ ڕەشـیـدی ئامۆزاتدا کردت، لەگەڵ مامتدامەکە.. وەڵام دەداتەوە دەڵێ:

وەڵـڵاهی دەکـــەم دەرحـــەقی ئـەو بەڵکو زیاتـر
ئەو کارە کە دەربارەی ڕەشـیـیدی پسـەرم کرد

هـەرچۆنێک بێت، شـێخ ڕەزا خـۆی لە ئێـمـە چاکتـر هۆیەکـانی تێکچـوونی لەگەڵ (مامە غەفووری)مان بۆ باس دەکا و دەڵێ:

ئەو ڕۆژە کـە تۆرام و لە (کـەرکووک) سـەفـەرم کـرد
مـــانەندی عـــەقـــارب لـە ئەقـــارب حـــەذەرم کـــرد
گـەردوون (سـوبوکی) کـردم و هێنامـیـە کـۆی[٣٣]
مـیـوانی لە کن مـامــە غـەفـووری لە جـەرم کـرد
خـواسـتم کـە بڕۆم بۆ سـەفـەری ڕۆم بـە سـەیاحـەت
نەیهێشت و دوو سەد ئەهلی عەمامـەی لەسـەرم کرد
دانیـشێ نەچێ، من کـچی خـۆم مـارە دەکـەم لێی
ئەو طالبی دونیـــایە ئەوا مـــوعـــتـــەبەرم کـــرد
چورسـا لەبەرم جـوببـەوو، فـیـیسـا لەسـەرم فێس
نە فـێسی لەسـەرم ناو نە جـووببـەی لەبەرم کـرد
شـەش مـانگە بەم ئەفسـانە، گلی دامـەوە لای خۆی
نـەمـــزانی ملـم بشـکێ تیـــاچووم، زەرەرم کـــرد

وەڵڵاهـی دەکـــــەم دەرحــــــەقی ئەو بەڵکە زیاتر
ئەو کــارە کــە دەرباری ڕەشــیــدی پســەرم کــرد
کــارم تەڕ ئـەبێ ئەمــوت ئەگــەر لوتفی ببێ مــام
ئەی لایقی ڕیشـی بەخـــودا کـــارێ تـەڕم کـــرد
بۆ مـوجـتـەهـیـدان گـەرچی جـەوازی نییـە تـەقلیـد
من مــوجـتــەهـیـدم، هـاتم و تەقلیـدی کـەرم کـرد
ئەی گووی خلـە بەم لوتفە کە ئەو کـردی لەگەڵ من
لەم مــەرحــەمــەت و لـوتفــە ئەوا من گــوزەرم کـرد
هـەرچـەندە وتم وەخــتێ کــە دیم نـەخــوەتی قــەلبی
یارەب کــە لەگــەڵ شـێخ عــەلی بۆچی شــەڕم کـرد
هـەر دەچمــەوە لای، گــەرچی بڵێ هاتەوە دیســان
ئەو خــوێڕییــە بێ کـارە کــە من لێـرە دەرم کــرد
هـەرچـەندە (ڕەزا) باعـیـسـی بەدنامـیـیـە عــەودەت
لەم سـووکـیـیە و بەدنامییە، سەرفی نەزەرم کرد[٣٤]

لە زۆر شـیـعـری تردا دەبینرێت کـە قسـەی زۆر خراپ و ناشـیرین بە مـامـە غـەفـووری و شـێخ رەشـیـدی ئامـۆزای دەکـات.. گـاڵتـەی ناشـیـرین بـە مـامـە غەفووری دەکات و دەڵێ:

چایەکەی مامـە غـەفوورم، زەردە وەکـو میزی نەخـۆش
ئیحـتیاج ناکا بە ئاگر، بە دوو تڕ تێنێـتییە جۆش[٣٥]

بە رەشیدی کوڕیشی دەڵێ:

ئەم قــەحـپـە فــەلەک لە داخـی مـردم
موحـتاجی رەشـی رەشیدی کردم[٣٦]

خۆ لەو شیعرەیدا کە لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

مامـەکەم قـەحپە ژنە، دەوڵەتی شـەددادی هـەیە
تاڵعی راهـبـەر و بەخـتی خـودادادی هـەیە[٣٧]

هیچی تێدا ناهێڵێتەوە و هەرچی توانای مەزنی شاعیریتیی خۆی هەیە دەخاتە کار و بەجارێ پەردەی شەرم و حەیا دادەدڕێ، بەڵام بە هونەرێکی زۆر بەرزی شاعیرانەوە، مامە غەفوور و کوڕ و ئەندامانی خێزانی هەموو دەخاتە بەر هێرشێکی بێ ئامانی توندوتیژەوە و. بە ناچاری و شەرمەزارییەوە دیسان دەگەڕێتەوە لای شێخ عەلی برا گەورەی و دەڵێ:

هەر دەچمەوە لای، گەرچی بڵێ هاتەوە دیسان

ئەو خوێڕییە بێ کارە کە من لێرە دەرم کرد

وەکو لە شیعری (ئەو ڕۆژە کە تۆرام و.. هتد)دا دەبینین، شەش مانگێک لە کۆیە دەبێ کە ساڵمان دەگاتە (١٢٧٦ی کۆچی – ١٨٥٩ – ١٨٦٠ی زاین) و تەمەنی شێخ ڕەزا خۆی لە بیست و چوار ساڵی دەدا و دێتەوە کەرکووک.

مامۆستا سەجادی دەڵێ: کە گەڕاوەتەوە بۆ کەرکووک، بە دەردەسەری و پەژارەیی لەو ناوچەیەدا رای دەبوێرێ تا لە ١٨٦٦دا[٣٨] بۆ جاری دووەم دەشت دەگرێتە بەر و دەچێتەوە بۆ ئەستەمبووڵ[٣٩]. (مامۆستا تەرزی باشی)ش هەر ئەو قسەیە دەکات.[٤٠] جگە لەوەش هیچ زانیارییەکی ترمان لە بەردەستدا نییە کە بۆمان بسەلمێنێ، کە لەم شەش حەوت ساڵەی ئەمجارەی ژیانی لە کەرکووکدا چۆن بووە و چی کردووە.. تا (١٨٧٤)ی زاین لە ئەستەمبووڵدا دەمێنێ و[٤١] دیسانەوە دێتەوە کەرکووک. بەراوردێکی ئەو شیعر و ڕووداوانەی کە لە ئەستەمبوڵدا وتراوە و ڕووی داوە، ئەو دوو ساڵەی چوون و گەڕانەوەی شێخ ڕەزا دەسەلمێنن، یان دەیانخەنە ناو کەوانەی شیاوەوە. کە دەگاتە ئەستەمبووڵ، خۆی دەگەیەنێتە پیاوە گەورەکانی ئەو سەردەمە و، یەک لەوانە (یوسفی کامیل پاشا) (١٨٠٥ – ١٨٧٦ی زاین) بووە. کە یەکێک بووە لە (سەدر ئەعزەم – سەرەک وەزیران)ی دەوڵەتی عوسمانی سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیز.. لە ١٨٦٢دا بووەتە (سەدر ئەعزەم). ئەم یوسف پاشایە ئەدەبدۆستێکی زۆر دەستڕۆ و دەوڵەمەند بووە و خانوویەکی گەورەی خۆی بۆ ئەدیب و و شاعیرە بێ کەس و بێ نەواکان تەرخان کردووە، کە پێیان وتووە (دارولکامیل)[٤٢]. شێخ ڕەزا لە سەرەتای چوونیدا بۆ

ئەستەمبووڵ، لەم (دارولکامیل)ەدا بووە و بووەتە هاودەمی (یوسف پاشا) و شیعری بۆ وتووە.

یەک لەو شیعرە تورکییانەی ئەوەبووە کە لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

مــادر گــیــتی دو یوسف زاد هریک بی مــثــال
یوسفی درحسن صورت، یوسفی درحسن حال[٤٣]

هەروەها شێخ رەزا لە ئەستەمبووڵدا زۆر دۆستی (ئەحمەد پاشای بابان) بووە و گەلێک هاتوچۆی کردووە و هەڵسوکەوتی لە تەکدا کردووە و شیعری بۆ وتووە[٤٤] تاکە شیعرێکی کوردیمان لەبەر دەستدا بێت و لە ئەستەمبوڵدا بۆ ئەحمەد پاشا وترابێ ئەوەیە کە بە تێهەڵکێشێکی تورکییەوە وتوویەتی. دەڵێ:

ڕۆژی یەکشەممە، کە مەشهورە بە ڕۆژی (پازار)
من بەغار کەوتمە دەمبالی کوڕێکی بولغار

ئینجا دەڵێ:

ئەمە سێ ڕۆژە کە سەرگەشتە و حەیران دەگەڕێم
کێم هەیە غەیری وەلی نیعمەتی فەرخوندە شیعار
یەعنی هەم نامی نەبی، حەزرەتی (ئەحمەد پاشا)
فەخری دین، کانی حەیا، بەحری کەرەم، کووهی ویقار[٤٥]

*

لە شیعرێکی پێنج خشتەکیدا لەسەر غەزەلی (حافظ) بە فارسی، کە بۆ (سوبحی پاشای) وەزیری کوڕی (سامی پاشا) گوتووە و دوو بڕگەی (پێنج خشتەکی)یەکەی ئەو شیعرە بەم جۆرەی خوارەوەیە:

من اگر روان نسازم بە پیمبری صبارا
بجنابی (صبحی پاشا) کە ترحمی خدارا
ز مقربان خاقان کە شود وسیلە مارا
(بملازمان سلطان رساند این دعارا

که بشکری پادشــاهی ز نظر مــران گـدارا)
پدری تو (سـامی پاشا) که به پاکیش گواهم
نظـری بســوی من داشـت، تو نمیکنی نگاهم
سخن رقیب بدمست، مشنو که خیره خواهم
(ز رقـیـب دیو سـیـرت بخـدای خـود پنـاهـم
مگر آن شـهاب ثاقب، مددی کند سـهارا)[٤٦]

ئەم (سـوبحی پاشـا)یـە (١٨١٨ – ١٨٨٦ی زاین)، کـوڕی (سـامی پاشـا)یە (١٧٩٥ – ١٨٧٨ی زاین)ە زۆر جــار بـووەتە وەزیر، یەکــەم جــار لە ١٨٦١ی زایندا بـووە بـە وەزیری ئـەوقـــاف و دووەم جـــار لـە ١٨٦٨دا بـووەتە وەزیری مەعاریف، هـەروەها کابرایەک بووە لە پیاوانی دەوڵەت و نووسـەرێک بووە چەند کتێبێکی بەرهەم هێناوە[٤٧].

لە شـیـعـرێکی تورکی تردا، شێخ رەزا باسی یادگارییەکـانی ئەو ڕۆژانەی ئەستەمبووڵ باس دەکات و ئەو سەردەمەیان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

خرم او دم که ساکن دیر مغان ایدم
همـراز جام، همـدم رطل گـران ایدم

واتە: خــۆزگــەم بـەو دەمــەی کــە نیــشــتــووی ناو پەرســتگـەی مــوغــانـە زەردەشتییەکان بووم، هاوڕازی جامی مەی و هاودەمی قـەڕابەی سـەنگینی پڕ لە خواردنەوە بووم[٤٨].

ئینجـا بـاسی دوو شـاعـیـری دۆسـتی ئـەو ڕۆژانە دەکـات، کـە مـیـهـریی کەرکووکی و خەیالیی هەولێرییە و[٤٩] ئینجا دەڵێ:

(مـهـری) نکتـه سنج و (خـیـالی) بذلـه گـو
یاران شـوخ مـشـرب ایله هم عنان ایدم

واتە: هـاوگـوزەرانـی یارانی ڕەوشت شـیـرینی وەکـو (مـیـهـری)ی واتا و وردەکاری هەڵسەنگێن و (خەیالی)ی هـەرزەگۆدا بووم و ڕامان دەبوارد.

ئەم (میهری)یەی کە باسی دەکات: (محەمەد میهریی کەرکووکی)یە (١٢٦٥

- ١٣٥٦ی کـۆچـی) (١٨٤٩ - ١٩١٨ی زاین)ە، کـە لـە ١٢٨١ی کـۆچـیـدا[٥٠] چووەتە ئەستەمبووڵ و تا لە ٤ی موحەڕەمی ١٢٩٥ی کۆچیدا (٢٧ی کانوونی یەکەمی ١٢٩٣ی رۆمی)[٥١] بە شابەندەری شاری (خووی)ی ئێران دادەمەزرێ[٥٢].

هەروەها لەم شیعرەیدا ئەوەش باس دەکا کە نزیکی یوسف کامل پاشا بووە، کە دەڵێ:

خیلی زمانده حضرت دستور کاملک

بر باقماسنده طائر قدس اشیان ایدم[٥٣]

واتە: سەردەمێکی زۆریش بەڕوانین و لالێکردنەوەیەکی بەڕێزی (یوسف کامل پاشا)وە باڵندەیەکی، هێلانە بڵند و پایەبەرز بووم.

*

هەر لەو ساڵانەی دوای ١٨٧٠دا شیعرێکی بۆ مستەفا فازڵ پاشای (پرنس) نووسیوە و سەرەتاکەی دەڵێ:

مرا بهیچ نیاساید این دل محزون

مگر بطلعت زیبا و قامت موزون

واتە: ئەم دڵە خەمناکەی من بەهیچ داناکەوێ و ناحەسێتەوە، مەگەر بە بینینی بەژن و باڵای رێکوپێک و رازاوە.

هەر لەم شیعرەدا، ئەو مێژووەمان هەر لە رووداوە باسکراوەکانی ناو شیعرەکەوە بۆ دەردەکەوێ کە شێخ رەزا باسی لێوە کردووە و دەڵێ:

بەبزم عشق مگر جز حدیث مهر و وفا

مرا بکار نیابد قرال (ناپلیون)

مرا از آن چە کەنیرو ز گشت بسمارک

مرا از آن چە کە پامال گشت ماکماهون[٥٤]

هەر لە پەراوێزی شیعرەکەدا، چاپکەرەوەکان نووسیویانە، کە مەبەست لە (ناپلیۆن) ناپلیۆنی سێیەمە، کە پاشای فەرەنسا بووە، لە شەڕی ساڵی

١٨٧٠دا شكا و بەديل گيراو (بسمارك) سەرەك وەزيرى ئەڵمانيا بووە، لە سەردەمی ئەو شەڕەی کە کراوە و، (ماکماهۆن)یش سەرەک وەزیری فەڕەنسا و سەرداری لەشکر بووە[٥٥].

ئەوەی ئەم شیعرەشی بۆ نووسراوە، مستەفا فاضل پاشای (پرنس) (١٨٢٩ – ١٨٧٥ی زاین) کوڕی ئیبراهیم پاشا (١٧٨٩ – ١٨٤٨) کوڕی محەمەد عەلی پاشای میسری (١٧٦٩ – ١٨٤٨)[٥٦]... ساڵی ١٨٦١ بووەتە وەزیری (مالییە)، دوای ئەوەش چەند جارێک بووەتە وەزیری مالییە و عەدلییە[٥٧].

هیجری دەدەی شاعیر دەگێڕێتەوە و دەڵێ: ناسیرەدین شای قاجاری شای ئێران، لەو گەشتەیدا کە بۆ ئەستەمبووڵی کردووە، شێخ رەزا پێی گەیشتووە و ئەم هۆنراوەیەی خوارەوەی هەموو بۆ خوێندوونەتەوە کە دەڵێ:

نور مەز نور مهر و نورشە از خویشتن
در حقیقت فرق بسیارست شاه و ماهرا[٥٨]

شای ئاماژە بۆکراو بە خۆی چونکە شاعیر بووە و لە نرخی شیعرەکە گەییوە و نرخی زانیوە، پاداشتێکی زۆری بە مامۆستای خوا لێخۆشبوو (واتە شێخ رەزا) داوە و گەلێک کاڵای (شاڵ)ی بەنرخی پێ بەخشیوە[٥٩].

*

هەر لە ئەستەمبووڵدا، شێخ رەزا شیعرێکی فارسی بەرز بۆ عالی پاشا (١٨١٥ – ١٨٧١ی زاین) سەدر ئەعزەم (سەرەک وەزیرانی ئەو سەردەمە) دەڵێ و، پاشا بەڵێن بە شێخ دەدا مووچەی پەنجا لیرەی بۆ ببڕێتەوە. شێخ رەزا باسەکە بۆ ئەحمەد پاشای بابان دەگێڕێتەوە، ئەحمەد باشا پێی دەڵێ: یان سەدر ئەعزەم شتێکی بەسەردا دێت، یانیش تۆ... بەڵام ئەم کارە بۆت ناچێتە سەر هەرواشی لێ دێت و بەر لەوەی قسەکە بخرێتە جێهێنانی میرییەوە، عالی پاشا، لەبەر نەخۆشی چیی تر ناچێتەوە «بابی عالی» و پاش ماوەیەکی تر کۆچی دوایی دەکا. جا ساڵی مردنی ١٨٧١ی زاینە، کە لێرەدا

مەبەستمانە بەڵگەی ئەوەیە کە لەو ساڵەدا شێخ ەزا لە ئەستەمبووڵ ئەم شیعرەی گوتووە(٦٠). شیعرەکەش ئەوەیە کە لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

مزن بیهوده از فضل و هنر أی یار همدم دم
که از فضل و هنر بهتر بود دینار و درهم هم

واتە: ئەی یاری هاودەم، بەبێ سوود دەم لە چاکە و زانست و هونەر مەدە، کە دینار و درهەمیش بایەخی پتریان لە چاکە و زانست و هونەر پەیدا کردووە. تا لە دێرێکیدا دەڵێ:

پناه ملک و ملت، صدر دولت، (حضرت عالی)،
که باقدرو جلالش، کمتر از این ملجم جم(٦١)

*

دوای کۆچی دوایی عالی پاشا و هەر لەو ساڵەدا، واتە ساڵی ١٨٧١، (مەحموود نەدیم پاشا) (١٨١٨ - ١٨٨٣ی زاین) دەبێتە سەدر ئەعزەم و یازدە مانگ لە سەدارەت دەمێنێتەوە. بۆ جاری دووەم لە ١٨٧٥دا دەبێتەوە سەدر ئەعزەم و ئەمجارەش تەنیا هەشت مانگ لە سەدارەت (سەرەک وەزیری)دا دەمێنێتەوە(٦٢) شێخ رەزا شیعرێک بۆ پێدا هەڵگوتنی سوڵتان عەبدولعەزیز دەڵێ، کە ئەمیش لە نێوانی ساڵانی (١٨٦١ - ١٩٧٦ی زاین)دا بووەتە سوڵتانی دەوڵەتی عوسمانی. لەم شیعرەدا ناوی ئەم (مەحموود نەدیم)ی سەدر ئەعزەمەش دەهێنێ، بەتەمای ئەوەی یاریدەی بدات و شیعرەکە بگەیەنێتە سوڵتان. سەرەتای ئەم شیعرە بەم جۆرە دەست پێ دەکات:

کردم بکارنامەء شاهان بسی نگاه
بر همزدم جریدەء این کهنه کارگاه

واتە: بە کارنامەی شایەکاندا گەلێک چاوم گێڕا، تۆمار و نووسراوەکانی ئەم کۆنە کارگەیەی کە دنیایە، گەلێکم سەرەوژێر کرد و هەڵدایەوە، تا لە دێرێکدا ناوی سەدر ئەعزەم دەبا و دەڵێ:

(محمود ندیم پاشا) صدری که بردرش
کرداست چرخ قامت تعظیمرا دوتاه(٦٣)

واتە: مەحموود نەدیم پاشای سەدر ئەعزەمێک، کە لەبەر دەگاکەیدا، چەرخی گەردوون بۆ رێزلێنانی چەماوەتەوە و بالای خۆی دوو قەد کردووە و نوشتاوەتەوە.

*

لەو سالانەدا کە شێخمان لە ئەستەمبوولیشدا بووە، بۆی رێک نەکەوتووە کە ژیانێکی باش و ئاسوودە و مووچەیەک یان پلە و پایەیەکی میری بۆ خۆی دابین بکا. ئەمەش، لە لایەکەوە لەبەر بەدبەختی و رێکەوتی دژی بەرژەوەندیی شێخ رەزا بووە، کە وەکو لە نموونەی شیعر و باسەکەی لەگەڵ (عالی پاشا)ی سەدر ئەعزەمدا بینیمان، لە لایەکی ترەوە خوو و رەوشتی گرژ و لەگەڵ دەوروبەر نەسازانی بووە، کە لەگەڵ ئەو هەموو توانا و زانست و بەهرەیەشدا، نەیتوانیوە هیچ بۆ خۆی دابین بکا ئەمەش تووشی بارێکی دەروونی ئاڵۆز و ناخۆشی کردووە و وای لێ کردووە لەگەڵ دەوروبەردا تووشی گیروگرفت و گێچەڵێکی زۆر بێت و پتر لە دژیدا بوەستێ.

ئینال، لە ئیبراهیم حەققی ئەفەندی حەیدەری دەگێڕێتەوە دەڵێ: رۆژێکیان شێخ کە لە (دارولکامیل)دا دەبێ، لەگەڵ دانیشتووان و دەست و پێوەنددا بەشەڕ دێت و ئەوانیش گەلە کۆمەکی لێ دەکەن و فڕێی دەدەنە دەرەوە و، شێخیش دەچێ لەسەر دووکانی قەسابێکدا ژوورێک بەکرێ دەگرێت و لە مەیدانی بایەزیددا دادەنیشێ(٦٤).

هەروەها ئینال، لە محەمەد ئەمین پاشای باوکییەوە دەگێڕێتەوە، دەڵێ: باوکم لەگەڵ ئەوەشدا کە توانا و بەهرەی شێخی رێز لێ دەگرت، باسی بەدخوودیی و نەسازانی دەکرد و دەیگوت: لەو ناوەدا لە من بەولاوە کەس نەمابوو شەڕی لەگەڵدا نەکردبێت.، تەنانەت لە بارەی کەتخودای پاشا و کاتبی خەزینەیەوە شیعرێکی ناشیرینی گوتبوو کە لێرەدا باسکردنیشی بە جوان نازانم(٦٥).

مامۆستا تەرزی باشی لە (کەمال ئەمین باران)ی نووسەرەوە دەگێڕێتەوە کە تەنانەت لە دواییدا، لەگەڵ ئەو (یووسف کامیل پاشا)یەشدا نێوانی تێک چووە

کە وەکو بینیمان لە سەرەتای چوونیدا بۆ ئەستەمبووڵ داڵدەی دابوو و زۆریش خزمەتی کردبوو، شێخ رەزا بە پارچە شیعرێک بەسەر و گوێلاکیدا دێت و بەم هۆیەوە مووچەی گەدایانەی (پێنج سەد قڕووش)ی بۆ دەبڕرێتەوە و بۆ کەرکووک دوور دەخرێتەوە(٦٦).

هیجری دەدە، هۆی دوور خرانەکەی بە هێرش بردنە سەر (مەکتەبی حەربییە) تۆمار دەکات و دەڵێ، بە مووچەی (هەزار قڕووش) دوور خراوەتەوە(٦٧) بۆ پشتگیریی ئەم قسەیەی هیجری دەدە، دوو بەڵگەمان، لە ناو شیعری شێخ رەزادا بە دەستەوەیە کە هێرشی بردووەتە سەر (مەکتەبی حەربییە)، یەکەمیان لە شیعرێکیدایە کە لە دیواندا لە ژێر ناوونیشانی (خادیمی سەجادە)دا بڵاو کراوەتەوە و(٦٨) لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

میخوار نیم من کە مرا بادە بیارید

من سادە پرستم، پسری سادە بیارید

واتە: من مەی خۆرەوە نیم کە بادە و مەیم بۆ بهێنن، من لووس و سادە و جوانپەرستم، هەتیوێکی سادە و جوانم بۆ بێنن. ئینجا لە دێرێکی پێنجەمی ئەو شیعرەدا دەڵێ:

ز آن (مکتب حربیە) کە سر چشمەء کون است

چندی نفـــــر ظابط و بگزادە بیـــــارید

واتە: لەو (مەکتەبی حەربییە)یەی کە کانگا و سەرچاوەی (کون)ە، چەند کەسێکی ئەفسەر و بەگزادەم بۆ بێنن.

هەروەها لە شیعرێکی تریدا، کە هەر بە (فارسی)یە و ستایشی ئەحمەد پاشای بابان دەکات و لە سەرەتای شیعرەکەدا دەڵێ:

هرچند زنم دامن تقـــوی بکمـــر بر

تسبیح بکف گیرم و، مسواک بە بربر

ناگە کفلی نرم تر أز پنبەء محلوج

برجستە ز دنبال یکی سادە پسر بر

واتە: هەرچەند داوێنی خواپەرستی و مەترسیی خوا دەنێمە قەد پشتێنمەوە (یان چاکی لێ دەکەم بەلادا) و تەزبیح دەگرمە مشتم و سیواک هەڵدەگرم. لەپڕ و لە ناکاوێکدا سمت لە لۆکەی شیکراو نەرمترێک، لە پشت هەتیوێکی سادەوە بەرجەستە دەبێ و خۆی دەنوێنێ.

تاکو لە دوو دێری تری هەر ئەو شیعرەدا دەڵێ:

برزد بمن از خشم یکی بانگ بتهدید
بانگی کەزند (ضابط حربی) به نفر بر
کی شیخ ریائی تو نه آن (شیخ رضائی)
کز رندیی تو بود جهانی بخطر بر(٦٩)

واتە: بە هەڕەشەوگوڕەشەوە، بانگێکی بە تووڕەیی ئەوتۆی بە رووما دا، کە (زابتی حەربییە - ئەفسەرێکی جەنگی) ئاراستەی سەربازی بەردەستی خۆی دەکات گوتی کە ئەی شێخی ریاکار، تۆ ئەو (شێخ رەزا)یە نیت کەوا، لە فڕوفێڵ و بەرەڵاییت، جیهانێک کەوتووەتە مەترسییەوە؟!.

*

شێخ رەزا هەر لەم سەفەرەیدا، وا دیارە زۆر شوێنی تریش گەڕاوە. مامۆستا سەجادی دەڵێ: بەهۆی (صدری أعظمەوە) ئەنێررێ بۆ حەج، لە رێگەی میسرەوە حەج ئەکا و ئەگەڕێتەوە بۆ ئەستەمبووڵ(٧٠) مامۆستا تەرزی باشیش دەڵێ: لەم ماوەیەدا لە سوریا و میسر و حیجازدا دەگەڕێ(٧١).. شێخ رەزا بە خۆیشی لە شیعرێکیدا کە بە تورکی بۆ (مەهدی چەلەبی)ی نووسیوە، کە ئەم کابرایە لێپرسراوی باجی مەڕومالات بووە لە کەرکووک و لەم شیعرە داشۆرینەدا دەڵێ:

گورمادی مثلنی ای فاضل یکتا گوزمز
(مصر)ی گیزدم (یمنی)، (شام) (حجاز)و (حلبی)(٧٢)

واتە: چاومان بە کەسێکی وەکو تۆ نەکەوت ئەی خووڕەوشت بەرزی بێ هاوتا، هەرچەند بە (میسر) و (یەمەن) و (شام) و (حیجاز) و (حەڵەب)دا گەڕاوم.

بەم جۆرە، شێخ رەزا، هەرچۆنێک بێت لە دەوروبەری ١٨٧٤ی زاین (١٢٩٠ – ١٢٩١ی کۆچی)دا دەگەڕێتەوە کەرکووک.

**پەراوێزەکان:**

١- سەجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – چاپی دووەم –ل/ ٣٧٤ .

– شێخ محەمەدی خاڵ – دەفتەری کوردەواری – ب/ ١ – ل/ ١٢ .

– کورکیس عواد – معجم المؤلفین العراقیین – المجلد الأول – ص/ ٤٧٢ .

– د. کمال مظهر أحمد –کۆواری کۆڕی زانیاری کورد– ب/١ –١٩٧٣–ل/٣٨٦.

مەلا عەبدولکەریمی مودەریس – بنەماڵەی زانیاران – ل/ ٥٩٦ .

٢- أمین فیضي – أنجمن أدیبان – چاپی یەکەم ل/ ٦ .

– دیاریی کوردستان – ژ/ ٤ – ل/ ١٠ .

– محمد أمین زکي – مشاهیر الکرد وکردستان – ص/ ٢٢٤ .

– محمد أمین زکي – تأریخ الکرد وکردستان – ص/ ٣٤٥ .

- Inal - Son Asir Türk Sairleri - s. 1477.

ئەم نووسەرە گوندی (تاڵەبان)ی بە جێی لەدایکبوونی شێخ رەزا داناوە، دیارە ناوی بنەماڵەکە و بوونی گوندی (تاڵەبان) بەهەڵەیدا بردووە.

٣- الشیخ حسام الدین عمر – الانفاس الرحمانیة – ل/ ٦٩ .

٤- مەلا عەبدولکەریمی مودەریس – بنەماڵەی زانیاران – ل/ ٥٧٨ – ٥٧٩ .

بەڵام لە لاپەڕە/ ٥٧٨دا نووسراوە کە مێژووەکە (١٢٦١)ی کۆچییە و هەروەها لە ژێر (مظهر حق باد)دا لە لاپەڕە/ ٥٧٩دا ١٢٦١ نووسراوە، لە کاتێکدا بە پێی لێکدانەوەی ئەبجەدی ئەو رستەیە مێژووەکە (١٢٦٠)ی کۆچی دەردەچێ، کە بەلای منەوە مێژووە راستەکەیە.

٥- الشیخ حسام الدین عمر – الانفاس الرحمانیة – ل. ٧٣ – ٧٤ .. کەچی لەو پارچە شیعرەدا کە لەگەڵ ئەو قسەیەدا بڵاوی کردووەتەوە وەکو بەڵگەیەک کە دێری دوایی شیعرەکە بە پێی لێکدانەوەی ئەبجەدی لێک بدرێتەوە دەکاتە (١٢٧٠) نەک (١٢٦٠) و ئەمەش دەقی شیعرەکەیە:

تعالی الله چه مسجد قصر گلزار جنانست این

سروشانرا مطاف کعبهء کروبیانست این

جناب مـرشـد كل، قطب دوران كرده أسـت إنشـا
مـفـيض خلق عـالم، مـرجع أهل جـهـانست اين
كـمـال أيـنش زان رخـصت گرفـت گفت تـأريخش
مـصلى مـعـبد قطب و مطاف قـد سيـانست اين

٦- خـۆريات يان قـۆريات، جـۆره شـيـعـرێكی گـۆرانی توركـمـانيی هونـەريی بەرزە، بەمـەقـامـی تايبـەتی دەگوترێت. كـەركووك بە تايبـەتی لەم هونەرەدا بەنـاوبانگە، شيعرەكەش لە شێوەی چوارينەيەكی حەوت برگەييە، تەنيا دێری يەكەم نەبێ كە لە سـێ يان چوار يـان پێنج برگـە پێك دێت، لەلايەن سـەرواشـەوە بە تايبـەتی خۆرياتی جيناس كە جوانترين و رێكترينيانە. دێری يەكەم بە وشەيەك يان دوو وشـە دەست پێ دەكا (پێك دێت)، هەر ئـەم برگانەی دێری يەكەم دەبنە سـەروای دێری دووەم (واتە دووبارە دەبنەوە) و سەروای دێری چوارەم هەر بە وشەی وەكو دێری يەكـەم كـۆتايی دێ و رەگـەز دۆزييـەكی تەواو يان ناتەواويان لەگەڵدا پێك دەهێنێت.

٧- ترزی باشـی - كركوك شـاعرلری ج/ ٢ - ص/ ٥٢ .

٨- ئێمـە وامـان بۆ سـاغ بووەوە، نەك وەك مـامۆستـا سـەجادی دەڵێ: «بە فـەقـێتی چووەتە كـەركووك و.. هتد» بڕواتە: سەجادی - مێژووی ئەدەبی كوردی - چاپی دووەم - ل/ ٣٧٤ .

٩- بولاق: وشـەيەكی توركيـيـە واتا (كـانی - سـەرچاوە) شـێوەی ناوچەيی كـەركووك (بولاغ - بلاغ)ە و گەڕەكەكەش هەر بەم ناوەوە ناسراوە.

١٠- ترزی بـاشـی - كــركــوك شــاعــرلـری - ج/ ٢ - ص/ ١٣١ بەلام تـەنيــا ئەم مامۆستايە جێی لەدايكبوونی شێخی بە (كەركووك) داناوە. ديارە و وەكو لە زۆر سەرچاوەدا نووسراوە دێی (قرخ) راستترە.

١١- شێخ محەمەدی خاڵ - دەفتەری كوردەواری - ب/ ١ - ل/ ١٢

١٢- س. پ - بەم پێيە، دەبێ شـێخ غـەفووری مـامـی شـێخ رەزا ئەوسـا لە كـەركووك بووبێ و هێشتا نەچووبێتە كۆيە، بەڵكو دواتر لە لايەن شـێخ عەبدوڕەحمـانی برا گـەورەيەوە لە كـۆيـە دامـەزراوە. بڕوانە: الشـيـخ حسـام الدين عـمـر - الأنفـاس الرحمانية - ل/ ٦٤ .

١٣- سەجادی - مێژووی ئەدەبی کوردی - ل/ ٣٧٤ .
١٤- شێخ محەمەدی خاڵ - دەفتەری کوردەواری - ب/ ١ - ل/ ١٢ .
- مەسعود محەمەد - دەفتەری کوردەواری - ب/ ٢ - ل/ ٣١ .
- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد - کۆواری کۆڕی زانیاری کورد - ب/ ١ - ل/ ٣٩٠ .
- سەجادی - مێژووی ئەدەبی کوردی چاپی دووەم - ل/ ، ٣٧٥ بەڵام لە جیاتی ئەوەی بڵێ بۆ خوێندن چووەتە لای مەلا ئەسعەدی جەلیزادە دەڵێ: چووە بۆ کۆیە بۆ لای حاجی مەلا عەبدوڵای جەلی زادە.
١٥- شێخ محەمەدی خاڵ - دەفتەری کوردەواری - ب/ ١ - ل/ ١٢ .
١٦- سەجادی - مێژووی ئەدەبی کوردی - چاپی دووەم - ل/ ٣٧٥ .
١٧- الشیخ حسام الدین عمر - الأنفاس الرحمانیة - ل/ ٢٥٦ - ٢٥٧ .
١٨- ترزی باشی - کرکوک شاعرلری - ج/ ٢ - ص/ ١٣٢ .
١٩- مامۆستا فەتحوڵا ئەسعەد دەڵێ: لە عومری بیست و پێنج ساڵی لە حەیاتی باوکیدا جارێک چووەتە ئەستەمبووڵ، لە گەڕانەوەی لە بەینی موسڵ و هەولێر، لە کاروانچییەکان خەبەری وەفاتی باوکی بیستووە.. بڕوانە: فتح الله أسعد - پێشەکی دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ج.
مامۆستای ناوبراو کە ساڵی لەدایکبوونی شێخ رەزای بە (١٢٥٣)ی کۆچی داناوە و کە مردنی شێخ عەبدوڕەحمانی باوکی شێخ رەزاش لە (١٢٧٥)ی کۆچیدا بووە، بەپێی ئەوەش کە شێخ رەزا لەم سەفەرەیدا دوو ساڵ لە ئەستەمبووڵ ماوەتەوە، سەرەتای چوونەکەی دەبێ تەمەنی بیست ساڵان بووبێ.
مامۆستا سەجادیش دەڵێ: شێخ رەزا تا ئەگاتە دەوروبەری تەمەنی بیست و پێنج ساڵی، خۆی بە خوێندنی عیلمی عەرەبی و ئەدەبیاتی فارسی و تورکییەوە خەریک ئەکا، لە پاشا دەکەوێتە سەر ئەوە کە وڵاتان و پایتەختی حکوومەتی عوسمانی ببینێ بۆ ئەوەی سەر بەرێتە ناو قاپی ژیانی دنیاییەوە، لە (١٨٦٠) بەسەر (حەلەب)دا دەچێ بۆ ئەستەمبووڵ، دوو ساڵێک لەوێ دەبێ و دەگەڕێتەوە بۆ کەرکووک، لە ناوچەی هەولێردا دەبیستێت کە هەر لەو ساڵەدا باوکی مردووە..
بڕوانە: سەجادی - مێژووی ئەدەبی کوردی - چاپی دووەم - ل/ ٣٧٥ .

ئەو ساڵەی مامۆستا سەجادیش دای ناوە (١٨٦٠ی زاین) کە بەرامبەر (١٢٧٧ – ١٢٧٨ی کۆچییە) دەکەوێتە دوو سێ ساڵ دوای (١٢٧٥)ەوە کە ساڵی مردنی باوکی شێخ ڕەزایە و سەفەرەکەی شێخ ڕەزاش دەبێ هێشتا دوو ساڵێک پێش ئەم مێژووە بێ.

٢٠– سەجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – ل/ ٣٧٥ .

٢١– دیوان – چاپی ٤٦ – ل/ ١٣٧ – ١٣٨ .

– دیوان – چاپی ٣٥ – ل/ ١٤٠ – ١٤١ .

٢٢– شێخ نوورەدینی بریفکانی:

مامۆستا ئەنوەر مائی دەڵێ: شێخ نوورەدینی کوڕی سەید عەبدولجەباری کوڕی ئەبی بەکری کوڕی سەید زەینولعابیدینی کوڕی فرەزانا شێخ شەمسەدینی خەڵوەتی، کە بە (شەمسودینی قوتب) بەناوبانگە. لە دێی (ئیتۆت)دا و ساڵی (١٢٠٥ی کۆچی/ ١٨٩١ی زاین) لە دایک بووە. لە دێی (بریفکان) کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێشدا ساڵی (١٢٦٨ی کۆچی/ ١٩٥٢ی زاین) نێژراوە.

بڕوانە: أنور المائي – الأكراد في بهدينان – ص/ ٨٣ – ٨٤ .

٢٣– واتە: لە شارەزوورەوە کە نیازی چوونە وڵاتی ڕۆمم کرد، ڕاگوزارییەکەم وا ڕێککەوت کە بەسەر (بریفکان)دا ڕەت بم. شارەزووری ئەوسا بە موتەسەریفیی، جاجاریش بە ویلایەتێک دەگوترا کە شاری (کەرکووک) مەڵبەندی بووە و موتەسەریف، یان والی شارەزووری لێ دادەنیشت. لێرەدا مەبەستیشی لە ڕۆم وڵاتی تورکیای ئەمڕۆ و ئەستەمبووڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی ئەو سەردەمەیە.

٢٤– واتە: ئەمە ئارامگەی شێخ نووریی خۆشەویستی خوایە، کە لەشی پیرۆزی لە ژێر نووستووە و، گیانی چووەتە بەردەمی بارەگای خوا.

٢٥– واتە: خوایە لەبەر پایە و پلەی ئەم سەروەر و هەڵبژاردەیەی خواناسانە، تاوانی ڕەزا ببەخشە کە خۆت فەرمووتە (أنا الغفور – واتە: من بەخشندە و میهرەبانم). لەم ڕاگوزارییەدا ڕەنج و ئازاری، دەرد و کارەساتی بۆ مەکەرە بەش و ڕۆژانە، بەشادی و ئاسایش و کامەرانییەوە بیگێڕەرەوە جێی خۆی.

٢٦– فتح الله أسعد – پێشەکی دیوان – چاپی ١٩٤٦ – ل/ج.

٢٧- دیوان - چاپی ٤٦ - ل/ ٣١ - ٣٢ .

بەڵگەیەکی تری بە هی ئەو سەردەمە بوونی ئەم شیعرە، بەکارهێنانی نازناوی (لامیع)ە، کە لە سەرەتای شیعر وتنیدا بەکاری هێناوە.

٢٨- دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ١٣٢ - ١٣٣ .

واتای شیعرەکە بەم جۆرەیە:

دەستدرێژییەک کە خزم و خوێش لە منیان کرد
نەمزانیوە و نەمدیوە، کە (شمر)ی بکوژی شەهیدانی کەربەلا
بە ئالی عەبای - بنەماڵەی پێغەمبەر کردبێ
مەگەر هێمایەک حاڵ و باری من دەربڕێ کە بڵێم
(بولبول، بەرەبەیان باسی بۆ شەماڵ کرد
کە ئەڤینی رووی گوڵ چی و چیی بە ئێمە کرد)
من لە دەس مام و خاڵ، کە لە سروشت و لە خوڵی دووپشک دروست کراون
پەرێشانی رۆژگارم و نەخۆش و پەککەوتووم
کە ئامادەن بۆ تالان و تاراجکردنی سامانم
(من لە دەس بێگانە ناناڵێنم..
کە هەرچیی بە من کرد، ئەم ئاشنایە کردی)..

٢٩- بڕوانە: Inal - Son Asir türk Sairleri - c.2 - s. 1480.

لەم سەرچاوەیەدا، تەنیا ئەم دێرە بڵاوکراوەتەوە و تەنیا ئەم نووسەرە دەڵێ کە ئەم شیعرە بۆ شێخ عەلیی برا گەورەی شێخ رەزا گوتراوە.

- لە لاپەڕە ٢٥٠ی دیوانی چاپی ٤٦ و لاپەڕە/ ١٩٦ - ١٩٧ی دیوانی چاپی ١٩٣٥ شیعرەکە دوو دێرە.

- لە لای مامۆستا تەرزی باشیدا بووەتە چوار دێر.. بڕوانە: کرکوک شاعرلری - ج/ ٢ - ص/ ١٦٨ - ١٦٩ .

لەو دەقانەدا، کە لەم شوێنانەی سەرەوەدا بڵاوکراوەتەوە جیاوازی هەیە، باسی ئەو لایەنە، کاری تۆژینەوە و ساغکردنەوەی دیوانە.

٣٠- دیوان - چاپی ٤٦ - ل/ ١٣ .

٣١- س. پ - ل/ ١٤ .

٣٢- دیوان - چاپی ٤٦ - ل ٢٨ - ٢٩ .

٣٣- ئەو وشـەیە بە هەڵەی چاپ، لە دیوانی - چاپی ٤٦دا بە (سنگی) نووسـراوە، من لەسـەر چاپی ٣٥ - ل/ ١٦ چاکم کردەوە.

٣٤- دیوان - چاپی ٤٦ - ل/ ١٣ - ١٤ .

٣٥- دیوان - چاپی ٤٦ - ل/ ٧٠ .

٣٦- دیوان - چاپی ٤٦ - ل/ ٧١ .

٣٧- دیوان - چاپی ٤٦ - ل/ ٣٨ - ٣٩ .

٣٨- ١٨٦٦ی زاین بەرامبەر بە (١٢٨٣ - ١٢٨٤)ی کۆچییە.

٣٩- سەجادی - مێژووی ئەدەبی کوردی - چاپی دووەم - ل/ ٣٧٥ - ٣٧٦ .

٤٠- ترزی باشـی - کـرکـوک شـاعـرلری - ج/ ٢ - ص/ ١٣٢ . لەم سـەرچاوەیەدا هەڵەی چاپ ١٨٦٦ی کـردووە بە ١٨٨٦ی زاین، دیاریشـە کە ئەمـە هـەڵەی چاپە، چونکە هەر لە لاپەڕە/ ١٣٢ی ئەم سـەرچاوەیـەدا ، گـەڕانەوەکـەی دەخـاتە سـاڵی ١٨٧٤ی زاین بەم جۆرە ناشـێ چوونەکەی بکەوێتە دوای گەڕانەوەی.

٤١- سـەجـادی - مـێـژووی ئەدەبی کـوردی - چاپی دووەم - ل/ ٣٧٦ . هـەروەها بڕوانە: س. پ.

٤٢- بڕوانە: Ibrahim Alaettin - Meshur Adamlar - c.3 - s.860 - 861.

٤٣- بڕوانە: Inal - Son Asir Türk Sairleri - c.2 - s. 1478.

لە بارەی ئەم شـیـعرەوە کە لـە هیچ یەکێکی دیوانە چاپکراوەکانی شێخ رەزادا نییە، نووسەری ئەم کتێبە دەڵێ: دەقی ئەم شیعرە لای من پارێزراوە.

٤٤- بۆ وێنە، بڕوانە دیوان - چاپی ٤٦ - ل/ ١٣٤ - ١٣٦ بۆ شیعرێکی فارسی.

٤٥- بۆ تەواوی دەقی شیعرەکە، بڕوانە دیوان - چاپی ٤٦ - ل/ ١٦ - ١٩ .

٤٦- بۆ تەواوی دەقی شیعرەکە، بڕوانە دیوان - چاپی ٤٦ - ل/ ١٠١ - ١٠٢ .

٤٧- بڕوانە: Ibrahim Alaettin Gövsa - Türk Meshurlari - s.358.

٤٨- رطل - ڕەتڵ - بە قورسایی شتێک دەگوترێ کە ٢٥٦٤ گرام بێ.. بڕوانە: بهاءالدین - ترکجە لغات - إقبال کتێبخانە سی (حسین) - ص/ ٥٥٠ .

٤٩- بڕوانە پەڕاوێزی لاپەڕە/ ٢٣٢ی دیوان - چاپی ٤٦ .

٥٠- ١٢٨١ی کۆچی دەکاتە (١٨٦٤ - ١٨٦٥ی زاین).

٥١- ٢٧ی/ک١/١٢٩٣ی رۆمی دەکاتە (٨ی/ک٢/١٨٧٨ی زاین).

٥٢- ترزی باشی - کرکوک شاعرلری - ج/٣ - ص٣-٦ .

٥٣- بۆ تەواوی دەقی شیعرەکە، بڕوانە دیوان - چاپی ٤٦ - ل/٢٣٢ - ٢٣٣ .

٥٤- بۆ تەواوی دەقی شیعرەکە، بڕوانە دیوان - چاپی ٤٦ - ل/١٥٥ - ١٥٦ .

٥٥-س. پ.

٥٦- لە سەرچاوەی پێشوودا بە هەڵە نووسراوە (مستەفا فاضل پاشا کوڕی محەمەد عەلی پاشای میسرییە).

٥٧- بڕوانە: - Ibrahim Alaettin - Meshur Adamlar c.2. s. 473.

٥٨- مامۆستا هیجری دەدە، ئەو دێرەی بەو جۆرە نووسیوە... لە دیوانی چاپ ٤٦دا و کە لە لاپەڕە/٨٧دا بەم شێوەیەی خوارەوەیە.

نورماه از آفتاب و، نورشاه از خویشتن،

در حقیقت فرق بسیارست. شاه و ماهرا

٥٩- هجری دەدە - رۆژنامەی - کرکوک (بە تورکی) - ژ ٣٣٠ - ل/٣ - ١٩٣٠/١١/٢٨.

-ئەم وتارەم لە کاتی خۆیدا کردووە بە کوردی و بڵاو کردووەتەوە:

بڕوانە: بڵاوکراوەی (نێرگز) - چەپکی یەکەم - ل/ ٥٤ - ٥٨ .

- هەروەها بڕوانە: ترزی باشی - کرکوک شاعرلری - ج/٢ - ص/ ١٣٢ - ١٣٣ .

بۆ تەواوی ئەو شیعرە، کە لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

گر شعاع خسرو انجم نبود ماهرا

ماه میگفتم جمال (ناصر الدین) شاهرا

بڕوانە: دیوان - چاپی ٤٦ - ل/٨٧ .

٦٠- بڕوانە:.Inal - Son Asir Türk Sairleri - c.2.s. 1479

- هەروەها بڕوانە: ترزی باشی - کرکوک شاعرلری - ج/٢ - ص/١٤٧ .

٦١- بۆ تەواوی شیعرەکە، بڕوانە دیوان - چاپی ٤٦ - ل/١٥٠ - ١٥١ .

٦٢- بڕوانە: Ibrahim Alaettin Gövsa - Türk Meshurlari - s.235.

٦٣- بۆ تەواوی شیعرەکە، بڕوانە: دیوان - چاپی ٤٦ - ل١٦١/ - ١٦٢ .

٦٤- Inal - Son Asir Türk Sairleri - c.2.s.1478

٦٥- س. پ.

٦٦- ترزی باشی - کرکوک شاعرلری - ج/٢ - ص/١٣٣ .

٦٧- رۆژنامەی کەرکووک - ژ/٣٣٠ - ی ١٩٣٠/١١/٢٨ - ل/٣ . (بەتورکی).

- هەروەها بڕوانە: ترزی باشی - کرکوک شاعرلری - ج/٢ - ص/ ١٣٣ .

٦٨- دیوان - چاپی ٤٦ - ل/١٢٦ - ١٢٧ .

٦٩- بۆ تەواوی شیعرەکە، بڕوانە دیوان - چاپی ٤٦ - ل/١٣٤ - ١٣٦ .

٧٠- سەجادی - مێژووی ئەدەبی کوردی - چاپی دووەم - ل/ ٣٧٦ .

٧١- ترزی باشی - کرکوک شاعرلری - ج/٢ - ص/١٣٢ .

٧٢- بۆ تەواوی شیعرەکە، بڕوانە دیوان - چاپی ٤٦ - ل/ ٢٣٩ .

## بەندی چوارەم

# ژیانی شێخ ڕەزا لە کەرکووک و بەغدادا

### ژیانی سەرلەنوێی کەرکووک

شێخ ڕەزا، لە ١٨٧٤ی زایندا دەگەڕێتەوە کەرکووک و ئەستەمبووڵ بە تەواوی بەجێ دێڵێ، لەلایەن میری عوسمانییەوە، نەختێ مانگانەی بووە، خۆیشی وردەوردە بە بەریەوە کشتوکاڵی لە دەوروبەری کەرکووکەوە کردووە، ژیانێکی ڕەندانە و ئەدیبانەی رابواردووە، زۆر جار هاتوچۆی وەسمان پاشا و مەحموود پاشای جاف و پیاوە گەورەکانی ئەو ناوەی کردووە[1]. هەروەکو جاری پێشووش کە لە کەرکووک هیچی دەست نەکەوت و بە دڵشکاوییەوە رووی لە کۆیە و ئینجا ئەستەمبووڵ کرد. ئەمجارەش کە بە ناچاری گەڕاوەتەوە کەرکووک. هەر هەوڵی داوە شتێکی دەست بکەوێ، بەم جۆرە دەبینین خۆی لە پیاو گەورە و کاربەدەستان نزیک دەخاتەوە. ئەوەتا هەر کە گەڕاوەتەوە، واتە ساڵی (١٢٩٠ - ١٢٩١ی کۆچی)ی ١٨٧٤ی زاین شیعرێکی تورکی بۆ (یوسف مظهر پاشا - یووسف مەزهەر پاشا)ی والیی کەرکووک نووسیوە و پێیدا هەڵدەڵێ:

سن ای میر لوا إلهام ربانیله ملهم سن
بیلورسن سرغیبی عالم أسراره محرم سن
بو استعداد ایله سرداراکرمەندە اکرم سن
دگل سردار اکرم صدر اعظمەندە أعظم سن
گروهی اشقیا قارشندە طوفان غضب أما
رضا اسا أولان بیچارەلر حقندە أرحم سن[2]

بەم جـۆرە، مـاوەیەکی زۆری پـێ ناچێ، دیسـانـەوە لەگـەڵ زۆر کـەسـدا نێـوانی تێک دەچێ و دەکەوێتە تەقەلێیان و جنێویان پێ دەدا، یەک لەو بەزمە دیارانەی ئەم مــاوەیەی ژیانی شــێخ ڕەزا ئەوە بووە کــە، شــێخ ڕەزا بە کــشــتـوکــاڵەوە خەریک بووە، کە.. ئەم جۆرە ژیانە پێویستی بە مەڕومـاڵات و کەر و هێسـتر و وڵاغ و ئاژەڵی ترە.. کـــەچی دەوڵـەتی عــوســـمـــانی لەو ســـەردەمـــەدا و، بۆ پینەوپەڕۆکــردنی کـزیی دارایی و قــەیرانـی یەک بەدوای یـەکـدا هـاتـووی، بە سـەپاندنی کـۆمـەڵێک باج و سـەرانە هەوڵی چارەسـەرکردنی داوە.. بەم جـۆرە سـاڵی ١٢٩٠ی ک - ١٨٨٣ی ز، بە فـەرمـانێک جۆرەها باجی وەک (کـەرانە) و (مەڕانە) و شتی تر پەیدا بووە[٣]. جا کە شێخ ڕەزا، یەکێک بووە، لەوانەی ئەم باجـانە دەیگرتنەوە، کـەوتـووەتە شـیـعـری گـاڵتـەجـاڕی وتن و جـوێندان بە باجـەکـان و ئەو فـەرمـانبـەر و لێپـرسـراوانەی کـۆدەکردنەوە و وەرگـرتنی ئەم سـەرانە و بـاجـانەیان بەدەسـتـەوە بووە. شـێخ ڕەزا دێ، حـەمـزە پاشـای مـوتەسـەریفی کـەرکـووک دادەشـۆرێ و زاراوەی وەکـو (کـەر) و (کـورتان) و (کەری دەجاڵ - جەجاڵ) و شتی تری پێوە دەلکێنێ و لە سەرەتای شیـعرێکی تورکی چوار دێریدا دەڵێ:

تیکدی پالانی خری ایشتـه علی الاستعجـال
شـرقـدن غـربه خـروج ایلیـه جکدر (دجـار)

واتە: کـورتانی کـەری بەپـەلە دوورییـەوە و، (دەجـاڵ)، لە خـۆرهـەڵاتەوە نیـازی دەرچوونی هەیە بەرەو خۆراوا.. ئینجا لە چوارەم دێردا دەڵێ:

مـتـصـرفـمی أولور حـمـزه گـبی بر ایشک
هرنه ایتدکده ایتـدک بزه أی قحط رجال[٤]

واتە: ئایا کـەرێکی وەکو (حەمزە) دەبێتـە (موتەسـەریف)، هـەرچیت کرد، تۆ بە ئێمەت کرد ئەی (قاتوقڕیی پیاو).

کە ( حەمزە پاشا)ش لادەبرێ کۆمەڵێک شیعری داشۆرانی بۆ دەڵێ:

بڕوانە لەم دێرە تورکییەدا دەڵێ چی:

گیت سنک عزلک ایچون کیمسە تأسف ایدەماز
تا کوپک وارایسە کرکوکدە چوقدر بدلک[٥]

واتە: بڕۆ.. کەس بە لادان و لە کارخستنی تۆوە خەم ناخوات، کە تا لە کەرکووکدا سەگ هەبێ، جێگری تۆ زۆرن.

یەخەی ئەم (حەمزە حیماری)یە بەرنادا، یەخەی (مەهدی چەلەبی)ی فەرمانبەر و لێپرسراوی (مەئموور)ی (کەرانە) دەگرێ.. ئینجا مەهدی چەلەبی لە زمانی ئاگربارێنی شێخ ڕەزا رزگاری نابێ.. لە غەزەلێکی نۆ دێریدا شیعرێکی گاڵتەجاڕی بۆ دەنووسێ، ئەوەی بە وردی نەیخوێنێتەوە نازانێ (گاڵتە پێکردنە) و سەرەتاکەی بەم جۆرە دەست پێ دەکات:

دوشنیوردم نە ایچون تاجرە دیرلر چلبی
فارسی در بو لغت، تورکی میدر، یا عربی

واتە: بیرم دەکردەوە، ئایا بۆچی بە بازرگان دەڵێن (چەلەبی)، ئەم وتەیە، دەبێ فارسی بێ.. تورکی بێ.. یان عەرەبی.. لە کۆتاییی شیعرەکەدا دەڵێ:

سایەسندە ایدرز مسائل، یوقسە
نەبیلور شێخ (رضا) اویلە معما لقبی[٦]

واتە: لە سایەیدا گرێی گیروگرفت و پرسیار دەکەینەوە و شی دەکەینەوە، دەنا شێخ ڕەزا ئەم جۆرە نازناوە مەتەڵ ئامێزە لە کوێوە دەزانێ. هەر بۆ ئەم مەبەستە، دێرە شیعرێکی تورکی.. دەڵێ:

جناب حق سزی حفظ ایلسون بر محض شرٍ گلدی
أهالی صاقلاسون مرکبلری مأموری خر گلدی[٧]

واتە: خوای گەورە بتپارێزێ، کارەسات و بەڵایەکی گەورە هات.. خەڵکەکە با (گوێدرێژ)ەکان بشارنەوە، ئەوا لێپرسراو (مأمور)ی (کەر) هات.

دوای لابردنی (حەمزە پاشا)، (بێهرام پاشا)[٨] دەبێتە موتەسەریف، شێخ ڕەزا ئینجا دەنووسێ بەمیانەوە و.. هەر لەم شیعرەوە نهێنی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە دیسانەوە لەسەر بەرژەوەندی خۆی و (ئەمجارەیان –

کوڕەکەی)شی بە موتەسەریف دەڵێ:

بو عجل سامرینک کیم آدی بهرام پاشادر
انک تصویرینی الله ایچون جای تماشادر

واتە: ئەم جوانەگایە سامیرییەی کە ناوی (بێهرام – بارام – پاشا)یە، کە وێنەی، بە خوا شتێکی سەیر و سەمەرەیە و هەر بۆ تەماشاکردن باشە.

لە دێری هەشتەم و نۆیەمدا دەڵێ:

ید اشراره تسلیم ایلمش اغنام و اعشاری
لوانک حاصلی کاتبلرک بیننده یغمادر
بنم (مخدوممی) أغنامه مأمور ایتمدی زیرا
بیلوردی لیره بندن حاصل اولمز ایش بداوادر

واتە: باجی (مەڕانە) و (دەیەکانەی – زەوی) داوەتە دەستی بەدکارانەوە، بەرهەم و بەروبوومی (لیوا) کە لە نێوان نووسەر (کاتب)ەکاندا تالآنییە. (کوڕی) منی بە فەرمانبەری باجی (مەڕانە) دانەمەزراند، چونکە دەیزانی (لیرە) لە منەوە دەرناچێ ... کارەکەی بەلاش و بێ دەستکەوتە.

دیارە مەسەلەکە دانەمەزراندنی (کوڕی) شێخ ڕەزایە، کە پاشا ئەم هەموو جوێنە دەخوا.. بۆ (بێهرام پاشا) شیعری تریشی نووسیوە، بەڵام لەم شیعرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم پاشایە دوای حەمزە پاشا بووەتە موتەسەریف کە شێخ جوێنی پێ داوە لە دوا دێردا دەڵێ:

ندامت حاصل ایتدم شمدی هجو حمزه پاشادن
که بو دیوسه نسبت حمزه افلاطون و دانادر(٩)

واتە: ئێستا پەشیمانم لەوەی کە هەجوی حەمزە پاشام کردووە، کە بە گوێرەی ئەم گەوادە، حەمزە زانا و لە ئاستی ئەفلاتووندایە.

*

مامۆستا (ترزی باشی) دەڵێ: ٢٠ی تەمووزی ١٣١٦ی رۆمی(١٠)، منداڵە جوولەکەیەک دەبێتە موسڵمان و، دەیهێننە کەرکووک، بەڵام لەلایەن (ڕائیف

پاشا)ی موتەسەریفەوە، دەدرێتەوە دەست (حاخام)ی جوولەکان.. دوای ئەوە، لەبەر هەڵچوون و تووڕەبوون و پاڵەپەستۆی خەڵک و زانا و پیاو ماقووڵانی شارەکە، منداڵەکە دەیگێڕێتەوە.. بەم بۆنەیەوە شێخ ڕەزا شیعرێکی داشۆرین بەسەر (ڕائیف پاشا)دا دەڵێ و شیعری تریشی بە دوایدا هەر دەنووسێ. یەک لەو شیعرانە، سەرەتاکەی دەڵێ:

گلور گلماز همان دین یهودی إلتزام ایتدی

نه تعظیم شریعت نه مراعات نظام ایتدی

واتە: هەر هات و نەهات، پشتگیری ئاینی جووی کرد و، نە شەریعەتی ئیسلامی بەرز کردەوە و.. نە چاودێری یاسا و نەریتی کرد.

لە دێری چوارەمی ئەم شیعرە هەشت دێرییەدا دەڵێ:

ملوث ایتدی رشوتله دین و دولتی گویا

جناب داور أکرم سچوپ ابقای نام ایتدی(١١)

واتە: ئاین و دەوڵەتی (بە بەرتیل) ئاڵوودە کرد و لەوتاند، گوایە، جەنابی فەرمانبەری پایە زۆر بەرز، گووی کرد و ناوێکی لە پاش خۆی هێشتەوە.

*

شێخ ڕەزا، برادەرییەکی چاکی لەگەڵ (ناظم بگ – نازم بەگ)دا بووە، کە لە ١٣١٧ی کۆچی ١٨٩٩ – ١٩٠٠ی زاین، والیی مووسڵ بووە، ئەم برادەرییەش، هەر وەکو لەم شیعرەی شێخ ڕەزاوە دەردەکەوێ، لەلایەن نازم بەگەوە دەست پێ دەکا، کە بەر لەوەی بیبینێ سەعاتێکی زێڕی بۆ شێخ ڕەزا ناردووە، شێخ لە سێ دێری شیعرەکەدا دەڵێ:

این هم کرم اوست و گرنه متصرف

أز بهر چه نادیده مرا ساعت زر داد

ناظم بگ دانا، که خداوند توانا

اورا نەهمین میمنت و، شوکت و فرداد

ادراكی فــلاطون و، جــوانمردی حـــاتم
مرادنـهگی حیدرو، إنصاف عمر داد(١٢)

واتە: ئەمـەش هـەر مـیهرەبانی و بەخشندەیی ئەوە و، ئـەگەرنا (مـوتەسـەریف)، بێ ئـەوەی بمبـینێ.. بۆچی سـەعـاتی زێڕم بۆ دەنێـرێ. نـازم بەگی دانا، کـە خـوای توانا، هـەر ئەم بەخـتـیـاری و توانا و فـەڕەی نەداوەتێ و بەس، بگرە تێگەیشـتوویی ئەفلاتوونی و جوامێریی (حاتەمی تەی) و، مەردانەیی حەیدەر و(١٣) دادوەریی (عومەری کوڕی خەتاب)یشی داوەتێ.

لە شیـعرێکی تریشدا هەر ستـایشی ئەم (نازم بەگ)ە دەکات و لە سـەرەتایدا دەڵێ:

بکار آرد حکیم مــصـلحت بین
گـهی داروی تلخ و گـاه شیـرین
بمحـــروران نبـــاید أنگبـین داد
نسـازد بامزاج گرم تسـخین(١٤)

واتە: نۆژداری دانای بەرژەوەندیزان، جارێک دەرمـانی تاڵ و جارێک دەرمـانی شیرین بەکاردێنێ، کە نابێ هەنگوین بەکەسێک بدرێ، تای گرتبێ.. هەروەها گەرمکردن و گەرمگرتن بـۆ کـەسێک نابێ خـووی گـەرم بێ. لێرەدا شێخ ڕەزا زۆر بە جوانی دەست بە شیعرەکەی دەکا.. کە هونـەری (حسن المطلع – واتە: جـوانی سـەرەتا)ی پێ دەڵێن، هەروەهـا یاسـایەکی نۆژداری و دەرمـانزانیـشی دەربڕیوە: لـە سـەرەتای شـیـعـرێکی تری هـەر بە (فــارسی) کـە بۆ ئەم (نازم بەگ)ەی نووسـیوە بە شێوەیەکی نیوە ئاشکرا و نیـوە داپۆشـراو بە هونەرێکی بەرزی شاعیرانەوە دەڵێ:

گنبدی هست که نامش کفل سیمین است
أز درونش همــــه با أب رنگین أست(١٥)

واتە: گـومـەزێک هەیە کـە ناوی کـەفـەڵ (سـمت)ی زیوینـە، ناوەوەشی هەمـوو بەناوی زێڕ ڕەنگینە.

*

مـامـۆسـتـا (ترزی باشـی) دەڵێ: لە دەوری عـوسـمـانیـدا، مـوتـەسـەریفـێـتی کـەرکـووک، کــە ســەر بە ویلایـەتی بەغـدا بـوو، لە ١٢٩٦ی کـۆچیـدا جـودا کراوەتەوە و کـراوەتە مـەڵبـەندی ویلایـەت، کـەچی هـەر لـەو سـاڵەدا کـە مـووسڵ کراوەتە مـەڵبـەندی ویـلایـەت و کـەرکـووکی خـراوەتە سـەر[١٦]. (نافع ئەفـەندی) ناوێک[١٧] کە شێخ ڕەزا حـەزی لێی نەبووە، بە والی دامەزراوە، شێخ ڕەزا ئەم دێرەی بۆ گوتووە:

مـوصـل اولدی ولایت، نـافع أفنـدی والی
ویل لکم رعـیـه، کـول باشــوه أهالی[١٨]

***

لەم ســـەردەمـــەی ژیانی شـێـخ ڕەزا لە کـــەرکــووکـدا، بـەڵگەیـەکی تـرمــان بەدەستـەوەیە، بە بیستن بیستبووم، بەڵام بەهـەندم وەرنەگرتبوو، تا ئەو پارچە شیـعرەم دەستکەوت کە لەلایەن شـێخ ڕەزاوە وەکو تـەلگراف نامەیەک نێرراوە بۆ (باشکاتبی مابـین همـایون – سـەرنووسـەری رازگرێـتی – سکرتارییـەتی – دیوانی شـاهانە) و داوای شـێخایەتی تەکێی هـەڵوەشـاوەی شێخ باقی دەکات و دەڵێ:

علـوی همـــتــمــدن ســر فــرو ایتــمم فــریدونه
تنـزل ایلمــــــز طبـع بلـنـدم اوج گـــــــردونه
دعــاگــوی ملوک آل عــثــمـــانم بوین اگــمـم
مگر بـاشکـاتب مــــابینـی دیوان همــــایونـه
مـرادم تکیـەء مـحلوله سـیـدر شـیخ باقـینک
طوورکن بندەکز جائز میدر توجیـهی مادونه[١٩]

ئەم بەڵگەیە، وەکو لە بەشی تری ئەم کتێبەدا باسی لێوە دەکەین، دەبێتە نێوان تێکچوونێکی تر.. لەگەڵ (خوێش)اندا.. کە تەکیەکە دەدرێتە (مەلا مـەحموودی مـەزناوایی)، کە زانایەکی گەورەی کـەرکـووک بووە و.. خـزمایەتی لـەگەڵ شـێخ عەلیی برا گەورەی شێخ ڕەزادا بووە(!؟).. شێخ بە هـەردووکیان دەڵێ:

کێ دیویەتی ئەی (شێخ عەلی) ماڵی خەزوور بۆ زاوا

تۆ لە کوێ، تەکیە لە کوێ، بزنە گەڕی مەزناوا[٢٠]

بەم جۆرە شێخ ڕەزا ئەمەشی بۆ ناچێتە سەر ...

هەروەها شێخ ڕەزا لەم ساڵانەدا، زۆر هاتوچۆی پاشا و بەگزادەکانی جاف و گەورە پیاوانی تری ئەو دەوربەرەی کردووە و... دیاری و بەرات و خەڵاتی لە زۆر کەس وەرگرتووە، جنێوی شیعری بەوانە داوە کە دیاری و یارمەتییان دواخستووە. بە جۆرێک کە لە شێخ ڕەزا نەبێ لە کەسی تر نەسەلمێنراوە. تا ١٣١٨ی کۆچی (١٩٠٠ی زاین) لە کەرکووکدا بووە و ئینجا بە یەکجاری، بەرەو بەغدا، کەرکووکی بەجێ هێشتووە.

## ژیانی شێخ ڕەزا لە بەغدا

شێخ ڕەزا، دەچێتە بەغدا و لە تەکیەی تاڵەبانیدا دادەمەزرێ و ئاواتێکی دێرینی دێتە دی، بەڵام زۆر درەنگ.. تەکیەکە شێخ عەبدوڕەحمانی (خالص)ی باوکی دای مەزراندبوو. لە گەڕەکی (مەیدان)ی نزیک وەزارەتی دیفاع (بەرگری)ی بەغدا بوو. تەکیەیەکی کۆن و پەرپووت بووە، کە دوا جاری تەعمیرکردنی، وەکو ئێمە ئاگامان لێی بووبێ و بەڵگەمان بەدەستەوە بێ ئەوەیە کە لە ساڵی ١٣٠٢ی کۆچیدا موتەسەریفی مونتەفیق – مونتەفیک – بەر لە مردنی دوو هەزار قرووشی داوە بۆ چاککردنەوەی و،[٢١] بۆ ساڵی دوایی شێخ عەلی چاکی کردووەتەوە و لە رووخان رزگاری کردووە[٢٢]. ئینجا ئەرکی چاککردن و بەڕێوەبردنی دەکەوێتە سەر ئەستۆی شێخ ڕەزا. بۆ ئەم مەبەستەش شێخ ڕەزا گەلێک هەوڵی داوە.. وەکو دەبینین لەم شیعرەی خوارەوەیدا داوای یارمەتی لە (والیی بەغدا – زەورا)[٢٣] کردووە و لە سەرەتایدا دەڵێ:

روبم بدیده سجده کنان خاکی راهرا

شکرانهء قدوم ولایت پناهرا

أی (والی ولایت زورا) خــوش آمــدی
برزن بجـای برمـکیـان بارگـاهـرا[٢٤]

له دوو دێری شیعرەکەدا ناوی (مظهر – مەزهەر) دووبارە دەکاتەوە کە دەڵێ:

أی مظـهـر مــجـیـد رضــارا تـوجــهی
تحصیل چو فرضیست رضـای إلاهرا
یارب همـیـشـه مظـهر نـور خدا شـوی
تا إقـتـباس نور زمـهر است مـاهرا[٢٥]

شێخ ڕەزا پێی دەڵێ، کۆنە تەکیەیەکم لە باوکەوە بۆ ماوەتەوە کە وەک تەمەنی حەزرەتی نوح، کەلێک ساڵ و مانگی دیوە و دەڵێ:

مــیــراث مــانـده از پدرم کـــهنـه تکیــهء
چون عمر نوح دید بسی سال و ماهرا[٢٦]

بەم جۆرە دەبینین داوای یارمەتی لێ دەکا بۆ چاککردنەوەی تەکیەکەی. کەچی لەپڕ تەماشا دەکەین، لەم تەکیەیەشدا تووشی گیروگرفت دەبێ و نازانین ئەم (سلێمانزادە)یە کێیە لە شێخ ڕەزا پەیدا بووە و ویستوویەتی تەکیەکەی لە باوکەوە بۆ بەجێ ماوی لێ داگیر بکا. دەڵێ:

تکیـه ملک پدرم أولدیغی مـیـدانده ایکن
دیر بمندر بودله (شـیـخ سلیـمــان) زاده
راضی أولمازدی سلامتله المدن چیقسون
بوینکی طوق هجـــادن ایدەیم آزاده[٢٧]

هەروەها لە شـیـعـرێکی تورکیی تریشــدا کـە دوازدە دێرە، پەنا دەباتـە بەر (موشیر فەیزی پاشا) کە نزیکەی پتر لە دوو ساڵ (تا ١١ی شەعبانی ١٣٢٢ی کۆچی – ٢١ی ت١ی ١٩٠٤ی زاین) جێگری والیی بەغدا بووە[٢٨]. سەرەتای شیعرەکە دەڵێ:

حــضــرت شــوکت مــدارک عــسکر شــاهـانـەسی
بحــر عــمــاندر قــومــاندان گــوهر یکدانـەسی

نوردن برشـــــمع تاباندر جـــــمـــــال پادشـــــاه
(فیضی پاشا) در أو شمعی أنورک پروانەسی[٢٩]

ئینجا دەڵێ:

آصـفـا انـصـاف قـدر، قـدر مـشـیـر أولیـا
همـتک بکلر (رضـا)نک تکیـەء ویرانـەسی
عـالی تعـمـیـر ایدن مـعـمـار لطفک شـاننه
نقصدر ویرانه قالسین بر قولک کاشانەسی
تکیەنک تعمیری طورسون آنده تعجیل ایلمم
ایستیور أما تراکم ایلیان ماهانەسی[٣٠]

شێخ ڕەزا دێتە سەر شانازی بە تەکیەکەیەوە بکات و، کە تەکیەکە لە گەڕەکی (مەیدان)ی بەغدادا بووە، وشەی مەیدان بە دوو واتا و بەشێوەیەکی هونەرمەندانە بەکار دەهێنێ و دەڵێ:

کـوشـەلردە نقـشـبندلر گـبی صـاقـلانمایز
قادری لر تکیەسی أرسلان گبی میداندەدر[٣١]

واتە: ئێمە وەکو نەقشبەندییەکان، خۆمان لە پەنا و پاسار ناشارینەوە، ئێمە (تەکێی قادری)، وەکو شێر لە (مەیدان)داین..

شێخ ڕەزا ئەم تەکێیەی بەڕێوە دەبرد کە سەر بەڕێبازی قادرییە، پێوەندییەکی چاکی لەگەڵ گەورە پیاوان و خەڵکیتری پایە و پلە بەرز و کەسانی ڕۆشنبیر و دیاری ناو کۆمەڵدا بووە. هەر لەوێدا دەرسیشی بە خەڵک وتووەتەوە، کە یەکێک لەوانە (عەتا ئەلخەتیب) بووە و[٣٢]. هەر لێرەدا جێی دانیشتن و کۆڕبەستنی هەبووە و گەلێ کەسی پیاو ماقووڵ سەریان لێ داوە. ئەگەرچی مامۆستا ئیبراهیم ئەلدوروبی دەڵێ: شێخ ڕەزا، کۆڕی زانیاری و ئەدەبی بووە کە لە بارەگای حەزرەتی گەیلانیدا دەبەسترا و پیاو گەورە و زانایانی بەغدای لێ ئامادە دەبوو باسی شیعر و شەڕە شیعر و ئەدەب و زانستی لێ دەکرا.[٣٣]. هەروەها لە بەغدا لە چایخانەی (گل وزیر – گول وەزیر)یشدا

دانیشتووه كه له تەنیشت وەزارەتی دیفاع (بەرگری)یەوه بووه، واته نزیک بووه له تەكیەكەی. عەبدولكەریم ئەلعەللاف دەڵێ: ئەم چایخانەیه به (شەربەت و چایەكەی) بەناوبانگ بووه و چینی بالای بەغدادییانی لێ دانیشتووه، تاكه چاخانەیەک بووه كه ئامێری ڕابواردنی (تاوڵی و دۆمینه)ی تێدا نەبووه[٣٤] شێخ ڕەزا به شیعرێكی توركی حەوت دێری بەم چاخانەیه و خاوەنەكەیدا هەڵوتووه. له سەرەتایدا دەڵێ:

گل وزيرك مجمع خوبان أولان چايخانەسى

جوهر روح رواندر جرعەء پيمانەسى

قورديغى كورسيلر أوزره خوب رويان عراق

آل يناقلر هربرى ياقوت و مرجان دانەسى

تا له دوا دێردا دەڵێ:

ايستەسە ايلر ستايش ايستەسە أيلر هجا

لا أباليدر (رضا)نك مشرب رندانەسى[٣٥]

***

تەنانەت لەو سەردەمەدا، هەندێک چایخانه، بەشێوەیەک بووبووه جێی رابواردن كه (سەماكەره) و تیپی مۆسیقا و گۆرانیشیان تێدا پەیدا بووبوو. وەكو چایخانەی (سەبع) كه بەناوی خاوەنەكەیەوه ناونراوه.. وادیاره شێخ ڕەزا هاتوچۆی ئەم چایخانەیەشی كردووه.

هەر لەم چایخانەیەدا كه كرابووه (مەلها).. كوڕێک كوژراوه و بووەته هۆی وتنی گەلێک شیعر[٣٦].

د. عەلی ئەلوەردی بەم جۆره ڕووداوەكه باس دەكا.. به كورتییەكەی دەڵێ:

سالّی ١٣٢٥ی كۆچی، ١٩٠٧ی زاین، زەلامێكی جوولەكه كه ناوی (سەلیم) بووه مێردمنداڵێكی دیانی سوورپایی دەستخەڕۆ دەكا كه ناوی (نەعیم) بووه و كوڕێكی زۆر جوان بووه و سەلیم دەیهێنێته بەغدا كه له (مەلها)دا كار بكا. مەلهاكەش چاخانەی سەبع بووه. بەم جۆره شەوانه خەڵكێكی زۆر هاتوچۆی

چاخانەکەیان کردووە بۆ تەماشای جوانیی (نەعیم).. هەندێک کەس عاشقی دەبن و.. بە پارە و بە هەڕەشە نایەتە سەربار!!... کوڕەکە ڕەوشت خراپ نەبووە و بۆ پاروو پەیداکردن.. بەو کارە هەڵخەڵەتاوە. شەوێک، یەک لە عاشقەکانی کە ناوی ئیبراهیم مونیب پاچەچی بووە، دەیداتە بەر گوللەی دەمانچە و ئەنجام کوڕە دەکوژرێ[٣٧].

شێخ ڕەزای تاڵەبانی، پێش ڕووداوەکە و کوژرانی (نەعیم) شیعرێکی پێدا هەڵوتووە (بەتورکی) کە دەڵێ:

بیر نعیم آدلو صنم گلمش دیار شامدن
زن أو زن کیم بویله محبوبی چیقارمش (آ.. دن)
حاجیلر گورسه انک دور مطاف کعبەدە
باش چیقارر أژدها آسا (...کی) إحرامدن
دونده پنهان ایلمش سیمین دواتک حفظ ایچون
دون دگل (گردندە)[٣٨] حفظ ایتمز انی أقلامدن
نقرەء سمت و سرینی پارەسز گیرمز آله
سن کە مفلس سن (رضا) گیچ بو خیال خامدن[٣٩]

هەرگیز بە عەقڵدا ناچێ، یەکێک (نەعیم)ی نەدیتبێ و ئەم شیعرەی بۆ وتبێ و.. هەروەها وەکو بە ئاشکرا دیارە، کە ئەم شیعرە نووسراوە، (نەعیم) لە ژیاندا بووە.

شیعری دووەم، کە شێخ ڕەزا دوای کوژرانی نەعیم نووسیویەتی و (ئیبراهیم مونیب پاچەچی)ی تێدا داشۆردووە، ئەمەیە کە دەڵێ:

قریلسون ال ایاغک قانە باتسون پاچەچی زادە
نیچون ویردک نعیمک نونهال عمرینی بادە
سوروک بزم طربدن ساقی و سازندەیی زیرا
نعیمسز دردسردر نغمەء نی نشئەء بادە

ســـتم اندازه دن چيـــقـــدى الهى بردها گـــوندر
هلاكــوخـــان گــبى بر كــافــر خـــونريزى بغــداده
(نعيمى گورمدم بيلمم كه انى قتل ايدەن كيمدەر)
(الهى هركيم ايسه راست گلسـون تيغ جلاده)[٤٠]
اســـامـى نامـــەء عـــشـــاقنى اول ســـرو بالانك
اچوب گـوردم يازلشدى رضـانك اسـمى بالاده[٤١]

واتە:

دەک دەست و پێت بشکێ و لە خوێندا بگەوزێ (پاچەچی زادە)
بۆچی نەونەمامی تەمەنی نەعیمت دا بەدەم باوە
دەسا مەیگێڕ و مۆسیقاژەن لە بەزمی ئاهەنگ دوورخەنەوە
چونکە بەبێ نەعیم ئاوازی شمشاڵ و خۆشی بادە، دەردەسەرە
زۆر و ستەم لە ئەندازە دەرچوو، خوایە سەرلەنوێ
کافرێکی خوێنڕێژی وەکو (هۆلاکۆ خان) بنێرە بۆ بەغدا
(نەعیمم نەدیوە و نازانم ئەوەی کوشتوویەتی کێیە)
(خوایە، هەر کەسێک بێ، تووشی بێنی بە تووشی تییغی جەللادەوە)
کە (ناونامەی) دڵدارانی ئەو (سەرو) بالآیەم کردەوە
بینیم لە لای سەرەوە ناوی ڕضا (ڕەزا) نووسرابوو

لەبارەی ئەم ڕووداوەوە، مامۆستال (محمد مهدی بیات – محەمەد مەهدی بەیات)ی نووسەری تورکمان، وتارێکی بەعەرەبی نووسیوە[٤٢]، تێیدا شیعرەکەی شێخ ڕەزا و شیعرەکەی (مەعرووفی ڕەسافی)[٤٣] کە هەر بەم بۆنەیەوە نووسیویەتی باس کردووە و یەک دوو دێرە شیعری شاعیری تریشی هێناوەتەوە. لە بارەی ئەم وتارەوە، ئەم سەرنجانە دەبێ تۆمار بکەین:

١- کە دەڵێ: لە کاتی سەماکردندا بووە کە یەک لە عاشقانی دایە بەر گوللە[٤٤]. لە کاتێکدا کە هیچ سەرچاوەیەک باسی سەماکردنی نەکردووە.

تەنانەت مـامـۆسـتـا (ترزی باشی)، لەسـەر شـیـعـرەکـەدا (بەتورکی) نووسیویەتی.. لاواندنەوەی (نەعیم)ی گۆرانیبێژ[٤٥].

٢- کە دەڵێ: شیعرەکەی تاڵەبانی لە (نۆ) دێرە شیعر پێک هاتووە.. دەبینین لە هەردوو چاپی دیوانی شێخ ڕەزادا شـیـعـرەکـە هـەر چوار دێرە و [٤٦] لە لای مامۆستا (ترزی باشی)دا بە پێنج دێر دانراوە[٤٧].

٣- دەڵێ: تاڵەبانی بەدوو شیعر لاواندوویەتییەوە. کەچی یەکەم شیعریان پێدا هەڵوتنە و دووەمیان لاواندنەوەیە.

پێشتریش لە ناوەڕۆکی باسەکەدا وەڵامی ئەوەشی درایەوە کە دەڵێ: شێخ ڕەزا بێ ئەوەی (نەعیم) ببینێ لاواندنەوەی بۆ نووسیوە.

*

لە بەغدا، دانیشتنی شێخ ڕەزا هەر لە تەکیەی خۆیاندا بووە، بەڵام بەزۆری، کاتی لە ماڵی (سەلیم بەگی بابان) و ماڵی (عیسا ئەفەندی جەمیلزادە) و (نەقیب) و تایەفەی (عەبدولغەنی شارەبانی) رابواردووە، تەنانەت عیسا ئەفەندی، لایەکی لە تەکیەکەشی بۆ چاک کردووەتەوە.

لەم ماوەیەی بەغدایدا، لەلایەن خانەدانەکانی بەغدا و پیاو ماقووڵانەوە، زۆر ڕێزی لێ گیراوە. بە تایبەتی لەلایەن خانەدانی بابان، وەکو حەمدی پاشا و سەلیم بەگ و هەموو کوردە بەناوبانگەکانی بەغدا[٤٨]

*

**پەراوێزەکان:**

١- سەجادی - مێژووی ئەدەبی کوردی - چاپی دووەم - ل/ ٣٧٦ . ١٨٧٤ی زاین - دەکاتە - ١٢٩٠ - ١٢٩١ی کۆچی (تاقانە).

- مامۆستا (ترزی باشی)ش دەڵێ: لە ١٨٧٤دا لە ئەستەمبووڵەوە دەگەڕێتەوە کەرکووک و خەریکی کشتوکاڵ دەبێ. بڕوانە:

ترزی باشی - کرکوک شاعرلری - جـ/٢ - ل/ ١٣٣ .

٢- دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ٢٢٩.

واته: تۆ ئەی میری لیوا، بە سرووشی خواییيەوە تۆ خاوەن سرووشی نهێنیی غەیبی دینا دەزانی و مەحرەمی نهێنییەکانی بەم ئامادەیی و تەیارییە، لە سەرداری ئەکرەم، میهرەبانتری نەک لە سەرداری ئەکرەم، بەڵکو لە سەدری ئەعزەمیش مەزنتری..

٣- العزاوي - تأريخ العراق بين إحتلالين - جـ/ ٨ - ص/ ١٧ و ص/ ٢٤ .

٤- دیوان- چاپی ١٩٤٦ -ل ٢٣٠.

٥- دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ٢٢٦ .

هەروەها بڕوانە ل/ ٢١٧ .. (حمزە پاشا) ایلە غوغادە... تاد.

٦- س. پ - ل/ ٢٣٩ .

٧- س. پ - ل/ ٢٥٧ .

٨- (١٣١٦ - ١٣١٧ی کۆچی) واتە (١٨٩٨ - ١٩٠٠ی زاین) موتەسەریفی کەرکووک بووە.. بڕوانە: شاکر صابر ضابط - کرکوکدە اجتماعي حيات - ص/ ٨٨ - کە ناوەکەی بە (بیرام پاشا) نووسراوە.

٩-دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ٢١٦ .

هەروەها بۆ شیعری تری داشۆردنی (بارام پاشا) بڕوانە: س. پ - ل/ ٢٣٠ - ٢٣١ .

١٠- دەکاتە: ١ی ئابی ١٩٠٠ی زاین (تاقانە).

١١- ترزی باشی - کرکوک شاعرلری - جـ/٢ - ص - ١٥٨ - ١٥٩ .

هەروەها دەڵێ، کە ئەم زانیارییانەی لە دەستنووسێکی (عەبدوللەتیف ئەفەندی)ی باوکیەوە.. وەرگرتووە.

١٢- دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ١٢٨ .

١٣- حەیدەر: بە شێر و پیاوی ئازا دەگوترێ، ئەمە بووەتە نازناوی (ئیمامی عەلی کوڕی ئەبوتالیب).

١٤- دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ١٥٢ بۆ تەواوی شیعرەکە بڕوانە: ل/ ١٥٢-١٥٤.

١٥- لەسەر ئەم شیعرە و ئەو شیعرەدا کە سەرەتاکەی دەڵێ:

أزمن بدوست واسطەیی یک صبا بس است

أز روی مرا تعارف یک مرحبا بس أست

لەسەر هەردوو شیعرەکەدا نووسراوە نازم بەگی (موتەسەریفی بەغدا) کە ئەمە بەهەڵە دەزانم.

بۆ شیعری یەکەم بڕوانە: دیوان – چاپی ١٩٤٦ – ل/ ١٠٦ – ١٠٨ بۆ شیعری دووەم، هەر لەو سەرچاوەیەدا بڕوانە ل/ ١١٥ – ١١٦ .

وەکو زانراوە شێخ ڕەزا لە ٩ی موحەڕەمی ١٣٢٨ی کۆچیدا مردووە. تاکە (نازم پاشا)یەک کە بووەتە موتەسەریف (والی) بەغدا ئەم نازم بەگە نییە.. نازم پاشا، لە ٢٥ی ڕەبیعولئاخری ١٣٢٨ی کۆچیدا گەیشتووەتە بەغدا و بووەتە والی، واتە دوای مردنی شێخ ڕەزا.

بڕوانە: العزاوی – تأریخ العراق بین إحتلالین – جـ/ ٨ – ص/ ١٨٩ .

١٦– لە کاتی خۆیدا، لە بارەی ئەم ڕووداوە، شاعیر (سافی)ی کەرکووکی، ئەم دێرە مێژوویییە گەوهەردارەی گوتووە:

شــهـرزوری مـوصـل حـدبایە إلحـاق ایتـدیلر

باق ایشـە، کـیم قـودیلر قنبـوری قنبـور أوسـتنە

– ئەمە پەڕاوێزی ژمارە (٢)ی ل/ ١٤٤ی – مامۆستا (ترزی باشی)یە کە لە بەرگی دووەمی– کرکوک شاعرلری–دا نووسیویەتی: شیعرەکەی (سافی)یش: واتە: شارەزووریان خستە سەر (موسڵ)ی (حدبا)وە.. (حدبا – حەدبا) واتە کووڕ و کۆم.. کە بەناوی منارە لارەکەیەوە ناونراوە. سەیری ئەم کارە بکەن.. کۆمیان نایە سەر کۆم.

١٧– لە ساڵنامەی موسڵ – ساڵی ١٨٩٠ – ل/ ٤٥دا نووسراوە کە لە ساڵی ١٢٩٥ی کۆچیدا (١٨٧٨ی ز) نافیع ئەفەندی والیی موسڵ بووە.

١٨– ترزی باشی – کرکوک شاعرلری – جـ/٢ – ل/ ١٤٤ – ١٤٥ .

– العزاوي – تأريخ العراق بين إحتلالين – جـ/ ٨ . ص/ ١١٤ .. هەروەها لێرەدا، ئەو شیعرە بەم شێوەیەی خوارەوەش بڵاو کراوەتەوە، کە من بەڕاستی نازانم کە دەڵێ:

حقی اولنجە قاضی، سری زولنجە والی

کل باشکە رعیت، ویل لکم اهالی

چونکە (سڕی پاشا) لە ٢٩ی ڕەبیعولئەوەلی ١٣٠٧ی کۆچی (١٨٨٩ – ١٨٩٠ی

زاین)دا بووەتە والی.. ئەوسا شێخ ڕەزا هێشتا لە کەرکووک بووە و ناشێ شیعری بۆ والی و قازی بەغدا گوتبێ.

١٩- واتە: لە بەرزیمەوەیە کە سەر بۆ (فەرەیدوون) دانانەوێنم

ڕەوشتی بڵندم خۆی ناهێنێتە ئاستی لووتکەی گەردوون

دوعا گۆی شایەکانی عوسمانیم، مل کەچ ناکەم بۆ کەس

مەگەر بۆ باشکاتبی سکرتارییەتی دیوانی شاهانە

ئارەزوو و داوام، تەکێی هەڵوەشاوەی شێخ باقییە

کە بەندەتان وەستابێ، دەشێ بدرێتە کەسێکی بەرەو خوارتر؟

شیعرەکە لە دەستنووسی (دەفتەر)ی شێخ (محەمەد نەجیبی شێخ عەلی)دایە.

٢٠- دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ٦٨ .

٢١- العزاوي - تأریخ العراق بین إحتلالین - جـ/ ٨ - ص/ ٧٥ .

٢٢- س. پ - جـ/ ٨ - ص/ ٧٩ .

٢٣- لە والییەکانی ئەو سەردەمانەی بەغدام کەس بەرچاو نەکەوت ناوی (مظهر - مەزهەر) بێت.. بەڵکو مەزهەر پاشای (قائیممەقامی مەرکەزی ویلایەتی بەغدا) بووە.. کە دەشێ جاروبار بووبێتە جێگری والی.

بڕوانە: العزاوی - تأریخ العراق بین إحتلالین - جـ/ ٨ - ص/ ٢٦ .

٢٤- واتە: بە کڕنووش بردنەوە، بەچاو خاکی ڕێی دەماڵم

سوپاس گۆی هاتنی پشت و پەنای ویلایەتم

ئەی والیی ویلایەتی زەورا (بەغدا) بەخێرهاتی

لە جێی بەرمەکییاندا بارەگاکەت دامەزرێنە.. تەواو...

٢٥- واتە: ئەی مەزهەری (مەجید) و بەرز، چاوێکت لە ڕەزا بێ

کە ڕەزامەندیی خوا.. فەرزە و پێویستە

لە خوا داواکارم کە نوێنەری ڕووناکیی خوابی

تا.. مانگ ڕووناکی لە ڕووناکیی خۆر وەردەگرێ

٢٦- بۆ تەواوی شیعرەکە بڕوانە: دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ٨٤ - ٨٥ .

٢٧- دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ٢٥٣ .

واتە: ئاشكراو لە مەیداندایە كە تەكێ مولْكی باوكمە
شێخ سلێمان زادەی بوودەڵە، دەڵێ، هی منە
بەوە ڕازی نەبوو كە بەبێ زیان لەدەستم دەربازبێ
تاكو ملی لە تەوقی هیجاو داشۆرین ئازاد بكەم..

٢٨- باقر أمين الورد المحامي - (بغداد - ولاتهاو..) ص/ ٢٥٩ نقلا من تأريخ العراق بين إحتلالين ل (العزاوي) - جـ/ ٤ - ص/ ١٣٧ و محمود الشاوي - ذيل مطالع السعود - مجلة آفاق عربية - ١٩٨١ - ص/ ٨٤ .

٢٩-دیوان - چاپی ١٩٣٥ - ل/ ٢٢٣ - ٢٢٤ .

٣٠- بڕوانە.. س. پ.. هەر ئەو لاپەڕەیە.

شیعری ناو دیوانەكە هەڵەی زۆری تێدایە، ئەمەی ئێرەم لە ئەنجامی بەراوردێكی شیعری ناو دیوان و دەقی ناو دەفتەرەكەی شێخ محەمەد نەجیب دروست كرد.

واتە: ئەی (ئاسەف ئاسا) ئەوەندەی ویژدان و ڕێزی موشیری ئەولیا.
تەكێی وێرانی (ڕەزا) چاوەڕێی هیمەتتان دەكا
(كەمی)یە بۆ شان و شكۆی ئەندازیاری چاكەتان.
كە دنیا تەعمیر دەكا، ماڵی بەندەیەك بەوێرانی بمێنێتەوە.
چاككردنەوەی تەكیەش لە لایەك، لە مەیاندا پەلە ناكەم
بەڵام مانگانەی دواكەوتووی كەڵەكە بووم داوا دەكەم

٣١- دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ٢٥٦ .

٣٢- ميري بصري - أعلام اليقظة الفكرية في العراق الحديث - الجزء الأول ص/ ٨١ - ٨٢ .

٣٣- ابراهيم الدروبي - البغداديون أخبارهم ومجالسهم - ص/ ١٥٦ .

٣٤- عبدالكريم العلاف - بغداد القديمة - الطبعة الأولى - ص/ ٥٩ .

٣٥- دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ٢٤١ .

واتای سێ دێرەكە:
چاخانەی گوڵ وەزیر كە جێی كۆبوونەوەی پیاو چاكانە
قومی پیاڵەی، گەوهەری گیانی ڕەوانە
لەسەر ئەو كورسییانەی كە دایناون، ڕووجوانانی عێراق

گۆنا ئاڵ و هەریەکی، دانەی یاقووت و مەرجانە.
ئەگەر بیەوێ ستایش ئەکا، گەر بیەوێ هەجوو دەکا
خوورەوشتی (ڕەزا) ڕەندانەیە، گوێی ناداتێ
وا دیارە شێخ ڕەزا لەم چاخانەیەدا دانیشتووە، لە دەستنووسەکەی (شێخ محەمەد نەجیبی شێخ عەلی)یشدا شیعرێکی تری هەیە بەم چاخانەیەدا وتراوە:
چایچی أما أوله بیلمز اکا حاتمده نظیر
بوگبی چایچیە لایقدر دنیلسە گل وزیر
صانمە کرکوکلی ایچیندە کرمی جیبە گیرر
شعلەسی قابل انکار دگل ماه منیر..
٣٦- مامۆستا ترزی باشی - ئەم باسە و باسی (مەعروف ئەلڕەسافی) شاعیر و ناوی شیعرەکەی (الیتیم المخدوع - هەتیوی هەڵخەڵەتاو)ی زۆر بە کورتی و بێ دەستنیشانکردنی سەرچاوە، باس کردووە و سەرەتای ئەم باسانەی دارشتووە و وررووژاندووە. بڕوانە:
ترزی باشی - کرکوک شاعرلری - جـ/٢ - ل/ ١٧٠ و پەراوێزەکەی.
٣٧- علي الوردي - لمحات إجتماعية من تأريخ العراق - جـ/ ٣ - ص/ ٢٥٣ کە لە لاپەڕە/ ٥٨ی کتێبی (بغداد القديمة)ی (عبدالكريم العلاف)ی گواستووەتەوە.
٣٨- لە هەردوو چاپی دیوانی شێخ ڕەزادا، هەر نووسراوە (گردن)، لەو بڕوایەدام ئەم وشەیە دەبێ (گەردەل) بێ، واتە: دەفرێکی لە دار دروستکراوە کە سەرەوە و بنەوەی ئەوەندەی یەکە و لە ماڵات دۆشیندا بەکار براوە.
٣٩- واتە: (نەعیم) ناو پەیکەرێک لە وڵاتی شامەوە هاتووە
ژن ئەو ژنەیە کە خۆشەویستێکی وەهای لە (.. وز) دەرهێناوە
حاجییەکان ئەگەر لە دەورگەڕانی کەعبەدا ببینن
(... ریان) ئەژدیها ئاسایی لە ئیحرامەوە، سەر دێننە دەرێ..
دوێت (دەفری مەرەکەب)ی زیوینی بۆ پاراستن، لە دەرپێدا شاردووەتەوە
نەک لە ناو دەرپێدا، بەڵکو (گەردەل)یش لە قەڵەمی ناپارێزێ
سمت و سوورینی لە زیو و زێڕ داڕێژراوی، بەبێ پارە بەدەست ناخرێ
تۆ، کە.. لاتی ئەی (ڕەزا) لەم خەیاڵە خاوە گەڕێ (وازبێنە)!!

٤٠- ئەم دێرە شیعرە، کە لە ناو کەوانەم داناوە، لە هیچ یەکێک لە دوو چاپەکەی ١٩٣٥ و ١٩٤٦ی دیوانی شێخ ڕەزادا نییە، لەبەرئەوەی کە لەگەڵ ناوەڕۆکی پارچە شیعری یەکەمدا ناگونجێ کە بە ئاشکرا دیارە، پێش ڕووداوەکە و مردنی (نەعیم)ەوە وتراوە. هەروەها لەگەڵ نیوە دێری یەکەم دێرە شیعری ئەم پارچەیەشدا ناگونجێ کە بە ئاشکرا ناوی بکوژەکەی بە (پاچەچی زادە) بردووە و لە کاتێکدا لەم دێڕەدا واپیشان دراوە کە نە نەعیمی دیوە و نە بکوژەکە دەزانێ کێیە.. تەنانەت لە دوا دێری ئەم شیعرەی دووەمیدا، ناوی خۆی لەلای سەرەوەی عاشقانی نەعیم دەنووسێ. لەبەر ئەمە، من ئەم دێرە بەڕاست نازانم کە بەشێک بووبێ لەم شیعرە.

٤١- ترزی باشی - کرکوک شاعرلری - جـ/٢ - ص/ ١٧٠ .

هەروەها بڕوانە دیوانی شێخ ڕەزا - چاپی ١٩٣٥ - ل/ ٢١٧ .

چاپی ١٩٤٦ - ل/ ٢٣٥ - ٢٣٦ .

٤٢- محمد مهدي بيات - في الأدب المقارن - بين الشيخ رضا الطالباني ومعروف الرصافي في رثاء اليتيم الحلبي - مجلة صوت الأتحاد (بيرلك سەسی)ی ئۆرگانی یەکێتی نووسەرانی تورکمان - عدد/ ٢٠ - ١٩٧٨ - ص/ ١٨ - ٢٠ .

٤٣- مەعرووفی کوڕی عەبدولغەنییە، ساڵی ١٢٩١ لە بەغدا لە دایک بووە. کە دەکاتە ١٨٧٥ی زاین.. عەبدولغەنی باوکی لە تیرەی جەباریی کوردە کە لە باشووری کەرکووکدان..

بڕوانە: محمد أمين زكي - مشاهير الكرد وكردستان - الجزء الثاني - ص/ ١٩٦ . هەروەها بڕوانە: المحامي عباس العزاوي - عشائر العراق(٢) الكردية - ص/ ١٦٤ . کە باسی عەشیرەتی جەباری دەکات و دەڵێ: مامۆستا مەعرووفی ڕەسافی شاعیریش بە ڕەسەن لەم عەشیرەتەیە.

٤٤- محمد مهدي بيات - نفس المصدر السابق - ص/ ١٨ .

٤٥- ترزی باشی - کرکوک شاعرلری - جـ/٢ - ص/ ١٧٠ .

٤٦- دیوانی شێخ ڕەزا - چاپی ١٩٣٥ - ل/ ٢١٧ . چاپی ١٩٤٦ - ل/ ٢٣٥ - ٢٣٦

٤٧- ترزی باشی - سەرچاوەی پێشتر.

٤٨- فەتحوڵڵا ئەسعەد - پێشەکی دیوانی شێخ ڕەزا - چاپی ١٩٤٦ - ل/ د.

هەروەها : سەجادی - مێژووی ئەدەبی کوردی - چاپی دووەم - ل/ ٣٧٦ .

## بەندی پێنجەم

# کۆچی دوایی شێخ ڕەزا

لە کۆتایی ژیانیدا، شێخ ڕەزا نەخۆشییەک دەگرێ، نەخۆشییەکە لە هەردوو پێی دەخا. رۆژنامەی (الرقیب) لەبارەی ئەم نەخۆشییەوە دەڵێ: بە نەخۆشییەک کەوتووە کە لە هەردوو لینگی داوە و لە پێی خستووە و تووشی ئازاری کردووە[١]. مامۆستا سەجادیش دەڵێ: بە نەخۆشی زەحیری کۆچی دوایی دەکا[٢].

زۆر کەس باسی کۆچی دوایی شێخ ڕەزای کردووە[٣]. تەنانەت ناوبردنی زۆریشیان، هیچ پێویستییەکی زانستی، یان هونەری ناگەیەنن. لەبەر ئەوە لێرەدا باسی چەند کەسێک دەکەم کە بۆچوون و بەڵگەیان بەهێزە و، شایەنی لێدوانن.

لەسەر کێلی گۆڕەکەیدا نووسراوە: (قد توفي المرحوم في ليلة الجمعة المباركة من محرم الحرام سنة ١٣٢٨)[٤] واتە: خوالێخۆشبوو شەوی هەینی پیرۆزی مانگی (موحەڕەمولحەڕام)ی ساڵی ١٣٢٨ مردووە. ئەمین زەکی بەگ - لە (مشاهر الكرد وكردستان)دا رۆژەکەی بە (١ی موحەڕەم) داناوە[٥]. دیسانەوە لە کتێبی (تأريخ الكرد وكردستان)ەکەیدا.. کۆچی دوایی شێخ ڕەزا خراوەتە (سەرەتای موحەڕەمی ١٣٢٨ی کۆچی، ١٣ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٠ی زاین[٦].

(فؤاد جميل - فوئاد جەمیل)یش هەر ئەم قسەیەی دواییان دووبارە دەکاتەوە[٧].

د. کەمال مەزهەر، ئەم مێژووە بەڕاست دەزانێ، بە تایبەتی کە (١ی

موحەڕەم)ی ئەو ساڵە ڕۆژی پێنجشەمە دەگرێتەوە و لەگەڵ نووسینی کێلەکەش دژایەتی نییە[٨]. عەباس ئەلعەزاوی دەڵێ: ئێوارەی پێنجشەمە، (٩) نۆی موحەڕەمی ساڵی ١٣٢٨ی کۆچی مردووە[٩]. مامۆستا بیمار، بەڵگەیەکی گرینگ و بەبایەخی دۆزیوەتەوە، کە ڕۆژنامەی (الرقیب)ە و لەو سەردەمەدا دەرچووە.. بەپێی وتارەکەی مامۆستا بیمار. لە ژمارە (٨٣)ی (١٢ی موحەڕەمی ١٣٢٨)ی ڕۆژنامەکەدا باسی ئەوە کراوە کە شێخ ڕەزا، عەسری ڕۆژی پێنجشەموو کۆچی دوایی کردووە.

ناوی ڕۆژی دەرچوونی ڕۆژنامەکە نەنووسراوە کە ١٢ی موحەڕەمی ١٣٢٨ی کۆچییە. مردنەکەش ڕۆژی (پێنجشەمە)ی (بێگومان) پێش ١٢ی موحەڕەمە. جا بە پێی بەراوردی لیستی مێژوویی – (١ی موحەڕەمی ١٣٢٨ی کۆچی) دەبێ پێنجشەمە بێ (هەروەکو د. کەمال مەزهەریش وای داناوە). کەواتە (٨) هەشتی موحەڕەمی ١٣٢٨ی کۆچی (پێنجشەمە)یە و ١٢ی موحەڕەم (دووشەمە)یە کە ڕۆژی دەرچوونی ڕۆژنامەی (الرقیب)ە و بەم جۆرە ڕۆژی پێنجشەمە، (٨) هەشتی موحەڕەمی ١٣٢٨ی کۆچی، ڕۆژی کۆچی دوایی شێخ ڕەزایە، کە دەکاتە ٢٠ی کانوونی دووەمی/ ١٩١٠ی زاین، کە پێنجشەمەی یەکەمی پێش دەرچوونی ڕۆژنامەی (الرقیب)ە هەر لەسەر داوای پێشتری شێخ ڕەزا خۆی، دوو دێرە بەناوبانگەکەی خۆی (لەسەر کێلی گۆڕەکەی دەنووسرێ) کە دەڵێ:

یارسول الله! چه باشد چون سگ أصحاب کهف
داخل جنت شوم در زمرهء أصحاب تو؟
أو رود در جنت و من در جهنم کی رواست؟
أو سگی أصحاب کهف و من سگ أصحاب تو..

(تاهیر فوئاد)ی شاعیری کەرکووکی[١٠] بە بۆنەی کۆچی دوایی شێخ ڕەزاوە شیعرێکی نووسیوە (حەوت دێرە شیعرە) و لە دوا دێردا بە ژمارەی ئەبجەدی مێژووی کۆچی شێخی نووسیوە کە دەڵێ:

گريست خامه (فؤادا) ز بهر تأريخش

بناله گفت: (ز دنيا بكرد كوچ رضا)... (١٣٢٨)ی ک[١١].

شێخ ڕەزا کە دەمرێ، دوو کوڕی لە دوای خۆی جێ هێشتووە.. یەکەمیان شێخ (محەمەدی خالسی)[١٢]یە (١٢٩٢ی کۆچی - ١٨٧٥ - ١٨٧٦ی زاین = ١٣٤١ی کۆچی - ١٩٢٢ - ١٩٢٣ی زاین) و[١٣].. کوڕی دووەمی شێخ عەبدوڵایە، کە لە ١٩٤١ی زایندا کۆچی دوایی کردووە،[١٤] شێخ عەبدوڵا، سێ کوڕی بووە، ڕەحمەتوڵلا و حەسەن و عەلی.. ئەمەی دواییان کە کۆکەرەوەی دیوانی شێخ ڕەزای چاپی (١٩٤٦)ە، ساڵی ١٩٦١ لە چەمچەماڵ قایمقام بوو، خۆی کوشت. هەروەها شێخ ڕەزا کچێکی (ڕابعە) ناوی بووە کە شووی بە (محەمەد ڕاسخ)ی شاعیر کردووە[١٥].

**پەراوێزەکان:**

١- عبدالرزاق بيمار - شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە رۆژنامەی (الرقيب)دا.. هاوکاری - ژ ١١٦٩ی ١٢/٤/١٩٩٠ کە مامۆستا بیمار ئەو وتارەی لە رۆژنامەی (الرقيب)ی - ژ/ ٨٢ی - ٩ی محرم الحرامی ساڵی/ ١٣٢٨ی کۆچییەوە وەرگرتووە.

٢- سەجادی - مێژووی ئەدەبی کوردی - چاپی دووەم - ل/ ٣٧٦ .

- ترزی باشی - کرکوک شاعرلری - جـ/٢ - ص/ ١٣٣ .

٣- جگە لەوانەی لێرەدا باس کراوە، پتر لە دە سەرچاوەی تری (کوردی و تورکی و عەرەبی)م لە بەردەستدایە، باسی کۆچی دوایی شێخ ڕەزایان کردووە.

٤- بڕوانە: وتاری مامۆستا (د. کەمال مەزهەر ئەحمەد) کە وتارەکەی بەبێ ناو بڵاو کردووەتەوە.

کۆواری کۆڕی زانیاری کورد - بەرگی یەکەم - بەشی یەکەم - ١٩٧٣ - ل/ ٣٨٩ . کە وێنەی گۆڕەکەی تێدایە و نووسینەکەی لەسەردا دیارە.

ناوی نووسەری ئەم وتارەم لە نووسینەکەی مامۆستا بیمارەوە وەرگرتووە کە ئاماژەی بۆ کردووە. بڕوانە بیمار - شێخ ڕەزا لە رۆژنامەی (الرقيب)دا - هاوکاری - ژ/ ١١٦٩ی ١٢/٤/١٩٩٠ .

٥- محمد أمين زكي - مشاهير الكرد وكردستان - الجزء الأول - ص/ ٢٢٥ .

– هەروەها بڕوانە: کۆواری کۆڕ.. بەرگی یەکەم – بەشی یەکەم – ل/ ٣٨٩ .
٦– محمد أمين زكى – تأريخ الكرد وكردستان – الجزء الأول – ص/ ٣٤٥ .
٧– فؤاد جميل (ترجمة). رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين وكردستان – الحاشية – رقم/ ٢٢ – ص/ ١٧٦ .
٨– د. کەمال مەزهەر – کۆواری کۆڕ – بەرگی/ ١ – بەشی/ ١ – ل/ ٣٨٧ – ٣٨٩ .
٩–العزاوي – تأريخ العراق بين إحتلالين – جـ/ ٨ – ص/ ٢٠٦ .
١٠– تاهیر فوئاد شاعیرێکی کەرکووکییە لە ١٣١٠ی کۆچی – ١٨٩٢/١٨٩٣ی زاین لە دایک بووە. بڕوانە: دیوانی طاهر فؤاد – چاپی یەکەم – ل/ ٣ .
١١– دیوانی تاهیر فوئاد – ل/ ٦٥ .
١٢– ترزی باشی – کرکوک شاعرلری – جـ/٢ – ص/ ١٨٥ – ٢٠٠ . وتارێک لە بارەی (خاڵسی)یەوە.. ئەحمەد تاقانە: ئەم وتارەی کردووەتە کوردی و دوو شیعری (خاڵسی)یشی لەگەڵدا بڵاو کردووەتەوە. بڕوانە: دەنگی مامۆستا – ژ/ ٩ی ساڵی سێیەم – ئابی/ ١٩٧٣ .
١٣– مامۆستا فەتحوڵا ئەسعەد دەڵێ: (١٩٢٠)ی زاین مردووە. بڕوانە: دیوانی شێخ ڕەزا – چاپی ١٩٤٦ – پێشەکی – ل/ﻫ.
١٤– س. پ
١٥– محەمەد ڕاسخ (م. ڕاسخ) (١٣٠٥ی ڕۆمی – ١٨٨٩ی زاین لە دایک بووە و ١٩٣٦ی زاین مردووە) بە شاعیرێکی تورکمان بەناوبانگە، شیعری کوردیشی گوتووە، نموونەی شیعری کوردی بڵاوکراوەی ئەوەیە کە لە دێری یەکەمدا دەڵێ:

قسسەی وەتەنم بۆ مەکە ئەو قسسەیە جیایە

ئیمڕۆ ئەوە سەرباسی کەلامی ئودەبایە

لەدوا دێڕیدا دەڵێ:

دوو بیبڕە ئەم قسسەیە (ڕاسخ) قەڵەمی تۆ

زۆر بێ هەوەس و بێ فەڕ و بێ شەرم و حەیایە

بڕوانە: م. ڕاسخ – ڕۆژنامەی ژیانەوە – ساڵی/ ١ی ژ/ ٢٥ی پێنجشەمە، ٧ی شەوال ١٣٤٣ی کۆچی – ٣٠ی نیسانی ١٩٢٥ی. ز. محەمەد ڕاسخ، کوڕێکی ماوە، لە ئەستەمبووڵ دادەنیشێ.. ناوی (عومەر ئوێز تورکمەن)ە.. کە ئەمیش

شاعیره، ١٩٧٨ له ئەستەمبووڵ چاوم پێ کەوت و دانەیەکی له کۆمەڵە شیعرێکی چاپکراوی خۆی دامێ که بەناوی (نوێژی بەیانی له تاشقەنددا) وەیە. (محەمەد ڕاسخ) کـه خاڵی دایکی نووسـەری ئەم دێرانەیە. ئەوەی من بزانم بنەماڵەکـه خۆیان به (خالدی) دەزانن.

بۆ زانیاری پتر له بارەی (ڕاسخ) و کوڕەکەیەوە، بڕوانە: ترزی باشی – کرکوک شاعرلری – جـ/ ٢ – ص/ ٢٠١ – ٢٣١ .

بەشی دووەم

# شیعر و شاعیرێتی و مەبەستەکانی شێخ ڕەزا

بەندی یەکەم

# دیوان و هەڵبەستەکانی

شێخ ڕەزای تاڵەبانی، هەروەکو خۆی دەڵێ ژیانی (سالووک)ی و گوێ بەهیچ نەدان و بێباکی هەڵبژاردووە. هەرچەندە بە خۆی دەیزانی کە شاعیری چاک بووە و ئەمەی لە زۆر شیعری خۆیدا دەربڕیوە. کەچی زۆربەی شیعرەکانی دەمودەست دەنووسی، یان دەخوێندەوە، کە زۆرێک لەوانەی دەمودەست خوێنراوەتەوە، ون بوون و لەناوچوون. مەگەر بە دەگمەن کەسێک نووسیبێتیەوە. ئەمین فەیزی دۆستی هەرە خۆشەویستی بۆ – ئینال –ی نووسیوە، دەڵێ: دەستکاری کردووە و سەرلەنوێ نووسینەوە و چاککردنی شیعری خۆی نەدەزانی، بەزۆری ڕاستەوخۆ و یەکسەر شیعری دەوت و، لە دانیشتووان کەسێک شیعرەکانی بنووسیبایە، ئەوا لە ونبوون رزگار دەبوو، بە پێچەوانەوە لە بیر دەچووەوە و بەم جۆرە بەرهەمێکی زۆری لەناوچووە(١). یەک لەوانە کە شیعری شێخ ڕەزایان کۆکردووەتەوە، مامۆستا (عطا الخطیب – عەتا خەتیب)ە، لەم بارەیەوە. ئیبراهیم ئەلدوروبی – نووسیویەتی دەڵێ: شێخ ڕەزا کۆمەڵە نووسراوی ئەدەبی زۆرە، لەوانە، کۆمەڵە بەرهەمێکە لە (داشۆردن – هیجا)، کە ئەو شیعرە دژ بەیەکدییانە نووسراوانەی لەگەڵ ڕەسافی و زەهاوییە. ئەمانەی لە ژێر ناوی داشۆردندا، مامۆستا (عەتا خەتیب) کۆی کردوونەتەوە(٢).

هەروەها هیجری دەدە دەڵێ: لەگەڵ ئەوەشدا کە شیعرەکانی چەند کۆمەڵێکی چاپنەکراو پێک دەهێنێ و لە ناو کۆمەڵە دەستنووسدان ، کەچی لەبەرئەوەی هەندێک بنەماڵە و کەسانێکی بەڕادەیەکی سەیر داشۆردووە و

هێرشی بردوونەتە سەر، چاپ و دەرخستنیان لەبەر لەبارنەبوونی شوێن و کات ڕاگیراوە[٣].

دیارە بۆ یەکەم جار (ئەمین فەیزی)ی برادەری شێخ لە (ئەنجوومەنی ئەدیبانی کورد)دا ١٥ پارچە و ٤ تاکە دێرە شیعری کوردی و ٦ پارچە شیعری فارسی شێخی لەگەڵ شیعری کۆمەڵێک لە شاعیرانی تردا بڵاو کردووەتەوە. ئەم کتێبە کە لە چاپخانەی (ترجمان حقیقت – تەرجومانی حەقیقەت)دا لە رەبیعول ئەوەلی ساڵی ١٣٣٩ی کۆچی لە ئەستەمبووڵ لە چاپ دراوە[٤]. بۆ مەبەستی لە چاپدانی ئەم کتێبە، مامۆستا ئەمین فەیزی دەڵێ: «ئودەبا و شوعەرای کورد زۆرن، لاکین ئاساریان بە تەواوی جەمع و تەئلیف نەکراوە، من نییەتم کرد بەعزێ لە ئەشعاری کوردی (بابان) تەبع و نەشر بکەم تا بزانرێ مولْکی (بابان) چەند مەنبەعی فەیز و زەکایە.[٥]» کەواتە ئەمین فەیزی ئەم شاعیرانەی لە (ئەنجوومەن)ەکەیدا کۆی کردوونەتەوە، بە شاعیری ناوچە و مولْکی بابان زانیوە. شێخ ڕەزا ئەگەرچی مەبەستی (گاڵتەجاڕی) بێ، کەچی خۆ بە بابان زانینیمان بۆ دەردەخا و دەسەلمێنێ کە دەڵێ:

دەوری وەسمان بەگ لە کۆیە، ژن نەما نەیـ.. بەبە
نسبەتی کۆیە لەگەڵ من، نسبەتی ئیبنە و ئەبە[٦]

کەچی سەردەمانێکی زۆر، کۆیە هەر ناوچەی بابان بووە، کەواتە شێخ ڕەزا خۆی و کۆیە و ئەوانی تریش هەر یەک پارچە و بە بابان دەژمێردران.

دیاریی کوردستان کە (هەفتەی جارێک بە کوردی و عەرەبی و تورکی دەرچووە) و ساحێبی ئیمتیاز و سەر موحەریر: ساڵح زەکی ساحبقران بووە و مودیری ئیدارە: ڕەشید شەوقی بووە و ساڵی ١٩٢٥ دەرچووە.

لە چوار ژمارەیدا شیعر و هەندێک زانیاری لە بارەی شێخ ڕەزاوە بڵاو کراوەتەوە[٧]. لە ژمارە ٧ی ڕۆژنامەکەدا نووسراوە:

«کەرکووک لە مێژا مەشهوورە، مەرکەز و مەقەڕی شارەزوورە، ریجالی

ئەدەب و عیلم و کەمالی گەلێ زۆرە، خاکێکی موبارەک و بەنوورە. گەوهەر لە کانی خۆی بێ بەهایە، هەتا دوورکەوێتەوە بەقیمەتتر و گەورەتر دەبێ، جەنابی شێخ ڕەزا ئەفەندی ڕەحمەتی، ئەگەر دەرنەچووایە، قودرەت و عەزمەتی وەک ئەعازمی ترمان هەروا کەم ڕەواج و بێ بەها دەما»(٨)

دیارە ئەم شیعرانەی (دیاری کوردستان)یش کەموکوڕیشیان تێدایە. شیعری شێخ ڕەزا بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٣٥، لە شێوەی دیوان چاپ کراوە.. کە لە چاپخانەی (مەریوانی)دا لە چاپ دراوە، لە سەرەتاکەیدا بڵاوکەرەوەی ئەم دیوانە دەڵێ:

«زۆر دەمێک بوو ئەم دیوانەم لە جەنابی مەلا ڕەئوف ئەفەندیی سەلیم ئاغا و محەمەد عەلی ئەفەندی وەرگرتبوو، بەڵام لەبەر دڵی خەڵک حەزم بە بڵاوکردنەوەی نەکرد»(٩).

هەر لەبەر ئەوەشە کە هەندێک جێی کە ناوی کەسانێکی تێدایە بە بەتاڵی جێ هێڵراوە و چاپ نەکراوە. ئەو ژمارەیەی کە لە بەردەستمدایە دانەی (ئەحمەد شوکری – د. شۆ) خۆیەتی و لەسەری نووسیوە (ئەم دیوانی شێخ ڕەزایە کە بەدەستی خۆم چاپ کراوە، ئەم نوسخەیەم لێ هەڵگرت بۆ یادگار، لەناودانی جائیز نییە) و. هەندێک لەو ناوانەی کە لە دیوانەکەدا سڕراونەتەوە، ئەم دای ناونەتەوە. کە ئەمە لەوانەیە یارمەتی ساغکردنەوەی (دیوانی شێخ ڕەزا)مان بدات.

هەروەها. پێشەکی نووسی ئەم دیوانە نووسیویەتی دەڵێ:

(ڕەنگە لەم کتێبە غەڵەت ببێ، چونکە ئەغڵەبی ئەم شیعرانە لە دەم خەڵک وەرگیراون، هیوامان هەیە لێمان ببوورن بۆ جارێکی کە)(١٠) . ئەم دیوانە جگە لە بەرگی ناوەوە (ناوونیشان) و دوو لاپەڕەی سەرەتا، (٢٣٦) لاپەڕەیە.

لە پێشەوە شیعری کوردی، لە سەرەتاوە تا لاپەڕە (٨٧) و لە لاپەڕە (٨٨)یشەوە بەشە فارسییەکەیەتی و تا ناوەڕاستی لاپەڕە (١٨٠) و لەوێشەوە تا لاپەڕە (٢٣٤) بەشی تورکییە و لە دوو لاپەڕەی دواییدا (٢٣٥ – ٢٣٦)دا

شیعری عەرەبی شێخ ڕەزای تێدا بڵاو کراوەتەوە.

بەداخــەوە، بە ئاشکراش دیارە کــە لە هــەمــوو ئەو کــۆمــەڵ و پارچانەی لەمەوپێش و لە دیوانی چاپکراوی پاش ئەمەش پتر هەڵەی تێ کەوتووە.

ئەمە و جـۆری چاپ (پیتـەکانیشـی ناشـیرین و نـاڕێکن و کـاغـەزەکـەیشی کاغەزی زەرد و خـراپە) و ناوەڕۆکی بەدزمانیی شیعرەکان، وایان لە پیرەمێرد (حاجی تۆفیق)ی شـاعیر کردووە کە لەوانەیە بەرگوێشی کەوتبێ کە هەندێ لە خـزمـانـی شـێخ ڕەزاش لەبەر دڵی خـەڵکێک لە چاپدانی دیوانەکـەیان لەلا باش نەبووە..

پیرەمێرد بۆیە دەڵێ:

لە کەرکووکەوە ئەڵێن:

دیوانی شـێخ ڕەزا بەڕەزای خـزمی ئەو نیـیە

تیری قضای رضـایە گوناهـی ئەوان چییە[١١]

هەروەها مامۆستای زانا (تۆفیق وەهبی) دەڵێ:

(... ئەوەنـدە نەزانانە و خـراپ و ناتەواو لە چاپ دراوە، وەکـو جـارێکیـان پیرەمێرد وتبووی، نەدرانی باشتر بوو.)[١٢]

ئەم ڕەخنە لە چاپی ئەم دیوانە گـرتنانە، لـە دڵسـۆزییـەوەیە و بە هـیـوای ئەوەوەیە کـەبە شـێـوەیەکی چاکـتـر لە چاپ بدرێ، پیـرەمـێـرد نەبێ کـە لە ناوەڕۆکــەکــەی بێــزار بووە، ئەمــەش بەپێی ئەو ڕۆژگــارە کــە زۆر کــەس بەدەمـارگـیـریی و مـێـشک وشکیی ئەو سـەردەمـە پێی نـاخـۆش بـووبێت، کـە هەندێک نـەزان بە مـەبەسـتی شکاندنەوەی خـەڵک و پێکەنینێکی کەم خـایەنی خـۆی بەکاریان بـهێنی. ئەگەرنا هـەر چاپکردنی چاکـترە، بەڵام بێگومـان تا بەشێوەیەکی چاکتر بێ چاکترە.

چاپی دووەمـی دیوانی شـێخ ڕەزا، کـە شـێخ عـەلی تاڵەبانی کـوڕی شـێخ عـەبدوڵای کـوڕی شـێخ ڕەزا - کـۆی کـردووەتەوە و چاپی کـردووە، سـاڵی ١٩٤٦ی زاین لە چاپخانەی (مەعاریف)ی بەغدا لە چاپ دراوە.

چاپکەرەوەی ئەم دیوانە لە لاپەڕە (أ)دا، دیوانەکەی پێشکێشی (ئەحمەد زەکی بەگی خەیات)ی مامۆستای کردووە و هەندێک باسی زەحمەتی و جۆری کۆکردنەوەی دیوانەکەی کردووە و هەروەها باسی ئەو یارمەتییەی (پێشکێش بۆکراو)ی تێدا کردووە.

لە لاپەڕە (ب، جـ، د، هـ)دا مامۆستا فتحوڵڵا ئەسعەد (١٩٠٤ – ١٩٦٣)ی[١٣] کۆیی کە زانایەکی پسپۆڕ و شارەزای ئەدەبیات و شیعری شێخ ڕەزا بووە، پێشەکییەکی کورت و چڕی چاکی بۆ دیوانەکە، بە ناوونیشانی (سەرگوزەشتی شاعیر)ەوە، نووسیوە. دیارە لە ئامادەکردن و ڕێکخستنی دیوانیشدا یارمەتییەکی چاکی بووە.

ئەم دیوانە، بە پیتی جوانتر لە چاپی پێشوو، هەروەها کاغەزی چاکتر و بە دەرهێنانێکی هونەریتر لە چاپ دراوە. بەشی کوردی لە لاپەڕە (٣)وە دەست پێ دەکات و لە لاپەڕە (٨١)دا کۆتایی هاتووە و بەشی فارسی لە لاپەڕە (٨٤)ەوە دەست پێ دەکات و لە لاپەڕە (١٩٨)دا کۆتایی هاتووە. ئینجا بەشە تورکییەکەی لە لاپەڕە (٢٠١)ەوە تا لاپەڕە (٢٥٨)ی گرتووەتەوە. شیعری عەرەبی تێدا کەمە. لە لاپەڕە (١٩٠)دا دوو دێرە شیعر و لە لاپەڕە (١٩٨)دا دێرێک و لە لاپەڕە (٢٥٦)دا دێرە شیعرێکی عەرەبی تێدایە. ئەم چاپەشیان کەموکوڕی هەر تێدایە و هەروەها هەڵەی چاپی زەقیشی تێ کەوتووە.

هەروەها مامۆستا عەتا تەرزی باشی، کە وتارێکی ڕێکوپێکی لە بارەی شێخ ڕەزاوە بڵاو کردووەتەوە و گەلێک سەرچاوەی بە نرخیشی خستووەتە پێش چاومان و لە بارەی هەردوو چاپی ١٩٣٥ و ١٩٤٦ی دیوانی شێخ ڕەزاوە، هەندێک زانیاریمان دەداتێ و دەڵێ: پڕ بە هەڵەیەکی زۆرەوە چاپ کراوە. هەروەها دەڵێ: ئەو شیعرەی دراوەتە پاڵ شێخ ڕەزاوە و لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

معتدل گیتمز هواسی، گە صاوقدر گە صیجاق
نامـوافـقـدر مـزاجی، أهلنە بکزەر عـراق..

له راستیدا هی مەلا (محەمەد صادق)ە .. لەلایەکی ترەوە ئەو شیعرەی کە لە سەرەتایدا دەڵێ:

خیالک شب چراغ لجەء بحر حقیقتدر
جمالک نور بخش دیدەء أهل بصیرتدر[١٤]

هەروەها لە سی و دوو (٣٢) لاپەڕەدا، شیعری تورکی و فارسی و کوردی و عەرەبی شێخ ڕەزای بڵاو کردووەتەوە.

لە ژمارە (هەژدە و نۆزدەی) کۆواری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورددا مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ – ویستوویەتی دیوانێکی ڕێکتری شێخ ڕەزای تاڵەبانی دروست بکا. ل/ ٣ – ٥٠.

لەگەڵ ڕێزماندا بۆ زانای خوالێخۆشبوو، شێخ محەمەدی خاڵدا و پێزانینی پایەی زانست و خزمەتگوزاری زۆری ڕۆشنبیری کوردیماندا، لەگەڵ ئەوەشدا کە دیارە بەڵگە و دەستنووس و سەرچاوەیەکی چاکی لە بەردەستدا بوو.. دیسان، کەوتووەتە هەندێک هەڵە و ناتەواوی. هێشتا لە ساخکردنەوەی دەقەکاندا تەنیا دەڵێ: (ئەمە لە چاپی پێشوودا... بەم جۆرەیە)[١٥]. جا کە دوو چاپی (دیوان)ی پێشوومان هەیە، نە پێمان دەڵێ هەڵەکە لە کام چاپدایە و نە بەراوردەکەمان دەخاتە پێش چاو، کە ئەمە یەکێکە لە پێداویستییەکانی توێژینەوە و ساغکردنەوەی دەقی ئەدەبی. هەروەها کە ئەو شیعرەی بۆ مەلا مارفی بیدایەت وتراوە و، ئەم داویەتیە پاڵ مەلا مارفێکی هەولێری... وەکو لەلایەکی دیکەی ئەم کتێبەدا باس کراوە...

هەروەها لە ساغکردنەوەیەکی تری دیوانی شێخ ڕەزادا ئەو سەرنجە ورد و زیرەکانەیەی (مامۆستا عەبدوڕەزاق بیمار)ە کە لە بارەی ئەم دیوانەوە نووسراوە دەبێ بە بەرچاوەوە بگیرێ[١٦]

د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵیش شەش پارچە شیعری بڵاو کردووەتەوە کە بە شیعری بڵاونەکراوەی شێخ ڕەزای داناون[١٧]. خۆیشم لەم دواییانەدا دەفتەرێکی بیست و هەشت لاپەڕەییم دەستکەوتووە کە شیعری (شێخ ڕەزا)ی

تێدا نووسراوەتەوە، هەندێکی بڵاو کراوەتەوە. تێکڕا (٣١) سی و یەک پارچە شیعری (تورکین).

ئەمانە هەموو و، هەموو سەرنجێکی لە بارەی شێخ ڕەزاوە هەیە، دەبێ بە بەرچاوەوە بگیرێ و بە شێوەیەکی زانایانە کار بکرێ بۆ ساغکردنەوەی شیعری شێخ ڕەزا. بەر لە هەموو شتێک ئەم وتەیەی مامۆستا بیمارمان دەبێ لە یاددا بێ کە دەڵێ: دەبێ بەرامبەر شیعری کوردی بڵاو نەکراوەی شێخ ڕەزا، هەڵوێستەیەکی هوشیارانە بکەین و وریابین، نەوەک هەر شیعرێک تاموبۆی گاڵتە و جنێو و قسەی خۆی لێ بێت، خەڵکەکە بیدەنە پاڵ شێخ ڕەزا[١٨].

من نەک هەر شیعری کوردی – وەک مامۆستا بیمار دەڵێ: بگرە شیعرەکانی بە زمانی تریش و شیعرە بڵاو کراوەکانیشی بەگشتی دەخەمە پاڵ.. جێی خۆیەتی لێرەدا بڵێم. بەر لە چەند ساڵێک، مامۆستایەکی بەڕێز.. سەرچاوەیەکی فارسی پێشاندام کە نیوە دێرە شیعری:

بلبلی برگ گلی خوش رنگ درمنقارداشت

لەگەڵ لێکدانەوەی ئەم نیوە دێڕەدا کە دراوەتەپاڵ شێخ ڕەزا و لە دیوانیدا بڵاو کراوەتەوە[١٩]. هی شاعیرێکی ترە. مامۆستاکە نەیهێشت لەبارەی سەرچاوەکەوە هیچ بزانم، !! بەخۆیشی تا ئێستا نەمدیوە و نەمبیستووە هیچێک لەم بارەیەوە بڵاو بکاتەوە.

دیارە شێخ ڕەزا، شیعری عەرەبیشی کەم نەبووە، بەڵام زۆر کەم و بە ناڕێکیش بڵاو کراونەتەوە..، لە دیوانی چاپی ١٩٣٥دا، لە کۆتاییی دیواندا و لە دوو لاپەڕەدا هەندێک شیعری بڵاوکراوەتەوە[٢٠].

لە چاپی ١٩٤٦دا بەشێوەیەکی پەرت و بڵاو، هەندێک شیعری بڵاو کراوەتەوە، بە تاک و دوو دێر و سێ دێرە شیعر، تێکڕا حەوت دێر بڵاو کراوەتەوە، کە تێکەڵ بە شیعری بەشی فارسی و تورکی دیوانەکە کراوە[٢١].

مامۆستا (عەتا تەرزی باشی)ش هەر هەندێکی ئەو شیعرانەی بڵاو

کـردووەتـەوە کـە لەو دوو چاپەی دیواندا هـەیە، بەڵام لێرەدا شـیـعـرەکـان بە ڕێکوپێکی نووسراونەتەوە[٢٢].

## پەڕاوێزەکان:

1- Inal - Son Asir türk Sairleri - c.2.s.1477 .

٢- إبراهيم الدروبي – البغداديون.. أخبارهم و مجالسهم... ص/ ١٥٦ .

٣- هـجری دەدە – جريدة كركوك (بەتورکی) – ژ/ ٣٣٠ی ٢٨/ت٢ – ١٩٣٠ .

٤- ڕەبیعولئەوەلی ١٣٣٩ی کۆچی – دەکاتە (ت٢ / ک١)ی ١٩٢٠ی زاین.

٥- ئەمین فەیزی – أنجمن أدبياتی کورد – چاپی یەکەم – ل/ ٤ (مقدمە).

٦- دیوانی شێخ – چاپی ١٩٤٦ – ل/٦٦ .

٧- بڕوانە: ژ٤/ی ساڵی/ ١ – ٢٣ نیسان ١٩٢٥ – ل/ ١٠ – ١١ .

ژ/ ١٠ی ساڵی/ ١ – ١٩٢٥ – ل/ ١٦ .

ژ/ ١١ ، ١٢ی ساڵی/ ١ – ١٩٢٥ – ل/ ٧ .

ژ/ ١٦ی ساڵی/ ٢ – ١٩٢٦ – ل/ ٢٤ .

٨- بڕوانە: ژ/ ٧ی ساڵی ١ – ١٩٢٥ – ل/ ١٤ .

٩- دیوانی شێخ ڕەزا – چاپی ١٩٣٥ – (سەرەتا) کە لە لاپەڕە سێی پێش لاپەڕە (١) یەکی دیواندایە.

١٠- س. پ.

١١- پیرەمێرد – ڕۆژنامەی ژیان – ساڵی/ ١٠ ژمارە/ ٢٤٣ – شەموو ٢٥ /ی مایسی ١٩٣٥ – ل/ ١ .

١٢- ئەدمۆندس – هەجوکەرێکی کورد – شێخ ڕەزای تاڵەبانی – وەرگێڕی: تۆفیق وەهبی – دەنگی گێتی تازە – بەرگ/ ١ – ژمارە/ ٢ – ت٢/ ١٩٤٣ پەڕاوێزی ژمارە (٢)ی لاپەڕە (١٠)ی وەرگێڕ.

١٣- سەجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – چاپی دووەم – ل/ ٦٠٤ .

١٤- عەتا تەرزی باشی – کرکوک شاعرلری – جـ/ ٢ – ص/ ١٣٤ – ١٣٥ .

١٥- بۆ نموونە لە پەڕاوێزی ژمارە ١٢ی لاپەڕە (٢٤)دا کە لە بارەی ئەو نیوە دێرە فارسییەی کە دەڵێ:

خواهم ز (خدا) آنکه شود دشمن جاهت

دەڵێ: ئەم نیوە شیعرە فارسییە، واتە داواکارم لە خوا کە دوژمنت پەت کا..

خودا: لە چاپی پێشوودا! (خوا)یە کە وشەکە بەم جۆرە بێ دێرەکە لەنگ دەبێ.

لەکاتێکدا مەسەلەکە لەنگی نییە.. بەڵکو دەبوو بیوتایە، نیوە دێڕەکە هەمووی بە فارسییە و لە فارسیشدا وشەکە بە (خوا) بەکار ناربرێت، هەروەها لە چاپی ١٩٣٥دا هەر بە (خدا) نووسراوەتەوە کە بە (خودا) دەخوێندرێتەوە. بڕوانە: ل٢.

- دیسانەوە لە پەڕاوێزی ژمارە (١٥)ی ل/(٢٤)دا وشەی (قیامەت)ی ناو ئەو نیوە دێرە شیعرەی کە دەڵێ: تا رۆژی قیامەت بەخودا زیندووە نامرێ.

مامۆستا خاڵ دەڵێ: قیامەت: لە چاپی پێشوودا (قیامەت)ە. لە کاتێکدا وشەکە لە چاپی ١٩٣٥دا هەر بە (قیامەت) نووسراوە. بڕوانە ل/ ١ .

١٦- بیمار: دیوانی شێخ ڕەزا - هاوکاری - ژ/ ٢٦٥٥ی ٢٤ی ئاداری ١٩٩٧ -ل٥.

١٧- د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ - شێخ ڕەزای تاڵەبانی - ل/ ١٤١ - ١٤٣ .

١٨-بیمار - بڕوانە سەرچاوەی پێشووتر.

١٩- بڕوانە: دیوان چاپی ١٩٤٦ .. ل/ ١١٧ - ١١٩ .

- دیوان ١٩٣٥ - ل/ ١١٦ - ١١٧ .

٢٠- دیوانی شێخ ڕەزا - چاپی ١٩٣٥ . ل/ ٢٣٥ - ٢٣٦ .

٢١- دیوان چاپی ١٩٤٦ - بڕوانە: ل/ ١٩٠، ١٩٨، ٢٣٤، ٢٥٦ .

٢٢- ترزی باشی - کرکوک شاعرلری - جـ/ ٢ - ص/ ١٨٣ - ١٨٤ .

بەندی دووەم

# پلەی شاعیرێتی و ڕۆشنبیریی شێخ ڕەزا

هەر لە سەرەتای ئەم باسەدا، دەبینین گەلێک کەسی سەردەمی شێخ ڕەزا و دوای ئەو، باسی شاعیرێتیان کردووە و دانیان بەوەدا ناوە کە کەڵەشاعیرێکی زۆر گەورە بووە. یەکێکی وەکو (مەنفی)ی شاعیری هاوچەرخ و دۆستی شێخ، کە لە جێیەکی تری ئەم کتێبەشدا باسمان لێوە کردووە، دان بەوەدا دەنێ کە شاعیرێکی گەورەیە و بە (ڕەئیس – سەرۆکی) شاعیرانی دادەنێ و دەڵێ:

گەر (ڕەئیسی شاعیران) ڕوخسەت بداتن کافییە
کێـ.. (مەنفی) قوو... دڕێنی دوژمن و ئەعدا ئەبێ![١]

هەروەها دوای ئەو سەردەمەی خۆی.. هیجری دەدەی گەورە شاعیری کەرکووکی دەڵێ:

الحق كە (رئیس الشعراء) شێخ رضادر
هجری شوزم أما أثری قابلە بكزر[٢]

واتە: بەڕاستی (سەرۆکی شاعیران) شێخ ڕەزایە، ئەی (هیجری)، قسەکانم لە قسەی (قابیل) دەچێ[٣].

لەبارەی شێخ ڕەزاوە (ئەمین فەیزی)ی برادەر و دۆستی نزیکی شێخ دەڵێ: شیعری شێخ ڕەزا، ئەوەڵەن وەهبی و فیتری بوو، سانییەن کەسبی.

لە چوار لیساندا شاعیر بوو، بیلخاسە ئەشعاری کوردییەی هەموو عیبارەتە لە فەساحەت و بەلاغەت، لە نیکاتی دەقیقە و زەرافەت و سیعەتی قەریحە و مەعلوماتی خاریجی تەقدیرە[٤].

حاجی قادری کۆیی، کە باسی شاعیرانی کورد دەکا دەڵێ:

سالم و مەشوی، (شێخ ڕەزا) و خەستە
شاعیرن، هەر چواری.. بەرجەستە[٥]

هەروەها لە دیوانی حاجی قادردا ئەم دوو دێرە شیعرەی خوارەوەمان بەرچاو دەکەوێ:

ماهی میهری من لە دەرگا هاتە ژوور
ماتەم و شین و خەمی کردم بەسوور
کورت و کرمانجی کە گرتم بەڕەزا
خستم و باقی وەکو بەیتی ڕەزا[٦]

هەروەها مەلا سابیر دەڵێ:

شێخ ڕەزای بە زگماک شاعیر، بە زیرەکی و ئەو توانایەی لە دەمودەست گوتنی شیعرەوە ناوبانگی دەرکردووە و..هتد[٧]

دیسانەوە هیجری دەدە دەڵێ: خاوەنی توانایەکی شیعریی زگماک بوو، کە (ناسرودین شا)ی قاجاری شای ئێران، چووەتە ئەستەمبووڵ بۆ گەڕان. شێخ ڕەزا بینیویەتی و لە کاتی پێکگەیشتندا، ئەم هەڵبەستەی خوارەوەی هەر هەمووی بۆ خوێندووەتەوە کە دەڵێ:

نور مە أزنور مهر و نورشە از خویشتن
در حقیقت فرق بسیارست شاه و ماهرا..

مامۆستا تا دوا پلە سروشتی داشۆردن و زمانی ئاگربارێنی لە شمشێری برندە تیژتر و، گەلێک لە میرەکانی سەردەمی خۆی داشۆردووە و هەڕەشەی لێ کردوون و پاداشتی لێ وەردەگرتن، وەکو لە نیوە دێرێکی خۆیدا دەڵێ:

رضای تالبانی بر قضای ناگهانیدر[٨]

مامۆستا، بە عەرەبی و فارسی و کوردی و تورکی، واتە بەو چوار زمانە شیعر دەڵێ و هۆنراوەکانی ئێجگار رەوان و وەستایانە و ئاودارە و زۆربەی هونەرە شیعرییەکان و (سیحری حەڵاڵ) و (ئیعجاز)ی بەکار دەهێنا[٩].

شێخ حوسامودین دەڵێ: هەروەکو لە زانستەکانی (فیقه) و رێزمان و (صرف) واتە گەردانکردن، لۆجیک (مەنتیق) و (بەیان) و (بەدیع)دا مامۆستا بوو و توانایەکی تەواوی هەبوو، لە زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی و کوردی و (هەندێک زمانی تردا)[١٠] زۆر چاک و بێ وێنە و نموونە بوو[١١].

بەو هەموو توانایەوە. رۆشنبیرییەکی تەواوی لە شیعر و ئەدەبیاتی کورد و نەتەوە دراوسێکاندا هەبووە و، لە شیعری کوردیدا بە دوو شێوە زمانی (کرمانجی خواروو و گۆران) شیعری وتووە و لەبارەی شیعری کوردییەوە دەڵێن: جارێ لە شاعیری بەناوبانگ شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەپرسێ و دەڵێ؛ «گەورەترینی شاعیرە کۆنەکان کێیە؟. شێخ لە وەڵامدا دەڵێ: ئەگەر شاعیرە کۆنەکان هەموو زیندوو بوونایە، هەریەکە رۆژی جارێک سەرم لێ دەدان، بەڵام «کوردی»[١٢] رۆژی پێنج جار..[١٣].

شێخ ڕەزا کە شیعرێکی (کوردی)ی شاعیری کردووەتە پێنج خشتەکی، بێگومان ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو شاعیرەی بەدڵ بووە[١٤].

لە شیعری فارسیشدا شیعری (حافظ – حافزی شیرازی)ی شاعیری مەزنی فارس کردووەتە پێنج خشتەکی[١٥]. هەروەها لە شیعرێکیدا کە بۆ مستەفا ذهمی پاشای بابان (١٨٥٠ – ١٩٢٩ی. ز)ی[١٦] نووسیوە (معارضە – لەسەر شێوەی ئەو نووسین)ی شیعری (ئەنوەری)ی کردووە.[١٧]

وەکو مامۆستا (سەجادی) دەڵێ: شانامەی فیردەوسی گەلێ جار ئەمدیو و ئەودیو کردووە[١٨].

هەروەها، بۆ پێشاندانی پلەی بەرزی شاعیرێتی، بەراوردێکی لە نێوان شیعری شێخ ڕەزا و (خاقانی)ی شاعیری گەورەی فارس و (بوحتوری)ی گەورەی عەرەبی سەدەی سێیەمی کۆچی و (مەولانا خالیدی)ی کردووە. شیعرە فارسییەکەی شێخ ڕەزای هێناوەتەوە کە دەڵێ:

شکافی کەبینی دەر ئەیوان کسرا
دەهانیست گوید بەقانیست کسرا

واتە: ئەو قەڵشاوییە کە لە تاقی کیسرادا چاوت پێی دەکەوێ، ئەوە دەمێکە، دەمی کردووەتەوە دەڵێ مانەوە بۆ کەس نییە.

ئینجا دوو دێری سەرەتا و کۆتاییی شیعرە (٥١) دێرییەکەی بوحتوری و شیعرە (٤٢) دێرییەکەی خاقانیی هێناوەتەوە و دەڵێ: بەڵام ئەگەر ئێمە بە چاوێکی وردبینەوە لەو تاقە شیعرەی شێخ ڕەزا وردبببینەوە، دەبینین، لەبارەی عیلمی بەلاغە و بەیاندا لەوانەیە هینەکەی ئەم بەرزتر و پڕمەعناتر بێ، بۆیەش وایە، چونکە ئجازەکەی گەیاندووەتە ئەوپەڕی، تەنیا (دە) وشەی تێدا خەرج کردووە کەچی بەلاغە و فەلسەفەکەی ئەوانی گرتووەتەوە..

هەرچەندە لەم ڕووەوە مەولانا خالیدیش دەڵێ:

چەشم عـــبـــرەت بەرگـــوشـــاو تاق کـــســـرا راببین
پەردە دارەش عەنکەبوت و جوغد نەوبەت زەن بوەد!

واتە: چاوێکی عیبرەت هەڵبڕە و تەماشایەکی تاقی کیسرا بکە، سەیر دەکەی جاڵجاڵۆکە پەردەدارە و کونەبەبوو نۆبەتچی!، بەڵام لەوانەیە ئەگەر شوێنی (خاقانی) نەکەوتبێ، زەینیان یەکی گرتووە، (لەگەڵ ئەوەش هەر هینەکەی شێخ ڕەزا دوورنییە بەرزتربێ، چونکە لە فەلسەفەی مەعناکە و ڕێکخستنی عیبارەتەکە، کەسی لێ پێش نەکەوتووە. ئەوەندە هەیە ئەگەر ئەوە کوردی بوایە سەد ئەوەندەی تر پایەی شێخ ڕەزای بەرز دەکردەوە[١٩].

لە پەڕاوێزی ئەم شیعرەدا (شێخ عەلی تاڵەبانی)ی کۆکەرەوەو لە چاپدەری دیوانی چاپی ١٩٤٦دا نووسیویەتی دەڵێ: ڕۆژێ لە مەجلیسی شاعیری عێراقی (مەعروف ئەلرەسافی)، باسی ئەم شیعرە کرا و برادەری عەزیزم (فەتحوڵڵا ئەسعەد) لەوێ دەبێ، مەعنای ئەم شیعرەی بۆ بەیان دەکا، رەسافی زۆر پەسەندی دەکا و بۆ ڕۆژی دوایی بەم دوو بەیتە کردی بە عەرەبی:

ان هذا الايوان ايوان كسرا
دكـه الدهر بالخطوب وهده
وهو يحكى انفتاح ثغر نذير
صائح البقاء لله وحده[٢٠]

هەروەها لە پەڕاوێزی شیعرە شەش پارچەییەکەی (عەلی ئەسغەر حیکمەت)ی فارسدا کە بە ناوی (کەناری دیجلە - کنار دجلە)وە بڵاو کراوەتەوە و لە بارەی ئەم دێرە شیعرەییەوە کە دەڵێ:

بنگر بمدائن تو یکی طاق شکستە

از گردش گردون خطا پیشەء خائن

نووسراوە دەڵێ: واتای ئەمە، شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانیی کوردمان بە بیردا دەهێنێتەوە[٢١].

بەم جۆرە دەبینین کە شێخ ڕەزا توانایەکی تەواوی لە (فارسی و ئەدەبیاتیدا بووە). بەشێوەیەک کە یەکێکی وەکو (عەتائولڵا ئەلخەتیب - ی کوڕی محەمەد جەمیل عەبدولقادر کە لە (٢٢ی/ک٢ / ١٩٢٩دا لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە- عطاء اللّه الخطیب)ی شاعیر و زانا و موفتیی بەغدا- فارسی لە لای شێخ ڕەزادا خوێندووە[٢٢].

ئەم (عەتائو)یە، ئەوەیە کە (وەکو لە بەشێکی تری ئەم کتێبەدا باس کراوە)، شیعرەکانی داشۆردنی شێخ ڕەزا و بەرامبەرەکانی کە لەگەڵ (ڕەسافی و زەهاوی)دا بووە، لە لای خۆی کۆی کردوونەتەوە[٢٣].

لە شیعری کوردیشدا، دیارە شێخ ڕەزا سوارچاکی گۆڕەپانی سەردەمی خۆی بووە، هەروەکو لە چوار زمانی (عەرەبی و تورکی و فارسی و کوردیدا) شاعیرێکی ناسراو بووە، لە کوردیدا بە زمان پاراوترینی شاعیران ژمێردراوە و[٢٤] کەسێک لە شاعیران نەیتوانیوە خۆی لە ڕەوانبێژی و بەهرە و بیرڕوونی و قسەی بە کرۆک و داهێناندا لە شێخ ڕەزا بدات[٢٥].

مامۆستا سەجادی دەڵێ: لە شیعرەکانیا - بەشی کوردییەکەی - ناتوانیت بڕە شیعرێک ببینیتەوە کە ڕێچکەی یەکێکی تری گرتبێ. بەتایبەتی کە دێتە سەرباسی زەم و قسە پێ وتن. یەکەمین شاعیرێکی کوردە و کەس نەیتوانیوە لە دۆزینەوەی شتی وردی جنێو و قسە پێ وتندا بیگاتێ[٢٦].

شەیخولئیسلامی پێشووتر، ئیبراهیم حەقی ئەفەندی حەیدەری زادە[٢٧].

لەو وتارەیدا کە لە بارەی سەرگوزەشتی شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانییەوە نووسیویەتی: دەڵێ:[٢٨]

شێخ ڕەزا، شاعیرێکی بەناوبانگ، یەکێکە لە کوڕەکانی (واتە کوڕەکانی شێخ عەبدوڕەحمان).. ئەم شێخ ڕەزایەی کە توانیویەتی بە سەرکەوتوویی، توانای شاعیرانەی مامۆستایانی وەکو (نەفعی)،[٢٩] لە زمانی عوسمانی (واتە تورکیی سەردەمی عوسمانی) و فیردەوسی و قائانی لە فارسیدا و لە بەرهەمەکانی خۆیدا بنوێنێ[٣٠].

لە (دیاری کوردستان)دا نووسراوە: لە ئەستەمبووڵ لە گەلێ مەحافیل و مەجالیسدا، بە زەکا و قودرەت، لیسانی حازیروونی (ئامادبووان)ی مات و مەبهووت کردووە.

یەکێ لەمانە (نامق کەمال) بەگی مەشهوورە، شێخ ڕەزا بە چوار زبان شیعری هەیە، فەساحەت و بەلاغەتی، زەرافەت و قودرەتی خاریجی تەعریفە[٣١].

(ئیبراهیم ئەلدوروبی)یش کە باسی شاعیرانی بەغدا و شێخ ڕەزا دەکا، دەڵێ: لەمانە مامۆستای گەورە و زانای بەرز، شاعیری ناسراو و پسپۆڕی ئەدەبی عەرەب و تورک و فورس و کورد، (ئەبوعەبدولا - شێخ ڕەزای تاڵەبانییە)، کە ئەم زاتە، لە شاعیرە بەناوبانگەکانی بەغدا و ئەدیبە هەڵبژاردەکان و زانا ناسراوەکانی بوو، شیعری زۆری دەگوت و لەگەڵ چاک وتنیشیدا، وشەی ڕێک و بەرزی واتا و خەیاڵ و قووڵی بیر و داهێنانی بەکار دەهێنا[٣٢].

هەروەها لە زمانی عەرەبیشدا، دەستێکی باڵا و زانیارییەکی چاکی بووە.

ئەمەشیان (وەکو نموونە) لەو باسەدا دەردەکەوێ کە «جارێکیان شێخ ڕەزا لە کۆڕی شێخ عەلی کاکییا دادەنیشێ، لە بەغدا، کە پڕ دەبێ لە مەلا و خوێندەواری بەرز، بەڕێککەوت شێخ عەلی ئەم فەرموودەی پێغەمبەر دەخوێنێتەوە کە دەفەرمووێ:

«دع ما یریبك الی مالا یریبك»

واتە: کارێک مەکە کە گومانت تیابێ، کارێک بکە کە گومانت تیا نەبێ.
یەکێک لە مەلاکانی بەغدا دەڵێ: یا شێخ «یریب» بخوێنەوە بەسەر نەک بەبۆر، چونکە ثولاثی (کرداری لە بنەڕەتدا لە سێ پیت پێک هاتوو)ی موجەڕەدە، لە بابی دووەم، شێخ ڕەزاش کوتوپڕ قسەکەی دەباتە دواوە و، لە وەرامیا ئەم ئایەتە دەخوێنێتەوە، دەڵێ: «إنکم لفی شک مریب» واتە، ئێوە لە گومانان کە دەڵێن: «أراب یریب» نەهاتووە، بەڵکو هاتووە، وەک لە وشەی (مریب)ەوە دەردەکەوێ لەم ئایەتەدا کە (ئیسمی فاعیل)ە «أراب یریب»وە(٣٣).

*

شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە گەلێک شوێندا وردەکارییەکی تەواوی نواندووە. کاک (عومەر تۆفیق) کە باسی ئەم شیعرەی شێخ ڕەزا دەکا کە دەڵێ:

(سەرو) و (نەی) چین کە لەگەڵ قامەتی تۆ بێنە نە بەرد
شەکەری خواردووە (نەی) (سەرو) سەری داوە لەبەرد
گەر دەلیلی وەکو نوختەی (دەهەنت) نەبوایە
منیش ئینکارم ئەکرد وەک حوکەما، (جەوهەری فەرد)
لێی دەپاڕێمەوە ئەی ڕۆحی ڕەوانم توخوا
چییە دەرمانی دڵم، پێم دەڵێ، لاچۆ، دڵە دەرد(٣٤)

باسێکی مێژوویی (جەوهەر فەرد) دەکات و بەچڕوپڕی.. (بەڵام) بەکورتی باسەکە دەکات و ئینجا دێری دووەمی ئەم شیعرەی شێخ ڕەزایە دەکاتە بەڵگەی ئەوەی کە شێخ ڕەزا پشتگیریی تیووری (جەوهەری فەرد) دەکا کە بەڕستەی (کاک عومەر) خۆی دەڵێ:

(٥٠٠ ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح، فەیلەسووفی یۆنانی – دیموکریت – وتوویەتی: هەموو شتێک لەم جیهانەدا دەبێ پێک هاتبێ لە گەوهەری بنەڕەتی وەک (ئەتۆم) بەمانا (الجوهر الفرد)، واتە ئەو بەشەی کە ئیتر دابەش ناکرێ و ئێمەش ئەمڕۆ ئەم وشەیە بەکار دێنین بۆ بچووکترین خشت کە لە بنەڕەتدا ئەم گەردوونەی لێی پێک هاتووە، واتە (ئەتۆم).. کە شێخ ڕەزا بچووکیی دەمی

دڵدارەکەی پێ دەسەلمێنێ، واتە شتێک نییە لە جیهاندا بە ئەندازەی ئەو دەمە بچووک بێت.)[٣٥]

بەلای منەوە، شێخ ڕەزا کە (وەکو شیعر!) زاراوەی (جەوهەری فەرد)ی لە زانینەوەو لە جێی خۆیدا هێناوەتەوە، کە بەوردەکارییەکی جوانەوە زیادەڕەویی ئەندێشەی شیعری پێ پێک هێناوە و بەڵگەیەکی ترە کە شێخ ڕەزا شارەزایییەکی چاکی لەو جۆرە رۆشنبیرییانەشدا هەبووە، بەڵام من لەو بڕوایەدا نیم کە شێخ ڕەزا بەم قسەیەی، هەڵوێستێکی راست و رەوان و ئاشکرای بەرامبەر بەو تیۆرییە، لەم شیعرەدا دەربڕیبێ، بگرە تەنیا بۆ لێکچوواندنێکی شاعیرانە و بۆ خزمەتکردنی ئەو شیعرە و هونەرەکەی ئەوەی هێناوەتەوە.

کاک (ترووسکە. م)یش کە لەبارەی ئەو تاکە دێرە شیعرەوە دەدوێ کە شێخ تێیدا دەڵێ:

مومکین نییە ئیدراکی حەقائیق بەتەواوی
مومکین نییە ئیدراکی نەکا زهنی زەهاوی[٣٦]

کاک (ترووسکە. م) زیرەکانە مەسەلەکەی بەستووەتەوە بەو بیرەی کە دەڵێ: جیهان ملکەچی چەند یاسایێکە و، زانینی ئەم یاسایانە لە توانادایە، جیهان مەوزووعی ماتەرییە، (شتەکان لە خۆیاندا) هەن، ئەو بیرەی دەڵێت (شتەکان لە خۆیاندان!) و ناتوانرێت بزانرێن پووچە.. ئینجا دەڵێ: بابەتی زانیاری دیاری نەکراوە (دیاری نەکراوە لە قووڵیدا) و عەمەلییەتی (کردەوەی) زانیاری دیاری نەکراو.. لە ئاکارێکەوە بۆ ئاکارێکی قووڵتر دەگوێزرێتەوە. بیری مرۆڤ توانای گەیشتنی بە زانیاری مەوزووعی هەیە، کە شێخ ڕەزا بە (حەقائق) ناوی دەبات. ئەم مەسەلەیەش تەنیا تیووری نییە بەڵکو پراکتیکیشە[٣٧].

لێرەدا (لەم کتێبەدا) کە نەخشییەکم بۆ خۆم کێشاوە کە زۆر لێی نەیێمە دەرەوە!! مەبەستیشم نییە بە دوور و درێژی (ئەگەر دەرەقەتیشی بێم!) لێرەدا خۆم لەو باسە بدەم. تەنیا هەوڵی روونکردنەوەی بیری شێخ ڕەزا دەدەم و

بەس.. جا.. مەسەلەی، کە (شتەکان لە خۆیاندا هەن.. یان نا) باس ناکەم، بەڵام بەوەندەی کە لە شیعر و هەڵسوکەوت و رەوشتی شێخ ڕەزا تێ دەگەین، ئەوەیە کە شێخ ڕەزا بڕوای بە ئاینی ئیسلام و شێخایەتیش بووە و، بڕوایەکی پتەویش، لەبەر ئەوە دەبێ شێخ ڕەزا ئەوەی رەت کردبێتەوە کە (شتەکان لە خۆیاندا هەن)!. ئینجا مەسەلەی (جیهان ملکەچی چەند یاسایێکە و زانینی ئەم یاسایانە لە توانادایە – جیهان مەوزووعی ماتەرییە).. لە دەرەتانێکی تەسکدا ئەمە وایە و تەنانەت لایەنی کە دەڵێین جیهان.. تا ئێستا کەس نەیتوانیوە بیسەلمێنێ کە (جیهان تەنیا ماتەرییە و.. بەس! با بەلایەنی ماتەرییەکانەوە لایەکەی تریشی پێوەندیی بە ماتەریالەوە هەبێ، بەڵام ئەی بۆچوونەکەی تر؟).. ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە.. بەپێی هەردوو بۆچوونەکە، کەس لەوە نەگرتووە کە مرۆڤ هەوڵی زانینی (بابەتێکی دەستنیشانکراوی ماتەریی مەوزووعی) بدات و تێی بگا، بەڵام مەسەلەکە، پەل بۆ لایەنەکەی تری (جگە لە لایەنە ماتەرییە مەوزووعییەکە)ش دەهاوێ و تەنانەت لەم (جیهان)ە و ئەستێرەکان و گەردوون بەگشتی و ئەولاتر و ئەولاتریش تێ دەپەڕێ. بۆیە دەڵێم: شێخ ڕەزا لەگەڵ ئەوەدایە کە دەڵێ:

مومکین نییە ئیدراکی حەقائیق (بەتەواوی)

وەکی تر کە دەڵێ: مومکین نییە ئیدراکی نەکا زهنی زەهاوی، زیادەڕەوی و زلکردنەوەی شیعرییە، کە بەو وێنەیە پایە و پلەی (موفتی زەهاوی)مان بۆ دەردەخا کە (زهنی زەهاوی) لە بەرزترین پلەدایە. دیسانەوە دەگەڕێمەوە و دەڵێم: سەرنجێکی ورد و قووڵ و تێگەیشتنی دێرە شیعرەکە، ئەوەشمان پێ رادەگەیەنێ کە ئەم یاسایەی کە دەڵێ: (مومکین نییە ئیدراکی حەقائیق بەتەواوی)یە.. زهنی زەهاوی مومکین نییە (ئەم یاسایە) ئیدراک نەکا.

بۆ دوا جار دەڵێم: کاک (ترووسکە. م) کە بەم جۆرە شێخ ڕەزا دەخاتە خانەیەکەوە و ئەم باسە دەکا کە رۆشنبیری و خوێندەواریی بەرزی شێخ ڕەزامان بۆ دەسەلمێنێ، کە تەنانەت لە جێی خۆیدا بەکارهێنانی ئەم زاراوە (مەنتیقی) – یان – (فەلسەفی)یانە، بەڵگەی خوێندەوارییەتی، کەچی دیسان

گەڕاوەتەوە و دەڵێ: شێخ ڕەزا خوێندەوارێکی بەرز نەبووە، بەڵام مرۆڤێکی نەدار و بێ دەرامەت بووە و، لە ژێر باری چەوساندنەوەیەکی زۆردا بووە، لەبەر ئەمە لە قوتابخانەی گەل دەرچووە و هەر لەلای ئەوانیش خوێندوویەتی، جا ئەم وتانەی لە ژان و ئازارەکانییەوە هەڵقوڵاون و بەرهەمی واقیعەکەیین(۳۸).

*

شێخ ڕەزا شاعیرێک بووە، وەکو لە هەندێک بەشی تری ئەم کتێبەدا بۆمان دەردەکەوێ، زۆر شیعری دەمودەس گوتووە و زۆری نەنووسراوەتەوە و لە دەس چووە. نموونەی هەندێک لەوانە کە دەمودەس گوتراوە و نووسراوەتەوە، لەبەردەستماندایە و بڵاو کراوەتەوە. لەوانە، ئەو باسەی کە لە دەعوەتی (ئەحمەد پاشای بابان – ی دوا پاشای میرنشینی بابان)دا شێخ ڕەزا شیعری بۆ (شروانی زادەی بەغدایی) وتووە دەڵێ:

رایت عدل بر فراشت زنو، شروانی
افرین باد برین شیوەی، نوشیروانی

واتە: بەیداخی دادی سەرلەنوێ هەڵدا شیروانی، ئافەرین بێ لەو شێوەی نەوشیروانییە(۳۹).

هەروەها شێخ ڕەزا کە گوێی لە دەنگوباسی تەقینەوەی بۆمبا دەبێ، کە لە ۱۹۰۵دا لە کۆشکی (یلدز)دا بۆ سوڵتان عەبدولحەمید دانراوە، دەمودەست دەڵێ:

نەدییم حکم خدادر، هو یحیی و یمیت
یوقسە مقصودیمیزی حاصل ایدردی دینامیت

واتە: بڵێم چی فەرمانی خوایە، خۆی دەژیێنێت و خۆی دەمرێنێ، ئەگەرنا (دینامێت) ویست و مەبەستی دەهێنایە جێ.

هەرکە دێرەکە دەخوێنێتەوە، ئەمین فەیزی بە گاڵتەوە دەڵێ: ئەگەر پاشا گوێی لێ بێ، بۆ جێیەکی زۆر دوور، دوورت دەخاتەوە. شێخ یەکسەر بادەداتەوە و دێرەکە دەئاخنێتە ناو ئەم قاڵبەوە و دەڵێ:

جـملـەنک حـافظی حـقـدر (هـو یحـیی ویمیت)
پادشـــاه ظل خـدادر أونـه نەیلر دینامـــیت[٤٠].

واتە: پارێزەری هـەمـووان خـوایە، خـۆی دەژیێنێت و خـۆی دەمـرێنێ، پاشـا سێبەری خوایە، دینامیت چی لێ دەکا[٤١].

هـەروەها ئەو باسـەی کە دەگێڕدرێتـەوە، شێخ عـەبدولقادر (فـائض – فائـیز) (١٢٥٠ – ١٣١٥ی کـۆچی)ی برا گـەورەی شـێخ ڕەزا کـە خـواپـەرست و شاعیرێکی زۆر گەورە بووە[٤٢]. رۆژێ دێرە شیعرێکی بۆ دێ کە دەڵێ:

می أو می ساقی أو ساقی حالت أول حالت دگل

واتە: مەی ئـەو مەیەیە و مەیگێڕ ئەو مەیگێڕەیە و باری گیانیی.. ئەو بارەی جاران نییە.

بەڵام نیوەکەی تری بۆ تەواو ناکرێ، کە باسەکە بۆ شێخ ڕەزا دەگێڕێتەوە، شێخ ڕەزا یەکسـەر بەم جۆرە بۆی تەواو دەکا:

گوت أو گوت تفرک أو تفرک الت أول الت دگل

واتە: قیـ... ئەو قیـ...ەیە و تفـەکـە هـەر ئەو تفـەیە، ئـامـێـر (مـێکوت)ەکـە ئەو ئـامـێرەی جـاران نـییـە.. شـێخ قـادریش یەکسـەر، گـۆزەیەکی لـێ بووە، هـەڵی دەگـرێ و دەیکێـشێ بەسـەری شـێـخ ڕەزادا و سـەری دەشکێنـێ. شـێخ ڕەزا رادەکات و خـۆی دەخاتە ژووری برا گەورەی. کە شـێخ عەلی لێی دەپرسێتەوە، شێخ ڕەزا دەڵێ: یا شێخ قادرە بۆزە، سەرمی شکاند بەگۆزە[٤٣].

لە شـیـعری عـەرەبیشـدا هـەر مـامـۆسـتـا خـاڵ بۆمـانی دەگێڕێتەوە و دەڵێ: دەگـێـڕنەوە جـارێکیـان شـێخ ڕەزا لای نـەقیـبی بەغـدا دادەنیـشێ و (مـفـتی یووسف عطا)ش لەوێ دەبێ، مـفتی دەست دەکا بە باسی شاعیری بەناوبانگ (ابن الفـارض) و زۆر هـەڵی دەدا و بەرزی دەکاتـەوە، شێخ ڕەزاش لەمـە دڵگیر دەبێ، بە مـفـتی دەڵێ: ئا شـیـعرێکی (ابن الفـارض) بخـوێنـەرەوە. بزانم ئەمـە چییە وا تۆ ئەوەندەی پیا هەڵدەخوێنیت؟ ئەویش ئەم شیعرەی بەلاوە زۆر جوان دەبێ لە شیعرەکانی (ابن الفارض)، دەیخوێنێتەوە ئەڵێ:

تـه دلالا فــأنت اهـل لذاكــا

وتحكم فـالحسن قد اعطاكا

شـێخ ڕەزاش کتـوپڕ خـۆی بۆ مفـتی حەواڵـە دەکا، لەم سـەرەوە بۆی لە زیوی تف دەگـــرێ و دەیداتـێ و لـەوســـەرەوە بە ئاڵتـــوون کـــراویی بـە گـــوو لێـی وەردەگرێتەوە و لەسەر عەینی وەزن (کێش) و قافیە (سەروا) دەڵێ:

خـذه منـی مـفـضـضـا بـبـذاق

واعطـنيــه مـذهـبـا بـخــراكــا

(یووسف عەتا) لێی رادەپەڕێ، بەخۆی و باستوونەکەیەوە کە لێی بدا... شێخ هـەڵدەسـێ و دەرباز دەبێ و دەڕوا[٤٤].

*

دیارە شـێخ ڕەزا هـەر لە سـەرەتاوە بە شـاعیرێتی خۆی زانیوە و لە شـیعریدا زۆر شـانازی بەخـۆیەوە کـردووە. بۆ وێنە، بڕوانە چۆن خـۆی بە یەکـە شـاعـیری جیهان دەزانێ:

وەک (لامـیع)ی شـاعـیـر نیـیـە ئێـسـتـە، لە جـیـهـانـدا

شـیـرین سـوخـەن و قـابیل و خـۆش تەبع و ڕەزا سـووک[٤٥]

لە شـیـعرێکی تردا بەخۆیدا هـەڵدەڵێ و شـیـعرەکـە ئاراسـتەی کەسـێک دەکات و پێی دەڵێ:

شـێخ ڕەزام و بە فـەسـاحـەت لە جـیـهـانـدا مـەشـهـوور

پســـــەری پـیـــری نـەزەر کـــــردەی قـــــوتبی لاهـوور

شـیـعـری من وەهـبـییـە، کـەسـبی نیـیـە، هـوشـیـارەوەبە

خـۆت لە من لادە لە سـۆراخی قیـ..... بم مـەخـمـوور[٤٦]

شـــێخ ڕەزا وا بەنـاوبانـگ بووە، کـــە یەکـــێکی وەکـــو (پیـــرەمـــێـــرد)ی کـەڵەشـاعـیرمـان باسی دەکـات و دەڵێ: جـارێک لە کـێوی قـافـەوە دەچوومـە ئەسـتـەمـبـووڵ، لە باتوومـەوە سـواری کـەشـتی بووم، حـەکـیم باشی و مـەلیکوشـوعـەرای شـیـرازی تێـدا بوو، کـەوتینە یەک پرسـی، وتم خـەڵکی

سلێمانیم. وتی ئەو خاکە کە ساحێبی قەسیدەی شەبی یەڵدای (سالم) و قەسیدەی شاه و ماهی (شێخ ڕەزا)ی تێدا هەڵکەوتووە؟[٤٧].

عەبدولقادر قەرەخانی (تورک)یش دەڵێ: دوای سەردەمی (تەنزیمات)، مامۆستای داشۆردن و گاڵتەجاڕییش پێگەیشتن، وەستاترینیان لە ریزی پێشەوەی بابەتی (ساتیریک)دا کەسانی وەکو زیا پاشا، (ڕەزای تاڵەبانی) و فازڵ پاشا بووە.. هتد)[٤٨] تەنانەت لەلای خۆشماندا کە باسی شاعیرێتی شاعیری تریش دەکرێ، بە شێخ ڕەزاوە بەراورد کراوە. مامۆستا مەسعوود محەمەد کە باسی کەیفی دەکا، دەڵێ: دەبێ لە بیر نەکەین کەوا کەیفیش بەڕادەی شاعیرێتی شێخ ڕەزا شاعیر بووە[٤٩].

هەروەها د. مارف خەزنەدار، باسی (حەمدوون)ی شاعیر دەکا دەڵێ: حەمدوون لە شاعیرییەتیدا گەیشتووەتە پلەی (شێخ ڕەزا). بەو پێنج خشتەکییەی کە لەسەر چوارینێکی (ڕەزا) کردوویەتی[٥٠].

لە دیوانی تاهیر بەگی جافدا. شیعرێک بەرچاومان دەکەوێ کە یەکسەر بۆمان دەردەکەوێ کە ڕێچکەی شیعرێکی شێخ ڕەزای گرتووە و زۆری سەرەتای ئەو شیعرەی شێخ ڕەزای وەرگرتووە کە دەڵێ:

مەربووتە حەیاتم بە سولەیمانی و خاکی
خۆزگەم بە سەگی قاپییەکەی ئەحمەدی کاکی[٥١]

تاهیر بەگیش دەڵێ:

مەربووتە حەیاتم بە بیاریم و دیاری
خۆزگەم بە سەگی قاپییەکەی قوتبی مەداری[٥٢]

*

**پەراوێزەکان:**

١- کەریم شارەزا - کۆیە و شاعیرانی. ل/ ٥٩ .. و پەراوێزی هەر ئەم لاپەڕەیە.

٢- هجری دەدە - جریدة کرکوك - عدد/ ٣٣٠ - ١٩٣٠/١١/٨٢ - ص/ ٣ .

- هەروەها بڕوانە: ترزی باشی - کرکوك شاعرلری - جـ/ ٢ - ص/ ١٣٧ .

٣- محی الدين قابل (١٢٥٠ - ١٣٢٧)هـ له بارەی ئەم شاعیرە بەرزە کەرکوکییەوە،
بڕوانە: ترزی باشی - کرکوك شاعرلری - جـ/ ١ - ص/ ١٥٩ - ١٩٥ .

٤- أمين فيضی - أنجمن أديبانی کورد - چاپی یەکەم - ل/ ٦ .

٥- دیوانی حاجی قادری کۆیی - چاپی هەولێر (چاپی سێیەمین) - ل/ ١٠٦ .

٦- س. پ. - ل/ ٩٩ .. ئەم دێرە پەنجە کێشانە بۆ ئەو شیعرەی شێخ ڕەزا کە دەڵێ:

موختەسەر خۆشە قسە، بردمە مەنزڵگەهی خۆم

گرتم و (خستم و)، لێم بردو، گونم کرد بە چوار

بڕوانە: دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ١٧ .

٧- مـلا صـابر - کـرکـوك شـعـراسـی - کـۆواری (قـارداشلق) بـه تورکی - ژ/ ٥ی ئەیلوولی ١٩٦٥ - ل/ ٢٠.

٨- واتە: ڕەزای تاڵەبانی... قەزا و قەدەرێکی کوتوپڕ روویداوە.

٩- هجری دده - رۆژنامەی (کەرکووک) بە تورکی - ژ/ ٣٣٠ - ٢٨ /ت ٢ / ١٩٣٠.

١٠- لەوانەیە ئەو تاکە دێرە شیعرە فارسییەی شێخ ڕەزا، کە دوو وشەی هیندیی زۆر هونەرمەندانە و هەریەکە و بە دوو واتاوە (هیندی و کوردی) بەکار هێناوە بەڵگەی ئەوەبێ کە زمانی هیندیشی زانیبێ بە تایبەتیش ئەگەر بزانین کە گەلێک هیندی سەر بە ڕێبازی (قادری)ن و هاتوچۆی تەکیە قادرییەکان دەکەن کە شێخ ڕەزاش یەکێکە لەوانەی سەر بەم ڕێبازە کە دەڵێ:

تو کجاو شعر کوجا أی بزی هندستانی

بزبانی پدرت گـو کـه (روتی و پانی)

له پەڕاوێزی شیعرەکەدا نووسراوە: (پانی) بە هیندی ئاوە و (ڕووتی)ش نانە..
بڕوانە: دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ١٩٧ .

١١- الشيخ حسام الدين عمر - الأنفاس الرحمانية - ص/ ٢٥٥ .

١٢- مەبەست (مستەفا بەگی کوردی)ی شاعیرە.

١٣- کوردی و مەریوانی - دیوانی کوردی - ١٩٣١ .ل/د- سەرگذشتەی کوردی.

- سەجادی - مێژووی ئەدەبی کوردی - چاپی دووەم - ل/ ٣٣٠ .

- دیوانی کوردی - چاپی گیوی موکریانی - ل/ ٨ .

١٤- دیوانی شێخ ڕەزا - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ٥٧ - ٥٨ .

١٥- بۆ نموونە بڕوانە دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ١١ - ١٢و ل/ ٩٦ - ٩٧ و ل/ ١٠١ - ١٠٢و ل/ ١٣٢ - ١٣٣ .

هەروەها شیعری (مەسیح)ی شاعیریشی کردووەتە پێنج خشتەکی. بڕوانە هەر ئەو سەرچاوەیە.. ل/ ١٢١ - ١٢٢ .

١٦- بڕوانە: ئەحمەد تاقانە - مستەفا پاشای بابان - کۆواری ڕەنگین - ژ/ ١٠٨ ک٢ - ١٩٩٨ - ل/ ٢١ .

هەروەها بڕوانە: محمد أمين زكي - تأريخ السليمانية و أنحائها - ص/ ٢٩٢ .

١٧- دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ١٣٠ - ١٣٢ .

١٨- سەجادی - مێژووی ئەدەبی کوردی - ل/ ٣٧٨ .

١٩- س. پ - ل/ ٣٩٤ - ٣٩٦ .

٢٠- دیوانی شێخ ڕەزا - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ١٩٢ و پەڕاوێزی لاپەڕەکە.

- ترزی باشی - کرکوک شاعرلری - جـ/ ٢ - ل/ ١٨٠ .

بۆ شیعرەکەی (ڕەسافی) بڕوانە:

- دیوان الرصافی - الجزء الخامس - ١٩٧٧ - ص/ ٤٧٦ .

٢١- کۆواری (میهر) بە فارسی - ژ/ ٧ - ساڵی هەشتەم/ ١٣٣١ - پەڕاوێزی ژمارە/ ١٨ی ل/ ٤٠١ - ٤٠٢ .

بۆ تەواوی شیعرەکەی (عەلی ئەسغەر حیکمەت) بڕوانە ل/ ٣٩١ - ٤٠٥ی ئەم سەرچاوەیە.

٢٢- میری بەسری - أعلام اليقظة الفكرية في العراق الحديث - الجزء الأول - ص/ ٨١ - ٨٢ .

٢٣- أبراهيم الدروبي - البغداديون - أخبارهم و مجالسهم.. ص/ ١٥٦ .

٢٤- عباس العزاوي (المحامي) - تأريخ العراق بين احتلالين الجزء (٨) - ص/ ٢٠٦ و ص/ ٣١٥ .

٢٥- محمد أمين زكي - مشاهير الكرد وكردستان - جـ/ ١ - ص/ ٢٢٤ .

٢٦- سەجادی - مێژووی ئەدەبی کوردی - چاپی دووەم - ل/ ٣٧٨ - ٣٧٩ .

٢٧- ئیبراهیم حەقی ئەفەندی - (لە هەولێردا لە دایک بووە - شەعبانی ١٣٤٩ی کۆچی لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە). بۆ زانستی پتر بڕوانە:

Inal - Son Asir Türk Sairleri - C.1 S-514-516

بۆ (کوردیی) وتاری ناو ئەم سەرچاوەیە، بڕوانە:

رۆژنامەی هاوکاری - ژمارە/ ١٨٩١ - ٧ی شوباتی ١٩٩٤ی زاین، کە (ئەحمەد تاقانە) کردوویەتی بە کوردی.

28- Inal - Son Asir Türk Sairleri - C.2-1478.

کە لە کۆواری (تصوف)ی ژ/ ٤ی ئەستەمبوولەوە وەری گرتووە.

٢٩- نەفعی (عومەر بەگی نەفعی).. محەمەد ئەمین زەکی دەڵێ: لە کوردەکانی (پاسینلر - حسن قلعە)ی ویلایەتی ئەرزەڕۆمی کوردستانی باکورە.

بڕوانە: مشاهیر الکرد وکردستان - جـ/ ٢ - ص/ ٢١٦ .

30- Inal - Son Asir Türk Sairleri - C.2-S.1478.

بۆ کوردی ئەو وتارە بڕوانە: رۆژی کوردستان - ژ/ ٥٣ - ل/ ٥٤ - ٥٨ کە (ئەحمەد تاقانە) کردوویەتی بە کوردی.

٣١- دیاری کوردستان - ساڵی/ ١ - ژ/ ٤- ٢٣ی نیسانی ١٩٢٥ - ل/ ١٠ .

٣٢- ابراهیم الدروبی - البغدادیون ... ل/ ١٥٦ .

٣٣- شێخ محەمەدی خاڵ - دەفتەری کوردەواری - ژ/ ٣ - ل/ ١١٤ - ١١٥ .

٣٤- بۆ شیعرەکە، بڕوانە - دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ١٦ .

٣٥- عمر تۆفیق - وردەکاریی زانستی لە رۆژنامەی ئاسۆ - ژ/ ٩ی شەمە ١٩٨٩/٩/٢٣ی. ز

٣٦- بۆ شیعرەکە. بڕوانە - دیوان چاپی ١٩٤٦ - ل/ ٧٧ .

٣٧- تروسکە. م - شێخ ڕەزا و... رۆژی کوردستان - ژمارە / ١٥ی کانوونی دووەمی - ١٩٧٤ - ل/ ٤١ .

٣٨- س. پ.

٣٩- سەرچاوەی پێشوو - ژ/ ١- ل/ ١٦ .

40- Inal - Son Asir Türk Sairleri - C.2.S 1479.

٤١- بۆ زانیاریی تر بڕوانە: ترزی باشی - کرکوک شاعرلری - جـ/ ٢ - ص/ ٨٣ - ١٢٦ .

٤٢- وا بزانم لە جێی خۆیدایە کە بڵێم، ئەوەندەی من بەدوای شیعری کوردی ئەم

شاعیره گەورەیەدا گەڕاوم، هیچم دەست نەکەوتووە و کەسم نەدیوە شیعری کوردیی لەلابێ. لە کاتێکدا مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس – لە کتێبی (بنەماڵەی زانیاران)یدا دەڵێ: بەزمانی (کوردی) و فارسی و تورکی شیعری هەیە (بەڵام زۆربەی شیعرەکانی بە کوردین).. بڕوانە: مەلا عەبدولکەریمی مودەریس – بنەماڵەی زانیاران – ل/ ٥٩٥ .

هەروەها مامۆستا ج. ب. رۆژبەیانی (واتە: محەمەد جەمیل رۆژبەیانی).

شێخ عەبدولقادری (فائض) و شێخ عەبدولقادری (غولامی) (١٢٧١ – ١٣٠٣)ی کۆچی – کوڕی مور (نور عەلی بابا)ی کردووەتە یەک شاعیر و... ئینجا دەڵێ: (ئێمە هەرچەندە هەڵبەستی (کوردی)مان دەست نەکەوت... هتد).

بڕوانە: ج. ب. رۆژبەیانی – شاعیرانی تاڵەبانی – دەنگی گێتی تازە – بەرگی/ ٢٦ – ل/ ٥٢٢ – ٥٢٤ .

بۆ زانستی پتر لەبارەی (غولامی)یەوە، بڕوانە: ترزی باشی – کرکوک شاعرلری – جـ/ ٢ – ص/ ٣٣ – ٤٤ .

٤٣- مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ، بە هەندێک جیاوازییەوە باسەکەی کردووە.

بڕوانە: دەفتەری کوردەواری – ژ/ ٢ – ل/ ٨٥ – ٨٦ .

– هەروەها – مەلا مستەفای سەفوەت (حاجی مەلا رەسووڵ)یش بەهەندێک جیاوازییەوە باسی کردووە، بەڵام شیعرەکانی بەهەڵە لێکداوەتەوە.

بڕوانە: شانۆی ناوماڵ – ل/ ٩١ – ٩٢ .

٤٤- شێخ محەمەدی خاڵ – دەفتەری کوردەواری – ژ/ ٢ – ل/ ١٧ .

٤٥- دیوان – چاپی ١٩٤٦ – ل/ ٢٩ .

٤٦- دیوان – چاپی ١٩٤٦ – ل/ ٥٩ .

٤٧- بڕوانە: د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ – شێخ ڕەزا – ل/ ١١ کە قسەکانی پیرەمێردی لە رۆژنامەی (ژیان)ی ژمارە/ ٤٤٠ی ساڵی /١٠ی – ٤ی مایسی (١٩٣٥)ەوە وەرگرتووە.

48- S. Karaalioglu- Türk Edebiyati Tarihi- C.2 S.345 .

٤٩- مەسعوود محەمەد – دەفتەری کوردەواری – ب/ ٢ – ل/ ٣١ .

٥٠- د. مارف خەزنەدار – کۆواری کۆلێجی ئەدەبیات – ژ/ ١٩ – ل/ ٢٦ – ٢٧ .

بەڵام مـامـۆسـتـای بەڕێزمـان نازانم چۆن بەهەڵەدا چووە کە ئەو چوارینەیەی بە هی شێخ ڕەزا داناوە، کە هی (مەحوی)ی شاعیری گەورەمانە کە دەڵێ:

شـێـخـێ هەمـەوەندێکی دەدا وەعز و نەسـیـحـەت
ئەو قورِ بەسەرەی دابووە بەر فوحش و فەزیحەت
خـۆش هاتە جـواب و وتـی تۆ حـەقـتـە وەلێ من
قـوتتـاعی تەریقم نەکـو قـوتتـاعی تەریقـەت

بۆ ئـەم چوارینـە بڕوانـە: دیوانی مـەحـوی – لێکدانەوەی مـەلا عـەبدولکەریمی مودەریس و محەمەدی مەلا کەریم – ل/ ٣٣٥ .

٥١– دیوانی شێخ ڕەزا – چاپی ١٩٤٦ – ل/ ٥١ .

٥٢– دیوانی تاهیر بەگی جاف – چاپی سێیەمین – ل/ ٤٨ – ٤٩ .

بەندی سێیەم

## پێوەندیی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بە شاعیرانی سەردەمی خۆیەوە

شێخ ڕەزا وەکو کەڵەشاعیرێکی بەتوانای سەردەمی خۆی، پێوەندییەکی فراوانی بە شاعیرانی سەردەمی خۆیەوە بووە. جا ئەم پێوەندییە، دۆستانە بووبێ یان ناحەزانە، لەبەرئەوەی کە شێخ ڕەزا شاعیرێکی وەکو خۆی دەڵێ (هەججاو) واتە داشۆردن نووس بووە.. بەو پێوەندییانەوە دەست پێدەکەین کە شیعری بۆ هێرشبردنە سەر و داشۆردن و جنێودان بەکار هێناوە.

دیارە شێخ ڕەزا، زگماک، یان لە خوت و خۆڕایی رووی لەو جۆرە شیعرە پڕ لە جنێو و شەڕفرۆشتنە نەکردووە و.. لە هیچە ئەو زمانە ئاگربارێنەی لەلا دروست نەبووە و پەرەی نەسەندووە. هیچ بەڵگەیەکیشمان لە بەردەستدا نییە کە لەسەردەمی ژیانی باوکیدا شیعری لەم جۆرەی گوتبێ. هۆی ئەمەش بە بڕوای من ئەوەیە کە لەو سەردەمەدا خەریکی خوێندن و خۆپێگەیاندن بووە و سەرەڕای ئەوەی کە کاروباریشی رێکوپێک بووە و باوکی چاودێریی کردووە و لەلایەن مووچە و داراییەوە هیچ گیروگرفتێکی نەبووە و لە بارودۆخێکی وەهادا نەبووە کە هەست بە بەشخوراوی و زۆر و ستەم و دژەکارەیی بکات و.

بەڵام دوای گەڕانەوەی لە گەشتی یەکەمی ئەستەمبووڵەوە و مردنی باوکی و تێکچوونی لەگەڵ برا گەورە و کەسوکار و خزم و خوێش، تووشی بارێکی دەروونی ئەوتۆ بووە کە بکەوێتە جوێندان و شیعری گاڵتەجاڕی و داشۆردن گوتن.

یەکسەر بەم دەروونەوە و دوای شەش مانگ لە مردنی باوکی، ساڵی ١٢٧٥ی کۆچی (١٨٥٨ – ١٨٥٩ی زاین) و تێکچوونی نێوانی لەگەڵ برا

گەورەیدا خۆی دەگەیەنێتە کۆیە. کەچی لە کۆیەشدا ناحەوێتەوە و دوای شەش مانگ لە مامی دەتۆرێ و دەگەڕێتەوە کەرکووک. ئا لەم شەش مانگەی کۆیەیدا تووشی هەرای شەڕەشیعری دەبێ لەگەڵ کەیفی جوانڕۆیی[1]. کە هەرایەکی چاکی لێ دەبێتەوە و ئەنجام دەگاتە دەرکردنی کەیفی لە کۆیە و دەربەدەربوونی.

هەراکە لەوەوە پەیدا بووە کە شێخ ڕەزا شیعری پلار و تانە و توانج و جوێناوی وەشاندووە و کەیفیش کە شاعیرێکی چاک بووە، بەسەر ئەم شیعرانەی شێخدا بازی نەداوە و وەڵامی بە شیعری چاک و پڕ لە جنێوی داوەتەوە، تا دەگاتە رادەیەک کە نێوانیان بەتەواوی تێک دەچێ و ئەنجام دەگاتە ئەوەی گەلێک کەس پشتگیری شێخ ڕەزا بکات و کارەساتی دڵتەزێنی وڵات بەجێهێشتن و دەربەدەری شاعیرێکی گەورەی وەکو کەیفی.

جارێکیان شێخ ڕەزا لە دەمەتەقەی شەڕە شیعریدا بەکەیفی دەڵێ:

شاعیر چو تووی لب بلبانت ریدم
وزفرق سرت تا بدهانت ریدم

شێخ ڕەزا شیعرەکانی بە ئیرتیجالی دەڵێ، کەیفیش دەستبەجێ لە جەوابدا دەڵێ:

فرقی نەچنان بود میانی سروکیرم
ای ریدە بەکیرم گذری گوت بگیرم[2]

ئەم شەڕە جوێنەی بەشیعرەیان تەنیا جار نەبووە، بگرە جاری تریش بووە و دووبارەش بووەتەوە[3].

مامۆستا مەسعوود محەمەد باسی ئەو بەزمە و نێوان تێکچوونە بە دوور و درێژییەکی چاک باس دەکا و رووداوەکان دەخاتە بەرچاوان و. پشتگیری مەلا عەبدوڵای جەلیزادە، بەم جۆرە باس دەکات و دەڵێ:

حاجی مەلا عەبدوڵای مامۆستای کەیفی، لەبەر ئەو دۆستایەتییە کۆنەی کە لە میانی جەلیزادان و تاڵەبانیدا هەبووە، بەتایبەتی لەبەر زێدە

خۆشەویستییەکی بەینی حاجی مەلا ئەسعەد و شێخ ئەوڕەحمانی تاڵەبانی، واتە باوکی شێخ ڕەزا سەرەڕای مەقام و دەسەڵاتی تاڵەبانییان و بێ کەسی و بێ نەوایی کەیفی ناچار دەبێ، واتە حاجی مەلا عەبدوڵا، کە روو لە کەیفی گرژ کا و لێی بتۆرێ تا جارێکیان بە لێدان لێشی داوە. ئەوەی لە هەموو کردارێک ناڕەواتر و ناشیرینتر بووە ئەوە بوو کەوا بەچەشنێکی زۆر دوور لە هەموو رەفتارێکی جەوانمەردی هەندێ لە فەقێکانی ئەو دەمە بۆ لایەنگیری شێخ ڕەزا و شکاندنی کەیفی وێنەیێک لە دیواری مزگەوت دەکێشن کە پێویست نییە لێرەدا چۆنیەتییەکەی بنووسین و ئەوپەڕی بێ حورمەتی و سووکایەتی تێدا دەبێ بۆ کەیفی و بوو بە خاتیمەی ریسواکردنی شاعیرێکی وا مەزن. بەدوا ئەوەدا حاجی مەلا عەبدوڵا کەیفی دەرکردووە لە مزگەوت، ئیتر کەیفی بەو رووحی پڕ هەست و هونەرییەوە رووی ئەوەی نامێنێ هیچ ماوەیەک لە کۆیە بمێنێ، بە دڵشکاوی و بارێک مەینەت و ستەمەوە، دەچێتە هەولێر(٤).

کەیفی خۆی لە دێرە شیعرێکیدا ئاماژەی بۆ ئەو وێنە کێشانەی سەر دیوارەدا کردووە کە دەڵێ:

چۆن هەیبەتی بردم لە حوزووری حەزەراتی

چۆن هەیئەتی کردم بەسەرو سوورەتی دیوار(٥)

مامۆستا کەریم شارەزا دەڵێ: حاجی مەلا عەبدوڵای جەلی چۆن پشتگیریی شێخ ڕەزا ناکا کە پێوەندیی بەتینی بە خێزان و بنەماڵەی شێخەوە هەبووە، بزانە لە دوا دێری چامەکەیدا کە بۆ (شێخ عومەری بیارە)ی نووسیوە و(٢١) شیعرە و دەڵێ:

لە پاشی تو خودا بۆ خۆی عەلیمە

لە کەرکووکیش دوعا گۆیی

عەلیمە(٦)

دیارە حاجی عەبدوڵا دۆستایەتی و پێوەندییەکی باشی بە شێخ عەلی و بنەماڵەی تاڵەبانییەوە بووە. شێخ حوسامودین دەڵێ: جەنابی خوالێخۆشبوو

حاجی مەلا عەبدوڵا ئەفەندی جاروبار بۆ کاروبارێک کە دەهاتە کەرکووک لە تەکیەی گەورەدا، دەبووە میوانی شێخ عەلی ئەفەندی کە پێوەندی و ئاشنایەتی کۆنیان لە نێواندا هەبوو[٧].

بەڵام وا دیارە بەلای مامۆستا سەجادییەوە، ئەو لە کۆیە دەرپەڕاندنی کەیفییە، هۆی تریشی هەیە کە دەڵێ: کەیفی دڵخوازێکی بووە لە کۆیە ناوی «هەیبەتی ئایشۆکێ» بووە. سەر و سەودای کەیفی و ئایشۆکێ لە هەموو کۆیەدا بڵاو بووبووەوە، ئەمە تۆزێ ناوی کەیفی زڕنگاندبوو.

دیسان کەیفی لەگەڵ شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا بەینیان تێکئەچێ و لە رقی شێخ ڕەزا کەیفی زەمی ئاغاکانی کۆیە دەکا. ئەم کردەوەیە دەکەنە کارێ کە جێگەی پێ لێژ دەبێ و ئیتر ناتوانێ لە کۆیە دانیشێ[٨].

**دەرچوونی کەیفی لە کۆیە کەی بووە؟**

مامۆستای زانا مەسعوود محەمەد چوونە حەجی حاجی مەلا عەبدوڵای جەلیزادە، لە خزمەت باوکیدا کە (حاجی مەلا ئەسعەدی جەلیزادە)یە – ساڵی ١٢٨٨ی کۆچی (١٨٧١ – ١٨٧٢)ی زاینی و بینینی (کەیفی) یان لە (حەڵەب)دا و ئەو قسەیەی کە دەڵێ: حاجی مەلا عەبدوڵا زۆر جار گوتوویەتی (دوای دوو ساڵ لە ڕۆیشتنی کەیفی، لە حەڵەب چاوم پێی کەوتەوە) بە بەڵگە، لە تەک هەندێک باسی تردا هێناوەتەوە کە کەیفی ساڵی ١٢٨٦ی کۆچی (١٨٦٨ – ١٨٦٩)ی زاین کۆیەی جێ هێشتووە[٩]. لە ئەنجامدا کە دەڵێ:

١– حاجی قادر لە کۆتاییی ساڵی ١٢٧٦ی کۆچی[١٠] لە دێی بێتووش بووە.

٢– کەیفی پێش ١٢٨٠[١١] هاتووەتە کۆیە.

٣– کەیفی لە ١٢٨٦[١٢] لە کۆیە ڕۆییوە.

هەروەها دەڵێ: ئەم سێ مێژووە هیچ گومانێکیان تێدا نییە[١٣].

جا با بێینە سەر بەراوردکردن و لێکدانەوەی ئەو بەڵگانەی کە پێشتر لە ژیانی شێخ ڕەزادا باسی لێوە کرا و لەلای ئێمە (گومانیان تێدا نییە). دەڵێم:

١– وەکو پێشتر بۆمان دەرکەوت، دوای مردنی شێخ عەبدوڕەحمانی باوکی

شـێخ ڕەزا، لە ١٢٧٥ی کـۆچی (١٨٥٨ - ١٨٥٩)ی زاین بە شــە مــانگ، هاتووەتە کۆیە و شەش مانگیش لە کۆیە ماوەتەوە و کۆیەی جێهێشتووە و لە ١٢٧٦ی کـۆچیـدا (١٨٥٩ - ١٨٦٠)ی زاین، گـەڕاوەتەوە کـەرکـووک. ئەمـەش هەر ئەو ساڵەیە کە مامـۆستـا مـەسعـوود دەڵێ: حاجی قادری شــاعـیــر لە دێی بێـتــووش بووە. دوای ئـەم دەرچوونەی شـێخ ڕەزایە لە کۆیەوە، بە دووری دەزانم جارێکی تر بەو شێوەیە گەڕابێتەوە کۆیە. مەگەر بۆ سەردانی دوو سێ ڕۆژە، بەتایبەتی کە لەگەڵ مامە غەفووری مامیشیدا نێوانیان بە تەواوی تێک چووبوو.

جا کە بەزمەکەی کەیفی لەگەڵ شێخ ڕەزادا بووە، بە دووری دەزانم کەیفی دە ســاڵی تری دوای بەزمــەکــە لە کـۆیەدا مــابێـتــەوە. واتـە لە ١٢٧٦ی کۆچییەوە تا ١٢٨٦.

٢- ئەگـەر حـاجی مـەلا عـەبدوڵا سـاڵی ١٢٨٨ی کـۆچیش حـەجی کـردبێ، بە مەرجی نازانم کە حەجی ئەو ساڵەی مەبەست بووبێ کە گوتوویەتی، دوای دوو ساڵ لـە ڕۆیشتنی کـەیفی لە حەڵەب چاوم پێی کەوتەوە، لەو بڕوایەدام کە لەوە پێشتریش حەجی کردووە.

٣- پێشـتریش مامۆستا مەسعوود دەڵێ: سـاڵی ١٢٨٠ی کۆچی [١٤]، (کەیفی) شیـعرێکی فـارسی بۆ لاواندنەوەی خـێزانی حـاجی مـەلا عەبدوڵا وتووە کـە جانـەوەرێک پێوەی داوە، بەڵام مـامـۆسـتـا ئەو بەشی شـیـعرەکـەی لە یاد نەماوە کە مێژووەکەی تێدایە.

بەپێی ئەم سێ خـاڵەی سەرەوە کە باسـم کردن، من دەگەمـە ئەم ئەنجامـەی کە بڵێم:

ساڵی ١٢٧٦ی کۆچی، کـەیفی لە کـۆیە بووە و بە چاکـیـش ناسـراو بووە. تەنانەت دڵدارییەکەی لەگـەڵ (هـەیبـەتی ئایشـۆکێ) هاتنەوەی بـۆ کۆیە، بەلای کەمەوە دوو سێ سـاڵ دەخاتە پێش ساڵی ١٢٧٦ی کۆچییەوە. هـەر بە پێی ئەو بەڵگانەی بەردەسـتمـان و لێکدانـەوەیان. کـە دەرچوونی کـەیفی لە کۆیە دەخـاتە سـاڵی، یان کەمێک دوای سـاڵی ١٢٧٦ی کۆچییەوە. من وای بۆ دەچم (داوای

لێبووردنیش لە مامۆستای زانامان مەسعوود محەمەد دەکەم). وای بۆ دەچم کە ئەو مێژووانەی مامۆستا مەسعوود هێناونی و پێوەندییان بە (کەیفی)یەوە هەیە، یەکە و دەساڵیان خرابێتە سەر، کە بەم جۆرە لەگەڵ رووداوەکانی ژیانی شێخ ڕەزاشدا رێک دەبن.

## شێخ ڕەزا و شوکری فەزڵی شاعیر:

وەکو عەلی کەمال باپیر ئاغا دەڵێ: شوکری فەزڵی کوڕی مەحموود ئاغایە، شاعیرێکی کوردی گەورەیە، لە دانیشتووانی خەڵکی (کەرکووک)ە، ئینجا دەڵێ: لە ساڵی ١٩٠٠ی زاینی – هەتا ساڵی ١٩١٤ی زاینی لە (سلێمانی) دراوسێ بووین[١٥]. هەروەها مامۆستا حەمەبۆر – بێ دەستنیشانکردنی هیچ سەرچاوەیەک، دەڵێ: لە گەڕەکی (فەزڵ)ی شاری بەغدا، ساڵی ١٢٩٨ کۆچی – ١٨٨٢ی زاین لە دایک بووە و لە ١٩٢٦/٦/١دا بە نەخۆشی دیق (سیل) لە تەمەنی (٥٦) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە[١٦].

شوکری فەزڵی گەلێک لەوە بەناوبانگتر و ناسراوترە کە بڵێین یەکێک بووە لەو کەڵەشاعیرانەی، لەگەڵ شێخ ڕەزادا کەوتوونەتە بەربەرەکانی و بەرەنگاربوونەوەی، بەشیعری داشۆردنی پڕ لە جنێو.

هۆ و سەرەتای دەستپێکردنی ئەم دژ بەیەک وەستانە، مامۆستا ئاگرین لە مامۆستا (هەردیی شاعیر)ەوە بۆمانی دەگێڕێتەوە و دەڵێ: هەرچەند سەبارەت دەستپێشکەری «هەجووی» شیعری وەک مامۆستا هەردی دەری دەخات لە شوکری فەزڵی شاعیرەوە بووە، ئەوەش لە ئەنجامی ئەو قەسیدەیەی شێخ ڕەزای تاڵەبانییەوە سەری هەڵداوە کە لەو پێشوازییەی مەحموود پاشای جافدا بە فارسی مەدحی شێخ مستەفای نەقیبی کردووە و تیروتەشەری بۆ سەیید ئەحمەدی بابا رەسوڵ تێدایە. شیعرە ستایشەکەی شێخ مستەفا بەم جۆرە دەست پێ دەکات:

دست خیاط ازل خرقهء ناموس و عفاف
خوش بریداست ببالای نقیب الاشراف

يعنی نعم الخلف حضرت «کاک احمدی شێخ»
انکه باشـیـر زند پنجـه بمیـدان مـصـاف
مـصطفی نام و چراغ نسب مـصطفـوی
نطفـهء هاشم و نقـدی کـمـری عـبـد مناف
مـدعی گـو نزند لاف زهم چشـمـهء أو
تکیـه برجـان بزرگـان نتـوان زد بگذاف(١٧)

له شیعرێکی شێخ ڕەزاوە دەردەکەوێ کە شێخ ڕەزا زانیویەتی کە (سەید) دوای ئەو تیروتەشەرەی شیعرە فارسییەکەی شێخ کاری لێ کردووە و (فەزلی)ی هانداوە و ئەمیش لەسەر داواکاریی ئەو بەرپەرچی شێخ ڕەزای بەشیعر داوەتەوە. لەو شیعرەیدا کە لە سەرەتایدا دەڵێ:

پووره شوکری بەسیە با نەت.... و شەممەت لەق نەکەم
دایکه کێ..خۆ...ت هەواڵەی سووری سەر ئەبڵەق نەکەم

لە دێری هەشتەم و نۆیەمی ئەم شیعرەدا شێخ ڕەزا بە شوکری دەڵێ:

من دەزانم کێ لە خـشـتـەی بردووی ئەمما چە سـوود
(سـەید)ە، سـەید قسـەی سووکی دەبێ دەرحەق نەکەم
(پێی بڵێ با مونتەبیە بێ)، تۆش گەنوگوو بەس بخۆ
با (سلێمانی) بە جارێ.. کافری موتڵەق نەکەم(١٨)

جا شوکری فەزڵیش، هەر بەو کێش و سەروایە و لە کۆپلەی یەکەمی – تەرجیع بەندە – شەش کۆپلەییەکەیدا وەڵامی شێخ ڕەزا دەداتەوە و بەو شیعرە بەرزەوە کە پڕی لە جنێو و (هونەر)ە، هیچی تێدا نەهێشتووەتەوە و دەڵێ:

شێخ ڕەزا عەرزت ئە... خۆت بۆچی ئەحمەق کردووە
قەوچە وەک ماکەر ئەکەیت و گوێت وەها لەق کردووە
ح... ئێـشی مـێـخی سـابق چاوتی زەق کـردووە
ق... گـوڵچین تۆی وەها گـە... دی مـوتڵـەق کـردووە

من به مــەترەق بارەها کــو... م شــەق و پەق کــردووە
تۆ نەوەک ئەمـجـارە هەتک و پەتک و نەسـتـەق کـردووە
(باوکی مـەعلـوومت نیـیـە، لەعنەت لەزاتت هـەی تەرەس
گوو بەگوێی دایکت، چوزانم دایە بەر کێ پێش و پەس..

لێـرەدا ئەوەشـمـان لە نیـوە دێری سـێـیـەمی کۆپلەی سـەرەوەدا بۆمـان دەردەکەوێ کە شوکری بەر لەم تەرجیع بەندە، شیعری تری بۆ شێخ نووسیوە کە دەڵێ:

حیزە ئێشی (مێخی سابق) چاوتی زەق کردووە..

لە نیوە دێری سێیەمی کۆپلەی پێنجەمی شیعرەکەدا (شوکری) دان بەوەدا دەنێ کە (سەید) پێی وتووە، کە ئەم شیعرانە بنووسێ کە دەڵێ:

ناوی (ســەید) بـۆچ ئەبەی دەیووسی بێ نـام و نیـشـــان
گــورگــە بۆ دەرمـــەپەڕێنی، کــۆنـە حــیــیــ... تاڵـەبان
(واقــیــعــەن) ئەو پێی وتم یەک یەک بگـ.. دایکی ئەوان
هەر لەسەر قیتکەی ژنت سەد مێخی جافیم داچەقان(١٩)

لەم دووبەرەکی و بەربەرەکانی و بەگژداچوونە شیعرییەی نێوان شێخ ڕەزا و شوکری فـەزڵییەدا دەبینین شاعیرێکی تر کە نازناوی (مەنفی)یە پشتگیریی شێخ ڕەزا دەکات و هێرش دەباتە سەر شوکری. مامۆستا کەریم شارەزا بەم جـۆرەی خـوارەوە باسی (مـەنفی) و ئەو پشـتگیـرییـەی شـێخ ڕەزامـان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

مــەنفی: لە ١٩٢١ی زاینی مــردووە. ناوی مــەلا رەســوولە، کــوڕی مــەلا مـەحـمــوودی بێـتـووشـیـیـە، دایکی ناوی (خـەجێ)یە، باوکی لە گــوندی (بێتووش)ەوە هاتووەتە شاری کۆیە، مەلا رەسوول (مەنفی) لە کۆیە لە دایک بووە و خوێندنی مەلایەتی لەلای باوکی لە مزگەوتی (منارە) وەرگرتووە و، لە دوای وەفاتکردنی باوکی سوختەخانەی داناوە و زۆر کەس لایان خوێندووە. ئینجا دەڵێ: مەنفی لە (هەجو)شدا، دەستی باڵای بووە و هاوچەرخی شێخ

ڕەزا و شیعر دۆستی بووە. کە شێخ ڕەزا و شوکری فەزڵی هەجووی یەکتر دەکەن (مەنفی)یش هەجووی (شوکری فەزڵی)ی کردووە و بۆتە لایەنگیری شێخ ڕەزا:

**هەجوی شوکری**

شوکری خۆت دەیزانی تۆڵەی چاکە قەت ئاوا ئەبێ
نانی کێـ.. ی شێخ دەخۆی تا رووی زەمین ئاوا ئەبێ

لە کۆتاییی هەڵبەستەکەدا دەڵێ:

کێوی ئەلبورزی سورینت گەر بەری گورزم کەوێ
وای دەهاڕم سەد هەزار دەربەندی لێ پەیدا ئەبێ
گەر رەئیسی شاعیران روخسەت بداتن کافییە
کێری (مەنفی) قوو.. دڕێنی دوژمن و ئەعدا ئەبێ

مەبەستیش لە (رەئیسی شاعیران) شێخ ڕەزای تاڵەبانییە[٢٠]

*

یەک لەو شیعرانەی شێخ ڕەزا بۆ داشۆردنی داناوە، ئەو شیعرەیەتی کە پێنج خشتەکییە لەسەر غەزەلێکی (حافزی شیرازی)ی شاعیری گەورەی فارس. شێخ ئەم شیعرەی بۆ (مەلا مارفی بیدایەت)[٢١] داناوە کە لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

(مەعرووفی) بێ دیرایەت گووت کردە ناو بیدایەت
چیت پێ بڵێم قوڕمساغ هەر دوو گونم بەدایەت
گونمی بەترِ شەهید کرد، کێرم ئەکا ریعایەت
(زان یاری دلنوازم ، شکریست با شکایت
گر نکتەدانی عشقی، خوش بشنو این حکایت)[٢٢]

کاک مەحموود زامدار کە لە بارەی ئەم شیعرەوە دەدوێ دەڵێ: ئەم شیعرە بووەتە هۆی ئەوەی مەلا مارف بەرپەرچێکی توندوتیژی بداتەوە و. برای ئەدیبم

(حسین. ب) (مەبەست حسێنی بەرزنجی کەرکووکییە). بە دەستخەتی خۆی شیعرەکەی دامێ، کە ئەویش لە پیرەمێردێکی بە ساڵداچووی پتر لە هەشتا ساڵە و ناوی (مام برایم)ە و لە کەرکووک دادەنیشێ. وەری گرتووە، کە لە سەرەتاکەیدا دەڵێ: (ئەی شێخ ڕەزای سەرسەری)[٢٣]... ئەم شیعرەم لە مێژە لەلابوو، بەڵام نە بەدەستخەتی مەلا مارف دەستکەوت و نە لە کەسیشم بیستووە کە مەلا مارف دەستی شاعیرێتی بووبێت. لەبەر ئەوە کەوتمە شکەوە لەم شیعرە، دوای لێکۆڵینەوەیەکی چاک بۆم دەرکەوت. کە هەندێک لە نەوەکانی مەلا مارف پێیان ناخۆش بووە کە بەرپەرچدانەوەیەکی ئەو شیعرانەی شێخ ڕەزا نەبێ. جا کە لێم کۆڵییەوە بۆم دەرکەوت و شارەزایەک دانی بەوەدا نا کە (محەمەد سادق)ی[٢٤] بە دوا شاعیری ڕێبازی شیعری کلاسیکی تورکمانی کەرکووک ناسراوە. بەزمانی ئەم مەلا مارفەوە نووسیوە. لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

ئەی شێخ ڕەزای سەرسەری، زۆر تاڵبی سیم و زەڕی
حاڵ پەرێشان، دەربەدەری، بۆ زەڕ وەکو کەر ئەزەڕی

شیعرەکە لە ٢٢ دێرە شیعر پێک هاتووە[٢٥]. دێری کۆتایی دەڵێ:

گەر شاعیری ئەی بێ هونەر، لە پێشی شیعرم ڕامەکە
ڕاوەستە تاکو لێت بەرم، بە تیغی شیعری شەشپەڕی[٢٦]

*

حاجی مەلا عەبدوڵای جەلیزادە.. (١٢٥٠ – ١٣٢٦ی کۆچی/ ١٨٣٤/١٨٣٥ – ١٩٠٨/١٩٠٩ی زاین).. کوڕی حاجی مەلا ئەسعەدی جەلییە، دایکی ناوی (فاتمە)ی کچی محەمەد ئاغای حەوێزییە[٢٧]. بنەماڵەی جەلیزادە، دۆستایەتی و ئاشنایەتییان بە تاڵەبانییەوە بووە، جگە لەوەی شێخ ڕەزا لەلای حاجی مەلا ئەسعەدی جەلیی باوکی حاجی مەلا عەبدوڵادا خوێندوویەتی،[٢٨] خۆشەویستییەکی زۆریش لە نێوان حاجی مەلا ئەسعەد و شێخ عەبدوڕەحمانی (خاڵص)ی تاڵەبانیی باوکی شێخ ڕەزادا بووە[٢٩]. هەروەها حاجی مەلا عەبدوڵا دۆستێکی نزیکی شێخ عەلی برا گەورەی شێخ ڕەزادا

بووە، وەکو پێشتریش باس کرا. پێوەندییەکی ئەدەبیشی بە شێخ ڕەزاوە بووە. بڕوانە شـێخ ڕەزا لە شیـعرێکی دوو دێریدا چۆن بـاسی حـاجی مـەلا عـەبدوڵا دەکات و دەڵێ:

حـــاجی عـــەبدوڵا لە ئادەم فـــیلتـــرە
باوجـوودی مـەرتـەبەی پێـغـەمـبـەری
ئەم بەسـەد شـەیتـان لە کۆیێ دەرنەچوو
ئەو بە شەیتانێ لە جەننەت دەرپەڕی[٣٠]

هـەروەها مامـۆستا کەریم شارەزا دەڵێ: ئەم شیعرەی خوارەوە، حـاجی مەلا عـەبدوڵا و شێخ ڕەزا بـەیەکەوە بۆ (خـادمی سوجادە)ی کـەرکووکییـان نووسیوە کە دەڵێ:

خـادمی سـوجـجـادەیی پێـغـەمـبـەری
کـەشـتی جـود و سـخـارا لـەنگەری
اغنیـــا خـــواهند از إنعـــامی تو
سـینیـیێ شـەکـراو پڵاو دوو لەنگەری
ئەو کەسەی خوانی لەبۆ دێ صبح و شام
چی لـە ئێـمـە زیاترە غـیـر از کـەری[٣١]

ئەم پێوەندییەی نێوان ئەم دوو دۆستـە، بە نامە گۆڕینەوە بەردەوام بووە، لە کۆواری کۆڕی زانیاریی کورددا نامەیەکی شێخ ڕەزا بەدەستخـەتی خۆی بڵاو کـراوەتەوە، کـە لە ١٣١٣ی کـۆچی (١٨٩٥ - ١٨٩٦؟)دا بۆ حـاجی مـەلا عـەبدوڵای ناردووە. (کـە دەبێ ئەوسـا شـێخ ڕەزا لە بەغدا بووبێ) سـەرەتای نامەکە بەم چوار دێرە شیعرە فارسییە دەست پێ دەکا:

عـیب در ذرات تو ای کـان هنر مـعـدومـست
مگر این عـیب کـه لحم علمـا مـسـمـومـست
شـعـر من از هـمـه سـو در همه کشـور ساری
علـم تو در هـمـه جـا بر هـرکس مـعلومـست

میرود شعر من و علم جهانگیر شما
هردو بیفائده تاجای اقامت رومست
نامه بنویس بهر طرز دلت خواهد
هرسحر است اگر نثر و اگر منظومست[٣٢].

*

شێخ ڕەزا، وا دیارە لە هەر کوێ شاعیرێک بووایە، شەڕی پێ دەفرۆشت و پلار و توانجی تێ دەگرت. یەک لەوانە (حەسەن کەنۆش)ی دەلۆیی (١٨٤٠ – ١٨٨٤ی زاین)ـە،[٣٣] کە (پیرۆز)ی کچیشی هەر شاعیر بووە و لە (١٩١١ی زاین)دا مردووە[٣٤]. جا شێخ هاتووە بە شێوەی کوردیی گۆران، بە شیعرێک شەڕی بە هەردووکیان فرۆشتووە و جنێوی بە (پیرۆز)ی کچی کەنۆش داوە و دەڵێ:

حەسەن کەنۆشەن، حەسەن کەنۆشەن
ئینە کناچەی، حەسەن کەنۆشەن
کەلەش شڵەقیاو، ناو گەڵیش بۆشەن
کونای قیرینش، دایم وەجۆشەن
کورکەش دیوانەی، کەڵپوس نەدۆشەن
(دەلۆ)ن.. هەر لۆیێ، سەرکێر نەتۆشەن
وێنەی هەر وەفاڵ، هەر وەخرۆشەن[٣٥]

وەکو دەڵێن، کچەکەی حەسەن کەنۆش بەشیعر وەڵامی شێخ ڕەزای داوەتەوە، بەداخەوە شیعرەکەی ئەوم دەست نەکەوت.

ئەم شیعرەی پێشەوەی شێخ ڕەزام بە تایبەتی لێرە هێنایەوە، بۆ ئەوەی بڵێم. یەکەم: شێخ ڕەزا شێوە زمانی گۆران (ماچۆ)ی زانیوە و شیعری پێ گوتووە.

دووەمیان: کە تەنیا لەم شیعرەدا کە بەشێوەی گۆران نووسیویەتی، ئەو کێشی (سێلاب)ـەی شیعری کۆنی گۆرانە بە کەلەپوور ماوەتەوە و (واتە

کێشی ده بڕگەیی کە لە ناوەڕاستیدا وەستان هەیە)ی بەکار هێناوە. جا کە شێخ ڕەزا بەهۆی کێشەی تیرەگەریی ئەوسا و کێشەی ڕێبازی ئاینییەوە هێرشی بردووەتە سەر (کاکەیی)، کە لەمەودوا باسی لێوە دەکەین.. کاک هەردەوێڵ نازانم لە کوێوە دوو پارچە شیعری بەشێوە زمانێکی کرمانجی خواروی کەم کەمە تێکەڵ بە شێوەی گۆرانەی بە کێشی (سێلاب) نووسراوی هێناوەتەوە کە بە ئاشکرا پێوەی دیارە کە تازە هەڵبەستراون و تەنانەت ناوەڕۆک و تاک تاکەی زمانەکەشی ئەمەمان بۆ دەردەخەن و. بەزمانی شێخ ڕەزاوە هەڵبەستراوە و تێیدا، گوایە، شێخ ڕەزایەک بەو هەموو بەخۆوە نازینەیەوە خۆی (دەشکێنێتەوە)!!.

یەکەمیان ئەوەیە کە لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

ئەی هاپۆ (خەلیل) بژنەوە قسەم
ئەحواڵ کاکەیی بۆ بەیان بکەم[٣٦]

دووەمیشیان ئەوەیە کە لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

کاک (خەلیل) گوێ دەر وەی گوفتارانە
بواچۆ پەرێت شۆن و نیشانە
کاکەیی ڕەزیل چۆن بێمە لاتان
چۆن بەپێی خۆم بچمە ناو دواتان[٣٧]

ئەم شیعرانە ئەگەر (خەلیل منەوەر) خۆی نەینووسیبێ، من وای بۆ دەچم کە شاعیرێکی دوای ئەو سەردەمە هەڵی بەستوون.

کە دێینە سەر باسی داشۆردنەکەی (شێخ ڕەزا) بەرامبەر کاکەیی، دەبێ ئەوە بڵێین کە شێخ ڕەزا سنووری بەزاندووە و زماندرێژییەکەی لە تام دەرکردووە. بەتایبەتی ئەگەر بزانین باسی شتە هەرە پیرۆزەکانی باوەڕی کاکەیی کردووە و زمانی بۆ هەندێک شت درێژ کردووە، نەدەبوو ئەوە بکات.

لەلایەکی ترەوە دەڵێین... ئیتر ئەمە شێخ ڕەزایە و شیعرە.

شێخ ڕەزا هاتووە بە چامەیەکی ٥٩ دێرە شیعری هونەرمەندانەوە هێرشی

بردووەتە سەر کاکەیی کە لە دێری یەکەمدا دەڵێ:

بابان باشندە بیر باطمان یشیل وار
إمـــام القــوم فی تقــســیم شلوار

واتە: (باتمان)ێک سەوز ها بەسەر باوکتەوە، کە پێشەوای قەومە لە دابەشکردنی شەرواڵدا. ئینجا دەڵێ:

هەتانە هەر وەکو بیستوومە بەزمێ
لە ساڵێکا شەوێ یارانی دیندار(٣٨)

(خەلیل منەوەر) کە شاعیرێکی کاکەیی بووە – ناوی خەلیلی کوڕی خدری کوڕی ئەحمەدی کوڕی خەلیلە لە هۆزی (کاکەیی)یە و ساڵی ١٨٦٣ یان/ ١٨٥٥ی زاین لە کەرکووک لە دایک بووە.(٣٩) ساڵانی (١٣١٠ – ١٣٣٠)ی کۆچی واتە نزیکی (١٨٩٢ – ١٩١٢ی زاین) لە (کـفـری)دا بووە، پێش سەفەربەر کفری بەجێ هێشتووە و ئیتر نەبینراوەتەوە(٤٠).

وا دیارە خەلیل منەوەر. خۆی تەرخان کردووە بۆ بەرپەرچدانەوەی شێخ ڕەزا و دوو شیعری بۆ ئەم مەبەستە لە کۆمەڵە شیعرەکەیدا دیارە. یەکەمیان نۆزدە دێرە شیعرە و لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

ڕەزا نەواچی وە یاران خـــــەراو
نەڕۆژ فـــەردا ڕووت مـــەبۆ ســیــاو
هەنی تۆبەت بۆ ڕەزا بەد مـــــەواچ
وەگشت مقراضێ ڕیش وێت مەپاچ
وێت سەنگین بگێر وەک مێرد نگین
نەکا چەنام دۆست دڵت بۆ غەمگین.

لە دێری کۆتاییدا دەڵێ:

(خەلیل) هەتاکەی تەنبیهت کەرۆ
جە دەم گورگان خەلاصت کەرۆ(٤١)

دووەم شیعری خەلیل منەوەر سیازدە دێرە شیعرە و سەرەتاکەی دەڵێ:

ڕەزای تـاڵـەبـان، ڕەزای تـاڵـەبـان
هـۆش بارە وەســــەر ڕەزای تاڵەبان
مـــــەلەوە مـــــەیدان چەنی نەزانان
وێت مـەدەر قـەڵەم چەنی ناکـەسـان

لە کۆتاییی شیعرەکەدا دەڵێ:

نەسیـحەت (خـەلیل) خـاس بکەر نۆشت
ئەوا کــاکــەئیــان بووڕان گــۆشت(٤٢)

شـێخ ڕەزا، کـە شـاعـیـرێک بـوو هـەر بە شـیـعـری جنێـو و پەردە لـەسـەر هەڵماڵراو بەناوبانگ بووە. لەگەڵ گەلێک شـاعیـری تردا یان قسـەی سـەیر و سـەمـەرە و بـەتوێکڵ و بەدوو واتا بـەیەکـتـریـیـان وتـووە. گـەلێک جـاریش شـەڕفرۆشـتنەکەی هـەر بۆ ئەوە بووە کە دەری بخات کە خۆی لەوان شـاعیـری چاکـترە و لە خـوت و خـۆڕایی شـیـعـری پێدا وتوون. یەک لەوانەش (جـەمـیل سدقی زەهاوی) بووە کە شاعیرێکی گەورەی سـەردەمی خۆی بووە، شێخ ڕەزا بە دوو سێ زمان، بە شیعر شەڕی پێ فرۆشتووە. بەعەرەبی پێی وتووە:

اقـول قـولا ليس قـول مـفـتـرى
أم جـــــمـــــيل أولدته من ورى
ان لـم تصــدق قــولي أمــا ترى
صفر.. الوجه من آثار الخرى(٤٣)

یان بەتاکە دێرێکی فارسی شیعرێکی بۆ دەڵێ:

مـرا هست کيرى چو بازوى پيل
بکونى ساده رخان و جميل(٤٤)

واتە: من (هـێن)ێکم هـەیە وەکـو بازووی فـیل وایە، بە (هـێن)ی سـادە ڕووان و جەمیل.

یانیش بـەکوردی جوێن بـە (شـوکری فـەزڵی) و (جـەمـیل زەهاوی) دەدات و هـەردووکیان بە تاکە دێرێک دادەشۆرێ و دەڵێ:

پێم مـــەڵێن ئەم دوو ژنەت بۆ چیـیـە ئەی شـێخ ڕەزا
(شـوکری) بۆ تەسکوترووسکی، (جـەمیل) بۆ زگـوزا[٤٥]

بەم جـۆرە وا لە جـەمـیل زەهاوی دەکـا کـە ناچاری وەڵامـدانەوەی بێت و بەتاکە دێرێک وەڵامی دەداتەوە، بەڵام چۆن وەڵامێک و.. دەڵێ:

هجـانا رضـا دون داع لهـجـونا
كذاك كـلاب الحي بالبـدر ينبح[٤٦]

واتە: بەبێ هیچ هۆیەک و پێـویسـتـیـیـەک، ڕەزا هێـرشی بردە سـەرمـان، هەروەهایە، سەگی کۆڵانان و گەڕەک بە مانگەشەو دەوەڕێ.

هەروەها شـێخ ڕەزا لەگەڵ زۆرانـی تریش ئەو بەزموڕەزم و قسـە خۆشـانەی بووە، بەڵام تاکە کـەسێک لە شاعیران کە پێوەندییەکی بەتینی بە شێخ ڕەزاوە بووبێ و تا دواییش ئەم دۆستایەتییەیان بەردەوام بووبێت و هـەرگیز قسـەیەک، یان شـیـعرێکی شـەڕفرۆشـتنی نەکردبێ و.. لە ڕێز و قسـەی خۆشـەویسـتی بەولاوەی پێ نەوتووە. ئەمـین فەیزی، دۆستی دێرینی شـێخ ڕەزا بووە. ئەوەندە خۆشی ویستووە و نزیکی بووە بڕوانە لەم شیعرە فارسییەدا چی پێ دەڵێ:

ز أربـاب دانش أمـين فـــيـــضـی را
إمــتــيــازيست كــز فن ضــيــارا[٤٧]
نشـــانهـــاست بر اتحـــاد من و تو
زيک مـــايه گــويی ســرشــتند مــارا
زياد و كم از نـام نـامـــيت نبـــود
برسم جمله گر شمـاری (رضـا) را[٤٨]

بڕوانە لەبەر نزیکی، شێخ بیـری لە چی کردووەتەوە کـە لە دوا دێردا دەڵێ، تەنانەت ئەگـەر ناوی هـەردووکـمـان بە ژمـارەی تیـپی ئەبجـەد بژمـێـردرێ هەردووک ئەوەندەی یەک دەردەچن کە ژمارە (١٠٠١)ـە[٤٩].

ئەمـین فـەیزی[٥٠] یان مـحـەمـەد ئەمین فـەیزی بەگ[٥١] کـوڕی دەروێش عەبدولقادر ئاغـای خـەڵکی سلێمـانیـیە[٥٢]. سـاڵی ١٢٧٨ی ڕۆمی (١٨٦٢ی

زاین) له شاری سلێمانیدا هاتووەته دنیاوه[٥٣]. له ٢٥ی زیلقیعدەی ١٣٤٧ی کۆچیدا (٦ی مایسی ١٩٢٩ی زاین)دا له ئەستەمبووڵ کۆچی دوایی کردووه[٥٤].

ئەمین فەیزی باسی شێخ ڕەزا دەکات و دەڵێ: لەگەڵ بەنده موخابەرەی ئەغلەب به نەزم (هۆنراو) بوو، چەند پارچه لەو نەزمانه که بۆ بەندەی نووسیبوو، ئەگەر چه فارسیشن، بۆ تەبەروک کردم به خاتیمەی ئەم ریسالەیه[٥٥].

شێخ ڕەزا و ئەمین فەیزی گەلێک جار پێکەوه بوون و شیعریان بۆ یەکتری وتووه و چوونه بۆ گەڕان و سەردانی خەڵکی. فەیزی دەڵێ: له ١٣٣٠دا نیازی چوونه حیجاز، بۆ حەجکردنم بۆ دەرخست، شێخ ڕەزا پێی وتم حەج لەسەر تۆ فەرز نییه، مەچۆ. منیش ئەم دره شیعرەم خوێندەوه:

مقصدک خالق إیسه خلقه نیازه گیتمه

أملک عشق حقیقی إیسه مجازه گیتمه

واته: ئەگەر مەبەستت خوا بێ، بۆ نیاز و ویستن مەچۆره لای مەردوم،... ئەگەر ئاواتی خۆشەویستی ڕاستەقینه دەخوازیت، مەچۆره (مەجاز – خواسته).

شێخ دوای تۆزێک ڕامان، بەم دێرەی خوارەوه وەڵامی شیعرەکەی دایەوه:

کعبهٔ دل گبی بیر طور تجلیک واردر

سندەدر منزلی مقصود حجازه گیتمه..[٥٦]

شێخ ڕەزا لەگەڵ زۆر شاعیری تردا پێوەندی بووه، یەک لەوانه مەلا (لامیع)ی کۆیی بووه که، وەکو مامۆستا کەریم شارەزا دەڵێ: هاوچەرخی حاجی مەلا عەبدوڵا و شێخ ڕەزای تاڵەبانی بووه، شاعیرێکی باش و مەلایەکی توانا بووه، شێخ ڕەزا لەسەر ئەو هەجوی قازیی کۆی کردووه که دەبێته بەڵگەیەکی پتەو که دۆستایەتییان بەهێز بووه[٥٧].

شیعرەکه ئەمەیه که دەڵێ:

شـێخ ڕەزا بێت و لەسـەر تۆ هەجـوی قـازیی کـۆی بکا
سەیری کە چیی پێ بکـا، دۆم بێ و کەلاش بۆ خۆی بکا
چونکە غەدری کد لە (لامیع) شەرت بێ قازی وای ب...
هەر گـەنو گـوویێ لە زگـیـایە بەجـارێ ڕۆی بکا

هەر لە پەڕاوێزی شیـعـرەکەدا نووسـراوە: لامـیع ئەفـەندی ناوی فـازڵێکی کۆییە(٥٨).

هەر لە کۆیە، شێخ ڕەزا لەگەڵ ئەمین ئاغای کۆیە (ئەختەر)ی شاعیر، دۆستایەتییەکی چاکی بووە و گەلێک قسەی خۆش و هەڵسوکەوتیان بووە.

(ئەخـتـەر) ئەمـین ئاغـای کوڕی حـاجی بەکر ئاغـای کـوڕی مـحـەمـەد ئاغـای حەوێزییە. ساڵی ١٢٥٥ی کۆچی - ١٨٣٩ی زاین هاتووەتە جیهانەوە(٥٩).

وەکو مـامۆسـتـا عـەلی کـەمـال باپیر دەڵێ: لـە ١٨٨٦ی زایندا کـۆچی دوایی کردووە(٦٠).

ئەخـتـەر وەکـو شـاعـیـرێکی چاک ناوبانگی، سنووری دەوروبەری کـۆیەشی ڕەت کردووە(٦١).

مـامۆسـتـا شارەزا دەڵێ: ئەخـتـەر دۆسـتایەتییـەکی پتەوی بـووە لەگەڵ شـێخ ڕەزای تاڵەبانیـدا و گەلێ جاریش پەلار و توانجیـان تێک گرتووە. دەگێڕنەوە جارێک شێخ ڕەزا لە مـەجلیسێ دەبێ کە گەنجێکی جـوانکیلە قـاوە دەگێڕێ، شێخ ڕەزا ڕوو لە ئەختەر دەکا و دەڵێ: ئاغا ئەمینـە؟! ئەویش دەمودەس دەڵێ: هەر شتێ بەڕەزا بێ عەرەجی نییە(٦٢).

کاک ئازاد عەبدولواحیدیش لە باسی کۆڕ و دیوەخانەکەی ئەختەردا دەڵێ:

- شێخ ڕەزای تاڵەبانی، جێگەیەکی دیاری لە دیوەخان و کۆڕەکانی ئـەختەر هەبووە و هەروەهـا زۆر لایەنی تری پێکەوەبوونـی شـێخ ڕەزا و ئەختـەرمـان بۆ باس دەکا(٦٣).

شـێخ ڕەزا لەگەڵ زۆر لـە شـاعـیرانی تـری ئەسـتـەمـبـوولـیـشـدا پێـوەندی و دۆسـتـایەتی بووە و گەلێک باسی لێ دەگێڕێتەوە. یەک لەوانە کەڵەشاعیری

گەورەی نەتەوەیی تورک (نامیق کەمال) بووە[٦٤].

گەلێک رووداو و قسەی شێخ ڕەزا دەگێڕرێتەوە، ئەمەش نیشانەی زیندوویەتی و دەوڵەمەندیی ژیانی شێخ دەگەیەنێ. هەروەکو شاعیرێکی گەورەی ئەو بابەتەی پێی ناسراوە، بووەتە هۆی ئەوەی کە وەکو مەلای مەزبوور (مەلای مەشهوور) و کەسایەتیی مەزنی تر، زۆر قسە و قسەلۆکی بۆ هەڵببەسترێت. من لەم کتێبەدا تەنیا ئەو باسانەی پێوەندییان پتر بەشیعرەوە هەیە باس کردووە و بە تایبەت ئەو شتانەی بڵاوکراونەتەوە.. باسەکانی تر دەکەونە کەوانەی باسێکی تر و بابەتێکی ترەوە و بەجۆرێکی جیاواز دەبێ لێیان بکۆڵرێتەوە.

*

## پەراوێزەکان:

١- پشتگیری راوبۆچوونەکەی مامۆستا مەسعوود محەمەد دەکەم کە نابێ کەیفی لە (١٨١٤)دا لە دایک بووبێ، کە ئەمە رای مامۆستا سەجادییە، بڕوانە:

سەجادی - مێژووی ئەدەبی کوردی - چاپی دووەم - باخچەی شاعیران - ل/ ٥٨٩ هەروەها ئەوانی تر، کە هەر ئەو مێژووەیان داناوە و دوای بۆچوونەکەی مامۆستا عەلائەدین سەجادی کەوتوون.. بڕوانە: - عبدالرزاق بیمار - کۆواری هیوا. ژ/ ٣١ی ساڵی ٤ - کانوونی دووەمی ١٩٦١ - ل/ ٦٣ .

- کەریم شارەزا - کۆیە و شاعیرانی - ل/ ٢٧ - ٢٨ .

- عەلی کەمال باپیر - شاعیرە ناو ونبووەکانی کورد - چاپخانەی راپەڕین - سلێمانی - ١٩٧٣ (دەبێ چاپی دووەم بێ) - ل/ ١٧ - ١٨ .

جگە لەو بەراوردکارییە ورد و پشت بە بەڵگە بەستووانەی مامۆستا (مەسعوود)ـەی کە لە (دەفتەری کوردەواری)ی - بەرگی دووەم - بەغدا - مارت/ نیسان - ١٩٧٠ - ل/ ٢٤ - ٢٨ .. دەڵێم جگە لەو بەڵگانە، منیش ئەو بەراوردەی دەخەمە پاڵ باسەکەی مامۆستا محەمەدەوە:

مامۆستا سەجادی لە مێژووەکەیدا - وەکو لە سەرەوە باس کرا لەدایکبوونی کەیفی خستووەتە ساڵی ١٨١٤ی زاینەوە، لە کاتێکدا لەدایکبوونی شێخ ڕەزای

خستووەتە ساڵی ١٨٣٥، کەچی شێخ لە کەیفی گەورەتر بووە. شێخ ڕەزا مەلا بووە و کەیفی بەلایەنی زۆری (موستەعید) بووە.

ئینجا مامۆستا سەجادی دەڵێ: شێخ ڕەزا تا دەگاتە دەوروبەری تەمەنی بیست و پێنج ساڵی، خۆی بە خوێندنی عیلمی و عەرەبی و ئەدەبیاتی فارسی و تورکییەوە خەریک دەکات.. ل/ ٣٧٥ی مێژووی ئەدەبی کوردی – چاپی دووەم – بەپێی ئەمە ئەوسا کەیفی دەبێ پێنج ساڵان بووبێ. کە ئەمەش دوورە لە ڕاستی.

٢– مەسعوود محەمەد – دەفتەری کوردەواری – بەرگی دووەم – ل/ ٣٢ .

– بیمار – کۆواری هیوا – ژ/ ٣١ – ساڵی/ ٤ – ک٢ / ١٩٦١ – ل/ ٦٣ .

٣– مەسعوود محەمەد – دەفتەری کوردەواری – ب/ ٢ – ل/ ٣٢ – ٣٣ .

٤– س. پ – ل/ ٣٣ – ٣٤ .

٥– س. پ – ل/ ٣٦ .. وشەی (چۆ)ی نیوەدێری دووەم دەبێ (چۆن) بێ.

– کەریم شارەزا – کۆیە و شاعیرانی – ل/ ٢٧ – ٢٨ .

٦– کەریم شارەزا – کۆیە و شاعیرانی – ل/ ٣٣ – ٣٥ .. و لە پەڕاوێزی ل/ ٢٥یشدا دەڵێ: شێخ عەلی برا گەورەی شێخ رەزای تاڵەبانییە و لە کەرکووک دادەنیشت.

٧– الشيخ محمد حسام الدين عمر – الأنفاس الرحمانية... ل/ ٢١٣ .

٨– سەجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – چاپی دووەم – ل/ ٣٤٣ .

٩– مەسعوود محەمەد – دەفتەری کوردەواری – ب/ ٢ – ل/ ٣٧ – ٣٨ .

١٠– دەکاتە (١٨٥٩ – ١٨٦٠)ی زاین.

١١– دەکاتە (١٨٦٣ – ١٨٦٤)ی زاین.

١٢– دەکاتە (١٨٦٩ – ١٨٧٠)ی زاین.

١٣– مەسعوود محەمەد – دەفتەری کوردەواری – ب/ ٢ – ل/ ٤٠ .

١٤– دەکاتە (١٨٦٣ – ١٨٦٤)ی زاین.

١٥– عەلی کەمال باپیر – گوڵ دەستەی شوعەرای هاوعەسرم.. چاپی دووەم – ل/ ٥٧ .. لەگەڵ ئەوەشدا کە – عەلی کەمال باپیر ئاغا – ی شاعیر نزیکی شوکری فەزڵی بووە و ماوەیەکی چاکیش لە کەرکووک بووە، لە ١٩٠٠ی زاینەوە تا ١٩١٤ی زاین، لە (سلێمانی)دا دراوسێی بووە.. مامۆستا (حەمەبۆر) لە ژمارە/ ٤٤٢ی – رۆژنامەی العراق – ی عەرەبی – ٨ی ئابی ١٩٧٧ی زایندا نووسیویەتی

و دەڵێ: (خەڵکی سلێمانییە)! هەروەها مامۆستا عەبدوڵا ئاگرین، قسەکەی (حەمەبۆر)ی وەرگرتووە. بڕوانە: ئاگرین – شوکری فەزڵی – ل/ ٢٣ – هەروەها مامۆستا عەبدوڵا ئاگرین لە ل/ ١١ی هەر ئەم کتێبەیدا نووسیویەتی دەڵێ: (٣ – لە ساڵی ١٩٠٠ – ١٩١٤) دراوسێیان بووە، بەڵام دەستنیشانی شوێنی نیشتەجێبوونەکەی نەکردووە.

مامۆستا تەرزی باشی – ش لەسەر ئەو شیعرەی شێخ ڕەزادا کە شوکری فەزڵی تێدا داشۆردووە، نووسیویەتی (سلیمانیەلی شاعر شکری حقندە هجویە – واتە داشۆردنی شوکری شاعیری خەڵکی سلێمانی).. بڕوانە: ترزی باشی – کرکوک شاعرلری – جـ/ ٢ – ص/ ١٨٠ .

١٦– حەمەبۆر – جریدة العراق – ژ/ ٤٤٢ – ٨ی آب ١٩٧٧ .

هەروەها ساڵی ١٢٩٨ی کۆچی، بەرامبەر (١٨٨٠ – ١٨٨١)ی زاین دەوەستێ.

بڕوانە: التقويمان الهجري والميلادي – تألیف فريمان جرنفيل – ترجمة د. حسام محي الدين الآلوسي.. ص/ ٧٠ .

هەروەها بڕوانە: ئاگرین – شوکری فەزڵی – ل/ ٢٣ – ٢٦ .

کەچی کەمال باپیر ئاغا دەڵێ: ساڵی ١٩٤٦ی زاین کۆچیی دوایی کردووە. بڕوانە: گوڵ دەستەی شوعەرای هاوعەسرم – چاپی دووەم – ل/ ٥٧ .

١٧– ئاگرین – شوکری فەزڵی – ل/ ٨٠ .

بۆ تەواوی شیعرەکە بڕوانە – دیوانی شێخ ڕەزا – چاپی ١٩٤٦ – ل/ ١٤٤ – ١٤٥ .

١٨– بۆ تەواوی شیعرەکە، بڕوانە: دیوانی شێخ ڕەزا – چاپی ١٩٤٦ – ل/ ٢٩ – ٣٠

ئەم ناوهێنانەی شاری (سلێمانی)یە، لەوانەیە پشتگیری ئەو رایە بکات کە دەڵێ شوکری خەڵکی سلێمانییە.

١٩– بۆ کۆپلەی یەکەم و چوارەم.. بڕوانە – ئاگرین – شوکری فەزڵی – ل/ ٨٦، بۆ تەواوی شیعرەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە/ (١)ی ئەم کتێبە.

٢٠– کەریم شارەزا – کۆیە و شاعیرانی – ل/ ٥٩ .

٢١– مەلا مارفی بیدایەت (؟ – ١٣١٤)ی کۆچی، کوڕی مەلا عەبدوڵای خدری (؟ – ١٣٢٤ی کۆچی).. کە باپیرە گەورەی نووسەری ئەم دێرانەیە.. ئەم شیعرە لە ناو بنەماڵەماندا بەناوبانگە و لە زۆر کەسی ترم بیستووە کە بۆ ئەم مەلا مارفی

کەرکووکییە دانراوە..

مامۆستا و دانای خوا لێخۆشبوو، شێخ محەمەدی خاڵ بە هەڵە داویەتییە پاڵ مەلا مارفی بیدایەتی هەولێری. بڕوانە: خاڵ.. دیوانی شێخ ڕەزا – کۆواری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد – ب/ ١٨ – ١٩ – ل/ ٣٥ .

٢٢- بۆ تەواوی شیعرەکە، بڕوانە: دیوانی شێخ ڕەزا – چاپی ١٩٤٦ – ل/ ١١ – ١٢

٢٣- مەحموود زامدار – الشیخ رضا شاعراً وفناً و ناقداً و جنساً – کۆواری رۆشنبیری نوێ – ژ/ ٣٨ی ٢١ / ٢ / ١٩٧٥ – ل/ ١٥ (بەعەرەبی).

٢٤- محەمەد سادق (١٨٩١ – ١٩٦٧)ی ز – لە کەرکووک، لە گەڕەکی بەگلەردا هاتووەتە جیهانەوە – مەلا سادق لە وتووێژێکدا کە لەگەڵ ئەم شاعیرە کراوە دەڵێ: «بەفارسی و تورکی و کوردی و عەرەبی هەڵبەستم وتووە» دیسانەوە دەڵێ: «لە بوێژە کوردەکان نالی و مستەفا بەگم بە دڵە» بڕوانە: وتووێژێک لەگەڵ شاعیری مەزنمان محەمەد سادق (بەتورکمانی).. لە ئامادە کردنی – شاکر سابر زراعەتچی – کۆواری (قارداشلق)ی تورکمانی – ژمارە/ ٣ی ساڵی حەوتەم – ١٩٦٧ی زاین – ل/ ١٧ .

لە جێی خۆیدایە کە بڵێم ئەم شاعیرە بەپێی دێرە شیعرێکی خۆی بەڕەسەن (تورک)ە و بەپێی ئەوەی لە (کەرکووک)دا لە دایک بووە و ژیاوە، پێوەندیی بەزمان و شیعری کوردییەوە کردووە. رەسەنی خۆی لەم دێرە شیعرەدا دەربڕیوە کە دەڵێ:

بابامز تورک أنەمز کرکوکلی در

أصلمز فضل و شرفلە یوکلی در

واتە: باوکم تورک و دایکم (کەرکووکییە؟!)، رەسەنمان خاوەنی بەرزی و چاکە و ئابڕووە.

بۆ تەواوی شیعرەکە بڕوانە: کۆمەڵە شیعری (دوشونجەلرم) بەتورکی – چاپخانەی (المعرفة) – ١٩٥٦ – ل/ ٩٢ .

٢٥- کاک مەحموود زامدار، لەو سەرچاوەیەی پێشتردا دەڵێ: ئەم شیعرە (٤٤ بیت)ە واتە چل و چوار دێرە.. لە کاتێکدا دەبوایە بیوتایە (٤٤) شەطر – نیوەدێرە.

٢٦- بۆ دەقی تەواوی شیعرەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە/ ٢ی ئەم کتێبە.
٢٧- کەریم شارەزا - کۆیە و شاعیرانی - ل/ ٣٢ .
٢٨- مەسعوود محەمەد - دەفتەری کوردەواری - بەرگی دووەم - ل/ ٣١ .
٢٩- س. پ - ل/ ٣٣ .
- شارەزا کۆیە و شاعیرانی - ل/ ٣٥ .
- گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد - ژ/ ١ - ل/ ٣٩٠ - ٣٩١ .
٣٠- دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ٦٤ .
٣١- شارەزا - کۆیە و شاعیرانی - ل/ ٣٦ .
- هەروەها بۆ شیعرەکە بڕوانە دیوان - چاپی ١٩٣٥ - ل/ ٨٢ .
بەڵام من بڕوا ناکەم حاجی مەلا عەبدوڵا لەم شیعرەدا بەشداری کردبێ.. ئەوەش بە پێی ناوەڕۆک و شێوە و باسەکەدا.. من وای بۆ دەچم!!
٣٢- کۆواری کۆڕی زانیاری کورد - ژ/ ١ - ل/ ٣٩١ - ٣٩٣ .
بۆ شیعرەکە دیسان بڕوانە -دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ١١٣ .
٣٣- سەجادی - مێژووی ئەدەبی کوردی - چاپی دووەم - ل/ ٥٨٩ - ٥٩٠ .
٣٤- س. پ - ل/ ٥٩٥ .
٣٥-دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ٣٢ .
٣٦- بڕوانە: هەردەوێڵ - نەریمان - خەلیل منەوەر - شاعیری چەوساوەکان - ل/ ٧٧ - ٧٨ .
٣٧- س. پ - ل/ ٧٨ - ٧٩ .
٣٨- بۆ تەواوی شیعرەکە، بڕوانە: دیوانی شێخ ڕەزا - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ٢١ - ٢٦
٣٩- هەردەوێڵ - نەریمان - خەلیل منەوەر - ل/ ٢٣ و پەڕاوێزی ژ/ ٢٦ی ل/ ٣٣ .
٤٠- س. پ - ل/ ٢٤ .
٤١- س. پ - ل/ ٧٩ - ٨١ .
٤٢- بۆ تەواوی شیعرەکە بڕوانە: س. پ - ل/ ٨١ - ٨٢ .
٤٣- دیوان - چاپی ١٩٣٥ - ل/ ٢٣٦ .
٤٤- دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ١٩٦ .

٤٥- ديوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ٦٧ .

٤٦- محمد أمين زكي - تأريخ السليمانية و.. ص/ ٢٥٤ حاشية المعرب.

٤٧- دیاره وشـــەی (فن) لێـرەدا هـەڵەیە و دەبێ (فی - فـەی)ی عـەرەبی بێ واتە سێبەر.. کە واتای گشتی دێرەکە بەم جۆرەی لێ دێ: جیاوازی ئەمین فەیزی لە (ئەربابی دانش - دۆست و خاوەنانی زانست) وەکو جیاوازی نێوان سێبەر و رووناکی وایە.. واتە ئەمین فەیزی رووناکییە و دانایانی تر هەموو سێبەرن. بەم پێیە دوو هونەری شیعری جوان لەم دێرەدا دەبینین، یەکەمیان بەعەرەبی کە (طیباق)ی پێ دەڵێن.. ئەمەش کە هێنانەوەی دوو شتی دژ بەیەکن کە (فی - سێبەر) و (ضیا - رووناکییە) و دووەمیان هونەری (لەفف و نەشر)ە..

د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ، هەروەکو خۆی کە لە دیوانەکاندا نووسراوە، وەری گرتووە و بەم جۆرە لێکی داوەتەوە:

بۆ ئەربابی دانش ئەمین فەیزی

نیشانەیەکە بۆ هونەری رۆشنی

بڕوانە: د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ - شێخ ڕەزای تاڵەبانی - ل/ ١٢٥ پەراوێزی ژمارە/ ٦٨ .

٤٨- بۆ شیعرەکە بڕوانە: دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ٩٩ - ١٠٠ .

- دیوان - چاپی ١٩٣٥ - ل/ ١٠١ .

- د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ - شێخ ڕەزای تاڵەبانی - ل/ ٨٠ - ٨١ .

٤٩- د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ - شێخ ڕەزای تاڵەبانی - ل/ ١٢٥ - تێبینی پەراوێزی ژمارە/ ٦٨ .

٥٠- عەلی کەمال باپیر - شاعیرە ناو ونبووەکانی کورد - ل/ ٣٢ .

51- Inal- Son Asir Türk Sairleri- c.l.s.428.

- کاکەی فەلاح - ئەنجوومەنی ئەدیبانی کورد - چاپی دووەم - ل/ ١٨ .

٥٢- محمد امين زكي - خلاصة تأريخ الكرد وكردستان - ص/ ٣٤٩ .

- محمد امين زكي - مشاهير الكرد وكردستان - ج/ ١ - ص/ ١٩١ .

53- Inal- Son Asir Türk Sairleri- c.l- s.429

- عەلی کەمال باپیر - شاعیرە ناو ونبووەکانی کورد - ل/ ٣٢ .

ئەوەی شایانی باسە، مامۆستا رەفیق حیلمی دەڵێ: تەئریخی لەدایکبوون و مردنی نەنووسراوە. بڕوانە: رەفیق حیلمی – شعر و ئەدەبیاتی کوردی – بەرگی یەکەم – ل/ ٣٠ .

54- Inal- Son Asir Türk Sairleri- c.l- s.428

٥٥– أمين فيضي – أنجمن أديبانى كورد – چاپی یەکەم – ل/ ٧ .

56- Inal- Son Asir Türk Sairleri- c.2- s.1479

هەروەها بڕوانە: عطا ترزی باشی – کرکوک شاعرلری – ج/ ٢ – ص/ ١٤٧ .

٥٧– کەریم شارەزا – کۆیە و شاعیرانی – ل/ ٩١ .

٥٨– دیوان – چاپی ١٩٤٦ – ل/ ٧ .. ئەو پەڕاوێزە دەبێ فەتحوڵا ئەسعەدی کۆیی پێشەکی نووسی دیوانی چاپی ١٩٤٦ی شێخ ڕەزا نووسیبێتی کە شارەزایەکی تەواوی ئەدەبیات و شیعری شێخ ڕەزا بووە.

٥٩– عەلی کەمال باپیر – شاعیرە ناو ونبووەکانی کورد – ل/ ٥٢ .

کەریم شارەزا – کۆیە و شاعیرانی – ل/ ٣٩ .

ئازاد عەبدولواحید – ئەختەر.. شاعیری جوانی و دڵداری – ل/ ١٦ .

٦٠– عەلی کەمال باپیر – شاعیرە ناو ونبووەکانی کورد – ل/ ٥٢ بەڵام ڕۆژەکە و مانگەکەی بە (کۆچی) داناوە و دەڵێ ٢٨ /شەعبانی . (!) ساڵی ١٨٨٦ی زاین لە دایک بووە.

– کەریم شارەزا – کۆیە و شاعیرانی – ل/ ٣٩ .

– سەجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – چاپی دووەم – ل/ ٥٥٨ .

– کاک ئازاد عەبدولواحید – ئەختەر... ل/ ٣٢ – ساڵی کۆچی بێ دەستنیشانکردنی هیچ سەرچاوەیەک – ١٣٠٥ی کۆچی و ١٨٨٨ی زاین داناوە.. لە کاتێکدا (١٣٠٥)ی کۆچی بەرامبەر بە (١٨٨٧ – ١٨٨٨)ی زاینە.

٦١– بەڵگەی بڵاوبوونەوەی ناوی (ئەختەر) بۆ دەرەوەی کۆیە، کۆمەڵە شیعرە بەرامبەر یەک وتراوەیە کە لە نێوان (عەبدوڵا سافی کوڕی مەلا دەروێشی قەڵایی کەرکووکی (١٢٢٤ی کۆچی/ ١٨٠٩ – ١٨١٠ی زاین – ١٣١٦ی کۆچی/ ١٨٩٨ – ١٨٩٩ی زاین)ی شاعیری ناسراو و گەورەی تورکمانی کەرکووکیدا و شێخ عەبدولقادر (فائض)ی کوڕی شێخ عەبدوڕەحمانی تاڵەبانی – کە برا گەورەی

شێخ ڕەزایە (١٢٥٠ی کۆچی/ ١٨٣٤ – ١٨٣٥ی زاین – ١٣١٥ی کۆچی/ ١٨٩٧ – ١٨٩٨ی زاین)... وادیارە (سافی) ئەو کۆمەڵە شیعرەی ناردووە بۆ (ئەختەر)ی شاعیر، ئەختەریش بە شیعرێکی (٤٣) دێرە شیعری هەر بەتورکی و لەبارەی بابەتی شیعرەکان و شاعیرەکانەوە بە شیعر وەڵامی داوەتەوە. مەلا سابیری مەلا محەمەدی کەرکووکی – لە نامیلکەی (مشاعرە) – کرکوک شاعرلرندن فائض و صافی ارەسندەکی مشاعرە – دا هەر هەمووی بڵاو کردووەتەوە. لە بەغدا ساڵی ١٩٥٣ی زاین لە چاپی داوە.

بۆ شیعرەکەی (ئەختەر) بڕوانە ل/ ٢٩ی ئەم نامیلکەیە.

هەروەها بۆ کۆمەڵە شیعرەکەی فائض و صافی – بڕوانە: عطا ترزی باشی – کرکوک شاعرلری – جـ/ ٢ – ل/ ١١٠ – ١٢٦، کە باسی نامەی نێوان صافی و ئەختەر دەکات بێ ئەوەی پێوەندیی ئەو دوو نامەیە بەبابەتی کۆمەڵە شیعرەکەی فائض و صافییەوە باس بکات، هەروەها ئەو دوو نامە شیعرییەی صافی و ئەختەریشی بڵاو نەکردووەتەوە.

٦٢– کەریم شارەزا – کۆیە و شاعیرانی – ل/ ٣٩ .

٦٣– ئازاد عەبدولواحید – ئەختەر... ل/ ١٩ بەولاوە.

٦٤– بڕوانە: محمد أمين زكي – تأريخ الكرد وكردستان – ص/ ٣٤٥ .

– محمد أمين زكي – مشاهير الكرد وكردستان – جـ/ ١ – ص/ ٢٢٤ .

– هجری دەدە –جريدة كركوك – بە توركی – ژ/ ٣٣٠ – ٢٨ / ١١ / ١٩٣٠ – ل/ ٣.

بەندی چوارەم

# مەبەستی شێخ ڕەزا

ئەگەر گەشتێک بەناو دیوانی شێخ ڕەزادا بکەین و بگەڕێین و سەرنج لەو بابەت و سەرباسانە بدەین کە شێخ لەبارەیانەوە شیعری وتووە، دەبینین زۆربەی زۆری شیعرەکانی شیعری داشۆردن (هەجو)ە. جگە لەوەی کە شاعیر ئەم بابەتەی لێ بووەتە بابەتی سەرەکی و، بە هونەرێکی بەرز و ئاگرینەوە ئەو شیعرانەی دارشتووە.. دیسانەوە قسەی سەیروسەمەرە، کە نەک هەر پسپۆڕ و شیعردۆست، بگرە بە گشتی، زۆربەی خەڵکەکە حەزیان لێی بووە، بۆیە شێخ ڕەزا. زۆر بەناوبانگ بووە و هۆیە سەرەکییەکەش، ئەو شیعرە پڕ لە جنێو و قسە پەردە لێ هەڵماڵراوانەیەتی.

ئەگەرنا، شێخ ڕەزا، زۆربەی بابەتە کلاسیکییە شیعرییەکانی تاقی کردووەتەوە و شیعری پێ وتوون، دیارە ئەمە پێویستی شاعیرە کۆنەکان بووە، دە بزانە شاعیری مەزنی کورد، مستەفا بەگی (کوردی)، ئەمە لە شیعردا چۆن دەردەبڕی کە دەڵێ:

وەنییە – کوردی – مائیلی ئەو جۆرە ئەتوارانە بێ

لازمە شاعیر لە هەر چەشنێ بڵێ، بۆ ئیمتیاز[١]

شێخ، هەروەکو هەوڵی ئەوەی داوە کە لە (بابەتی) جۆراوجۆرەوە شیعر بڵێ، بەزمانی جۆراوجۆریش شیعری وتووە، بە کوردی و فارسی و تورکی شیعری زۆرە، هەروەها کەم تا زۆرێک شیعری عەرەبیشی هەیە، بەڵام لەمەیاندا، ناتوانین بڵێین، ئەمانەی بۆ خۆ تاقیکردنەوە و خۆ نواندن وتووە، چونکە شیعرەکانی شێخ ڕەزا بە تێکڕا پێوەندییان بەبابەت و ڕۆژ و شوێنی

تایبەتی خۆیەوە هەیە. لەبەر ئەوە شێخ ڕەزاش بۆی هەبووە شیعرێکی وەکو شیعرەکەی نالی بڵێت، بەڵام (تورکی)یەکەش بخاتە پاڵییەوە و بیکاتە چوار. وەکو نالی دەڵێ:

فارس و کورد و عەرەب هەرسێم بەدەفتەر گرتووە
(نالی) ئەمڕۆ حاکمی سێ مولکە، دیوانی هەیە(٢)

گەلێک کەس شیعری شێخ ڕەزایان بەپێی بابەت، لەلای خۆیانەوە دابەش کردووە و کردوویانەتە چەند بەشێک. لەلای ئەدمۆندس بەم جۆرە دابەش کراوە:

١- سەربوردنامە و بیرەوەری خۆی. ٢- دڵداری. ٣- هەجوی عشیرەتە دوژمنەکان. ٤- کاغەزی گەدایی بە گشتی - بە ستایشت و بە هەڕەشە. ٥- پیاوی چرووک(٣).

من لێرەدا دەمەوێ لە مەبەستی شێخ ڕەزا بکۆڵمەوە. بزانم دەیەوێ چی بڵێ و بیروباوەڕی چییە لە تێکڕای شیعرەکانیدا. بەگشتی لە ژێر ئەم سەرباسەدا، بێگومان بەناو ئەو بابەتەی شێخ ڕەزاشدا ڕەت دەبم.

## ناکۆکیی ناو بنەماڵە و داشۆردنی خزم و خوێش

شێخ عەبدوڕەحمانی (خاڵض)ی تاڵەبانی، وەکو شێخێکی بەڕاستی ڕێی ئاینگر و خواناسێکی خواپەرست و دامەزرێنەری راستەقینە و ئاوەدانکەرەوەی تەکیێ قادریی تاڵەبانی لە کەرکووک، هەموو مەبەستی هەر ئاین و تەکێ بووە، لەبەر ئەوە هەرچی داهاتێکی بۆ دەهات و هەرچی دەستدەکەوت، بە مولکی تەکیێ دەزانی، نەک هی خۆی و. بەم جۆرە، دوا کەسێک کە سوودی دارایی لە تەکیە بینیبێ خۆی و کەسوکار و ئەندامانی خێزانی خۆی بووە. یەک لەو بەڵگە زۆرانەی ئەم لایەنە ئەو باسەیە کە شێخ حوسامودین، بۆمان دەگێڕێتەوە، کورتەی باسەکە بەم جۆرەیە: (جارێکیان شێخ عەبدولقادر (فائض)ی برا گەورەی شێخ ڕەزا. کەوای شڕی دڕاوی خۆی پێشانی دایکی دەدا، بەنیازی ئەوەی کە دایکی، بە باوکی بڵێ جلی بۆ بکڕێ،

(بێگومان خۆی لەبەر ڕەوشتبەرزی نایەوێ بەباوکی بڵێ). دایکی پێی دەڵێ: من ئەم شتانە بە باوکت ناڵێم، چونکە گوێم لێ ناگرێ، خۆت بچۆرە کۆڕەکەی و دانیشە و لایە دڕاوەکەی کەواکەت بخەرە پێشەوە تا ببینێ. شێخ قادریش بێدەنگ، وەها دەکات، شێخ عەبدوڕەحمان یەکسەر هەستی پێ دەکات و پێی دەڵێ: کوڕم، جلوبەرگی چاک بۆ مرۆڤ نابێتە مایەی شان و شکۆ، بگرە ڕێزی مرۆڤ بە زانست و ڕەوشتچاکی و فێربوونی زانست و زانیارییەوە دەبێ، ئایا ڕێزی ئەوەی کە کوڕی شێخ عەبدوڕەحمانی بۆ شانازیی تۆ بەس نییە؟. شێخ عەبدولقادر بێ ئەوەی ورتەی لە دەم بێتەدەر.. دەچێتە دەرەوە. لە دواییدا باوکی، جێگری خەرجی تەکێ بانگ دەکات و پێی دەڵێ: شێخ عەبدولقادر لەگەڵ خۆتدا ببە و کەوایەکی چاکی بۆ بکڕە، لەو کالایەی کە خۆی بەدڵی دەبێ. هەروایشی لێ دێ.

ڕۆژی دواتر شێخ عەبدولقادر هەر بە کەوا شڕەکەیەوە دێتەوە، کە باوکی لێی دەپرسێتەوە پێی دەڵێ کە بەخشیویەتی بە یەکێک، لەبەر قەرزاری، لەسەر ڕێ چاو بەگریانەوە دانیشتووە[٤]. شێخ عەبدوڕەحمانی گەورە ئا بەم جۆرە و بەم گیانە و لە خۆبوردووانە.. ئەم تەکیەی پێک هێناوە. جا لە پاش کۆچی دوایی شێخ عەبدوڕەحمان، کە شێخ ڕەزا لە هەندەرانەوە دەگەڕێتەوە و شێخ عەلی برا گەورەی کە جێی باوکی گرتووە و شێخ ڕەزا منداڵ نەبووە تا شێخ عەلی مەسرەفی بکێشێ و پارە و داهاتی تەکیی خەرج بکا. با ئەوەش لە شیعرەکانی شێخ ڕەزاوە تێ بگەین، کە سامان و ماڵ و موڵک داگیر کراوە. ئەم تەکیەیەی کە زۆر کەسی دەرەوەی بنەماڵەکە دەوریان لە گێڕان و خزمەتکردنیدا بووە.

شێخ ڕەزا دەیەوێ ژیانێکی چاک و دەستڕۆیانە بەسەر ببات و ببێتە خاوەنی (جاه و جەبەڕووت) و.وەک شاعیرێک، شتەکە زل دەکات و هەموو خەتاکە دەخاتە ئەستۆی شێخ عەلی:

بێگانە هەموو ساحیبی جاه و جەبەڕووتن
بێچارە (برای شێخ عەلی)[٥] موفلیس و ڕووتن

ئەی شـــێخ عـــەلی چاكـــە وســـووقت بە برا بێ
باوەڕ مـەكـە بەم خـەڵقـە كـە وەك توولە لە دووتن
قـەومێ كە لە عەهدی پدەرت حەلقە بەگوێش بوون
تەحـــقـــيـــقی بزانە بە خـــودا جـــوملە عـــەدووتن
ڕەحـــمـــيـــان نيـــيـــە دەربارەيی تۆ خـــزم و ئەقـــاريب
مـــوشـــفـــيـــقـــتـــرە، بێگانە، لەمـــانە، كـــە عـــەمـــووتن
نـادان و قـــــورمـــــســـــاغ و نەزانن كـــــە ئەمـــــانە
گـــاهێ لە ســـەمـــا، گـــاه لە ســـەيری مـــەلەكـــووتن
ئەم تـەكـــيـــەنشـــينانە چە دەروێش و چە ســـۆفی
هەرچەندە بەدڵ مـــوشـــتـــەغـــيلی زيكر و قنووتن
وەك حاجيی مابەينی (سەفا) و (مەروە) بە تەعجيل
بۆ لوقـــمـــە ئەمـــانيش بەمـــەســـەل يوونس و حـــووتن
جـــومـــعـــانە بڕاوە، بەخـــودا مـــوفليـــســـە (لامـــيع)
نەپوولی حـــــەمـــــامی هەيە.. نە، پارەيی تووتن(٦)

بەپێی ئەوەی هەندێک بەڵگەی تری وەک داواكـردنـی تەكـێـی شـێخ باقی كـەركووك و تووڕەبوونی لە شـێخ عەلی و مەلا مەحـمـوودی مـەزناوايی، كە تەكێی شێخ باقيی دراوەتێ و وەكو لە بەشێكی تری ئەم كتێبەدا باسی كراوە. من وای بۆ دەچم كە شـێخ ڕەزا بەو هەمـوو توانايەی خـۆيەوە داوای شـتی گەورەتری وەكو شێخايەتی تەكيەيەک، كردووە، كە لە دوايشدا تەكێی تاڵەبانی بەغدا وەدەست دەخا.. من باوەڕم وايە، ئەگەرچی لە نموونەی ئەم شيعرانەيدا كە لە دژی شێخ عەلی و حەمەی وەستا فەتاح و مامە غەفووريدا، ئەوەمان لەلادا دەچەسپێنێ كە داوای بەشی كردووە، لە پارە و پوول و ماڵ و موڵک و ميراتی و كەلەپوور. بەڕاستی ئەنجام هەروەهايشی لێ هاتووە و بەو هەموو توانايەوە لە ناو كۆمەڵێكی وەهادا هيچی دەست نەكەوتووە و بووەتە جوێندەر و گـــاڵتـــەی بەزۆر كـــەس و تەنانەت بە ڕۆژگـــاريش كـــردووە. لە زۆربەی

شیعرەکانیدا داوای پاداشت و مووچە و یارمەتی، هەر لە خزم و خوێشەوە تا گەورە پیاوانی تیرەکانی تر و فەرمانبەر و والی و سەدر ئەعزەمەکان کردووە. جا ئەوەی نەیداوەتێ، یا مووچەی دواخستووە، یا کەمی کردووەتەوە، هێرشی توندوتیژی بێ ئامانی بردووەتە سەر و دایشۆردووە:

قەومەکان، بەو زاتە وا حوکمی لەسەر بەحر و بەڕە
بەرخە نێرێ گەر نەنێرێ، هەر کەسێ خاوەن مەڕە!
دێم بەگژیا، ئەیدڕم گەر (فیلمەسەل) شێری نەڕە
با نەقەومێت و نەزانن، ئەم هەموو شۆڕ و شەڕە
گشت لەسەر بەرخی شەل و کاوڕی لەڕ و بزنی گەڕە.(٧)

## لەگەڵ تیرە و عەشیرەتاندا

شێخ ڕەزا لەو ناکۆکی و کێشە جیاجیاکانی نێوان تیرەکەی و هۆز و عەشیرەتەکانی تردا رووی داوە، پشتی بنەماڵە و عەشیرەتی خۆی گرتووە و داکۆکی لێ کردوون و بەشیعری ئاگرپژێن پڕوپاگەندەی بۆ کردوون،.. تەنانەت لەم جۆرە شیعرانەشدا داوای پاداشتی کردووە و بۆ سوودی خودی خۆی هەوڵی داوە. بۆ نموونە کە بەقسەی شێخ ڕەزا چوار عەشیرەت یەک دەگرن و بەگژ تاڵەبانیدا دەچن و دەرەقەتیان نایەن. دەڵێ:

بارەکەڵڵا ئافەرین ئەی عەشرەتی نوسرەت شیعار
مەردی مەیدان، شێری جەنگ ئاوەر هوزەبری کارزار
چوار عەشیرەت، (کاکەیی) و (وەند) و (جەباری) و (داودە)
ئیتیفاقیان کرد و هاتن چوار سەد و پەنجا سوار
هەر بە ئەوەڵ حەملە چەندتان کوشت و چەندتان سەر بڕی
چەند کەلەشیان لێ بەجێ ما، بوونە توعمەی مووڕو ومار

لە کۆتاییی شیعرەکەدا، دان بەوەدا دەنێ کە ئەم قسانە راستییەکی زۆری تێدا نییە و مەبەست داواکردنی پاداشتە:

ئەم قـسـانە گشت مـەجـازن گـەر حـەقـیـقـەتتـان دەوێ
بەزلـی نان و هـیـــمـــەتی پیـــرانە بۆتـان کـــەوتە کـــار
(جـائیـزە)م مـەتڵـووبە، ئـەم مـەدحـەم بە (خـۆڕایی) نیـیـە
هورتومـانیش بێ (ڕەزام)، گەر هیچ نەنێرن، یا سەتتار[٨]

نەک هەر ئەوە، بگرە دوور لە ناکۆکی و ناخۆشیش، کە بە عەشیرەتێکدا یان بە کەسێکدا هەڵی دابێ، دیارە داواکاری دیاری و مووچە بووە، یان ئیشێکی پێی بووە. لەو شـــیـــعـــرە بەرزە پڕ هونەرەیدا کـــە بۆ پێـــداهەڵوتن و باسی ئازایەتیی عـەشـیـرەتی جـاف و وەسـمـان بـەگ (وەسـمـان پاشـا)ی جـافـدا وتوویـەتی و داوای لوتفی دەکـا، تـا شـیـعـری جـوانتـر و پتـری بۆ بڵـێ و لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

خزمینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشرەتی جافا
مـێـرووله نەچێ چاکـە بـەگـژ قـوللەیـی قـافـا
کێ بێ لە دلێـرانی عـەشـایـەر کـە نەچووبێ
وەک، تیری ئەجەل، نووکە ڕمی جافی بەنافا

بڕوانە لە کۆتاییی شیعرەکەدا چۆن داوای (لوتفی) وەسمان پاشا دەکا:

لوتـفێ بکە بـا شـێـخ ڕەزا بێـتــەوە گـوفـتــار
حـەیفە بـڕزێ تیـغی مـوجـەوهـەر لـە غـیـلافـا[٩]

ئەوەی بەناوبانگ و باوە، ئەوەیە کـە شـێخ ڕەزا زۆر هـاتوچۆی بەگزادەکـانی جـاف و بە تایبـەتی (وەسـمـان پاشـا) و[١٠] (خـانمی وەسـمـان پاشـا) و[١١] گەورەکانی تری عەشـرەتی جافی کردووە و بەرات و خەڵات و یارمـەتیی زۆری لـێ وەرگـــرتوون، یان بۆیان ناردووە و مـــووچـەیەکی تەواوی لـەمـــانەوە بـۆ بڕاوەتەوە. ئەو عەشرەتی جافەی کە لە وەسفیاندا وتوویەتی:

خـواســتم در مـدح إیشــان قطعــهء إنشــاکنم
خـامـه گفـتـا کـهی توانم شرح رین روصـافـرا[١٢]

واتە: ویسـتـم لە بارەی سـتـایشـیـاندا (واتە عـەشـرەتی جـاف) پارچەیەک

بنووسم و بڵێم، قەڵەم وتی کەی لە توانامدا هەیە کارپەسەندییان باس بکەم؟.

شێخ ڕەزا، کە ئەو شیعرە بەرزانە بۆ مەحمـوود پاشا و جافاندا دەڵێ، ئینجا کە، مووچەی دوا دەکەوێ یا کەم دەکرێتەوە، شیعری (حافزی شیرازی) بەم جۆرە (تشطیر – تەشتیر) دەکات و هەر بەو مەحموود پاشایە دەڵێ:

مگر یزدان کند کشف کف (محمود پاشا) را
(کەکس نگشودو نگشاید به حکمت این معمارا)[١٣]

واتە: مەگەر یەزدان، ناو لەپی (مەحموود پاشا) بکاتەوە، لەبەر ڕژدی و بەخیلی (کە کەس حیکمەتی ئەم مەتەڵەی نەکردووەتەوە و نەزانیوە و نازانێ).

لە بارەی ئەم دێرەوە هیجری دەدە دەڵێ: (مامۆستا – مەبەست شێخ ڕەزایە – لە بارەی گوزەرانەوە تەنگوچەڵەمەی زۆر دیوە، تەنانەت کە لەلایەن سەرۆکەکانی جافەوە، ساڵانە هەندێ مووچەیان بۆ بڕیبووەوە، کە مەحموود پاشا هەندێک کەمتری داوەتێ، ئەم دێرەی بۆ ناردووە)[١٤].

خانمی وەسمان پاشاش، یارمەتییەکی دارایی زۆری داوە و دیاری و خەڵاتی بۆ ناردووە.

تەنانەت جارێکیان (خانم) بەڵێنی دەداتێ ئێسترێکی بۆ بنێرێ، بەڵام ئێسترەکە دەمرێ. خانمیش هەواڵی بۆ دەنێرێ کە ئەو ئێسترە مردووە. هەروەها بە گاڵتە و شەڕ پێ فرۆشتنەوە دەڵێ: شێخ ئێسترە مردووەکەی دەوێ بۆی بنێرم، یان ئێسترێکی تری زیندووی دەوێ. شێخ ڕەزا لە وەڵامدا دەڵێ:

ئێستری زیندوو بڵێم بۆم چاکە، یا مردووم دەوێ
ئیحتیاجم زۆرە (خانم)، با بڵێم هەر دووم دەوێ
بێچووەکانم، سەر لە سبحەینێ، هەموو دەورم دەدەن
ئەو ئەڵێ: پوولم نەماوە، ئەم دەڵێ: بێچووم دەوێ[١٥]
باوجوودی ئەم هەموو تەکلیفە گێژیان کردووم
کوڕ خەیاڵی ژن ئەکات و، کچ دەڵێ من شووم دەوێ[١٦]

تەنانەت بۆ ئەم (خانمی وەسمان پاشا)یە، ئەم شیعرە دەڵێ:

قـامـەتت بێ شک نەمـامـی عـەرعـەرە، یاسـۆسنە

دەک فیدای ناز و گریشمەت بم پەریزادەی سنە

(خـانم) ئەم شـیـعـرەی زۆر پێ خـۆش دەبێ، نیـازی بووە پاڵـتـۆیەکی شـاڵی تورمـە و دوو سـەد قرانـی لە پاداشتـی شیـعرەکەدا بداتێ.. تایەر بەگی جـافی کوڕی خانم (کە شاعیرێکی بەناوبانگە) پێی دەڵێ، ئەمە قسەیەکی باش نییە و جنێـوە، هـەر کـەسـێک پێی بڵـێن: سنەیی، خـۆی دەکوژێ، چونکە مـەعنـاکـەی خراپە..خانمیش دەڵێ: کوڕە بەڵێ(١٧).

گومـان لەوەدا نییە کە خـانمی وەسـمان پـاشـا، خـانمێکی خـانم و پیـاوانە و پاک و بێگەرد بووە و. لـە گـوڵ ناسکـتـری پێ ناگـوترێ. هـەروەها وەسـمـان پاشـای جـافـیش، بەڵام لـەبەر نزیکی شـێخ ڕەزا و شـێـوە شـیـعـرییـەکـەی و دڵسـافـییـەکەی نـەبوایە.. هـەرگـیز جافـەکان ئەم جـۆرە (سـوعبـەت)انەیان.. لە شێخ ڕەزا نەبێ، لە کەسی تری قبووڵ نەکردووە و نایکەن.

شـێخ ڕەزا، شـیـعـری هونەریـی بەرزی (ناوەڕۆک چاک و خـراپ)ی بۆ زۆر کەسی تر نووسیوە. شیعرێکی بۆ (سەید نووری نەقیب)ی بەرزنجی سلێمانی ناردووە، داوای کەڵەشێری لێ دەکات و سەرەتاکەی دەڵێ:

کـەڵەشـێـرێ بە (ڕەزا) لازمــە کـرمـاشــانی

زیرەک و چاپوک و دەم گـەرم و دڕ و شـەڕانی

لە کۆتاییدا دەڵێ:

ئەی (نەقــیـبـزادە) بنێـرە کـەڵەشـێـرێکی وەها

بۆ (ڕەزا)کەی سەگەکەی قـاپییەکەی گەیلانی(١٨)

هـەروەها بەرامـبـەر بەوەی کە (میـرانی خدر بەگی خۆشـناو) ئێسـترێکی بۆ ناردووە، وا دیارە شێخ ڕەزا بە دڵی نەبووە، یانیش ویستوویەتی گاڵتە و گەمە لەگەڵ (میران)دا بکات. نووسیویەتی:

مــیــر بەســەد مننەت هەناردی ئێــســتــرێکی ڕووت و قــووت
دەست و پا ســست و سـەقـەت ئەندامی هەروەک عـەنکەبووت
خـــــاوەنــی ئـالیکـی نـاڵێم پـێ نـەداوە مـــــوتـلـەقـــــا..
داویـەتـی ئـەمما وەکـــو بـیـــســـتـــوومـــە قـــووتـی لایـەمـــووت
پووش لـە لای حـەلوایە، حـــەتـاکـــو پـەڵۆشـــەی چنگ کـــەوێ
بـای ئـەدا، لوولـی ئـەدا، قـــــووتـی ئـەدا، مـــــانـەندی حـــــووت
گــــەرچـی نـاتـوانێ ببــــزوێ، هـێـنـد لـەڕ و کــــەم قـــــووەتـە
دەنـکە جـــۆیێکی نیـــشـــاندەی، تـاقـــەیامـــەت دێ لـە دووت
پشـــتی ڕێش و شـــانـی زامــدار و جـــەدەو بوو، نـاعــیـــلاج
چەند قـــڕووشـــێکم هـەبوو بۆم دا بـە نـەوت و عـــەنزەرووت
مـــەســـڵـــەحـــەت وایە هەتا نەیخـــواردووم بینێـــرمـــەوە
زۆر ئـەترسـم دەفـــعـــــەیێ قــــووتم بدا، بمکا بە قـــــووت
(ســەی فـەتاح)ی مـەیتـەرم ڕۆژێ بە حـــجـــجـەت لێی نەوی
کلکی دەرهێنا لەبن، ئەمـــجـــا بە ئـاســـتـــەم، گـــوێی بزووت
گـــەر قـــەڵەو بێ، ئەم ئـەجـینـنە نێـــرە تەســـخـــیـــر نـاکـــرێ
غـەیری چەند دەروێشێ (ڕەفـــاعـــی) بەزەبری جـەلجـەلووت
ئـەم مـــەتـاعـــە چاکـــە هـەر لاییق بە حـــاجی ئەحـــمـــەدە
جووتی پێ بکا، هەروەکو جووت هەردوولنگت کرد بە جووت
لایـقـی شـــــانـی من و شـــــایـانـی شـــــەئنی تـۆ نـەبوو
چاوەکـــەم چیت پێ بڵـێم چارم نییە غـەیری سکووت.(١٩)

وەکو سـەرنجێک لێرەدا، ئەوە بەبیر دەخـەمەوە کـە شێخ ڕەزا، حـەزی لە چاکە و تەبایی نێوان خەڵکیش کردووە. ئەوەتا بۆ (محەمەد بەگی قادر بەگی جاف – کە قایمقامی ڕانیە بوو) و دۆستی شێخ ڕەزا بووە. شیعرێکی ناردووە و هەوڵی ئەوەی داوە کە لەگەڵ ئاغای ئاکۆ نێوانی چاک بکاتەوە. دەڵێ:

شعـار خـويش مكن شـيـوه، هـلاكـورا
بجـان من كـه مـرنجـان رئـيس اكـورا
مـخـور فريـب بـحرف و دروغ مـدعـيـان
زينده بشنو مشنو حـديث بدگورا[٢٠]

واتـه: دروشـمـی خـۆت وەكـو دروشـمـی (هـۆلاكـۆ) لـێ مـەكـە
تو گيانی من!. سەرۆكی ئاكۆيان مەڕەنجێنە
بەقسەو درۆی لاف لێدەران فريو مەخۆ و هەڵمەخەڵەتێ
گوێ لە قسەی چاك بگرە و قسەی بەدگۆ مەژنەفە.

## لا باسێكی شێخ ڕەزا و چينايەتی

لێكۆڵينەوە و وردبوونەوە لە بەرهەم و هەڵسوكەوتی شاعيرێكدا، بۆ دەستنيشانكردنی شوێن و هەڵوێستی بەرامبەر چينێك يان پشتگيری چينێكی تردا.. دەبێ تێكڕای بيروباوەڕ و هەڵوێستی بخوێنرێتەوە و دەستنيشانی جێی بكرێ. چەند مامۆستايەكی بەڕێز بە قرتاندن و باسكردنی بەشێك لە تەنيا شيعرێكی شێخ ڕەزا، ويستوويانە بە شێوەيەكی ڕاستەوخۆ يان ناڕاستەوخۆ، ئەوە بسەلمێنن كە شێخ ڕەزا باسی چينايەتی و كێشەی چينايەتی كردووە، يان با بڵێين.. شێخ هەستێكی سەرەتايی لەم بارەيەوە بووە. هێشتا بابزانين سەرەتای شيعرەكە چيمان بۆ ڕوون دەكاتەوە، شێخ دەڵێ:

خـەبەر چوو بـۆ (مـيـرە سـووره)
قـوربان (شـێخ سـاڵح) مـەغدووره
خـۆشی خـۆشـيـی پـێ كـەوت وتی
ئاگـره سـووره، لە خـۆم دووره

وەكو ديارە، شێخ ڕەزا باسی دوو كەس دەكا (ميرە سوورە) و (شێخ ساڵح) كە هەردووكيان (ئەگەر بە چينايەتی بژمێرين؟!) لە چينی باڵای كۆمەڵی ئەو

سەردەمەن.. کەواتە هیچیان سەر بە چینێکی لەوی تر جیاواز نییە. هەروەها لە شیعرەکەوە تێ دەگەین کە دۆزەکە دژی بەرژەوەندیی تاکە کەسێکە، نەک هەر ئەمە بگرە باسی باری ژیانی کەسێکە و بەس. هەر بۆیەشە (میرە سوورە) هەڵوێستەیەک دەکات و ئینجا دەڵێ:

خۆشی خۆشیی پێ کەوت وتی

ئاگرە سوورە، لە خۆم دوورە

ئینجا شێخ ڕەزا کە ئەوە دەردەبڕێ کە لە ناو کۆمەڵدا جیاوازیی ڕوانینی خەڵکەکە بەرامبەر دەوڵەمەند و هەژاردا هەیە و دەڵێ:

کەسی فەقیری بێ چارە

عەیبێکی هەبێ دیارە

دەوڵەمەندی ساحێب پارە

سەد عەیبی هەبێ مەستوورە

سەرەتا مامۆستا عەبدوڕەزاق بیمار لە بارەی شێخ ڕەزا و ئەم پارچەیەوە دەڵێ:

(شێخ ڕەزا) تێکەڵ بە ژیان بوو و، خەمی گوزەرانی و ژنهێنان و ماڵ پێکەوەنانی کەوتە دڵ، خۆی لە (کاسبکار و خەڵکی ناو بازاڕ خشاند و هەژاری و دەوڵەمەندیی دی).. زانی کە(٢١).. هتد. ئینجا ئەو یەک دوو دێرەی هێناوەتەوە.

د. عیزەدین هەوڵی ئەوە دەدات کە مەسەلەکە قووڵتر بکات و دەڵێ: شێخ ڕەزا هەندێک وێنەی باری (چینایەتیی کۆمەڵەکەی) خۆی پێشان دەدات، وێنەی جیاکاریی چینایەتی پڕ شەرمی ناو خەڵک پێشان دەدات(٢٢).

مامۆستا کەریم شارەزاش بەم جۆرە لەو پارچە دەدوێ و دەڵێ:

هەندێ لە هەڵبەستەکانی، باری ژیانی هەژارانی ئەو سەردەمەمان بۆ دەردەبڕێ و (جیاوازی چینایەتی)مان بۆ ڕوون دەکاتەوە، لە نێوان دەوڵەمەندێکی خاوەن پارە و فەقیرێکی بێ چارەدا(٢٣).

نەک هەر ئەمە، شیعرێکی تری شێخ ڕەزا هەیە کە بە (تورکییە) و دەڵێ:

مـفلسـک عطسـەسنە، صـیـحـەء نـاگـاه دینر
مـنعـمـک ضـراطـەسنـە، یرحـمـک الله دینـر
عـالـم پرهـنـره عـقـل کـهن أصـحـابی
جـاهـل بیـخـبـره مـرشـد أگـاه دینر
یولـی أگـری گـیـدەنـە زاهدی پاکـیـزه گـهـر
سـوزی دوغـری دیـەنە شـاعـری گـمـراه دینر
مـرتشـینک اوقـونور مـضـبطـەء تبـریـەسی
هر طرفـدن نیـجـە بیک اشـهـد بالله دینر
بر قـوری نـامی قـزانمقـده (رضـا) فـائده نه
استخـوان ریزەء شطرنجه دخی شاه دینر[٢٤]

جا، لە هەموو ئەم قسانە و ڕەوشت و هەڵسوکەوتی شێخ ڕەزاوە، من وای دەبینم کە شێخ ڕەزا نە هەستی چینایەتی هەبووە و نەخۆی لەسەر (چین)ێکی بەشخوراو داناوە، بەڵکو وەکو تاکێک خۆی، گەلێک جار بە بەشخوراو زانیوە و... کەچی خۆشی هەموو کات لەسەر چینی باڵا ژماردووە.

بەهەرحاڵ، لەوانەیە بۆم هەبێ لێرەدا تا ڕادەیەک پشتگیریی قسەکەی (د. شوکریە ڕەسوڵ) بکەم و لەگەڵیدا بڵێم: (ئێمە ناڵێین شێخ ڕەزا پێوەندیی دەرەبەگی و دژی دەرەبەگی زانیوە و لەبەر بیری کۆنەپەرستی لایەنی دەرەبەگی گرتووە، بەڵام ئەو کە لە کۆمەڵەی دەرەبەگیدا پەروەردەبوو و پێ گەیشت و بە بیر و باوەڕەکانی ئەو بیرە گۆش کرا و دژەکەشی نەناسی تا لایەنی بگرێ، بمانەوێ و نەمانەوێ دەبێ بە هەڵگرێکی بیری دەرەبەگی لە هەندێ ڕووەوە، بە تایبەتی هەڵوێستی لە گاڵتەکردن بە تاقمێکدا لەبەر جیاوازی و تایبەتێتی چینایەتی)[٢٥]

## ڕێبازە ئاینییە جیاجیاکان و شیعری شێخ ڕەزا:

شێخ ڕەزا هەر لە سەرەتای ژیانی شیعر وتنیەوە خۆی بە موریدی شێخ عەبدولقادری گەیلانی داناوە. ئەمە لەو باسەدا دیارە کە پێشتر باسی لێوە کراوە، کە لەگەڵ شێخ عەبدوڕەحمانی باوکیدا دەچنە سەردانی مەرقەدی پیرۆزی شێخ عەبدولقادر و لە دەرچوونەوەیدا شیعرێک بە (غەوس) دا هەڵدەدا، هەروەها لەو شیعرە بەرزەیدا کە بۆ شێخی گەیلانی گوتووە و لە سەرەتایدا دەڵێ:

گلستانی کە خوانند آستان غوث گیلانش
زدە فیضی مقدس خیمە درحصن خیابانیش
مطاف شیر مردان طریقت کعبەء کویش
سری گردن فرازان حقیقت گوی میدانش
غلام کمترینشرا لقب شد (خواجەء أحرار)
بقطب العارفین مشهور شد طفل دبستانش(٢٦)

کە دێتە سەر باسی (شێخی گەیلانی) بەخۆی هیچ درێغییەک ناکات و پایە و پلەی بەرزی باس دەکات و (بە شیعرێکی تورکی) بۆی دەڵێ:

علو قدر عبدالقادری أوج آنبیادن صور
غبار خاک نعلینی رقاب أولیادن صور
او (باز) سرفرازک آشیانی نیردەدر بیلمم
آنی بالانشینی بارگاە کبریادن صور(٢٧)

واتە: بەرزیی بەڕێزی عەبدولقار، لە لووتکەی پێغەمبەران بپرسە
تۆز و گەردی سۆلەکانی لە گەردنی (ئەولیا) خواناسەکان بپرسە
لانەی ئەو (باز)ە کە نازناوی شێخ عەبدولقادرە، لە کوێیە؟! من
نازانم ئەمە لەو بپرسە کە باڵانشینی بارەگای خوایە.

ئەم ڕێبازە، کە شێخ ڕەزا پەیڕەوی کردووە، وەکو زادەیەک و لە دواییشدا

وەکو شێخی تەکیەی تاڵەبانی بەغدا، تا کۆتاییی ژیانیشی هەر دڵسۆزی ئەم ڕێبازە و ئەم تەکیەیە بووە، بەڵام لەبەر ناکۆکی لەگەڵ برا گەورە و خزم و خوێشدا کۆمەڵێک هێرشی بردووەتە سەر کەسانێکی سەر بەم ڕێبازە، تەنانەت بە گاڵتە پێکردن و گەمەشەوە بە هەندێک شێخی گوتووە:

لازمە بۆ شێخ سبەینان گورگە خەو

تا بڵێن شێخ عابیدە و نانوێ بەشەو[٢٨]

یان کە هەڵسوکەوتی شێخێکی بەدڵ نەبووە و هێرشی بردووەتە سەر، هەرگیز ئەوە ئەوە ناگەیێنێ کە شێخ ڕەزا، تێکڕا دژی شێخایەتی بووبێ.. جا ئێمە بیرمان لەگەڵ بیری شێخ ڕەزادا جووت بێ یا جووت نەبێ، ئەوە ڕاستییە کە نابێ لێی لا بدەین. دەربڕینی بۆچوونی خۆمان شتێکە و بەزۆر و ناڕەوا، سەپاندنی بیروڕای خۆمان بەسەر شیعری ئەودا شتێکی ترە.. دە بڕوانە یەکێکی وەکو (تۆمابوا) چۆن لە شیعرەکانی شێخ ڕەزا دەگا کە دەڵێ: چامە شیعرییە بچووکە داشۆرینەکانی، تام و بۆی لێ کەم نییە و، بەزۆری بیر قووڵە و (داواکاری چاککردنی خووڕەوشتە)، بەڵام جاروبار دەکەوێتە ڕەقی و زمانپیسییەوە[٢٩].

ئەم هێرشبردنانەی، وەنەبێ هەر شێخەکانی گرتبێتەوە و، خۆ ناشێ شێخەکانیش  هەموو باش بن، یان هەموو خراپ بن. جگە لەوەی کە کەس ناتوانێ بڵێ ئەوانەی شێخ ڕەزا هێرشی بردوونەتە سەر هەموو هەر خراپن.. ئەمەیان بە گەواهی شێخ ڕەزا خۆی هەر بینراوە و دیارە، ئەوەتا دوای ئەوەی هێرش دەباتە سەر کەسێک و دواییش دەگەڕێتەوە و دەڵێ:

جەوهەری مەحزە، لە هەردوو لاوە، وەک تیغی دەبان

داکی کچی پاشای ڕەواندز، بابی کوڕی پاشای بەبان

(شێخ ڕەزا)ش هەجوی بکا، باز ئیعتیباری بۆ نییە

چاک  خراپ نابێ بە شیعری شاعیرێکی قەڵتەبان[٣٠]

جا لەگەڵ ئەوەشدا کە دیوانی شێخ ڕەزا پڕیەتی لەم جۆرە شیعرە

جوێنبارێنه و کەسیشی نەهێشتووەتەوە (بەحیسابێ).. جوێنی پێ نەدابێ، شێخ ڕەزایەک گەیشتبێتە ئەو ئەنجامەی کە:

ساغ لە دنیادا نەماوە، گەر قسەی ساغت ئەوێ
بێ هەزارت پێ نیشاندەم، گەر قورمساغت ئەوێ[٣١]

یانیش وەکو شاعیرێکی (ئایدیالی – میسالی) کە لە مرۆڤی ڕێکوپێک (سوپەرمەن)ی بێ کەموکوڕی دەگەڕێت و دەگاتە ئەوەی کە لە تاکە شیعرێکی (تورکی)دا بڵێ:

إنسان کامل آرامق بو زمانەدە
ناموسی آرامق گبیدر قحپە خانەدە[٣٢]

واتە: گەڕان بە دوای مرۆڤی بێ کەموکوڕی لەم سەردەمەدا، وەکو ئەوە وایە کە لە سۆزانی خانەدا لە ئابڕوو بگەڕێی.

لەگەڵ ئەمەشدا، دیسانەوە د. عیزەدینی (مەلا) مستەفای سەفوەت، دێتەوە و دەڵێ: دەبێ چی بێت شێخ ڕەزای شێخی کوڕە شێخی لە گەرمەی ناکۆکیی نێوان شێخ و مەلای ئەو سەردەمەدا هەر بەرەو هەجوی شێخ بردبێت و پڕیشکی بەر (مەلاکان) نەکەوتبێت[٣٣].

دیارە د. عیزەدین، بەچاکی بە دیوانەکانی شێخ ڕەزادا نەگەڕاوە، دەنا دەیبینی کە شێخ ڕەزا (پڕیشکی بەر مەلاکانیش کەوتووە) و.. ئەوەتا هێرشی بردووەتە سەر (مەلا مارفی بیدایەت) و بە تەخمیسێکی شیعری (حافز)، هیچی تێدا نەهێشتووەتەوە[٣٤] و لە شیعری (لە وەختی زەرفێندا) بڕوانە کە لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

ئەی (مەلا) قەت تۆ لە زەرفێندا وەها خێرا نەبووی
یا لە حیزبی بەختی من یا مۆرەکەت مووی پێوەبوو[٣٥]

هەروەها گوتوویەتی:

هەر کەسێ ناوی (مەلا) ئەزیزە
دایم لە بن گونی هەرگیزە گیزە

بەخـۆی گـەوواد و ژنەکـەی حـیـزە
خواردنی گووە و شەربەتی میزە[٣٦]

کە باسی (هەرامە) دەکات و دەڵێ:

تا ملی غـەرقـە لە چەرمـا، وەکـو سـیـواکی (مـەلا)
پرچی ئەفشـانە، لەسـەر پشتی ملی وەک دەروێش[٣٧]

هەروەها کە هێرش دەباتە سەر (شێخ عەلی)، لەم دێرەدا (مەلا) مەحموودی مـەزناواییش دەگـرێتـەوە کـە مـەلایەکی چاک و زانـایەکی بەناوبـانگ بووە کـە دەڵێ:

کێ دیویـەتی ئەی شـێخ عـەلی، مـاڵی خـەزوور بۆ زاوا
تۆ لە کـوێ، تەکیـە لـە کـوێ، بزنە گـەڕی مـەزناوا[٣٨]

ئەمانە هـەمـووی هـەیە. هەمـوو ئـەم قسانە ئاراسـتـەی کەسانێکی تایبـەتی کراون و کەسێک، نە دەتوانێ ناو و ناتۆرە لە شـێخـان و شـێخـایەتی و نە لە (مـەلا و مــەلایەتی) بنێ. کـە ئەوانە بەگـشـتی، وەکـو چەمک، پیـرۆزترین ڕێگایەکیان گرتووە و، پێشەوایەتیی خاوێنی و ڕاستگۆیی و بەرزیی کۆمەڵ و مرۆڤایەتی دەکەن. کەس بۆی نییە، ئەم شیعرانەی شێخ ڕەزا تاڵەبانییە بکاتە داردەسـتـێک بـۆ سـووککردنیـان. نەک هەر ئـەمـە و بـەس، بەڵکو تاوانێکی گەورەیە کە ئەم شیعرانە بکرێتە داردەست بۆ ناوزڕاندنی هەر کەسێک و هەر تاقم و تیرەیەک، ئەوەی ئەوە بکات هەر هی ئەوەیە کە شـیـعرەکەی (شـوکری فەزڵی)ی مەزن بۆ هەر گوێگرێکی بخوێنێتەوە و بڵێن:

گـێـرە شـێـوێنێ کـە کـای کـۆنی بە با دا، لە کنت
چاکە هەر لێی خوڕی، سەیری دەم و کاوێژی نەکەی

دیوانی شـێخ ڕەزا کـە هەیە، دەبێ بۆ سـوودی گـشـتیی مـیللەتەکـەمـان و خۆشەویستی ناو کۆمەڵەکەمان بەکار بهێنین.

شێخ ڕەزا بەخۆی لە چەند شوێنێکی دیوان و شیعرەکانیدا، دانی بەوەدا ناوە کە هەر هیچ نەبێ هەندێک لەوانەی کە جوێنی پێ داون، پیاوی چاکن.. لە

دوو توێی ئەم کتێبەدا نموونەی ئەم شیعرانە بەرچاو دەکەون. لەگەڵ ئەوەشدا بەبیری خوێنەری خۆشەویستدا دەهێنمەوە کە شێخ بەخۆی دوای ئەوەی کە جوێنی بە (مەلا مارفی بیدایەت)یش داوە (وەکو لە جێی تردا باس کراوە) گەڕاوەتەوە ئەم شیعرەی بۆ وتووە:

مەعرووفی پڕ دیرایەت، گوڵی باخی هیدایەت
چیت پێ بڵێم چاوەکەم، ڕەحمەت لە باب و دایەت(٣٩)

هەروەها شیعرێکی (هەجو)ی توندوتیژ بە نائبی کەرکووکدا دەڵێ و دواییش پەشیمان دەبێتەوە و پێی دەڵێ:

نائب روشن دلی هجو ایلین معذوردر
یاندیغندن زشت رو ایینەیی تقبیح ایدەر(٤٠)

واتە: ئەوەی (نائبی) ڕۆشن دڵ هەجو دەکا، لێی دەبووردرێ، کە ئەوەی رووی ناشیرین بێ، ئاوێنە بە ناشیرین و دزێو دادەنێ.

*

کە دێینە سەرباسی ڕێبازی نەقشبەندی و شیعری شێخ ڕەزا، تەماشا دەکەین بە شیعرێکی بەرزی تورکی ستایشی نەقشبەندییان دەکا بەگشتی و دەڵێ:

گل صد برگ جناندر نقشبندیلر
هزاران گلستانێ لامکاندر نقشبندیلر

واتە: گوڵی سەد گەڵایی گوڵزاری بەهەشتن نەقشبەندییەکان.

هەزاران گوڵستانی خودان.. نەقشبەندییەکان.

ئەمەیان لەبارەی نەقشبەندییانە، بەگشتی و ڕاستییەکەیە. کەچی لە یەکێکی سەر بەم ڕێبازە زویر بووبێ و رقی لێی هەڵسابێ.. یانیش بەهۆیەکەوە شیعری گاڵتەجاڕی بۆ نووسیبێ، ئەمەیان جودایە. ئەوەتا بەرامبەر بە خانەقای نەقشبەندییانی کەرکووک ئەم دێرە دەڵێ:

سێ ئیسم هەن بێ موسەمما، هەروەکو ئابی بەقا
تەیری عەنقا، شاری چابولقا، پلاوی خانەقا[٤٢]

واتە: سێ شت هەن، خۆیان بوونیان نییە و، تەنیا ناویان هەیە، هەروەکو چۆن (ئاوی نەمریی) کە داستانێکە، گوایە ئەسکەندەری ماکدۆنی، بۆ سەرچاوەیەک گەڕاوە، هەر کەسێک لە ئاوەکەی بخواتەوە، هەردەم زیندوو دەبێت و هەرگیز نامرێ. کە لە راستیدا شتی وەها نەبووە و نە دەبێ. هەروەها، تەیری عەنقا (سیمورغ) و شاری (چابولقا) و (پلاوی خانەقا).. دەبڕوانە چۆن پلاوی خانەقا، دەخاتە ریزی ئەو ئاوانەی کە بوونیان نییە و.. دەیەوێ بلێ بەناو خانەقا نان بدەن و پلاویان هەیە.. لە راستیدا وانییە.

شێخ ڕەزا دێتەوە سەر رێبازی تر و، لەو شیعرەیدا کە بەناوی (شێخ)ەوە نووسیویەتی و لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

دوگز عمامە، سە گز طیلسان، یک گز ریش
دو صد مرید روان در رکابش أزپس و پیس

تاکو دەڵێ:

یکی کلاە بلندی بقدر قامت عوج
نهادە بر زبر فرق نامبارک خویش
کە شیخ (مولویم) مسلک و طریقت ما
نی أست و دومبگ و رقص و سماع چرس و حشیش[٤٣]

لە لایەکی ترەوە گاڵتە و گەمە بەیەکێکی تری مەولەویی کەرکووکی دەکات و پێی دەڵێ:

باشندە بیر أوزون کلاە قارشومە گادی بر دە دە
یادمە: گادی آیت (في عمد ممدة)[٤٤].

واتە: (دەدە)یەک – کە بەوانەی سەر بە رێبازی مەولەوین وتراوە – بەرامبەرم هات، کلاوێکی درێژی لەسەر نابوو.. ئایەتی قورئانی پیرۆزی (في عمد ممدة)م بە بیردا هاتەوە.

دیاره شێخ ڕەزا، ئەم شیعرانەی، یان بەرامبەر کەسانێک کە رقی لێیان بووەتەوە وتووە، جا بە هەر هۆیەکەوە بووبێ. یانیش بەرگرییەک بووە لە ڕێبازەکەی خۆی و رقەبەرایەتی لەگەڵ ڕێبازەکانی تردا.

هەر لەو شیعرەدا کە پێشتر باسمان لێوەکرد و سەرەتاکەی (دوگز عمامە.. تاد) بوو، لەو دێرە شیعرەدا کە دەڵێ:

یکی گرفتە بکف، حربە چو آلت من
کە ازمشایخ (ریفاعیم) زنندەء شیش[٤٥]

کە وەکو گوتمان بە ئاشکرا دیارە بۆ شێخەکانی ریفاعی گوتراوە.

لە شوێنی تری دیواندا دەبینین شیعرێکی تورکیی تایبەتی بۆ (أبو الهدی الصیادی – ئەبولهودا ئەسەیادی)[٤٦] نووسیوە و هێرشی دەباتە سەر، کە ئەمیش سەر بە ڕێبازی ریفاعی بووە و دەڵێ:

کیمسە مغرور أولسون دنیادە جاە و مالنە
عبرت آلمق لازم أولدی (بولهو دانک) حالنە
برزمان صدر وزارت رتبەسی ایدی ناگهان
چالدی برتکمە فلک اول مفسدک اقبالنە
رفع أولندی رتبەسی، بیلمم نە اولدی مسندی
باب عالیدن سورولدی ایرمادی اموالنە
نفینە چیقدی أرادە، بختی اولدی سرنگون
حالی دوندی بردخی، أسکی حلب حمالنە
هر کیم ایلرسە خیانت دولتە حالی بودر
دولاشور برگون ایاغی دامن اعمالنە[٤٧]

ئەم دژایەتییەی شێخ ڕەزایەی کە لەگەڵ (بولهودا)دا هەیبووە، لەو شیعرە تورکییەشەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بۆ (مەلای گچکەی هەولێری)[٤٨] نووسیوە و پێیدا هەڵدەڵێ. لە چەند دێرێکیدا دەڵێ:

(بو الهدی) کلب حلب مخلصی عالیسی ایکن
شـــمـــدی شـــیخ الوزرا طرهٔ عنوانیـــدر
اویله مـــحـــصـــول زنا، خـــائن مـــادر بخطا
رخنەی جویی نسب حضرت گیلانیدر(٤٩)

بڕوانە چۆن شێخ ڕەزا لەو بڕوایەدایە کە (بولهودا) لە بەرامبەر نەسەب و رەسەنی گەیلانی لە رەخنە دەگەڕێ. هۆیە گەورەکەش ئەوەیە کە بەو شێوەیە هێرشی دەباتە سەر، هەر لەم شیعرەدا و دوای ئەوە بەدێرێک دەڵێ:

أصل انســان دیدیکک جــوهر نایاب اگــر
اولســه أربیلدەکی عـــلامـــهٔ ربانیـــدر
حضرت (حاجی عمر زاده کوچک ملا) کیم
مـایهٔ کسب غنا، سـایهٔ احسـانیـدر(٥٠)

تەنانەت لە شیعرێکی کوردیشدا شێخ ڕەزا کە باسی (ئێستری دیاری) دەکا، گاڵتە بە کردەوەکانی ریفاعییەکان دەکات و دەڵێ:

گـەر قـەڵەو بێ ئەم ئەجیننە نێرە تەسخیر ناکرێ
غەیری چەند دەروێشی ریفاعی بەزەبری جەلجەلووت(٥١)

*

شێخ رەزا کە دێتە سەر باسی کاکەیی، کە رقەبەرایەتییەکە دوولایەنە بووە و، تیرەگەری و ڕێبازی ئاینی. ئەمە وای لە شێخ ڕەزا کردووە کە هێرشێکی بێ ئامان و توندوتیژ بباتە سەر کاکەیی و لەو چامە پڕ لە هونەرەیدا کە لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

بابان باشنده بیر باتمان یشیل وار
إمـام القـوم في تقسیم شلوار(٥٢)

واتە: باوکت باتمانێک سەوزی بەسەرەوەیە
پێشەوای قەمە لە دابەشکردنی شەرواڵدا..

هیچی تێدا ناهێڵێتەوە و.. وەکو لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا باس کراوە، بەکۆمەڵێک بوختان و قسەی دەستهەڵبەستەوە دایان دەشۆرێتەوە..

وەکو د. مارف خەزنەدار دەڵێ: وەکو سەرنج رادەکێشێ، ئەوانەی پەیڕەوی رێبازی (سونی)یان دەکرد، دوژمنایەتی رێبازی (ئەهلی حەق)یان دەکرد، بەهەموو بەش و تیرەیەکیانەوە و، بە شێوەیەکی تایبەتیش ئەوانەی سەر بە رێبازی سۆفیی قادرین، کە شێخ ڕەزای تاڵەبانیی شاعیری ناسراویش لەمانەیە، کە هێرش دەباتە سەر (کاکەییەکان)ی سەر بە ئەهلی حەق[٥٢].

شێخ ڕەزا لە تاکە شیعرێکیدا باسی منداڵ (هەتیو)ێکی جوولەکە دەکات و دەڵێ:

یەهوودی بەچچەیێکم گرت و لێم برد و تیاخووسا
کە تێم نا، چاوی نووسا، بانگی کرد یاحەزرەتی مووسا[٥٤]

ئەمەیان، لەوانەیە مەبەستی شاعیر ئاینی جوولەکە نەبێ، هەر واشە، کە باسی هەتیوێک دەکات و، ئەوەندە هەیە هەتیوەکە جوولەکەیە، بەڵام ئەم ناوهێنانەش (جوولەکە و حەزرەتی مووسا) وەنەبێ هیچی تێدا نەبێ.

بەڵام کە دێتە سەر (بابی)، کە رێبازێکی ئاینییە، جنێوێکی گشتی ئاراستە دەکات و بۆیان دەنێرێ و دەڵێ:

درجهان هرکە میشود (بابی)
مەترەقی کەر بەمەقعەدی بابی[٥٥]

*

## شێخ ڕەزا و.. شیعە!

بەر لە هەموو شتێک، دەبێ ئەوە بێنینەوە بەرچاو کە سونی و شیعە، هەردوو لایان، خۆیان بەهەواداری ئیمام عەلی و نەوەکانی ئیمامەکانی وەکو (مرتضی – مورتەزا) و ئەوانی تر دەزانن.. جا لێرەدا مەسەلەکە مەزەبگەرییە!. هەر کەسە و بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە و هەریەکە و بەلای خۆیدا رادەکێشێ.

دەتوانین بڵێین کە هەموو ڕێبازە ئاینییەکانی ئیسلام، بە سونی و شیعەوە، لە خۆشویستنی ئیمام عەلی کوڕی ئەبوتاڵب و حەسەن و حوسێنی کوڕەکانی و نەوەکانیدا یەک دەگرنەوە.. جا باسکردن و پێداهەڵدان و دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی بەرامبەر بنەماڵە و نەوەکانی ئیمام عەلی، هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ کە ئەو کەسە بەلای شیعەدا یان با بڵێین (جەعفەری)دا دابتاشێ، یان دڵیان رابگرێ. یەکێکی وەکو شێخ ڕەزای تاڵەبانی هەرچەندە باسی ئیمام عەلی و[٥٦] حەسەن و حوسێن و شەهیدانی کەربەلا و مورتەزا و ئیمام ڕەزا بکات و هەزار نەفرین بۆ گیانی بکوژانی حەزرەتی حوسێن بنێرێ.. لەوە دووری ناخاتەوە کە رقەبەرایەتی لەگەڵ شیعەدا کردووە. دە بڕوانە لەو شیعرەدا کە بەبۆنەی مردنی قادر بەگی بابانی برای مستەفا ذهنی پاشاوە وتراوە کە موتەسەریفی کەربەلا بووە. لە دوو دێری شیعرەکەدا دەڵێ:

هزار لعن بأرواح قـاتلان حـسین
ولی چو شیعه مرو تا صحابه و خلفا
نه اعتماد بر افراط کن، نه بر تفریط
میانه جو که همین است مذهب عرفا[٥٧]

هەر لێرەوە ناکۆکی و ناتەبایی شێخ ڕەزا، لەگەڵ شیعەدا دەردەکەوێت، کە دەڵێ (لە دوو دێرە شیعرەکەی سەرەوەدا):

هەزار نەفرین لە بکوژانی حوسێن
بەڵام شیعە ئاسا مەڕۆ و نەفرین مەگەیەنەرە سەحابە و جێنشینەکان
نە پشت بە زیادەڕەوی ببەستە و، نە کەمتەرخەمی بکە
کاری مامناوەندی بکە کە ئەمەیە ڕێبازی زانایان.

بڕوانە چۆن ڕێبازی شیعە بە زیادەڕەوی دەزانێ و دادەنێ، کە دەگەینە ئەم دێرە شیعرە تاکەی خوارەوە دژایەتییەکەمان پتر بۆ روون دەبێتەوە کە دەڵێ:

ایمان بخدا دارم و پیغمبر و أصحاب
نه شیعهء سبابم و نه.. بابی سگباب[٥٨]

ده بڕوانه لەم دێرەدا چەند بە قـووڵی و باسی چەند چەمک و واتا دەکـا، لە لایەکـەوە کـە دەڵێ من بڕوام بە خـوا هەیە و بە پێـغـەمـبـەر و سـەحـابە (واتە هەڤـاڵانی پیغـەمبـەر – مەبەسـتی سـەرەکیش لە جێنشینەکانە)، نە شـیـعـەی جـوێندەرم و نە (بابی) سـەگـبـاب، بەلای کـەمـەوە خـۆی بەوە دادەنـێ کـە (سـەحـابە)ی خـۆش دەوێ و بەوە، خـۆی لە شـیـعـە جـودا دەکـاتـەوە. دواییش (شیعە) بە سەبباب (جوێندەر) دادەنێ، کە جوێن بە سێ جێنشینەکانی تری چوار نشینەکەی پێغەمبەر دەدەن (کە ئیمامی عەلی لێ دەردەکرێ).

کە لە چامـەی (آل علی)دا کـارەسـاتی کـەربـەلا باس دەکات و بۆ بنـەمـاڵەی عەلی دەکڕووزێتـەوە، یەکێ دوا دێڕی شیعرەکە نەخـوێنێتەوە بەهەڵەدا دەچێ و شێخ ڕەزا بە شیعە دادەنێ.. کەچی دوادێری شیعرەکە دەڵێ:

من سنيم نامم (رضا)، كلب إمام مرتضى

درويش عبدالقادرم، راهم بمولا ميرود(٥٩)

وەکو پێشـتـر باسـم کرد، ئەو لە لایەکی ترەوە باسی خۆشـەویسـتی ئـیـمـام عـەلی دەکات و ئـینجـا پێـمـان دەڵـێ: من سـونیم و ناوم ڕەزایە، سـەگـی ئـیـمـام مـورتـەزام و دەروێشـی شـێخ عـەبدولقـادرم، ڕێم بەرەو خـوای گـەورەیە، کـەواتە شـێخ دەیەوێ بڵـێ، ئەگـەر خـۆشـەویسـتی ئەو بنەمـاڵەیە بێ، من پـتـر لە ئێـوە خـۆشم دەوێن  و دڵسـۆزترم بۆیان، بەڵام مـن سـونیـم و دەروێشـی شـێخ عەبدولقادری گەیلانیم و ڕێبازەکەی من ڕاستترە.

لە لایەکی ترەوە، ڕژێمی ئێرانی و ئێرانییان زۆربەیان کە شیعەن و، وەکو لە پێشـەکی ڕامـیـاری ئەم کتێبەدا باسـی لێوە کـرا، کـە سمـایل پاشـای سـەفـەوی ڕێبـازی شـیـعـەی لە سـەرەتای سـەدەی شـازدەمـدا بەسـەر ئێـراندا سـەپاند و بەرامبەر بەڕژێمی سـونی عوسمـانی وەسـتـا و.. هـەروەهـا وەکو (ئیدوارد براون) کە باسـی ڕێوڕەسـمی شین و شەپۆری موحەرەم و عاشوورای سەدەی هـەژدەمی سـەردەمـی قاجارەکـان دەگێڕێتەوە و باسـی گێڕانـەوەکەی میرزا حسـێن دانش دەکـات کـە دەڵێ: ئەم پارچـە شـیـعـرە خـۆشـەی خـوارەوەی شـێخ ڕەزای کـوردی هێناوەتەوە لە نواندنی دیمەنی ئـەو کینەی فـارسـەی بەرامـبـەر عـومـەر (عـومـەری

کوڕی خەتاب) هەیانە، کە لە راستیدا گرتنی ئێران و رووخاندنی دەسەڵاتی ساسانییان لە وورووژاندنی ئەم کینەیەدا، لە بەشخواردن و بەژێر لێوەوەکردنی مافەکانی (عەلی و عائیشە) (د. خ) کەمتر نییە:

بشکست عـمـر پشت هزبران عـجم را
بریـاد فنـا داد رگ و ریشـــــهء جم را
این عربده بر غصب خلافت ز علی نیست
با آل عـمـرکـینه قـدیم است عـجم را(٦٠)

واتە: عومەر پشتی شێرمەردانی عەجەم (فارس)ی شکاند، رەگوڕیشەی (جەم شـا)ی دایە بەر بای لەناوچوون، ئەم هەراوهوریایە لەبەر داگیرکردنی جێنشینی نییە لە عەلی، لەگەڵ بنەماڵەی عومەری کوڕی خەتاب عەجەم (فارس) کینەی کۆنیان هەیە.. ئەم هەڵوێستەی شێخ ڕەزا، جگە لە هەڵوێستی دژ بە شیعە نواندنە، هەروەها پشتگیریکردنی دەوڵەتی عوسمانیی ئەو سەردەمە بووە کە بەرامبەر بە ئێران وەستاوە. دیارە ئەو دەوڵەتانەی ئەو سەردەمە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان ئەم دووبەرەکییەیان قووڵ و قووڵتر کردووە و بوونەتە هۆی ئەوەی بەناڕەوا ناوی ئەم رێبازە پیرۆزانە بزرێن کە لە بنەڕەتدا بۆ یەکیەتی و برایی و تەباییی مرۆڤایەتی هاتوونەتە کایەوە و هەر دەبێ وەهاش بمێنێ.

لە کۆتاییی ئەم بابەتەدا، دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە، لەگەڵ ئەوەشدا کە شێخ ڕەزا لە شیعرەکانیدا زاراوەی سۆفییانەی وەکو (الفناء في الله – فەنا فیللا) و (أنا الحق – ی حەللاج) و زاراوەی تری سۆفیگەریی بەکار هێناوە. ئەم شیعرانەی شێخ ڕەزا، هیچیان بە شیعری سۆفیگەریی (تەسەوف) ناژمێردرێن. بگرە ئەوانە، بە (ستایشی ئاینی) دادەنرێن.

## شێخ ڕەزا و رژێمی عوسمانی و نیشتمانپەروەری:

د. عیزەدین، لە ژێر سەرناوی (شێخ ڕەزا و رژێمی عوسمانی)دا هێرشێکی توند و ناڕەوا دەباتە سەر شێخ رەزا و دەڵێ:

« ئەوە زۆر ئاشکرایە کە کۆششی شێخ ڕەزا بۆ ئەوە بووە کە بگاتە سوڵتان و فەرمانی تەکیە و دێهات  بێنێتەوە و هەقی خۆی لە خزمەکانی بکاتەوە، یا هیچ نەبێ وەک هەندێک لەوان شێخیش بێ و دەرەبەگیش[٦١].

هەروەها دەڵێ:

«ئەگەر ستایشی پاشایانی بابان و نەوەکانی ئەوان و شێخانی سلێمانی لە سووچێکەوە بە سۆزی نیشتمانییەوە ببەستنەوە، ئەوا ئەم هەموو ستایشەی ناسرەدین شای ئێران و سوڵتان عەبدولعەزیز و سوڵتان عەبدولحەمید و ئەم والی و ئەو والی و سەدری ئەعزەم و ئەم کاربەدەست و ئەو کاربەدەستی عوسمانی و ئەو میرلیوا و ئەو پاشا (پەڵە نەبێ بەشیعری شێخ ڕەزا و ژیانییەوە، بەهیچی تر ناژمێردرێ)[٦٢].

من لەو بڕوایەدام، لێکۆڵینەوە نابێ بەم جۆرە بێت و نابێ بارودۆخ و ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارە پشتگوێ بخرێ.

هەروەکو پێشتر باسمان لێوە کردووە و دیار و زانراویشە کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لە لایەکەوە گەورەترین و بەتواناترین ئیمپراتۆریەتی ئەو سەردەمە بووە، هەروەها سوڵتانەکان بە (جێنشینی پێغەمبەر) دانراون، یان بڵێین وا لە قەڵەم دراون. بەهەرحاڵ دین و دنیایان بەدەستەوە گرتووە و پڕوپاگەندەی ئەوەش هەر کراوە کە سوڵتان (ظل خدا – سێبەری خوا)یە لەسەر زەویدا، جا میرنشینەکانی ئەو سەردەمە، بە میرنشینە کوردەکانیشەوە، کە هەتا هەتایە جێی شانازیمانن و جێی شانازیی (شێخ ڕەزا) خۆیشی بوون، وەکو دواتر باسی لێوە دەکەین. ئەو میرنشینانەی کە بەتەمای شتی گەورەتر بوون و چاویان لە لووتکە سەرکەشەکان بووە، ناچار بوون و وایان بەباش دەزانی کە سەر بەلایەک بن.. یان عوسمانی یان ئێران. نموونەش زۆر زۆرە.. تەنانەت کە میرنشینی سۆران، لە ژێر هەر بارێکدا و بەهەر بیانوویەکەوە بووبێ، کە لابراوە. یەکێکی وەکو میری گەورە، پەنای بردووەتە بەر ئەستەمبووڵی پایتەختی عوسمانی (یان براوەتە ئەوێ بۆ لێخۆشبوونەوە و) لە ڕێدا لەناوبراوە[٦٣].. هەروەها دوا

پاشای بابانیش (ئەحمەد پاشای بابان) کە میرێکی مەزن و کارامە بووە و بەتەمای زۆر شت بووە و لەشکری نوێی پێک هێناوە و زۆر شتی چاکی تری کردووە.. کە لە میرایەتی خراوە، پەنای بردووەتەوە پایتەختی عوسمانی[٦٤] و چەند جارێکیش دوای ئەوە کراوەتە (والی)ی ئەملا و ئەولاو.. ئینجا لە ئەستەمبووڵدا نیشتەجێ بووە.

تەنانەت مەزنێکی وەکو کاک ئەحمەدی شێخ[٦٥]. لە جەنگی عوسمانی و رووسدا کە ساڵی ١٢٩٢ - ١٢٩٣ی کۆچی و ١٨٧٥ - ١٨٧٦ی زاین رووی داوە، هێزێکی لە مرید و ئەوانەی سەر بە ئەو بوون پێک هێناوە، بەسەرکردایەتیی (شێخ سەعید)ی نەوەی بۆ (جیهاد)ی ناردوون، هەروەها سوڵتانیش (پێنج دێ)ی دابوویێ، بیگرێتەوە دەست و مەسرەف و خەرجی خۆی پێ دەربکا[٦٦].

جگە لەوەی سوڵتانی عوسمانی هەر لەمێژە، بەناوی ئاینەوە، جا راستییەکەی بۆ هەر هۆیەک و مەبەستێک بێت - کە ئەوەیان کاری ئێمە نییە و مەیدانی لێکۆڵینەوە و بابەتێکی ترە - پشتگیریی بنەماڵەی شێخ ڕەزایان کردووە، کە ئێستاشی لەگەڵدا بێ، تەکیەکەیان ناوی (مزگەوتی مەجیدییە)ی لەسەردا نووسراوە کە بە یارمەتی سوڵتان عەبدولمەجید دروست کراوە.

جا لەم بارودۆخەدا، شێخ ڕەزا، وەکو شاعیرێکی گەورە و توانا.. بۆچی پەنا نەباتە بەر سوڵتانی عوسمانی، بۆ بەدەستخستنی شتێک بۆ خۆی.. لەگەڵ ئەوەشدا کە شێخ ڕەزا، وەکو رۆشنبیرێکی هۆشیار، ئەوەی چاک زانیوە کە لەناوچوونی میرنشینی بابان، زیانی خۆی و نەتەوەکەیەتی، بۆیە هەناسەی سارد ساردی بۆ هەڵدەکێشێ و لە هەستێکی نەتەوەیییەوە باسی (سلێمانی)ی پایتەختی بابان دەکا. ئەگەر هەستی نەتەوەیی و دڵ پێوەبوون نەبووایە، باسی (کەرکووک)ی مەڵبەندی جارجار ویلایەت و جارجار موتەسەریفیێتی شارەزوور بووە و سلێمانی سەر بەم ویلایەتەی شارەزوورە بووە. بۆچ نەدەکرا؟! بۆیە، دیارە لە هەستێکی نەتەوایەتییەوە بووە (با وردە شتی تریشی تێکەڵ بووبێ) کە لە شیعری

(دارولمولکی بابان)دا باسی کردووە و دەقی تەواوی شیعرەکە لە جێیەکی تری ئەم کتێبەدا نووسراوە.

ئەگەر ئەم هەستە نەتەوایەتییە نەبووایە، وەکو لە جێی ترشدا باس کراوە، خۆی بە (بابان) دانەدەنا. دەنا چ پێوەندییەکی خزمایەتی. یا پێوەندی تری بە بابانەوە هەیە، ئەوەتا دیسانەوە بە بابانەکاندا هەڵدەڵێ و دەبێژێ:

ئێوەن بە حەقیقەت مەلیکی میللەتی کوردان
شایانە زیارەت بکرێ خاکی قەدەمتان
ئینکاری حقووقیان لەسەر ئەم میللەتە ناکرێ
ئابائی فەرەیدوون فەڕ و جەمشید حەشەمتان[٦٧]

یان کە ئەم دوو دێرە شیعرە دەڵێ، ئەم هەستەی دیسانەوە تێیدا دەبینرێ:

زوبدەی مەتاعی حیکمەتە ئەم شیعری کوردییە
هەرزانە بێ موبالەغە، حەرفی بە گەوهەرێ
جامەی حەیاتی عارییەت کورتە زینهار
ئاڵوودە دامەنی مەکە بۆ پێچی مێزەرێ[٦٨]

لە کاتێکدا کە شێخ ڕەزا هاتووەتە مەیدانەوە، ئەو لاپەڕەی بابانە هەڵدراوەتەوە و هەر یادگارییەکانی بۆ ماوەتەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا پێوەندیی گیانیی بە (سلێمانی)یەوە هەر دەمێنێ و هۆیەکی گرینگی ئەو پێوەندییە، کاک ئەحمەدی شێخی گەورە و مەزنی ڕێبازی قادرییە، کە شێخ ڕەزا خۆشی سەر بەو ڕێبازە بووە و لەبەر ئەو پێوەندییە و گەورەیی کاک ئەحمەدی شێخ، ئەم شیعرە بەناوبانگەی دەنووسێ و دەڵێ:

مەربووتە حەیاتم بە سلێمانی و خاکی
خۆزگەم بە سەگی قاپییەکەی ئەحمەدی کاکی
ئەو قودوەتی ساداتە کە سوککانی سەماوات
شەڕیانە لەسەر سەجدە ئەبەر مەرقەدی پاکی

ئەو مـەرقـەدی والآیە کـە وەک عـەرشی مـوعـەللا
مـەحـفـووفـە بـە زوواری مـەلەک دەوری شـەباکی
بۆ دەسـت و عــەسـا نـازگـەکـەی داخـە دەروونم
قـوربانی عـەسـای دەسـتی بم، سـۆل و سـیـواکی
دنیـا لە دوای حـەزرەتی شـێخ زویر و زەبـەربێ
وەک تاجی کەی و جـامی جـەم و بەخـتی زوحاکی
دەرحـەق بە حـەفـیـدانی، ئەدەب لازمـە زینـهـار
قـوربـانی حـەفـیـدانی دەبم بابی و داکی
بەم حـاڵە پەرێشـانەوە باز (ئەشـهـەدوبیللا)
شیعرت تەرەب ئەنگێزە (ڕەزا) شاعیری چاکی(٦٩)

هەر ئەو سـۆز و خـۆشـەویسـتـیـیـە ڕێبـازگـەرییـەیەتی کـە بەرامبـەر کـاک ئەحمەدی شێخی دەربڕیوە، کە لە ناوچەی (بریفکان)ی بادیناندا رای دەگرێت و لەسـەر مەزاری شێخ نوورەدینی بریفکانیدا ئەو شیعرە بەرزە فارسییە دەڵێ – کە لە شوێنی تردا باسم لێوە کردووە کە سەرەتاکەی ئەمەیە:

عـزم دیار (روم) چـو کـردم زشـهـرزور
أفتـاد در دیار (برفکان) مـرا عـبـور(٧٠)

راسـتـیـیـەکـەی مـەبەسـتم لە هێنانەوەی ئـەم دێرە لێرەدا، وشـەی (رۆم)ە کـە لێرەدا مـەبەسـت لە وڵاتی (تورک – یان – ئەسـتـەمـبووڵ)ە و بەم جـۆرە دەچمـە ناو ئەو بـابەتەوە کـە مـامـۆسـتـا مـەسـعـوود مـحـەمـەد دێرێکی ئەو شـیـعـرە فارسـییەی شـێخ ڕەزای هێناوەتەوە کە بۆ مەلا عـەبدوڵای جەلی زادەی وتووە و مامۆستا مەسعوود بە لێکدانەوەیشییەوە دەڵێ:

مـیرود شـیـعر من و علـم جهـانگیر شمـا
هردو بی فـایده تاجای إقـامت (روم)ست

واتە: شـیـعـری من و عیلمی جیهـانگیـری ئێوە بەفیـڕۆ دەڕۆن هەتا جێگەی نشیمەمان رۆم بێت، مەبەستیش لە رۆم توركی عوسمانلییە.. دیارە شێخ ڕەزا

لەم بەیتەدا وڵاتی فارسی لە نەزەردا بووە وەک جێگەی لەبار بۆ بەسەربردن.. هتد[٧١]. د. عیزەدین ڕێی پێ دەگرێ و دەڵێ: بۆچ مەبەستی شێخ ڕەزا بە ڕۆم هەر وڵاتی تورک و ئەستەمبووڵ نەبێت؟ کە لای حاجی قادر و زۆر شاعیریش هەر بەوێ وتراوە خاکی ڕۆم و بەڵگەی ئەمەش لە شیعری کوردیدا کەم نییە. پاشان لە هیچ شیعرێکی تری شێخ ڕەزادا هەستی وڵاتی فارس پەسەند کردن نەبینراوە[٧٢].

لە ڕاستیدا، هەر لە شیعری شێخ ڕەزادا، وشەی (ڕۆم) بە هەردوو لایەکەیدا بەکار هاتووە. وەکو ئەوەی لە شیعرەکەی (بریفکان)دا دیارە، مەبەستی لە وڵاتی (ڕۆم) وڵاتی تورک و ئەستەمبووڵ بووە.

بەڵام لەو شیعرەیدا کە بە بۆنەی کۆچی دوایی (موراد ئاغای حارس ئاغای ئاکۆ)دا گوتراوە دیارە (موراد) ئاغا لە بەندیخانەی کەرکووکدا کۆچیی دوایی کردووە. دەبڕوانە شێخ ڕەزا چۆن ئەم ناوەش (جا ناوچەی ئاکۆیان بێ یان کەرکووک) بە (موڵکی ڕۆم) دادەنێ و لە کۆتاییی شیعرەکەیدا دەڵێ:

ئیتر نەتبێ لە (موڵکی ڕۆم) ڕەزا، ئومێدی ئاسایش
لە پێش ئەم کارەدا ئومێدی پارچە نانێ بوو[٧٣]

بۆ ئەو قسەیەی د. عیزەدینیش کە دەڵێ: لە هیچ شیعرێکی تری شێخ ڕەزادا هەستی وڵاتی فارس پەسەندکردن نەبینراوە. دەڵێین.. بڕوانە: لەم شیعرە فارسییە (مخمس لەسەر شیعری حافظ)ەی بۆ پێدا هەڵدانەوەی (حوسامولمولک)ی نووسیوە و لە بڕگەی سێیەمدا دەڵێ:

من اگر بحکم تقدیر شده روم جایگاهم
بهوای ملک ایران بأمید قرب شاهم
شده رومیان زهرسو چو رقیب سوی راهم
(زرقیب دیوسیرت بخدای خود پناهم
مگر آن شهاب ثاقب مددی کند سهارا)[٧٤]

واتە: من ئەگەر بە حوکمی تەقدیر وڵاتی ڕۆم بوەتە جێگەم

به ئارەزوو و هەوای موڵکی ئێران بە ئومێدی نزیک بوونەوەم لە شا
رۆومی لە هەموو لایەکەوە وەک رەقیب بەرەو رێگام هاتوون و رێیان لێ گرتووم

لەبەر رەقیبی دێوودرنج ڕەوشت، پەنا دەبەمە بەر خوا
مەگەر ئەو شیهاب و ئەستێرە باریوە بە فریای ئەستێرەی سوها کەوێ

*

بەهەرحاڵ وەکو بینیمان سەردەمەکە و بەرژەوەندیی تایبەتی کارێکی وای کردووە کە زۆربەی خەڵکەکە بەتایبەتی موسڵمانە (سونی)یەکان پشتگیریی سوڵتانە عوسمانییەکان بکەن، بەم جۆرە دەبینین شێخ ڕەزا ستایشی بۆ سوڵتانە عوسمانییەکان و سەدر ئەعزەم و والی و گەورە پیاوان نووسیوە، ئەوەتا بۆ سوڵتان عەبدولعەزیز[٥٧] شیعرێکی بەرزی فارسی دەنووسێ و دەڵێ:

کردم بکارنامەء شاهان بسی نگاه
بر همزدم جریدەء این کهنه کارگاه
از حال خسروان زمان جستم آگهی
آنان کە بودەاند خداوەند دستگاه
هر چند خواستم کە بیایم نەنیافتم
شاهی بفرو دولت (عبدالعزیز شاه)[٧٦]

ئینجا بڕوانە چۆن باسی دەکا کە ئەو سوڵتانانە بەچی دانراون:

فخر دول، ملاذ ملل، مایەء أمل
ظل خدا، إمام هدی، سایەء إلاە[٧٧]

هەروەها کە سەرە دێتە سەر پاشایەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم[٧٨] بەشیعرێکی تورکی پێیدا هەڵدەڵێ و دەیگەیەنێتە کاکێشانی فەلەک و لە سەرەتای شیعرەکەدا دەڵێ:

سریر سلطنت ملک الیمن آل عثماندر
خلافت خاندان پروردەء (عبدالحمید خاندر)

وكـــيل فـــخـــر عـــالم، زيدهء ذريت آءم

أمـيـر المؤمـنين، ظل خـدا ، مـحـبـوب يزداندر

واته: تەختى سەڵتەنەت (سوڵتانێتى)ى موڵكى يەمەن، عوسمان زادە (عوسمانى – ئالى عوسمان)ن..

خەليفايەتى و خانەدان، پەروەردەی (عبدالحميد خان)ە

جێگرى شانازى جيهانە و.. گەڵاڵەی وەچەی ئادەمە

ميرى ئيمانداران و سێبەرى خوا و خۆشەويستى يەزدانە

بڕوانە لە دوو دێرى ترى ئەم شيعرەدا دەيگەيەنێتە كوێ و دەڵێ:

خـــرد مندان عـــاجـــز، عـــقل كل قـــاصـــر[٧٩]

ره انديشـــه باغل و، قـــوهء إدراكـــه حـــيـــراندر

آلنده كـاسـهء شـمس و قـمـر، درگـاهنه قـارشـو

بو كلمش صـانكه گـردوون برگـداى كـاسـه گـرداندر[٨٠]

واته:

هۆشـمەندان دەستەپاچەن، مێشكى هەمووان بڕناكا

ڕێى ئەندێشە گيراوە، هێزى هەست پێكردن پەشۆكاوە

بەرامبەر بە دەرگاكەی، وەكو بڵێى گەردوون چەماوەتەوە و

دەست بەكاسەی خۆر و مانگ، گەدايەكى كاسە گێڕە

لە شيعرێكى تردا كە هەر بۆ سوڵتان عەبدولحەميدى نووسيوە[٨١]، بە زيادەڕەوييەكى زۆرەوە دەڵێ:

(قل هو الله أحد) حـرز سرمـاه افسـرك

مست صـهباى (ألم نشرح) دل دانشورك

واته: ئايەتى پيرۆزى (قل هو الله أحد) حرز (نووسراوى پارێزەر)ى سەرمانگى تانج و ئەفسەرەكەتە..

دڵى زاناى تۆ مەستى مەيى ئايەتى پيرۆزى (ألم نشرح لك صدرك)ەيە.

تەنانەت لە دێرێکی تری ئەم شیعرەدا دەڵێ:

حی قـائمله حـسـابی بر گلور عـبـدالحـمـیـد

چوق دوام ایتـون گـرەک ذات عـدالت گسـترک[٨٢]

واتە: ناوی (عبدالحمید) بە ژمارەی ئەبجەد لەگەڵ (حی قائم)دا وەکو یەک دەردەچێ، کە هەر یەکەیان دەکاتە ١٦٩[٨٣]. دەبێ زاتی دادپەروەرانەت تەمەن درێژ بێ.

هەروەها لە جێگەی تری ئەم کتێبەدا باسی هەندێک لەو سەدر ئەعزەم و گەورە پیاوانەم کردووە کە شێخ ڕەزا پێیانی هەڵداوە. ئەمەیان وەهاو.. ژیان بەرەو پێشەوە دەچوو و. دەوڵەتی عوسمانی بەرەو پیربوون دەچوو و گیروگرفتی تا دەهات پتر دەبوو و لە ژێر پاڵەپەستۆی نوێخواز و ڕۆشنبیراندا، دەوڵەتی عوسمانی ناچاری بەگەڕخستنی یاسا و فەرمانی ئەوتۆ دەبوو کە گۆڕان بەسەر کۆمەڵ و ژیاندا بهێنێ و زۆرداری و دواکەوتوویی لاببات. ئەگەرچی جاروبارێک سوڵتانەکان پاشەکشێیان دەکرد و جڵەوی زۆرداریان توندتر دەکرد، تەنانەت تا ساڵی (١٢٦٣ – ی کۆچی – ١٨٤٧ی زاین)یش فرۆشتنی دیل و کۆیلە هەر بەپێی داوونەریت لە ئارادا بووە و بەپێی یاسا ڕێی پێ درابوو[٨٤].

یەکەم سوڵتان کە بەلاساییکردنەوەی فەڕەنسا و لە ژێر پاڵەپەستۆی هەواخوازانی بیر و باوەڕەکانی شۆڕشی گەورەی فەڕەنسادا، یاسای (خەتی شەریفی گوڵخانە)ی لە ١٢٥٥ی کۆچی – ١٨٣٩ی زایندا دەرکر[٨٥]. وردەوردە زاراوەی وەکو (قانوونی ئەساسی – دەستوور) دەکەوتە سەر زارانەوە. جاروباریش تووشی پاشەکشێ دەبوو.. جا ئەم هەڵبەز و دابەز و بەرەو پێشەوەچوون و پاشەکشێیە، تا کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی بەردەوام بوو. بێگومان ئەم یاسا و ئاگەدارییانە، لە بەرژەوەندیی دەستە و تاقمێک و دژ بە بەرژەوەندیی هەندێکی تر دەبوو.. شێخ ڕەزایەک هەرچییەک دەیزانی لە بەرژەوەندییەتی پێیدا هەڵدەگوت و بە پێچەوانەشەوە بوایە هێرشی دەبردە سەر و جوێنی پێ دەدا.. بۆ نموونە، یەک لەو یاسا و ئاگەدارییانەی کە بۆ

پینەوپەڕۆکـــردنی باری دارایی داکـــەوتووی رژێم دەرکـــرابوو و دژ بە بەرژەوەندیی شـێخ ڕەزا بوو.. باجی مـەڕانە و کـەرانـە (باجی مــەڕومـاڵات و وڵاغ) بووە کــە ســاڵی ١٢٩١ی کـۆچی – ١٨٧٤ی زاین فــەرمــانی لەســەر درابوو..[٨٦] کە شێخ ڕەزا وەکو بینیمان بەرلەوەی بەیەکجاری بچێتە بەغدا، لە کەرکـووک بە کشـتوکاڵەوە خـەریک بووە. جـا باجی مەڕانە و کـەرانەی لە بەرژەوەندیدا نـەبووە. ئـەمـە جگە لەوەی کە لە شـوێنی تردا بـاسمـان کردووە، ویستـوویەتی کوڕەکەی بە لێپرسـراوێکی ئەم باجانە دابمەزرێنـێ. بەچەندین شیعر هێرشی بردووەتە سەر بەدەمیەوە، ئەم هێرشانە حەمزە پاشا و مەهدی پاشـا و چەندانی تری گـرتووەتەوە. لەم بـارەیەوە مـامـۆسـتـا (ترزی بـاشی) دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

ســاڵی (١٣١٧)؟! لەو پشکنینەی کـە لەلایەن مــیــرییــەوە لە دەوروبەری کەرکووکدا کراوە بۆ کۆکردنەوەی باجی مەڕوماڵات و ئاژەڵ، چەند سـەد سـەر مــەڕێک دەدرێتــە پاڵ شــێخ ڕەزاوە و کــە داوای پارەکــەی لێ دەکــەن ئەم شیعرەیان بۆ دەڵێ:

یا پشــور گــردنە ســاقــز گــبی أیرلسی یوق
صـیچمـەمـشدر بو فلک ذمت میری گبی بوق
یوق ایمش اون قــویونم مــدت عــمــرمــدە بنم
نرەدەن گچدی بنم بوینومە یارب شـو طوق[٨٧]

واتە: وەکو بنێشت (جاجک) بەملدا دەلکێ و لێبوونەوەی نییە
ئەم چەرخە (فەلەکە) گوویەکی وەکو ویژدانی میریی نەکردووە
من بە درێژاییی تەمەنم دە سەرمەڕم نەبووە
خوایە، ئەم تەوقە لە کوێوە بە ملمدا چوو؟!..

هەروەها لە بارەی باجی (کەرانە)وە دەڵێ[٨٨]:

تعداد خرو أستر ایچون چیقدی إرادە
هر جنسک آدی گلدی کوپک قادی آرادە

برگون گلەجک آندن دخی حصـه الورلر
سـد رمـقـدن بولە بر لقـمـه زیاده[٨٩]

واتە: فەرمان دەرچوو، بۆ سەرژمێرکردنی کەر و ئێستر
هەموو ڕەگەزێک ناوی هات، تەنیا سەگ نەبێ کە لەو ناوەدا ماوەتەوە
ڕۆژێ دادێ ئەویش بەشی لێ دەستێنن
بۆ ئەوەی بۆ دامرکاندنی برسێتی، پاروویەکی پەیدا بکەن

هەر بەم جۆرە، شێخ ڕەزا باسی شتی ترمان بۆ دەکات و تا دەگاتە ئەو یاسایانەی کە دەرکراوە و ناوی (قانوونی ئەساسی)ی پێ گوتراوە[٩٠]. بەڵام وەکو شێخێک هەڵوێستێکی لە روانگەی ئاینییەوە دەنوێنێت و دەڵێ:

دیانت مـضـمـحل، دولت بوزق، ملت پریشـاندر
سبب تحقیر دین، تأسیس قانون، ترک قرآندر[٩١]

واتە: دیانەت نەماوە و، دەوڵەت تێک چووە و، میللەت پەرێشانە
هۆیەکەشی بە سووکزانینی ئاینە و، دامەزراندنی قانوون و، واز لە قورئان هێنانە.

هەروەها دەڵێ:

بیـچـاره عـدالت کـه ییـقـیلـمـشـدی بناسی
بردن أچنه سـیـچـدی بو قـانون أسـاسی
قـانون الـهی وار ایکن یـعنی شـریعت
قانون هذیاندر چه سیاسی چه أساسی[٩٢]

شێخ ڕەزا گەلێک لایەنی بەدکارییەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە شیعری خۆیدا بۆ باس کردووین و گەلێک جار هێرشی بردووەتە سەر والی و مووچەخۆری دەوڵەت، تەنانەت وای لێ هاتووە، هێرشی بردووەتە سەر سوڵتان و (عەبدولحەمیدی - ئەمیرولمۆئمین)یش و ئاواتی لەناوچوونی خۆی و زۆردارییەکەی خواستووە. لەگەڵ ئەوەشدا، وەکو کەسایەتییەکی گشتی شێخ ڕەزا، من وای دەبینم کە تێکڕا لەگەڵ رژێمی عوسمانیدا بووە و حەزی لە

لاچوونی دەرد و عەیبە زۆرەکانی کردووە. لێرەشدا دیسانەوە قسەکەی (تۆمابوا)م بەبیردا دێتەوە کە دەڵێ: داواکاری چاککردنەوە و راستکردنەوەی خووڕەوشت بووە(٩٣).

## پەراوێزەکان:

١- دیوانی کوردی - چاپی دووەمی هەولێر - ل/ ١٨.

٢- دیوانی نالی - چاپی بنەماڵەی مودەریس - ل/ ٥٧٧.

٣-ئەدمۆندس - گۆڕینەوەی: تۆفیق وەهبی - دەنگی گێتی تازە - بەرگ/ ١ - ژمارە/ ٢ - تشرینی دووەم - ١٩٤٣ - ل/ ١١.

- مامۆستا عەبدوڕەزاق بیماریش، بەم جۆرەی دابەش کردووە ١- دڵداری و دەربڕینی سۆزی دەروون ٢- لە دەوری مزگەوت و ئاین و تەریقەتدا ٣- بێ دەسەڵاتیی شاعیران ٤- یاسای عەشایەری ٥- شیعری رابواردن ٦- شیعری سیاسی.. بڕوانە: - بیمار - لەگەڵ شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە دیوانەکەی - کۆواری هیوا - ژمارە/ ٣٠ی ساڵی (٤) - تشرینی یەکەمی/ ١٩٦٠ - ل/ ٧٢ - ٧٤.

- د. عیزەدین مستەفا رەسووڵیش بەم جۆرەی دابەش کردووە:

١- دڵداری ٢- شین ٣- شانازی ٤- ستایش ٥- بەرەو نیشتمانپەروەری ٦- تەسەوف ٧- شاعیر و رژێمی عوسمانی ٨- باری ژیانی خۆی و ژیانی کۆمەڵایەتی. بڕوانە: د. عیزەدین - شێخ ڕەزای تاڵەبانی - ل/ ٥٢.

- د. شوکریە رەسوڵ.. لە باسەکەیدا کە بەناوی (گەشتێک بە جیهانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی و رووخسار و ناوەرۆکی شیعرەکانیدا) بڵاوی کردووەتەوە و کە وتارێکی رێکوپێکە و زانیاریی تێدایە، بەڵام زۆربەی باسەکانی زۆر لە کورتی بڕیوەتەوە، دیارە نەخشەی وتارەکەی بەو جۆرە بووە. ئەم مامۆستایش هەروەکو زۆربەی ئەوانی تر.. تەنیا پشتی بە شیعرە کوردییەکانی شێخ ڕەزا بەستووە.

چۆنیەتی دابەشکردنی بابەتەکانی لێکۆڵینەوەکەی بەجۆرێکی وەها دابەش کردووە کە شیعرەکانی پێوەندییان بە ژیان و هەڵسوکەوتی شێخ ڕەزاوە هەیە.. کە ئەمەش جۆرە دابەشکردنێکی ترە و.. شتێکی باشە.

بڕوانە: کۆواری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد - بەرگی یانزدەم- ١٩٨٤ - ل/ ٧٥.

٤- حسام الدين عمر - الأنفاس الرحمانية (بةتوركي) - ص/ ٢٤٩ - ٢٥٢.

٥- لەگەڵ ئەو هەموو شیعر و قسە و تانە و توانجەی کە لە شیعری شێخ ڕەزادا لە شێخ عەلی گیراوە. دیسانەوە شێخ ڕەزا دەگەڕێتەوە بەم شێخ عەلییە دەڵێ:

أیها الناس بشارت کي ولي مي آید

آشنایي أزلي (شـیخ علي) مي آید

- دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ١٩٥.

٦- دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ٣١ - ٣٢.

٧- س. پ - ل/ ٥٠.

-ئدمۆندس - کرد وترک وعرب - ص/ ٢٦٢.

٨- دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ١٩ - ٢٠.

٩- س. پ - ل/ ٣ - ٤.

١٠- وەسمان پاشا کوڕی محەمەد پاشای کوڕی کەیخوسرەو بەگی جافە - ١٢٦٣ی کۆچی - ١٨٤٦/١٨٤٧ی زاین هاتووەتە دنیا و لە (هەڵەبجە)دا ساڵی ١٣٢٧ی کۆچی ١٩٠٩/١٩١٠ی زاین کۆچیی دوایی کردووە. مێردی عادیلە خانم - خانمی وەسمان پاشایە.

بڕوانە: محمد أمین زکی - مشاهیر الکرد وکردستان - جـ/٢-/٥٨.

١١- عادیلە خانم (خانمی وەسمان پاشا)، کچی عەبدولقادر بەگی ساحێبقرانە - لە (سنە)دا لەدایک بووە و ١٩٢٤، لە نزیکەی شەست و پێنج ساڵیدا مردووە و لە گۆڕستانی (ئەبوعوبەیدە)ی نزیک هەڵەبجە نێژراوە.

بڕوانە: محمد أمین زکی - مشاهیر الکرد وکردستان - جـ/٢ - ص/٢٤٥.

ئدمۆندسیش دەڵێ: نەوەی ئەحمەد بەگی یەکەمە کە لە شاری (سنە) بووە.

بڕوانە: کرد وترک وعرب - ص/ ٥٨.

١٢- دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ١٠٠.

١٣- س. پ - ل/ ١٩١- لە دێری دوای ئەوەدا دەڵێ:

بدست کونە دلقی، گر ببیند صورتی جلقی

(چنان بر باید از دستش کە ترکان خوان یغمارا)

١٤- هجری دەدە - جريدة كركوك (بەتوركی) - ژ/٣٣٠-١٩٣٠/١١/٢٨- ل/ ٣.

١٥- بێچوو - ی یەکەمی سەرەتای دێرە شیعرەکە واتا: منداڵی ورد و ساوا.. (بێچوو)ی دووەمیان، جۆرە دراوێکی زیوینی هیندی بووە، کە بەم دوو وشەیە ڕەگەزدۆزییەکی تەواوی پێک هێناوە.

١٦- بۆ شیعرەکە و باسەکە بڕوانە: دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ٥٦.

١٧- شێخ محەمەدی خاڵ - دەفتەری کوردەواری - ژ/٢ - ل/٨٣.

١٨- ئدمۆندس - كرد وترک وعرب - ل/٢٦٤.

بۆ شیعرەکە بڕوانە: دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/٥٠.

١٩- ئدمۆندس دەڵێ ئەم شیعرە بۆ (میرانی خدر بەگی خۆشناو) نێرراوە..

بڕوانە: ئدمۆندس - كرد وترک وعرب - ل/ ٢٦٥.

کەچی لە دیوانی ساڵی ١٩٣٥ی شێخ ڕەزادا نووسراوە: محەمەد بەگی قادر بەگ کە قایمقامی ڕانیە بوو ئێسترێکی لاواز دەنێرێ بۆ (تاڵەبانی)، حەمە ئاغا ئاکۆ کە پێی دەزانێ، ئێسترێ چاکتری بۆ دەنێرێ، ئەمجا ئەوی ناردەوە لەگەڵ ئەم هەڵبەستەدا.

بڕوانە: دیوانی شێخ ڕەزا - چاپی ١٩٣٥ - ل/١١.

- بۆ تەواوی شیعرەکە بڕوانە: دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/١٠-١١.

٢٠-دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ٩٩.

٢١- بیمار - کۆواری هیوا - ژ/٣١ - ساڵی/٤ - ک٢/١٩٦١ - ل/ ٦٧.

٢٢- د. عیزەدین - شێخ ڕەزای تاڵەبانی - ل/٢٤. کە ئەمەشی لە ل/٨١ی کتێبی (الواقعية في الأدب الكردي)یەکەی خۆی گواستووەتەوە.

٢٣- کەریم شارەزا - نووسەری نوێ - ژ/١ - ساڵی/١ - ل/٢٨.

٢٤- د. عیزەدین - شێخ ڕەزا... ل/١١٧.

- دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/٢١٤.

واتە: بە پژمینی کەسێکی لات و نەدار، دەگوترێ هاواری ناوەخت

بەترِی پیاوی دارا و دەوڵەمەند، دەگوترێ: خوا لێت خۆش بێ

بەزانای پڕ هونەر دەگوترێ: خاوەنی مێشکی کۆن

بەنەزانی بێ ئاگا دەوترێ.. ڕێ نیشاندەری ئاگا

ئەوەی بە ڕێی خواردا بڕوا، پێی دەڵێن خواپەرستی گەوهەر پاک

ئەوەی قسەی ڕاست بکا، پێی دەڵێن شاعیری وێڵ و ڕێ بزربوو
فەرمانی بێ تاوانی و پاکی بەرتیلخۆر دەخوێنرێتەوە و
لە هەموو لایەکەوە، هەزار (ئەشهەد و بیللا)ی بۆ دەکرێ
ئەی (ڕەزا) لە قازانج کردنی ناوێکی ڕەقوتەقدا چ سوودێک هەیە
پارچە ئێسکی شکاوی شەترەنجیش (شا)ی پێ دەگوترێ.

٢٥- د. شوکریە ڕەسوڵ - گەشتێک بەجیهانی شێخ ڕەزا.. کۆواری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد - بەرگی یانزدەم - ١٩٨٤ - ل/١٠١.

٢٦- دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/١٤٢.

واتە: گوڵستانێ کە بە ئاسانی غەوسی گەیلانی دەناسن (دەخوێننەوە)
فەیزی پیرۆز، خێوەتی لە گۆڕەپانی شەقامیدا هەڵداوە
کەعبەی کێوەکەی، جێی بەدەوردا گەڕانی شێرمێردانی ڕێباز (تەریقەت)ە
سەری گەردن فرازانی ڕاستی، گۆی ناو مەیدانیەتی
کەمترین بەندە و قولی، نازناوی (مامۆستای سەربەستان و گەورە پیاوان)ی لێ نراوە.
منداڵی خوێندنگاکەی بە (قوتب - تەوەری زانایان) ناوبانگی دەرکردووە.

* ئەم (خواجەء أحرار)ە، واتە (مامۆستای سەربەستان و گەورە پیاوان)ەی کە لەم دێڕەدایە، د. عیزەدین لێی تێک چووە و بەناوی یەکێک لەو خواپەرستانەی زانیوە و لە ڕیزی (بەهای نەقشبەندی) و (شەهابی سوهرەوەردی - شیهاب) و ئەوانی تردا، داناوە، کە شێخ باسی لێوە کردوون و ناوی هێناون.

بڕوانە: د. عیزەدین - شێخ ڕەزا... ل/١٠٢.

تەنانەت شێخ ڕەزا لە شیعرێکیدا خۆی بە (خواجەء أحرار) داناوە کە دەڵێ:
من (خواجە أحرارم) و ئامێزشی دنیا
هێشتاکە نەمیکردووەتە بەندەیی مەملووک.
- دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/٢٩.

٢٧- دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ٢٥٠.

٢٨- س. پ - ل/٧٢.

٢٩- تومابوا - مع الأكراد - ص/ ١٤٩.

٣٠- ديوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/٦٢-٦٣.

٣١- س. پ - ل/٧٨.

٣٢- س. پ - ل/٢٥٧.

٣٣- د. عيزەدين - شێخ ڕەزا - ل/١٠٩ی ژمارە/٤ی تێبينييەكان.

٣٤- ديوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/١١-١٢.

٣٥- س. پ - ل/٣٥-٣٦.

٣٦- س. پ - ل/ ٦٥.

٣٧- س. پ - ل/٢٧.

٣٨- س. پ - ل/ ٦٨.

٣٩- ديوانی شێخ ڕەزا - شێخ. محەمەدی خاڵ - كۆواری كۆڕی زانياری - دەستەی كورد ژ/١٨و١٩ - ل/٣٥. پەڕاوێزی ژمارە/٥٨.

٤٠- ترزی باشی - كركوك شاعرلری - جـ/٢ - ل/١٣٦-١٣٧.

٤١- ديوانی شێخ ڕەزا - چاپی ١٩٤٦ - ل/٢١٨-٢١٩.

- هەروەها بڕوانە: د. عيزەدين - شێخ ڕەزا - ل/١٠٢.

٤٢- ديوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ٦٨.

٤٣- س. پ - ل/١٤٣.

- لەگەڵ ئەوەشدا كە شێخ ڕەزا وەكو دەبينين، بەئاشكرا ناوی شێخانی مەولەوی و ريفاعی بردووە. د. عيزەدين، شيعرەكە وا لە قەڵەم دەدا كە (شێخی هەموو لايەك دەگرێتەوە)..بڕوانە: د. عيزەدين - شێخ ڕەزا - ل/ ١٠٨، واتەی شيعرەكە:

يەكێ كڵاوێكی بەرزی ئەوەندەی باڵای (عووج)ی

ناوەتە سەر تەوقی سەری پيرۆزی خۆيەوە.

كە من شێخی ڕێبازی (مەولەوی)م و ڕێگە و ڕێبازی ئێمە

(نەی)ە و (دومبوگ) و ڕەقس و سەمايە و چەرەز خواردن و حەشيشەيە

٤٤- ديوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/٢٥٧.

ئەوەی شايانی باسە، هەندێك لەو كاكەييانەی كەركووكيش بە (دەدە) ناو دەبرێن. واتە: سەر بە ڕێبازی ئاينی (كاكەيين)، نەك وەكو عەشيرەت، كە لە توركيدا واتە: باوەگەورە، يان باپير. كەچی لە كەركووكدا توركمان بە برا گەورە دەڵێن: دەدە.

٤٥- بۆ تەواوی شیعرەکە بڕوانە: دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/١٤٣.

٤٦- أبو الهدی الصیادی - ئەبولهودە سەییادی) - محەمەدی کوڕی حەسەنی واری - یە. ١٨٤٩ لە دێیەکی لای (حەڵەب)دا لە دایک بووە و سەر بە ڕێبازی (ریفاعی)یە. هەروەکو دۆستی زۆری هەبووە، ناحەزێکی زۆریشی بووە. (عەباسی دووەم)ی خدێویی میسر، یەک لەو ناحەزانەی بووە، ساڵی ١٩٠١ هەتیوێکی بەناوی (شەکیب)هوە هەڵدێ و دەچێتە میسر، خدێوی ئەم هەلەی قۆستەوە بۆ ناوزڕاندنی (سەییادی) و.. (حافظ ابراهیم - حافز ئیبراهیم)ی شاعیری بەناوبانگی عەرەبی میسری، شیعرێکی بەزمانی سەییادییەوە داناوە، کە تێیدا سۆزی لێکدابڕان و دووریی لەم (هەتیوە!)ی تێدا دەربڕیوە، کە ئەمەش هەندێکییەتی:

أحرق الدف لو زأيت شكيبا

وأفض الأذكار حتي يغيبا

هو ذكري وقبلتي وإمامي

وطبيبي إذا دعوت طبيبا

بڕوانە: د. علي الوردي - لمحات إجتماعية من تأريخ العراق الحديث - جـ/٣ - ص/٣٢ - ٣٣.

واتەی دوو دێرە شیعرەکە:

گەر شەکیبم دی، دەف دەسووتێنم

بڵاوەش بە زیکر دەکەم تا لێم ون دەبێ

لە کاتی داواکردنی پزیشکمدا.

ئەو زیکر و قیبلە و ئیمام و پزیشکمە

٤٧- واتە: کەس بە شان و سامان لە خۆبایی نەبێ

دەبێ پەند لە بارودۆخی (بولهودا) وەربگیرێ

سەردەمێ پایەی سەرەوەی وەزارەتی هەبوو و لەپڕ

فەلەک (زەمانە) لەقەیەکی دا بە داهاتوو و دواڕۆژی ئەو بەدکارە

پایەی بەرز بوو، نازانم بە چی گەیی

لە (بابی عالی)یەوە دەربەدەر کرا و فریای سامانی خۆی نەکەوت

فرمانی دوورخستنەوەی دەرکرا، بەختی سەرەوژێر بووەوە

بارودۆخی دیسانەوە گەڕایەوە و، بووەوە بە حەماڵی حەڵەب

هەر کەسێک کە خیانەت لە دەوڵەت بکا حاڵی وایە

ڕۆژێک دەبێ پێی بەداوێنی کارەکانی خۆیدا دەپێچرێتەوە.

– بۆ دەقی شیعرەکە بڕوانە: دیوان – چاپی ١٩٤٦ – ل/٢٣٥.

٤٨– (کوچوک ملا – مەلای گچکە) ئەبوبەکر ئەفەندی کە بە کوچوک مـلا – مەلای گـچکە ناسـراوە و کوڕی حـاجی عومـەر ئەفـەندیی کوڕی ئەبوبەکری هـەولێرییـە، لە (١٢٤٨ی کۆچی – ١٨٣٣/١٨٣٢ی زایی – لە هەولێردا لە دایک بووە و لە ١٩٤٢دا کۆچیی دوایی کردووە.

بڕوانە: أربیل – هەولیر – بین الماضي و الحاضر – اللجنة الاعلامیة لمهرجان یوم محافظة أربیل – ص/٤٩.

٤٩– واتە: لە کاتێکدا نازناوی (بولهودا) سەگی حەڵەب بوو

ئێستاکە ناونیشانی بە توڕڕە نووسراوی شێخی وەزیرانە

یەکێکی وەهای بەرهەمی (زینا)، دایک تاوان و گوناه کردوو

لە ڕەسەن و نەسەبی حەزرەتی گەیلانی، لە رەخنە دەگەڕێ

٥٠– واتە: ئەو گەوهەرە نایابەی کە پێی دەڵێن مرۆڤی رەسەن

ئەگەر هەبێ، ئەو فرەزانا خوایەیە کە لە (هەولێر)ە.

بەڕێزی (حاجی عومەر زادەی – کوچوک ملا – مەلای گچکە)یە کە

سایەی خواردەیی.. مایەی دەستخستنی دەوڵەمەندییە.

– بۆ تەواوی شیعرەکە بڕوانە: دیوان – چاپی ١٩٤٦ – ل/٢١٩ – ٢٢١.

٥١ – دیوان – چاپی ١٩٤٦ – ل/١٠

٥٢– دیوان – چاپی ١٩٤٦ – ل/ ٢١ – ٢٦.

٥٣– د. معروف خزنەدار – الشعر الدیني في اللهجة الگورانیة الكردیة – مجلة الثقافة الجدیدة – العدد/٩٣ – ٥ أیار ١٩٧٧ – الحاشیة رقم/٢١ ص/٥٩.

– بەڵگەی ئەوەی کـە شـێخ ڕەزا بەتـەنیـا نەبووە لـە هێـرشـبـردنە سـەر (کـاکـەیی)، ئەو شیعرانەی (مەلای جەباری) شاعیرە کە ئاماژەیان بۆ دەکەین: بڕوانە – دیوانی مەلای جەباری – لاپەڕەکانی: ٥٩ – ٦١ شیعری (قـورەمـە دزراو).. و ل/٧٥ شیعری (سمێڵەکەی) و ل/ ٨١–٨٥ شیعری (شکوە) کە شیعرێکی فارسییە.

٥٤- دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/٦٧.

٥٥- س پ -ل/٧٩.

٥٦- بۆ نموونە بڕوانە دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل ١١٢و١٢٤ - ١٢٥.

٥٧- س پ -ل/٩٦.

٥٨- س پ -ل/ ١٩٤.

٥٩- س پ -ل/ ١٢٤ - ١٢٥.

60- Brown - ALiturary history of perisa - Volume - lv - p.29.

٦١- د. عیزەدین - شێخ ڕەزا - ل/١١٠.

٦٢-س پ .

٦٣- حوزنی موکریانی - میرانی سۆران - چاپی دووەمین - ل/٨٧ و لەوەوپێش.

٦٤- محمد أمین زکي - تاریخ السلیمانیة وانحاؤها (بەعەرەبی) - ص/١٥٨ - ١٦٠.

٦٥- کاک ئەحمەدی شێخ لە گەورەکانی شێخە قادرییەکان و سەیدە بەرزنجییەکانە، خەڵکی سلێمانییە و لە ١٣١٥دا لە شاری خۆیدا کۆچیی دوایی کردووە. یەک لە کتێبەکانی بەناوی (کاک)ەوەیە. کە بە کوردی واتە برا گەورە.

بڕوانە: بروسەلی محمد طاهر - عثمانلی مؤلفلری - جـ/١ - ص/١٥٩.

٦٦- محمد أمین زکي - تاریخ السلیمانیة وانحاؤها - ص/ ٢٢٤.

- محمد أمین زکي - مشاهیر الکرد وکردستان - جـ/٢ - ص/١١٩.

٦٧- دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/٣١.

بۆ ئەم بۆچوونە بڕوانە: سەباح غالب (پێشڕەو) - کۆواری بەیان. ژ/١٤ - ل/٦ - ٧

٦٨- دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/ ٦٥.

٦٩- س پ -ل/٥١.

- ڕۆژی کورد - ژمارە/٢ - ٦/ تەمووزی/١٣٢٩ی ڕۆمی.

٧٠- س پ -ل/ ١٣٧.

٧١- د. عیزەدین - شێخ ڕەزا - ل/٣٠ - کە لە کتێبی - حاجی قادری کۆیی - مامۆستا مەسعوود محەمەد - بەشی سێیەم - ل/١٤٢ - ١٤٣ی وەرگرتووە.

بڕوانە: پەراوێزی ژ/٨٩ی ل/٤٤ی هەر ئەم کتێبەی د. عیزەدین.

٧٢- س پ .

٧٣- دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/٣٣ - ٣٤.

٧٤-  س پ -ل/ ٩٧.

٧٥- سوڵتان عەبدولعەزیز (١٨٣٠ - ١٨٧٦)ی زاین، کوڕی سوڵتان مەحموودی دووەمە. لە ١٨٦١ی زایینداا بووەتە سوڵتان و لە ١٨٧٦ی زایندا لە تەخت هێنراوەتە خوارەوە و هەر لەو ساڵەدا مردووە.

٧٦- واتە: چاوم زۆر گێڕاوە بەکارنامەکانی شایەکانی جیهاندا رۆژنامە و نووسراوی ئەم کۆنە کارگەیەم سەروژێر کرد و لێکم دانەوە دەربارەی شایەکانەوە لە ئاگەداری گەڕام ئەوانە کە خاوەنی دەستگابوون هەرچەند ویستم و کۆشام کە بدۆزمەوە، کەسم نەدیتەوە شاهێک فەڕی لە فەڕی دەوڵەتی (عەبدولعەزیز) بچێ و بیگاتێ.

٧٧- واتە: شانازیی هەموو دەوڵەتان و پەنای میللەتان و مایەی ئومێد و هیوا و (سێبەری خوا) و پێشەوای رێی راست دۆزینەوە، سایەی خوا.

- بۆ تەواوی شیعرەکە بڕوانە: دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ١٦١ - ١٦٢.

٧٨- سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٤٢ - ١٩١٨)ی زاین، کوڕی سوڵتان عەبدولمەجیدە ١٨٧٦ بووەتە سوڵتان لە ٢٧ی نیسانی ١٩٠٩ی زایندا لە سوڵتانێتی لابراوە.

٧٩- لە جیاتی (خردمندان) کە راستەکەیەتی واتە: هۆشمەندان لە هەموو ئەو شوێنانەدا کە دیومن نووسراوە خردمیدان، چونکە (خردمیدان) کە (عەقلی مەیدان) دەگەیەنێ، بێ واتایە.

بڕوانە: دیوان - چاپی ١٩٣٥ - ل/١٨٨.

- دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/٢١٠.

- ترزی باشی - کرکوک شاعرلری - جـ/٢ - ل/١٥٥.

٨٠- بۆ تەواوی دەقی شیعرەکە بڕوانە سەرچاوەکانی پێشوو..

٨١- مامۆستا (ترزی باشی) ئەم شیعرەی لە کۆمەڵە دەستنووسێکی عەبدوللەتیف ئەفەندیی باپیریەوە وەرگرتووە، کە بە پێی دەستنووسەکە ئەم شیعرە لە ١١ی شەعبانی ١٣١٨ی کۆچی (٢٠ی ت٢ - ١٣١٦ی رۆمی) لە کەرکووک نووسراوەتەوە.

بڕوانە: ترزی باشی - کرکوک شاعرلری - جـ/٢ - ص/١٥٣ (پەراوێز) ئەم مێژووە کە دەکاتە (١ی کـ١ - ١٩٠٠ی زاین) کە دەبێ شێخ ڕەزا پێش چوونی یەکجاری بۆ بەغدا،

نووسیبێتیەوە.

٨٢ و ٨٣ – بۆ تەواوی شیعرەکە بڕوانە: ترزی باشی – کرکوک شاعرلری – جـ/٢ – ص/١٥٣ – ١٥٤ و پەراوێزی ل/١٥٤.

٨٤– العزاوي – تاريخ العراق بين احتلالين – جـ/٧ – ص/٧٨.

٨٥–س. پ – ل/٤١.

٨٦– العزاوي – تاريخ العراق بين احتلالين – جـ/٨ – ص/٢٤.

٨٧– ترزی باشی – کرکوک شاعرلری– جـ/ ٢–ص/ ١٦٣– ١٦٤.

٨٨– هەر لەو سەردەمەوە، زاراوەی (کەرانە) لەسەر زاری خەڵکەوەیە.

٨٩– ترزی باشی – کرکوک شاعرلری – جـ/٢ – ص/١٦٦.

هەروەها بۆ شیعری تر لەبارەی (مەڕانە) و (کەرانە)وە، بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو. لاپەڕەکانی ١٦٣ – ١٦٦.

٩٠– لە (٢٣ی تەمووزی ١٩٠٨)دا قانوونێکی وەها دەرکراوە و پێشیان وتووە (ئیدارەی مەشرووتییەت).. بڕوانە: العزاوي – تاريخ العراق بين احتلالين – جـ/٨ – ص/ ١٦٠.

٩١– دیوان – چاپی ١٩٤٦ – ل/ ٢٥٦.

٩٢– دیوان – چاپی ١٩٤٦ – ل/ ٢٥٣.

٩٣– تومابوا – مع الاكراد – ص/١٤٩.

بەشی سێیەم

# خودە هونەرییەکانی شیعری شێخ ڕەزا

بەندی یەکەم

# جۆری داڕشتنی شیعری

## سەرنجێکی گشتی

ئەگەرچی لە شیعری کلاسیماندا یەکیەتی دێرە شیعر و سەربەخۆیی بەجۆرێکی ئەوتۆ دیار و زانراوە، کە بەخشتی بنیاتنانی شیعر دادەنرێت و دەژمێردرێت، جار جار یەکیەتی بابەتی شیعر بەگشتی کز دەکەن و گەلێک جاری وا هەیە. دێرە شیعرێک لە پارچەیەکەوە دەردەکرێت، بێ ئەوەی شوێنی لە پارچەکەدا دیاربێت و، دێرەکە وەکو دێرێکی سەربەخۆ و تاک دەنوێنێ. وەکو بڵێی تەنیا کێش و سەروا بە یەکی بەستوونەتەوە و هەر ئەو پێوەندییەیان لە نێواندایە و هیچی تر.

سەرنجێکی ورد لە شیعرەکانی شێخ ڕەزا، ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە یەکیەتییەکی بابەتیان بەئاشکرا تێدا دیارە، بەجۆرێکی ئەوتۆ کە لابردن و دەرکردنی دێرە شیعرێک، کار لە شیعرەکە بەگشتی دەکات و شوێنی دیار دەبێت و کەموکوڕیی پێوە دەردەکەوێت. نامەوێ بڵێم ئەم یەکیەتییە بابەت ئامێزە بە جۆرێکی وا پتەو و پوختە کە لە شیعری نوێی چاکدا دەبینرێت، بەڵام ئەم لایەنە لە شیعرەکانی شێخ ڕەزای سەردەمی خۆیدا بەهرە و توانایەکی سەراسا پێشان دەدات و ئەو مەبەستانەی شێخمان بەڕوونی دەخاتە بەرچاو کە لە هەر شیعرێکدا دەری بڕیوە، لەگەڵ ئەو هەموو وردەکاری و جوانکارییەی بەکاری هێناون و بەهرە و توانای خۆی پێ نواندووە، نامانخاتە سەر ئەو بیروباوەڕەی کە شاعیر ویستبێتی خۆی دەرخا و زانینی ئەو هونەرانەیمان پێ بسەلمێنێ و بەس، بگرە شاعیر لە هەر شیعرێکیدا

مەبەست و ئامانجێکی تایبەتی هەبووە، کە لە سەرتاپای شیعرەکانیدا بۆمانی باس دەکات و، لە پاڵ ئەوەشدا وەکو شاعیرێکی هونەروەر و بلیمەت بەو هەموو توانا هونەری و رەوانبێژی و وردەکارییەوە خزمەتی مەبەستەکەی پێ کردووە. واتە شاعیر لە سەرشاری بیری قووڵەوە دەستی بە دارشتنی شیعرەکانی کردووە و تا کۆتایی بە شیعرەکەی هێناوە ئەوەی لەبیر نەکردووە، بەڵام ئەمەیان رێی لە سۆزی شاعیرێتی داهێنەرانەی نەگرتووە.. تاوەکو هەندێ شاعیری تر بخاتە هەڵوێستێکەوە کە بەقسەی رووتوقووتی، تەنیا بەکێش و سەروای رەق و تەقەوە مەبەستە کەچەکانی دەرببڕێ.. یان بۆ داپۆشینی ئەم کەموکوڕییەی، بەشێوەیەکی دەستکرد و بەخۆ ئەزیەتدانێکی دیارەوە هەوڵی ئەوە بدا کە بە هونەرە وێژەییەکان قسەکانی برازێنێتەوە.

بۆیە دەبینین شیعرەکانی شێخ ڕەزا بە پێوەندییەکی رەوانی بیرەوە بەیەکەوە بەستراون و هەست بە پچرپچڕی و لەیەک دابڕانیان ناکەین:

یەک دوو دێی داوەتێ سوڵتان پەیی ئیتعامی تەعام
هەر یەکێکی بەقەدەر خەزنەیێ ئیرادی هەیە
چە فرووش و چە زرووف و چە زیاع و چە عیقار
لە هەموو جنسە مەتاعێ.. سەد و هەشتادی هەیە
ئەم هەموو گەنج و خەزینەی هەیە هێشتاکو تەرەس
نە هەوای جوود و نە مەیلی کەرەم و دادی هەیە(١)

بڕوانە چۆن دێرەکان یەک بەدوای یەکدا دێن و یەکتری تەواو دەکەن و شاعیر لە باسە گشتییەکەی خۆی لانادا. لە پاڵ ئەوەشدا هەر بە سۆزی شاعیرانەوە لە دێری یەکەمیاندا دوو وشەی (ئیتعام) و (تەعام) لەپاڵ یەکدا دەهێنێتەوە و جۆرە هاورەگەزییەکی جوانیان لێ دروست دەکا، ئەوەش کە، بۆنەیەک ئەم دوو شتە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، یان بڕوانە دوو وشەی (فرووش) و (زرووف)ی دێری دووەم، جگە لەوەی کە هاوکێشن.. ئەو دەنگی (واو)ەی ناو هەردوو وشەکە جۆرە هاوئاوازییەکی تری پێ دەبەخشێ، بێ مەبەست نییە کە

ئەو وشـە و دەنگانەی بەدوای یەکدا هێناوەتەوە، بگرە ویسـتوویەتی ئاهەنگ و جۆرە مۆسیقایەکی تری لە پاڵ کێش و سەروای شیعرکەدا پێ ببەخشێت:

یان لە (هەجوی کاکەیی)دا دەڵێ:

لـە پاش ئیکمـــالی ڕەسم و مـــاتەم و شین
وەڕین دەس پێ دەکا، وەک کـەلبی هـەوشـار
(مـــعـــاذ الله) دەڵێ: (یا أیهـــا القـــوم)
درۆیە، (حـەشرو) (نەشـرو) جـەننەت و نار
لە گـوێ مـەگـرن قـسـەی ئاخـوونی سـونی
بە ئاشـووبن مـەلای سـەر لنگە دەسـتـار[٢]

جـــاری واش هەیە بە رواڵەت هەست بە لێک دابڕانی دێرە شـیـعـرەکـان دەکرێت، بەڵام ئەگەر لێی ورد ببینەوە، پێچەوانەیمان بۆ دەردەکەوێت و ئەوەش بە هونەر دادەنێین و شێخ خۆی ئەوەی مەبەست بووە، چونکە جۆری بابەتەکە و باسەکە بەو شێوەیەیە، ئەمەش وەکو لەو پارچە شیعرەیدا دەردەکەوێت کە لە شێوەی نامە ناردندا وتوویەتی:

لـە تەرەف کـــێـــرەوە، بـەریدی ســـەبا
بۆ مـــودیری قـــزڵجـــە نـامـــە دەبا
بۆ جـــەنابی مـــوقـــەڕبی ئەلخـــاقـــان
مـیـر عـەلی بەگ لە ئەنجـەبی نوجـەبا
مـــیـــرم ئایا چلۆنە عـــیللەتەکـــەت
باز بە خـارشـتـە بن گـونت عـەجـەبا
ئیـحـتـیـاجت بنووسـە عـەیبی چیـیـە؟
مەحرەمی ڕەزای تۆم بە عەهدی سەبا[٣]

لەمـــانەی ســـەرەوەدا هەست بەوە دەکـەین کـە شـــاعـــیـــر لە پاش هـەر دێرە شیعرێک هاتبێتە سەر دێرێکی تازە.. وەکو چۆن لە نامەنووسیندا پیاو خاڵێک دادەنێت و دێتـەوە سـەردێر، ئەمیش وای کـردووە، لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە لێی

وردبینەوە دیسانەوە یەکیەتی بابەتەکە و ڕەوانی و بەیەکەوە بەسترانی دێرەکانمان بۆ دەردەکەوێت.

شاعیر کۆمەڵێک لە شیعرەکانی بە پێشەکییەک دەست پێ دەکات، کە زۆر بە چاکی سەرەتای چامە و غەزەلەکانی دادەڕێژێ و دەیکاتە دەرگەی چوونە ناو مەبەستە سەرەکییەکانییەوە. ئەم دێرانەی دەستپێکردنی شیعرەکان بە گشتی بۆنی مەبەست و ناوەڕۆکە سەرەکییەکانی شیعرەکانی لێ دەکرێت و لەباری سایکۆلۆجیی ڕووداوەکانی ناو شیعرەکان دوور ناکەوێتەوە.

کە مامە (شێخ غەفوور)ی دادەشۆرێ، بەر لەوەی باسی مامی بکا بە سەرەتایەک دەست پێ دەکات و سەرنجی خوێنەر رادەکێشێ و دەیخاتە سەر ئەوەی کە ئامادەی بیستنی قسەکانی تر بکات:

ئەو ڕۆژە کە تۆرام و لە کەرکووک سەفەرم کرد
مانەندی عەقارب لە ئەقارب حەزەرم کرد
گەردوون سوبوکی کردم و هێنامییە کۆی
میوانی لەکن مامە غەفووری لەجەرم کرد(٤)

لێرەدا کە یەکەم دێر دەخوێنینەوە و دەوەستین، دەڕوانین هەست بەوە دەکەین کە پێویستییەکمان بەزانینی ڕووداوی دوای ئەو دێرە هەیە و چاوەڕوانی بەسەرهاتی تری دەکەیت و کە دووەم دێڕیش دەخوێنینەوە هەست بەوە دەکەین کە شاعیر کێشەیەکی لەگەڵ (مامە غەفوور)یدا هەیە، ئەگەر نا بۆچی بە (لەجەر: واتە گیانداری لاواز، یان رژد و چرووک)ی ناو دەبات، بەم جۆرە حەز بەوە دەکەیت کە بزانیت ئەم کێشە و هێرشبردنەی شێخ ڕەزا بەهۆی چییەوەیە و وردە وردە شاعیر را دەکێشێتە ناو باسەکەیەوە.

لە سەرەتای شیعرێکی تردا کە دەست بە خوێندنەوە دەکەی:

ڕووخاندی گەردشی گەردوون لە هەر جێ ئاستانێ بوو
سووتاندی چەرخی دوونپەروەر لە هەر کوێ ئاشیانێ بوو
وەکو تەیی سجلل لیلکوتبی پێچایەوە گەردوون
لەهەر میهمانسەرا ئاساری سفرە و، نان و خوانێ بوو(٥)

هەست بەڕوودانی کارەساتێکی گەورە دەکەیت و، ئاگەدار دەبیتەوە، بێ ئەوەی (هێشتا) شاعیر کارەساتەکەت بۆ بگێڕێتەوە و کۆستی کەوتوو بخاتە روو، بە پەرۆشەوە شوێن پێی رووداوەکە دەکەویت و ئینجا کە دەچیتە ناو ناوەڕۆکەوە بۆت ساغ دەبێتەوە کە ئەم شیعرە بەبۆنەی کۆچیی دوایی (موراد ئاغای ئاکۆ)وە وتراوە.

یا لەو شیعرەیدا کە لە دووریی - قادری وەستا خدر -دا وتوویەتی، لە دێری چوارەمدا نەبێت باسی دوورکەوتنی قادری وەستا خدر ناکات و تا دێری پێنجەم ناوی ناهێنێ.. ئەمە لە کاتێکدا کە پارچەکە لە نۆ دێر پێک هاتووە و هەستی شاعیرانەی تێدا دەربڕاوە، دیسانەوە تەماشا دەکەین کە لە یەکەم دێرەوە دەست پێ دەکات، بەهەستی دەروون دەربڕینەوە، بەقسەی پرسیار ئامێزی هونەرییەوە ژان و هەژان و ئازاری خۆی باس دەکات و دەڵێ:

بۆ نەسووتێ جگەرو بۆچی نەبێ دڵ بە کەباب
بۆچی نەڕوا لە تەنم ڕۆحی ڕەوان میسلی غوراب
بۆ لە سەرچاوەیی چاو هەڵنەقوڵێ ڕەشحەیی خوێن
بۆچ لە فەووارەیی موژان نەچکێ قەترەیی ئاب
بۆچ لەبەر ناڵە نەبێ حەلقەیی حەلقم بە سروود
بۆچ لەبەر گریە چەشمەیی چەشمم بە سەراب(٦)

بەڵێ، لەم چەند دێرەی سەرەوەدا شێخ ڕەزا پرسیار دەکا، بەڵام چۆن پرسیارێک؟ لێی وردببەوە دەبینی ئەم پرسیارانە جۆرە پرسیارێکن وەڵامەکانیان هەر لەلای شاعیر خۆیەتی و تۆش ناچاری چاوەڕوانی ئەوە بکەیت کە شاعیر لەو پرسیارانە ببێتەوە و دەست بکاتە وەڵامدانەوە.

با سەرنجێکی ئەو پرسیارانە بدەینەوەو سەیری ئەو ریزە (بۆ) و (بۆچی)یە بکەینەوە!!. ئەوەمان چاکتر بۆ روون دەبێتەوە کە شاعیر دەیەوێ پرسیارەکان قووڵتر و کاریگەرتر بن، بۆ ئەوەی بە پەرۆشتربین بۆ چاوەڕوانیی وەڵام و رووداوی ناو شیعرەکەمان لەلا زلتر بێ.

لێرەدا دەمەوێ – ئەگەر لە پەیڕەویی ئەو بەرنامەیەی کە بۆ ئەم نووسینەم داناوە – دووریش بکەومەوە، حەز دەکەم سەرنجێکی ناوەڕۆکی ئەم دێرە بدەین و بزانین چ وەستایییەکی سەربارەکی تێدا نوێنراوە. دەڵێ: بۆچی لەبەر ناڵین و شیوەن بازنەی زارم کە لە کۆبوونەوەی (حەلقەی زیکر)ی دەروێشانی کاتی خوا یادکردنەوە و خواپەرستی دەچێ. ناڵین و شیوەنی ببێتە سروودی بەسۆزی وەک هی دەروێشان. ئەی بۆچی لەبەر گریە و فرمێسک ڕشتنی بەردەوام کە ئەسرین لەبن بێتەوە و وشک بکاتەوە و وەکو سەرابی وشکی لێ بێت کە چاوم جێی فرمێسکە و دەبوو فرمێسکاوی بێ، کەچی لەبەر گریەی زۆر هەر لە سەرچاوەوە وشکی کردووەتەوە.

لە شیعری (گەر جارێکی تر بچمەوە کەرکووک)دا، کە باسی زۆرداری و بەدکاریی برا و کەسوکاری خۆی دەکات و بە (مامە غەفووری)دا هەڵدەڵێ، کە ئەمەش دیارە بەر لەوەوەیە کە بچێتە لای مامە غەفووری و بەچاوی خۆی ببینێ کە مامی بەڵێنەکانی نایێنێتە جێ.. هەر لەسەر ئەو ڕێبازەی سەرەوە دەچێت و دەڵێ:

بەم حاڵە ئەگەر دەفعەیێ تر بچمەوە کەرکووک
مەعلوومە بەمەردی نەڕواوە لە سەرم تووک
بۆچ بچمەوە کەرکووکی قوڕمساغ، کە لەگەڵ من
ئەهلی هەموو ناسازە وەکو ئاوی حەماموک
پێم خۆشە لەبەر جەوری برا و لەومەیی ئەقوام
سەد جار، لە غەریبی بکەوم موفلیس و مەفلووک
ڕۆژێ بە مورادی منیش ئەڵبەت دەگەڕێ چەرخ
ئەم میچە قەراری نییە گاهێ جگە گەهـ بووک
شاهی کە نەبێ، ڕادەبوێرین، بە فەقیری
بۆ ئەهلی قەناعەت لە پلاو خۆشترە داندووک
شەش مانگە زیاتر کە لە پاش مەرگی پدەر من
مەغدوورم و مەظلووم و جەفا دیدە و مەهتووک

تا ساکنی کۆی مامە غەفوورم، وەکو فەغفوور
کیسەم پڕە دائیم لە زەڕ و لیرەیی مەسکووک
پابەندی خەلایق نییە طەبعم وەکو خەڵکی
بێ کولفەتم و رندم و سەییاحم و سالووک
من خواجەیی ئەحرارم و ئامێزشی دنیا
هێشتاکە نەمی کردووەتە بەندەیی مەملووک
وەک (لامع)ی شاعیر نییە ئێستێ لە جیهاندا
شیرین سوخەن و قابیل و خۆش تەبع و (ڕەزا) سووک(٧)

یان لەو شیعرەیدا کە بۆ (داشۆرینی شوکری) داناوە.. وادەزانێ.. یان دەزانێ کەسێک شوکریی هان داوە شەڕ بە شێخ رەزا بفرۆشێ. لەو پارچە شیعرەدا کە سەرەتاکەی بە: (پوورە شوکری بەسیە با.. تاد) دەست پێ دەکات، یەخەی شوکری دەگرێت و بە حەوت دێرە شیعری بەرزی پڕ لە جنێو دای دەشۆرێ و مەبەستیشی نە هەر شوکرییە، بەڵکو بەشێوەیەکی سەرەکی هاندەرەکەشیەتی، وەکو ئەو پەندە دەکا کە دەڵێ: کچێ لەگەڵ تۆمە بووکێ تۆ گوێت لێ بێت. ئینجا لە دێری هەشتەمدا پەنجەی بۆ رادەکێشێ و دەڵێ:

من دەزانم کێ لە خشتەی بردووی ئەمما چەسوود
سەیدە، سەید قسەی سووکی دەبێ دەرحەق نەکەم
پێی بڵێ با مونتەبیە بێ، تۆیش گەنو گوو بەس بخۆ
با سلێمانی بەجارێ، کافری موتلەق نەکەم(٨)

لە لایەکی ترەوە دەبینین، لە سەرەتای زۆربەی شیعرەکانی تریدا بە دێرە شیعرێکی بەهێزەوە یەکسەر دەچێتە ناوەڕۆکی باسەکەیەوە و، بێ ئەوەی پێشەکی و خۆ بۆ ئامادەکردنێکی تێدا بێت، بەڵام ئەو دێرانەی کە ئەو سەرەتایانەی پێ دەکاتەوە، هێز و سۆزێکی شاعیرانەی بەرز دەنوێنن و سەرنجی خوێندەوار یەکسەر رادەکێشن و دەیخەنە ناو باسەکەوە. لەو شیعرەیدا کە گوایە بۆ میرانی خدر بەگی خۆشناوی ناردووە و(٩) یەکسەر

رووی تێ دەکات و باسی ئەو ئێستره دەکات کە بۆی ناردووه و دەڵێ:

میر بە سەد مننەت هەناردی ئێسترێکی ڕووت و قووت
دەست و پا سست و سەقەت، ئەندامی هەر وەک عەنکەبووت
خاوەنی ئالیکی ناڵێم پێی نەداوە موتڵەقا
داویەتی ئەمما وەکو بیستوومە قووتی لایەمووت[١٠]

یان لە شیعری (لە وەختی زەرفێندا) دەڵێ:

ئەی مەلا قەت تۆ لە زەرفێندا وەها خێرا نەبووی
یا لە حیزیی بەختی من، یا مۆرەکەت مووی پێوە بوو
حاڵ لە سێ خاڵی نییە توخودا بەڕاستی پێم بڵێ
مووی سمێڵت، یا بەرت، یاکلکی یابووی پێوە بوو؟[١١]

هەروەها شێخ ڕەزا لە کۆتایی هێنانی شیعرەکانیشیدا هونەرێکی چاکی نواندووه کە بەهرە و توانای لەم لایەنەشدا ئاشکرا دیارە و.. شیعرەکانی لە شوێنی چاکدا کۆتایی پێ هێناون. بەجۆرێکی وەها کە پیاو هەست دەکا پارچە شیعرەکەی ئەو مەبەستەی دەربڕی وا دانراوە و چیی تر پێویست بە درێژدادڕی و درێژە پێدان ناکات، هەروەها هەست بەوەش ناکەین کە لە کورتیدا شیعرەکانی بڕیبێتەوە و لە کوڵی کردبێتەوە. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە لەم ڕووەوە چامە و غەزەلەکانی شێخ ڕەزا دەکرێن بە دوو بەشەوە. بەشێکیان سەرەتا و ناوەڕۆک (دەتوانین بڵێین – لووتکە – یان گرێ) و کۆتاییان هەیە، بەشێوەیەکی وەستایانە پەیڕەویی ئەوە دەکەن. بەشەکەی تریشیان.. بێ پێشەکی و خۆ ئامادەکردن دەچنە ناوەڕۆکی باس و مەبەست دەربڕینەوە و بەڕەوانی ئەم بەشەشیان دوایی پێ دەهێنێ و وزەی ئەوەی نییە بارێکی لەبارتر بۆ قسەکانی دروست بکات و یەکسەر دەتەقێتەوە و مەبەست دەردەبڕێ.

*

شێخ ڕەزا جگە لەوەی تورکی و فارسی و عەرەبی و کوردی بەچاکی زانیوە

و شیعری زۆری پێ وتوون و کەم تا زۆرێکیش تاک تاکەی وشەی زمانانی تری وەکو هیندیشی زانیوە، تەنانەت لە تاکە شیعرێکیدا کە بەفارسی نووسیوەتەوە، دوو وشەی هیندی (رووتی: واتە: ئاو) و (پانی: واتە: نان)، بەشێوەیەکی زۆر جوان بەکار هێناوە کە مەبەستی شاعیر هەردوو واتا، کوردی و هیندییەکەی هەردوو وشەکەشە پێکەوە کە دەڵێ:

تو کوجا شیعر کوجا ئەی بوزی هیندستانی

بەزوبانی پدەرت گو کە (ڕووتی و پانی)(١٢)

واتە: تۆ لە کوێ و شیعر لە کوێ ئەی بزنی هیندستانی، بە زمانی باوکت بڵێ کە (ڕووتی و پانی) - ئەمە کوردییەکەی -، یان: بەزمانی باوکە هیندییەکەت بڵێ (ئاو و نان) واتە: بڵێ برسیمە و دەرۆزەی نان و ئاو بکە. ئەم زمانزانییەی شێخ ڕەزا بووەتە کەرەستەیەکی چاک و بەسوود، بەو پێیەی کە زمانی ئەو سەردەمەی ئەدەبی کلاسیمان پڕی بووە لە تاک تاکی ئەو زمانانەی ئەو میللەتە موسڵمانانە. جگە لەمە شارەزاییەکی چاکی لە شێوە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی هەبووە، بەجۆرێکی ئەوتۆ کە دەبینین لە کاتی شیعردانانندا بە ئارەزووی دڵی خۆی بەوپەڕی وەستاییەوە وشە و رستەی بۆ بابەتی جۆراوجۆری شیعرەکانی هەڵبژاردووە. ئەم شارەزاییەی لە شێوەدا تەنانەت جاری وابووە وای لێ کردووە بەهەندێ لە شێوە جۆراوجۆرە کوردییەکان شیعر بنووسێ. بۆ وێنە بەشێوەی گۆران هێرش دەباتە سەر (پیرۆز)ی شاعیری کچی (حەسەن کەنۆش)ی شاعیر و پێی دەڵێ:

حەسەن کەنۆشەن، حەسەن کەنۆشەن

ئینە کناچەی، حەسەن کەنۆشەن

کەلەش شڵەقیاو، ناوگەڵیش بۆشەن

کونای قرینش، دایم وە جۆشەن

کورکەش دێوانەی کەڵپوس نەدۆشەن

دەلۆن، هەر لۆیێ، سەرک.. نەتۆشەن

وێنەی هەر وەفاڵ، هەر وە خرۆشەن(١٣)

له نیـوه دێری شـەشـەمـدا بڕوانن وردەکارییـەکی چۆنی کـردووە. حـەسـەن کـەنۆش (١٨٤٠ - ١٨٩٤) و پیـرۆزی کـچی حـەسـەن کـەنۆش (سـاڵی ١٩١١) مـردووە، کـە لە عـەشـیـرەتی (دەلۆ)ن، ئەم وشـەی (دەلۆ)یەی کـردووەتە دوو کـەرتەوە، (دە) و (لۆ).. ئینجـا هـەریەکـەیانی بە (دە ) (لۆ) دانـاوە و دەڵێ هـەر (لۆ)یەکیـان سـەرە (کێـ.. یان) لە تویێشـەبەرەدا لەگەڵ خـۆیاندا هـەڵگرتووە بۆ کاتی پێویست.

شـیعرەکانی شێخ ڕەزا بەزۆری، یان پێداهەڵدانـە، یانیش داشـۆرین، بەڵام پتر بە داشۆردنەوەوە ناوبانگی دەرکردووە و لە راستیدا لە بەشە کوردییەکەی دیوانیدا شـیـعری داشـۆردن زۆرترە. کە لـە شـیـعرەکـان ورد دەبینەوە، بۆمـان دەردەکەوێت کە شێخ، کۆمـەڵێکی زۆر زۆر لە وشە بازاڕییەکانی هـەر لە سنە و سـابلاغ و سلێـمـانییەوە بگرە تا کـەرکووک و هـەولێر و کۆیە کۆکـردووەتەوە و هـەرچی جنێو و قسەی پیس و سووک و ناشیـرین هـەیە هەمووی زانـیوە و هـی تازەتریشی داهێناوە و لە پاڵ وزەی شـاعیـرانە و داهێنـەرانـەیدا، بەشێـوەیەکی هونـەریـی ئەوتۆ خـسـتـووەتە ناو قـاڵبی شـیـعـری بەرزەوە و گـەیاندوویەتـیـە ئەوپەڕی بەرزی. بەجۆرێکی وەها ئەو شیعرانە سەرەڕای ئەو هەمـوو ناوەڕۆکە پەردە لە روو هەڵماڵراوەشـەوە خـۆی کـردووە بەناو کـۆڕە گـەرمـەکانی گـشت جێگەیەکەوە.

ئەوەی بە دیوانەکەیدا بچێتەوە و هـەندێک شـارەزایی لە شێوە کوردییـەکاندا هـەبێت، هـەسـت بە دەوڵەمـەندیی فـەرهـەنگی زمـانەکـەی دەکـات و رەنگاوڕەنگی تاک تاکی وشـەی دەبینێ، ئەمـە جگە لەوەی کـە زۆر جـار لە رسـتـە پێکهێناندا رێبـازی دوو لقـە شـێـوەی جـیـا دەگرێت، بـۆ وێنە لە بەکارهێنـانی راناودا زۆر جار جۆری شێوەی گەرمیان دەگرێ:

من خـواجـەیی ئەحـرارم و ئامـێـزشـی دنیـا
هێشـتاکە (نەمی کردووەتە) بەندەیی مەملووک[١٤]

کـە دەڵێ (نەمـی کـردووەتە)، دەزانین ئەمـەیان شـێوەی گـەرمـیـانە نەک وەکـو هـەندێک شـوێنی تری وەک شـێـوەی سلێـمـانی کـە دەڵێ (نـەی کـردوومـەتە)،

زمانی ئەدەبیی ئەمڕۆمان بە دەگمەن نەبێت – لەم لایەنەدا – ئەم شێوەیەی گەرمیان بەکار نابرێت. یان کە دەڵێ:

(وەسمان بەگیان ئامیرە) وەختێ کە بلێ دەی
دێنە جەوەلان هەر وەکو حاجی لە تەوافا(١٥)

دە بڕوانە (وەسمان بەگ)ی چۆن بەستووەتەوە بە عەشیرەتی جافدا و تێمان دەگەیەنێ کە وەسمان بەگ هەر جافە و لە خۆیانەو.. ئامیرە، بۆمان هەیە ئەوهای تێ بگەین کە نەک هەر ئامیری عەشرەتەکەیە بەڵکو هەر ئامیرە و واتە هی خەڵکێکی ترش، کە ئەمە پێدا هەڵگوتنێکی پتری وەسمان بەگە هەروەها عەشرەتی جافیش ئامیریان وەسمان بەگی خۆیانە و نەک یەکێکی تری بێگانە بەخۆیان. با سەیرێکی ئەم دێرەش بکەین کە دەڵێ:

بە وقووعی، سەفەری قادری وەستا خدر
(خانەیی عەیشمی تاڵ کرد)، فەلەکی خانە خەراب(١٦)

دەڵێ: خانەیی عەیشمی تاڵ کرد، واتە خانەیی عەیشی تاڵ کردم. کەچی لە هەندێک شیعری تردا دەبینین ڕێبازێکی تری گرتووە. لەو پێنج خشتەکییەیدا کە لەسەر غەزەلێکی (کوردی)دا کردووە و دەڵێ:

(دڵی بردم)، بەناز و عیشوە دیسان شۆخی عەییارێ
(فریبی دام) بەسیحری چاوی خۆی مەحبووبی سەححارێ
لە هیجرانا تەقم کرد ئەی ڕەفیقان کوا مەدەدکارێ
(ئەمان مردم عیلاجێ سا لە ڕێی پێغەمبەرا چارێ)
(ویساڵ، یا قەتڵ، یاتەسکین، لە هەرسێ بۆم بکەن کارێ)(١٧)

لێرەدا شێخ ڕەزا، دەبینین وتوویەتی (دڵی بردم) و نەیوتووە (دڵمی برد). ئەم جۆرە بەکارهێنانە وەستایییەکی تەواوی تێدایە، لەمەوە دوو گوزارە و واتا تێ دەگەین، یەکەمیان ئەوەیە کە شۆخێکی عەییار دڵی شاعیری بردووە، ئەمە وەها و کە دێینە سەر لێکدانەوەی وشە و ڕاناوەکان تەماشا دەکەین کە (دڵ)ی خۆی داوەتە پاڵ (یێ)ی ئەو شۆخەوە، واتایەکی وەک بڵێی ناسک و مەیلە و

نهێنیمان بەبیردا دێتەوە کە شاعیر وەکو دڵی خۆی بە موڵکی ئەو شۆخە بزانێ و وتوویەتی (دڵی)، ئەگەرنا دەیوت (دڵم – ی برد).

هەرچۆنێک بێت، لەوانەیە هەندێک کەس بڵێن، ئەمەی بۆیە بەکار هێناوە بۆ ئەوەی شیعرەکانی لەلایەن دارشتنیشەوە لەگەڵ شیعرەکەی (کوردی)دا بگونجێ و رێکتر بێ! من لەگەڵ ئەوەدا نیم و لەو بڕوایەدام کە شێخ ڕەزا ئەو جۆرە دارشتنانەی هەریەکە و لە جێی خۆیدا بۆ مەبەستێکی تایبەتی و قووڵتر بەکار هێناوە لەوەی کە مەبەستی حەز لە گۆڕینەوە بێت یان ناچاری کێشی شیعری و شتی تری لەم جۆرە بێت. تەماشا دەکەین هەر لەو شیعرەدا دیسانەوە گەڕاوەتەوە شێوەکەی کە و دەڵێ:

کە چاوی ساحری، دەستی بە غەمزە و ناز و ئیما کرد
(مەتاعی عەقڵ و هۆش و دەرکمی) تاراج و یەغما کرد
کەسێ نەیگوت درێغا کێ ئەتۆی وا شێت و شەیدا کرد
(ئەلای هەر کەس دەچم مەنعم دەکا خۆت بۆچی ڕسوا کرد)
(درێغ کوا حاڵزانێ رەببی تووشم بێنی بیماری) (١٨)

بەتوانایەکی چاکەوە گەلێک شێوەی بەکار هێناوە و بۆ مەبەست پێکانی خۆیی خستووەتە گەڕ.

*

شێخ ڕەزا هەروەکو گەلێک شاعیری تری بەر لە خۆی و سەردەمی خۆی، هەر لەو سەرشارەوە کە خاوەنی دڵێکی بەسۆز و هەستێکی گەرموگوڕ و بزێو بووە، زۆر شانازیی بەخۆیەوە کردووە و بەخۆی نازیوە، ئەمەش بە شیعرەکانیدا، بە گەلێک شێوە هەستی پێ دەکرێت. لە لایەکەوە بەخۆی دەڵێ:

شێخ ڕەزام و بە فەساحەت لە جیهاندا مەشهوور
پسەری پیری نەزەر کردەی قوتبی لاهوور(١٩)

لە لایەکی ترەوە، لەو شیعرەیدا کە (شوکری فەزڵی) تێدا دادەشۆرێ و لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

شـوکـری لە داخـی تۆ ئەمـە سـاڵێکە یا دووە
(کێـ..) نـەخۆشـە حـاڵی پەرێشانـە مردووە(٢٠)

لە دوا دێری ئەم شیعرەدا بە شوکری دەڵێ:

بەم شـیعرە بێ فـەڕانەوە نابی بە شـێخ ڕەزا
زەحمەت مەکێشە ئاینە کاری ئەرەستووە(٢١)

بەم جۆرە خـۆی بە ئەرسـتـۆ دەچوێنێ و شـیـعرەکانیشی بەو ئاوێنـەیە کـە گوایە ئەرستۆ لە شاری ئەسکەندەرییە، بۆ ئەسکەندەری دروست کردووە.

تۆ بڵـێی شـێـخـمـان ئاگـای لە (هونەری شـیـعـر)ەکـەی ئەرسـتـۆ بووبێ و مەبەستێکیشی ئەوە بووبێ خۆی بە شاگردی ئەرستۆ دانابێ؟!

بە شـیـعرەکـانیدا  دیارە کـە شێخ ڕەزا دەروونـێکی بەجۆش و سـەربەرزی بەخۆدا نازینەوەیەکی زۆری هەبووە، ئەمـە نەک هـەر لەو شیعرانەیدا دیارە کە باسی خـۆی تێدا کـردووە و نموونەمـان بۆ هێنـاون، بگرە لە شــیـعـرەکــانی تریشـدا هـەر دیارن و ئەم لایەنەمـان بۆ دەردەخـەن.. تەمـاشـا دەکـەین کـە بەعەشرەتی جافدا هەڵدەڵێ و ئاهەنگێکی بەهێزی تێدا پەیدا کردووە کە، نەک هەر بـە وشـە و رسـتـە بەهێـزەکـانی، بگرە و بەو ئـاهەنگە جـەنگ ئـامـێـز و توندوتیـژەی کە بۆنـی شـەڕیان لێ دێت و دڵـی بە کوڵی شـێخ دەخـاتـە ڕوو کـە دەڵێ:

خـزمـینە مـەدەن پەنجە لـەگـەڵ عـەشـرەتی جـافـا
مـێـرووڵە نەچێ چاکـە بـەگـژ قـوللەیی قـافـا
کێ بـێ لە دلێـرانی عــەشـــایر کـــە نەچووبێ
وەک تیـری ئـەجـەل نووکـە ڕمی جـافی بـەنافـا
خـوونڕیزو شـەڕئەنگیز و عـەد و بەند و تەنومـەند
کامـیان کە گەنە، شێرە لە مـەیدانی مەسافا(٢٢)

ئەمـە وەکو وتمان نەک هەر لـەم جۆرە شـیـعرەدا کە خۆی بۆ باسـی شـەڕ و ئازایەتی دانـراوە، دیارە، بەڵکو لە شـیـعـری وەکو ئەو شـیـعـرەشـدا دیارە کە

شوكريی تێدا داشۆردووه و دەڵێ:

پووره شوكری، بەسیە، با نەتگ.. ، شەممەت لەق نەكەم
دایكه ك.. خۆرت هەواڵەی سووری سەر ئەبڵەق نەكەم
نییەتم بوو دەفعەیێ خۆمت پیادەم، باز وتم:
نەقسە بۆ ئەمسالی من با گوو لە هەر ئەحمەق نەكەم
من كە شابازی، شكارەندازی شاهیم پێ دەڵێن
حەیفە با ئاهەنگی سەرگەڕ و لەقەلەق نەكەم..[٢٣]

دەبینین و هەستی پێ دەكەین كە چۆن توندوتیژیی بەگژداچوونی جەنگ ئامێزی لە شیعرەكەدا دەبارێ و دەروون دەهەژێنێ.. دەمەوێ پەنجەیەكیش لە پەناوه بۆ دوو وشەی (شاباز) و (شكارەندازه) و بۆ (ئاهەنگ) و (جەنگ) رابكێشم كە دوو جۆره سەروای تری ناوەكیی شیعرەكە و ئاهەنگێكی تریان خستووەتە سەرباری تێكڕای شیعرەكەوه.

خۆ لەو شیعرەیدا كە بۆ داشۆردنی كاكەیی داناوه، لەگەڵ ئەو هەموو بوختان و راستی سەرەوژێر كردن و جنێوە رەقانەدا كە پێی داون، لە شیعرەكەدا بە رواڵەت بە هێمنی و گاڵتە پێكردنەوەوه هاتووەتە پێشەوه، لەگەڵ ئەوەشدا رەقی و توندوتیژیی شەڕ ئامێزی بەگژداچوونی هەر پێوه دیاره و ئاشكرایه:

بابان باشندە بیر باتمان یەشیل وار
ئیمامولقەوم، فی تەقسیمی شەلوار
هەتانە هەر وەكو بیستوومە بەزمێ
لە ساڵێكا شەوی یارانی دیندار
عەموودێكم هەیە وەك تووڵی داوود
كوتامە ژێری كوركەی (دا..... ار
تسێكی كەند بەڕیشی سەی براكە
ترێكی دا بە یادی (باو.... دگار)

دەبەستن حەلقەیی وەک عەقدی پەروین
لە جێگایێکی خاڵی (لیس دەییار)
بەچۆکا دێ قوتەی مل نێرکە کاردوو
وەکو بولبول ئەخوێنێ وەعزی گوفتار(٢٤)

شێخ ڕەزا، لە هەموو ئەمانەدا کە باسمان کردن، سوودی بینیوە وەکو شاعیرێکی گەورە و بلیمەت، کە شیعری داناوە ئەو هەموو لایەنانەی رەچاو کردووە و شیعرەکانی گەیاندووەتە ئاستێکی ئێجگار بەرز.

## پەراوێزەکان:

١- دیوانی شێخ ڕەزا - چاپی ١٩٤٦ -ل/٣٨.

٢- س. پ - ل/٢١- ٢٦.

٣- س. پ - ل/٥.

٤- س. پ - ل/٣١. بەڵام لەم چاپەدا وشەی (سوبوک)ی فارسی واتە (سووک) بەهەڵە نووسراوە (سنگ).. من ئەمەم لەسەر چاپی ١٩٣٥ی دیوانی شێخ ڕەزا راست کردەوە. بڕوانە ل/١٦ی ئەم چاپەی دواییان.

٥- دیوانی شێخ ڕەزا - چاپی ١٩٤٦ -ل/٣٣.

٦- س. پ - ل/٨.

٧- س. پ - ل/٢٨ - ٢٩.

٨- س. پ - ل/٢٩ - ٣٠.

٩- ئەدمۆندس - دەنگی گێتی تازە - ب/١ - ژ/٢ - ٢ی ت٢ - ١٩٤٣ - ل/١٥ - ١٦ کەچی لە چاپی دیوانی شێخ ڕەزای ١٩٣٥دا، لەسەر شیعرەکەدا نووسراوە: محەمەد بەگی قادر بەگ، کە قائیممەقامی رانیە بووە، ئێسترێکی لاواز ئەنێرێ بۆ تاڵەبانی، حەمە ئاغای ئاکۆ کە پێی ئەزانێ، ئێسترێ چاکتری بۆ ئەنێرێ، ئەمجا ئەوەی ناردەوە لەگەڵ ئەم هەڵبەستەدا. بڕوانە ل/١١ی دیوان - چاپ ١٩٣٥.

١٠- دیوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/١٠.

١١- س. پ - ل/٣٥.

١٢- ديوان - چاپی ١٩٤٦ - ل/١٩٧.
١٣- س. پ - ل/٣٢.
١٤- س. پ - ل/٢٩.
١٥- س. پ - ل/٤.
١٦- س. پ - ل/٨.
١٧- س. پ - ل/٥٧.
١٨- س. پ - ل/٥٧.
١٩- س. پ - ل/٥٩.
٢٠- س. پ - ل/٤٠ - ٤١.
٢١- س. پ - ل/٤١.
٢٢- س. پ - ل/٣ - ٤.
٢٣- س. پ - ل/٢٩ - ٣٠.
٢٤- س. پ - ل/٢١.

بەندی دووەم

## هونەرە وێژەیی و وردەکارییەکانی شیعری شێخ ڕەزا

ئەدەبی ئەو سەردەمەی شێخ ڕەزای تێدا دەژیا، ئەدەبێک بوو داوای لە شاعیر دەکرد کە شیعری پڕ بکا لە هونەرە وێژەییەکان و تەژیی بکا لە وردەکاری و جوانکاری. زۆر کەس بە وەڵام ئامادەیی و دەمودەست و زمانپاراوی و قسە خۆشی ناوبانگی دەردەکرد. هۆی ئەمەش جگە لە کارتێکردنی ئەدەبی کۆن، جا چ عەرەبی بوایە چ فارسی و تورکی، یان راستتر رۆشنبیری موسڵمانییەتی ئەو سەردەمە، جۆری ژیانی چینی باڵای ئەو سەردەمە، بەتایبەتی لە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانیدا، کە یەکێک بووە لە پایتەختە هەرە گەورەکانی جیهانی ئەو ڕۆژگارە. ئەو جۆرە ژیانە وای لە چینی باڵا کرد، کە ژیانێکی پڕ لە ڕابواردن و رازاوە و پڕ لە هونەر و نەخش و نیگار بژین. بۆ ئەو کەسانە بگەڕێن کە هونەرێکی جوان و وردەکارییان پێ پیشان بدەن و زۆربەشیان مەبەستیان هەر تەنیا رابواردن و کات بەسەربردن بووە و هەر ئەوانیش بوون کە بەزۆری پێوەندییان بە شیعر و لقەکانی تری رۆشنبیرییەوە هەبووە. زۆربەی رەشوڕووتی چینی خوارەوەی میللەت نەخوێندەوار و دوور لە رۆشنبیری بووە. جا ئەم بارە لە وردەکاری و خۆ ماندووکردنەوە بۆ رازاندنەوەی شیعریشدا کەم و زۆر دەنگی داوەتەوە.

شێخ ڕەزای تاڵەبانیش وەکو شاعیرێکی مەزن، ئەم هونەرە قسەییانەی نەکردبووە مەبەستی سەرەکی خۆی، لەگەڵ ئەوەشدا وەکو لایەنەکانی تری شیعری ئەو سەردەمە، ئەم لایەنەشی نەخستبووە پشت گوێ، بگرە هەر نەشیدەتوانی پشت گوێی بخا، ئەگەر نا لەپایەی شاعیرێتی بەتایبەتی بەپێی

چەمكی سـەردەمـی خـۆی كـەم دەكـردەوە. بۆیە ئەم هونەرانە لـە شـیـعـری شـێـخ ڕەزادا دەبینرێت، بەڵام نەک ئەوەندە زۆر بن لە تام دەرچن.

(ئەمین فـەیزی)ی برادەری نـزیكی، وەكـو بلـێـی ڕەخنە لە كـەڵەشـاعـیـرێكی وەكـو (نـالی) دەگـرێ كـە لـەم جـۆرە هـونـەرانـەی زۆر بەكــار هێنـاوە و دەڵێ: «زەكای نالی ئینكار ناكرێ. لاكین ئەوەندەی سـەناییع و لەفزییـە ئیستیعمال كردووە پیاو ڕەنگە بڵێ شیعری ئەو نەتیجەی عیلم و ئیشـتیغالە.» كـەچی بۆ شێخ ڕەزا دەڵێ: «شیعری شێخ ڕەزا ئەووەلەن وەهبی و فیـتری بوو سانییەن كـەسـبی.»[١]. هـەر چۆنێک بێت شـێـخ ڕەزا بە شـاگـردی قـوتابخـانـەی نالی دەژمـێـردرێت، وەک چـۆن ئـەمـە لەلای پسـپـۆڕانـی ئەدەب ئاشكرایـە، هـەروەها ئێرەش جێی ئەوە نییە لەمە زیاتری لەسەر بڕۆم.

هـەروەک لە شـوێنێكی تری ئەم كـتێـبـەدا باسـمـان كرد، (ئەمین فـەیزی) لە شـوێنێكی تردا دەڵێ: «بەزۆری هـەر لە خـۆیەوە و یەكسـەر شـیـعـری دەگوت و گەر كەسێک لە دانیشتوان لەسەر كوتە كاغەزێک بینوسیایە ئەوە لە بزربوون ڕزگـار دەبوو، بە پێچـەوانەشـەوە شـیـعـرەكە لە بیر دەچووەوەو ون دەبوو..»[٢] ئەم قسـەیەی سـەرەوەی ئەمین فـەیزییـە ئەوەمـان بۆ دەردەخـەن كـە شـێخ زۆر بەتەنگ ئەوەوە نەهاتووە كە شـیعر و قسـەكانی ڕێک بخات و بیاننووسـێتەوە و پاكنووسیان بكا.

یان خـۆی پێـوە خـەریک بكات و ئەو جۆرە هونەرانەی تێدا بـئـاخنێ. لەگەڵ ئەوەشـدا هـەر لە وردەكاری و ڕەوانبـێـژی و مـۆسـیـقـای ناوەكـیـیـەوە بگرە، تا هونەرە قسەیییەكانی تری لە شیعرەكانیدا سەرنج ڕادەكێشن. شاعیر ئەوەندە لەم هـونەرانەدا تـوانا بـووە، شـیــعـرەكــانی بە جـارێک بەرز كــردووەتەوە و گەیاندوویەتییە ئەدەبی باڵای كلاسی.

لە لایەكـەوە توانای بەسـەر كـێـشـە هەمـەجـۆرەكـاندا شكاوە و جـڵـەوی گرتوونەتە دەست و لە مـەیدانی بەرینی شیعردا ئەسپی پێ تاوداوە. لە لایەكی ترەوە مـۆسیـقایەكی گونجاوی جوانی ناوەكی لە شـیـعـرەكانیدا پێک هێنـاوە و هـونـەری نواندووە و بەتاک تـاكەی وشـە یەک بەدوای یەكدا هـاتووی هـاوسـەروا

و هاودەنگ، مۆسیقایەکی تری دروست کردووە. بڕوانە لە وشەی (جاف)دا چۆن (ئەلف و بێ)ی بەشی وایی وشەکە قافییەیەکی کەی سازاندووە و خستوویەتیە سەر (ئەلف و بێ)ی بەشی دوایی وشەی (ناف)ەوە کە سەروا راستەقینەکەیە و دەڵێ:

کێ بێ لە دلێرانی عەشایر کە نەچووبێ
وەک تیری ئەجەل نووکە ڕمی (جاف)ی بە (ناف)ا[٣]

ئەمە جگە لە رەگەزدۆزییەکی ناتەواو و لێچوواندنی شتێکی تەنداری هەبووی راستەقینە (نووکە رمی جاف)، بەشتێکی واتایی نادیار کە (تیری ئەجەل)ە.. ئەم مۆسیقایە وەنەبێ تەنیا مۆسیقایە و یاریدەدانی کێش و سەروا بێ و بەس، بگرە هەریەکە و هونەرێکی کلاسیی سەربەخۆ بووە کە پایەی شاعیری ئەو سەردەمەی پێ بەرز بووەتەوە. هەر بەو جۆرە دەبینین شێخ ڕەزا لە شیعرەکانیدا هونەری رەگەزدۆزیی تەواوی بەکار هێناوە، ئەوەش بەهێنانەوەی دوو وشەی بە رواڵەت و دەنگ وەک یەک، بەڵام لە واتادا جودای وەک لە بەکارهێنانی وشەی (کوێت)دا کە جارێکیان بۆ جۆرە ئەسپێک بەکار هێنراوە و جارێکی تریش بە واتا (چ جێیەکت؟) کە لەم شیعرەی خوارەوەدایە:

ئەسپەکەت دەرکرد لە دەستم وا دریغ بۆ ئەسپە (کوێت)
سنگەکەی ماوە کەریم خان، پێم بڵێ بیکوتمە (کوێت)؟[٤]

یان کە دەیەوێ رێبازی ئاینی (بابی) داشۆرێت، وشەی (بابی) جارێک وەک ناوی ئەو رێبازە بەکاردەهێنێ و جارێکی تر بە واتای (باوکی):

درجهان هر کە میشود (بابی)
مەطرەقی کەر بە مەقعەدی (بابی)[٥]

یان جۆرە رەگەزدۆزییەکی تر بەکار دەهێنێ کە پێی دەڵێن رەگەزدۆزیی زیاد، ئەمەش بەکارهێنانی دوو وشەی لەیەکچووی تەنیا لە یەک پیتدا نەبێ، کە یەکیان پیتێکی لەوی تریان پترە وەکو لە بەکارهێنانی وشەی (قرت)کردن بەواتای بڕین و کورتکردنەوەیە و وشەی (قوتە) کە دەنگی (ە)ی لە بەشی دواییدا زیاترە بەواتای قینجو قیت بەکار براوە:

ئاه چەخـۆشـە بە چەقـۆ گـوێی لە بنا، خـشت ببـڕن
ڕیشی (قوت) کەن بە مەقەس بیکەنە مەیموونە (قوتە)(٦)

یان لە بەکارهێنانی دوو وشەی وەکو (حەلق) و (حەلقە)، کە دوو وشەی عەرەبییە بە واتای زار (دەم) و بازنە و.. دوو وشەی (چەشم) و (چەشمە)ی فارسی بە واتای چاو و سەرچاوە و کانی، کە لەم دێرەی خوارەوەدا هەر چوار وشەکەی جووت جووت بەکار هێناوە و دەڵێ:

بۆ لەبەر ناڵە نەبێ (حەلقە)یی (حەلق)م بەسروود
بۆچ لەبەر گریە نەبێ (چەشمە)یی (چەشم)م بەسەراب(٧)

جاروباریش شاعیر هونەری ڕەگەزدۆزیی ناتەواو بەکار دەهێنێ کە یان دوو وشە کە لە پیتێکدا جودا دەبنەوە، وەکو لە دوو وشەی (خادم) و (خانم)دا دەبینرێ کە دەڵێ:

کەنیز و (خانم) و خاتوون و (خادم)
فەقیر و مونعیم و دەروێش و سالار(٨)

ئەمە جگە لە هونەری (تیباق) کە دوو دوو وشەکان بە واتا دژیەکن و جۆرە (لەفف و نەشر)ێکیشی تێدایە.

یان وەکو دوو وشەی (عەقارب) کە کۆی وشەی (عەقرەب)ی عەرەبییە واتە دووپشک (کلاشدوم) و (ئەقارب) کە کۆی وشەی (قەریب)ی عەرەبییە واتە خزم و خوێش:

ئەو ڕۆژە کە تۆرام و لە کەرکووک سەفەرم کرد
مانەندی (عەقارب) لە (ئەقارب) حەزەرم کرد(٩)

یانیش دوو وشە، لە بزوێنێکدا جوداوازییان هەیە وەکو (تەب) واتا گەرمیی تا، لەگەڵ (تاب) بە واتای گەرمی، یان تیشک.

ئەی (ڕەزا) ڕەنگە لەبەر فیرقەتی ئەو مونیسە تۆ
قەت نەبی خاڵی وەکو کوورە لە سۆزی (تەب) و (تاب)(١٠)

لێرەدا دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە لەم دێرانەی شێخ ڕەزا و زۆر دێرە شیعری

تردا هونەری تریش بەرچاو دەکەوێت جگە لەو هونەرانەی باس کران. تەنانەت لێرەدا من دێرەکان لێک نادەمەوە و شیبیان ناکەمەوە تا بەسەریەکەوە هەموو هونەرەکان باس بکەم، بگرە دەمەوێ بە جودا جودا ئەو هونەرانە دەستنیشان بکەم کە بەرنامەی نووسینەکەم رێم پێ دەدا.

هەندێک رەگەزدۆزی لێکدراومان بەرچاو دەکەوێ، ئەمەش بە لێکدانی دوو وشەی جودا یان پتر لە دوو وشە بۆ دروستکردنی زاراوەی بە رواڵەت وەکو یەک و بە واتا جودا.. وەکو: (ئەم – جادووە) و (ئەمجا – دووە) کە دەڵێ:

ژن یەکێ بوو من هەر ئەمگوت ئاخ لە دەس (ئەو – جادووە)
بۆچ قوڕی عالەم بەسەرخۆمدا نەکەم (ئەمجا – دووە)[١١]

یان هەر بەو شێوەیە رەگەزدۆزییەکی ناتەواو دروست دەکات:

مەکەن باوەڕ بە قەولی داکی خۆگێکانی (کەرکووکی)
ئەگەر خەڵتی بکەن، وا بزانن گاقۆڕانی و (کەر – کۆکی)[١٢]

هەروەها جۆرە رەگەزدۆزییەکی تریش بەکار دەهێنێ کە پێی دەگوترێ رەگەزدۆزیی خەت، ئەویش ئەوەیە، کە لەو دوو وشانەدا جوداوازی خاڵ هەیە کە خاڵ، لە کوێی وێنەی پیتدا دانراوە، وەکو ئەوەی لە دوو وشەی: (نەزم) و (بەزم)دا خاڵ لە پیتی (نون)ی (نەزم)دا لە سەرەوە و هی (بەزم) لە ژێر (بێ)وەیە وەکو دەڵێ:

لە (نەزمی) (بەزمی) جەم ساقی بگێڕێ
شەراب و لێ بدا موطریب، لە مزمار[١٣]

هونەرێکی کە لە ڕاستیدا ئەمەش هەر جۆرە رەگەزدۆزییەکە، ئەوە کە شاعیر دوو وشە بهێنێت پیاو وا تێ بگا کە هەردوو وشەکە لە بنجدا لە رەگەزێکەوە هاتوون و لە راستیدا وانەبێت وەکو لە دوو وشەی (طاقەت) و (طاق)دا کە دەڵێ:

(طاقەت)ی (طاق) بووە بێچارە لە ژێر باری فیراق
بکە ڕەحمێ بە (ڕەضا) چاکە تەرەححوم بە غەریب[١٤]

جگە لەم هونەرانەی لەسەرەوە باسمان کردن هونەرێکی تری بەکار هێناوە ئەویش ئەوەیە ناوی چەند شتێک بە دوای یەکدا دەهێنێتەوە بە جۆرێکی وەها، هەرناوە و شتێک بێت و هەریەکە و مەبەستێکی سەربەخۆی هەبێت وەک:

چە (فرووش) و چە(زرووف) و چە (ضیاع) و چە (عەقار)

لە هەموو جنسە مەتاعێ سەد و هەشتادی هەیە(١٥)

یان وەکو دەڵێ:

لە گرۆهی (حەرەم) و (کارەکەر) و (داییک) و (خوشک)

(فاتم) و (عاسم) و (ئامان) و (پەریزاد)ی هەیە(١٦)

هونەرێکی کە نزیکە لەم هونەرەی دواییان کە لێرەدا سفەتی چەند شتێک یان چەند سفەتێکی شتێک ریز دەکات، بۆ نموونە:

لە هەمووی سەرفی نەزەر، سمت و سورینێکی هەبوو

(نازک) و (نەرم) و (لەتیف)، میسلی تەڵای دەستەوشار(١٧)

شێخ ڕەزا لە شیعریدا برگەی هاوسەروا دەهێنێتەوە و لە ناو دێرە شیعردا سەروایەکی ناوەکی و مۆسیقایەکی پێ دروست دەکا، بۆ نموونە سەیرێکی پیتی (بێ و زێ)ی کۆتایی دوو وشەی (خوونڕیز) و (شەڕەنگیز) و (نوون و دالی)کۆتایی دوو وشەی (عەدووبەند) و (تەنوومەند) بکەن لەم شیعرەدا:

(خوونڕیز) و (شەڕەنگیز) و (عەدووبەند) و (تەنوومەند)

کامیان کە گەنە شێرە لە مەیدانی مەسافا(١٨)

دیسانەوە با تەماشای ئەم دێرەی خوارەوەش بکەین و سەرنج لە وشەی (هورمز) و (چاومامز) و (لێوقرمز) و (ئیمانسز) بدەین، بزانین چ سەروایەکی ناو دێرەکەی هێناوەتە کایەوە و چ ئاهەنگ و مۆسیقایەکی پێ بەخشیوە.

شیرین وەکو خوسرەو پسەری (هورمز)ە، جافە

(چاومامز)ە، (لێوقرمز)ە، (ئیمانسز)ە، جافە(١٩)

لێرەدا ئەوەمان بیر دەکەوێتەوە کە شێخ ڕەزا (مستەفا بەگی کوردیی) وەکو شاعیرێک پەسەند کردووە و گوایە: (یەکێک جارێ لە شاعیری مەشهوور شێخ

ڕەزای تاڵەبانیی دەپرسێ و دەڵێ: گەورەترینی شوعەرای قەدیم کێیە؟.. شێخ ڕەزا لە جوابیا دەڵێ.. ئەگەر شوعەرای قەدیم هەموو زینگو (زیندوو) بوونایە هەریەکە ڕۆژێ جارێک زیارەتم دەکردن ، بەڵام کوردی ڕۆژێ پێنج جار..)[٢٠]

لێرەدا کە باسی ئەم هونەرە دەکەین دێتەوە بەرچاومان کە (کوردی) بەر لە شێخ ڕەزای تاڵەبانی لەم شێوە زمانە ئەدەبییەی کە ئەمڕۆ پێی دەنووسین لە شیعردا ئەم هونەرەی بەکار هێناوە، بۆ نموونە لە یەکێک لە شیعرە بەناوبانگەکانیدا دەڵێ:

(لەیلەکەی) (بێ مەیلەکەی) مەحبووبەکەی عەییارەکەم
(شۆخەکەی) (بەدبەختەکەی) بێ رەحمەکەی غەددارەکەم

هەر لەم شیعرەیدا و لە دێرێکی تریدا دەڵێ:

(نەوجەوان) (ئەبروو کەمان) (شیرین دەهان) و (نیکەتەدان)
(تورک ڕەفتار) و (پەری ڕووخسار) و کاکۆڵدارەکەم[٢١]

ئەمە یەکێکە لە چەندین هونەری شیعریی تر کە شێخ ڕەزا لە شیعردا بە توانایەکی زۆر چاکەوە پەیڕەویی شاعیرە بەرزەکانی بەر لە خۆی بە تایبەتی شاعیرە کوردەکانی وەکو نالی و سالم و کوردی، کە نالیش بەسەرکردەی ئەو ڕێبازە دادەنرێ کە لە ناوچەی میرنشینی بابان و وڵاتی سلێمانیدا ئاگرەکەی کردەوە و پێشەوایەتی کرد. لەبەر ئەوە شێخ ڕەزا بە یەکێک لە پەیڕەوانی قوتابخانەی نالی دادەنرێت.

ئەگەرچی شاعیرانی بەر لە نالیش چ کورد و چ شاعیرانی نەتەوەکانی تر پەیڕەوییان کردووە.

یەکێک لەو هونەرانەی کە نزیکی ئەم هونەرەن (تەرسیع)ە، کە دەکرێ پێی بوترێت هاوسەروای تەریبی، ئەوەش ئەوەیە شاعیر هەر یەک لە نیوە دێری شیعرێکی بکا بە چەند بەشێکەوە، بە جۆرێکی وەها کە بەشەکانی نیوە دێری یەکەم لەگەڵ بەشەکانی نیوە دێری دووەم هاوکێش و هاوسەروا بن. شێخ ڕەزا ئەم جۆرە هونەرەشی هەر بەکار هێناوە و دەڵێ:

شـێخ ئەوا، گۆی، هونـەری ، بردەوە، کەشکەک سـەڵاوات
شـێخ ئەوا، جـێی، پدەری، گرتەوە، دەسـتـی بەمـە بێ(٢٢)

وەکو ئاشکرایە شـێخ ڕەزا بەرامـبـەر (شـێخ ئەوا) (شـێخ ئەوا) و بـەرامـبـەر (گۆی) (جـێی) و (هونـەری) بەرامبەر (پدەری) و (بردەوە)ی بەرامبەر (گرتەوە) دانـاوە. هـەروەهـا ئـەم دێرەی خـــوارەوەش دەکـــرێ بە جـــۆرێکی ئـەم هونـەرە دابنرێت و بـەم هونـەرەش دەوتـرێت هـاوسـەروای هـاوکـێش و ئەمـەش هـەندێک لەوەی کـە باسـمـان کـرد جـودایە، ئەوەش ئەوەیە کـە وشـەکـان جـووت جـووت هـاوکێش بن نەک هـاوسـەروا:

خـزمـینە، مـەدەن، پـەنجـە، لەگـەڵ عـەشـرەتی جـافـا
مـێـرووڵـە، نەچێ، چاکـە، بەگـژ، قـوڵڵەیـی، قـافـا(٢٣)

لە شـیـعـری شـێخ ڕەزادا هونـەرێکی تـریشـمـان بـەرچاو دەکـەوێت کـە پێی دەوترێت جـوانـی (لەتافـەت) ئەویش ئەوەیە شـاعـیر تاکە وشـەیەک بهێنێت دوو واتـای هـەبێ، وەک وشـەی (هـەرجـا شـەکـەری) لەو تاکە شـیـعـرەیدا کە بە شـێخ محەمەد عەلییە کەرە دەڵێ:

نەتـو هـەر پـیـشـی مـوریدان چو شـەکـەر شـیـرینی
بەخودا ئـەی پسەری شێخ تو (هـەر جا شـەکەری)(٢٤)

لێرەدا هونەرەکە لە (هـەرجا شەکەری) دایە کە جارێکیان (هـەرجا) – واتە:

هـەردەم، یان: هـەمـوو جـارێک و (شـەکـەری) لێک جـودا دەکـرێتـەوە و واتا گشتییەکەی دەبێتە: تۆ نەک هـەر لە بەردەمی دەروێش و مریداندا وەکو شەکر شیرینی، بەخـودا ئەی باوکی شـێخ تۆ هـەمیشـە هـەر شـەکری.. یانیش وشـەی (هـەر) لە (جاشـەکەری) جودا دەکاتەوەوە واتاکەشی دیارە.

یان وەکو لە (لەمبەرم یا لەوبەرم)ی ئەم دێرە:

مـاڵی مـوفتی لـەمـبـەرە، مـەعلوومـە قـازییش لەوبەرە
من فـــەقـــیـــرم کێ دەزانێ، لەمـــبـــەرم یا لـەوبەرم(٢٥)

هونەرەکە لە نیوە دێری دووەمدایە و واتایەکیان وا لێک دەدرێتەوە کە بڵێ:

من هـەژارم و هـەژارێکی وەکــو من کێ مــاڵم دەناسێ و کێ دەزانـێ مــاڵم لەمبەر یا لەوبەرە. واتاکەی تریشیان دەڵێ: من فەقیر و (سـادە و نەزانم) کێ دەزانێ، یا پێم دەڵێ، (کاری خراپ) لەگەڵ ئەمیان یا لەگەڵ ئەوی تریان بکەم؟

ئەم هونەرە جگە لەوەی وەکو هونەرێکی کلاسی بەکار هێنراوە، لەوانەیە بۆ ئەوە بەکار هێنرابێ کە ئەگەر هات و لەبەر واتا (بەد) و پیسەکەیان گلەیی لێ کرا بڵێ من واتاکەی تریانم مەبەستە و بڵێم چی کە وا ڕێک کەوتووە. بەم جۆرە خۆی لە واتا بەدەکەیان دەرباز بکا، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە شێخ مــەبەســتی هـونەرەکــەیە و بە هـەردوو لایەنی واتـاکــەی زانیــوە و لە لای هەمووانیش ئاشکرابووە.

هەروەها هونەری (طیباق)یشی بەکار هێناوە کە بە هێنانەوەی دوو وشەی دژیەک پەیدا دەبێ. وەکو دەڵێ:

بەزاهـیـر ســافــە وەک زیپــوی ســپی، ئەمما لە باطیندا
ڕەش و پیس و مولەووەس، وەک بنی قازانە ئەم ریشە[٢٦]

دە ئینجا سەرنج بدە، چ هەرایەکی لەم دێرە ناوەتەوە کە وشەی (زاهیر، واتە: ڕواڵەت و ڕووکەش)ی بەرامبەر بە (باطین، واتە: دیوی ناوەوە.. ناخ) و (ساف، واتە: سادە و پاک)ی بەرامبەر (ڕەش و پیس و مولەووەس)دا داناوە. ئەمە جگە لەوەی لە لێچواندنی سەیر سەیری بەکار هێناوە کە (ساف)یی ڕیشەکەی بە (زیپوی سپی) و (ڕەش و پیسیی و مولەووەس)ییەکەی بە بنی قازان (مەنجەڵ وتیانە) چواندووە و سەیری بکە (ڕەش) و (ڕیش) بە دەنگ چەند لەیەک نزیکن و هەندێک وردەکاریی تریشی لەوانەیە تێدابێ.

لە دێرێکی تری شیعرەکەدا دەڵێ:

کە سەیرم کرد، دەزانم شێخ لە من (مەسروور)ـە یا (عاجز)
حـەمـەی وەسـتـا فـەتاح بۆ حاڵی من مـیـزانە ئەم ڕیشـە[٢٧]

کە دوو وشەی (مەسروور، واتە: دڵخۆش) و (عاجز، واتە: تووڕە یا زیز)ی هێناوەتەوە بەرامبەر بەیەک و دژ بەیەک دایانی ناوە.

لە شوێنێکی تردا دەڵێ:

(کەسر)ی ئەنفی (دوشمنان) و (جەبر)ی کەسری (دۆستان)
هەر بمێنێ چاکە بە خوا شێخ ڕەزا و کێ.. زلی[٢٨]

لە لایەکەوە وشەی (کەسر - واتە: شکاندن) دژ بە (جەبر - واتە: گرتنەوەی شکاو) داناوە و لەلایەکی ترەوە (دوشمنان)ی دژ بە (دۆستان) هێناوەتەوە و ئەو جۆرە هونەرەی لێ پێک هێناوە.

هەروەها هونەری (لەفف و نەشر)یشی خستووەتە کار، لەفف و نەشر بە واتای فەرهەنگیی وشەکان، پێچانەوە و کردنەوە دەگەیەنێ. بڕوانە لەم شیعرەدا دەڵێ:

دێوانەیە شەخصێ کە بە غەیری لەبی لەعلی
وەک شاهی سکەندەر تەڵەبی ئاوی بەقا کا[٢٩]

لێرەدا چوار شتی بەدوای یەکتریدا باس کردووە.. (دێوانەیە شەخصێ - واتە: ئەو کەسە دێوانەیە کە) و (لەبی لەعلی - واتە: لێوی ڕەنگ سووری وەک یاقووت) و (شاهی سکەندەر - واتە: شا ئەسکەندەری مەکدۆنی کە گوایە بە دوای ناوێکەوە وێڵ بووە ئەوەی لەو ئاوە بخواتەوە ئیتر هەتاهەتایە نامرێ) و (ئاوی بەقا.. واتە: ئاوی مانەوە و زیندوویی و نەمری) هێناوەتەوە. لێرەدا دێوانەکە بەرامبەر شا سکەندەر و (لەبی لەعل) - یش بەرامبەر ئاوی بەقا دانراوە. ئەم هونەرەی لەفف و نەشرەی بەکار هێناوە و دەیەوێ بڵێ: کەسێک کە وەکو شاهی سکەندەری مەکدۆنی (کە وێڵ بوو بە دوای ئاوی نەمری و هەمیشە زیندووییدا) و بۆ ئەو ئاوە بگەڕێ و بۆ ژیانی جاویدی و هەمیشەییی هەوڵ بدا، ئەو ئامانجە، بەلێوی ڕەنگ یاقووتی ئەو نەزانێ دێوانەیە و ڕێی لێ بزر بووە. ناگاتە ئامانج، واتە لێوی ئەو سەرچاوە و بەخشندەی نەمری و زیندووییە. یان دەڵێ:

بە (حاتەم) گەر بکەی تەشبیهی (ئەم ئاغایە) بێ عەقڵی
کە فەرقی ئەم لەگەڵ ئەو، (ئاسمان رێسمان)ێ بوو[٣٠]

تەماشا دەکەین (حاتەم) و (ئەم ئاغایە)ی هێناوە و لە دواییدا (ئەم) و (ئەو)ی داناوە و کە یەکەمی دووەمیان کە (ئەم)ە بۆ دووەمی یەکەمییان واتە بۆ (ئەم ئاغایە) داناوە و دووەمی دووەمیان کە (ئەو)ە بۆ یەکەمی یەکەمیان داناوە کە (حاتەم)ە هێناوەتەوە، ئەمەشیان چونکە ڕیزەکە یەک بەدوای یەکدا نەهاتووە، پێی دەڵێن (لەفف و نەشر)ی شێواو. ئینجا (ئاسمان) و (ڕێسمان)یشی هێناوەتەوە، کە ئاسمان بەرامبەر بە ئاغا و ئەم دەوەستێ و ڕێسمان بەرامبەر بە ئەو و حاتەم. واتە شاعیر دەڵێ: ئەگەر هاتیت و ئەم ئاغایەت بەحاتەم چواند بێ عەقڵی، چونکە ئەم (واتە ئەم ئاغایە) وەکو ئاسمان بەرزە و ئەو، واتە حاتەم – حاتەمی تەی کە بەخواردەیی و نانبدەیی ناوبانگی دەرکردووە)، بەرامبەر بە ئاغا وەکو ڕێسمان نزمە و نایگاتێ.

(رد العجز على الصدر) ناوی هونەرێکی ترە واتە: گێڕانەوەی بەشی دووەمی نیوە دێری دووەم بۆ بەشی یەکەمی نیوە دێری یەکەم. شێخ دەڵێ:

چورسا لەبەرم جوببەو، فییسا لەسەرم فێس
نە فێسی لەسەرم نا و، نە جوببەی لەبەرم کرد(٣١)

لە نیوە دێری یەکەمدا (جوببەی لەبەری) هێناوەتەوە و لە نیوە دێری دووەمیشدا ئەوەی هەر هێناوەتەوە و، هەروەها (فێس لەسەر)یشی هەر بەو جۆرە. هەروەها هێنانەوەی (لەبەرم) و (لەسەرم) سەرنج ڕادەکێشێ و نزیکیی دەنگی (فییسا) و (فێس). هونەرێکی تری جۆری داڕشتنەوەی شیعری شێخ ڕەزایە.

لە شیعرێکی تردا وشەی (نشیب)ی فارسی، واتە (نشێو)ی بەم جۆرە بەکارهێناوە:

بێ فراز نابێ (نشیب)، ئەم قسە تەحقیقە وەلێ
من لە ڕێی تۆ نەمدی بە خوا غەیری (نشیب)(٣٢)

هەروەها وشەی (نشیب) و (فراز) کە واتای دژ بە یەکیان هەیە هونەری (طیباق) پێک دەهێنن.

هونەری (تضـمـین – تەزمین)یش یەکـێکە لە هونەرە کـلاسـییـەکان، ئەوەش ئەوەیە پارچەیەک جا شیعربێ یان پەخشان و بیئاخنێتە ناو شیعری خۆیەوە، دیارە ئەو پارچەیە هی خـۆی نییـە، جـا پارچەکـە ئەگـەر بە ناوبانگ بێ زۆر جـاری وا هـەیە کـە پێـویست ناکـا ئامـاژەی بۆ بکرێ.. شـێخ ڕەزا لەم دێرەی خـوارەوەدا نـیوە دێرە شـیـعـری قـائانیی وەرگرتووە و ئـامـاژەشی بۆ خـاوەنی رستەکە کردووە و دەڵێ:

طەبـعی جـەوواد و کـەرییم هەر وەکـو (قـائانی) دەڵێ:
(زەڕ بە قینطار هەمی بەخشـەد و ئوشتور بە قەطار)[٣٣]

جاروباریش تەنیا لە پەناوە پەنجە بۆ (ئایەتێکی قورئان) یان بۆ (حـەدیسی پێـغـەمـبـەر) یان قـسـەیەکی خـاوەن نـاسـراو یانیش بـۆ ڕسـتـە و زاراوەیەک رادەکـێـشـێ کـە ئاشکرایە هی خـۆی نیـیـە و ئەوانە لەبـەر ناوبانگـیـان و ئاشکراییان پێویست بە ئاماژە بۆ کردن ناکات وەکو دەڵێ:

سـمـێڵ ی (شـێخ سـتـار) (حـبل المتين)ە
کـەلامی شـێخ ڕەزا (وەحیـی موسـەدەق)[٣٤]

(مـولەممەع) هـونەرێکی ترە، ئەوەش ئەوەیە کـە بەشـێک لە شـیـعـرێک بەزمانێکی تری جودا لەو زمانەی کە بەگشتی شیعرەکەی پێ نووسراوە، وەکو لەو شـیـعـرەیدا کـردوویەتی لە داشـۆردنی کـاکـەییـدا دوو زمـانـی (تورکی و عـەرەبی)ی لە پاڵ زمـانە گشـتییـەکـەی شیـعرەکـەدا کـە – کـوردییـە – بەکـار هێناوە و دەڵێ:

(بەبان باشندە باطمـان ییشـیل وار)
(إمـام القـوم في تقـسـيم شلوار)
هـەتانە هـەر وەکو بیـستـوومـە بەزمێ
لە سـاڵێکا شـەوی یـارانی دیندار[٣٥]

تەمـاشـا دەکـەین نیـوە دێری، یەکـەم تورکـیـیـە، واتـە: باوکت سـەری بە باتمانێک (تەنێک) پەڕۆی سەوز پێچاوەتەوە. نیوە دێری دووەمی هەر ئەو دێرە

بەعەرەبییە، واتە: پێشەوای هۆزە لە دابەشکردنی شەڕواڵدا.

یان وەکو لەو شیعرەدا کە (بۆ مودیری قزڵجە)ی نووسیوە و تێیدا دەڵێ:

لە ئیبانەت ئیبا مەکە میرم
(هذه إرثكم أخا و أبا..)[٣٦]

زمانی گشتی شیعرەکە کوردییە و ئەو نیوە دێرە عەرەبییەی تێدا ئاخنیوە و واتای دێرەکە بەم جۆرەیە دەڵێ: لە دەربڕین و ڕوونکردنەوە سڵ مەکەرەوە میرم.. ئەمە کەلەپوورێکە بە باب و براوە بۆتان ماوەتەوە.

(موسەممەط) شێوەیەکە لە شیعر، هەندێک بەزاراوەیەکی گشتی دەزانێت، کە باڵ بەسەر هەموو شیعرە لێکدراوەکاندا دەکێشێت، هەندێکی تر، بە هونەرێکی وەکو (مووەششەح)ی دەزانن کە شاعیر شیعرەکەی دەکا بە چەند بەشێکەوە ، یان بە چەند نیوە دێرێکەوە، سەروای نیوە دێڕی یەکەمەکان لەگەڵ یەکەمەکانی تردا یەکە و نیوە دێرە دووەمەکانیش وەکو ئەوانی کە هاوسەروان[٣٧] شێخ ڕەزا لە (موسەممەط)دا دەڵێ:

قەومەکان بەو زاتە وا حوکمی لەسەر بەحر و بەڕە
بەرخە نێرێ، گەر نەنێرێ، هەرکەسێ خاوەن مەڕە
دێم بەگژیا، ئەیدڕم گەر فلیمەسەل شێری نەڕە
با نەقەومێت و نەزانن ئەم هەموو شۆڕ و شەڕە
گشت لەسەر بەرخی شەل و، کاوڕی لەڕ و، بزنی گەڕە[٣٨]

هەروەها هونەری پێنج خشتەکی کە هێنانی شیعری شاعیرێکی تر، یان هی خۆی و بۆ زیادکردنی سێ نیوە دێرە بۆ هەر یەک لە دێرە شیعرییەکان، بە جۆرێک کە نیوە دێرەکان (ئەوانەی تازە نووسراون) لەگەڵ نیوە دێری یەکەمی دێرەکان هاوسەروابن و کێشی هەموویان وەکو کێشی گشتیی شیعرە (با بڵێین کۆنەکە) بێت و مەبەستیشیان لەگەڵ گشتی شیعرەکە بگونجێت. نموونەی ئەم جۆرە هونەرە ئەو شیعرەی شێخ ڕەزایە کە (مەلا مارفی بیدایەت)ی پێ داشۆردووە و شیعرێکی فارسی (شێخ حافزی شیرازی)ی

کردووەتە بناغەی پێنج خشتەکییەکەی و لە یەکەم پێنج خشتەکیدا دەڵێ:

مـەعـرووفی بێ دیرایەت. گـووت کـردە ناو بیـدایەت
چیت پـێ بڵـێم قـورمـسـاغ، هەردوو گـونم بە دایەت
گـو..ی بـەترِ شــەهیـد کـرد کێ.. ئەکـا ریعــایەت
(زان یـاری دڵـنـەوازم، شـکـریـسـت بـا شـکـایـت
گرنکتـە دان عشقـی، خۆش بشنو ایت حکایت)[٣٩]

یان وەکو بە پێنج خشتـەکیکردنی شیعرێکی مستـەفا بەگی کوردی – ی شاعیری بەناوبانگ دەڵێ:

دڵی بـردم، بەنـاز و عـیــشــوە دیســان شــۆخێ عــەییــارێ
فـریبی دام بەسـیـحـری چاوی خـۆی مـەحبـووبی سـەحـحـارێ
لە هـیـجـرانا تـەقم کـرد ئەی ڕەفـیـقـان کـووا مـەدەدکـارێ
(ئەمــان مـردم عـیـلاجێ، ســا لە ڕێی پێـغـەمـبـەرا چارێ)
ویسـاڵ، یا قـەتڵ و یا تەسکین، لە هەرسێ بۆم بکەن کارێ)[٤٠]

شێخ ڕەزا لە شیعرێکیدا هەندێک ڕستەی وای بەکار هێناوە کە نازانرێ ئایا پەندی پێشینان بووە و شێخ ڕەزا خستوویەتیە ناو شیعرەکانییەوە یان لە دەم و شـیـعـری شێـخـەوە وەرگـیراوە و بوونەتـە پەند، بەهەر بارێکدا بێ هەر یەکێک بووە لە هونەری ئەو سەردەمـەی شـیـعـر. وەکو کە دەڵێن: کارێکی پێ کرد، با بە دەواری شڕی نەکردبێ شێخ دەڵێ:

کـارێ کـە غـەم و دەردی فـیـراقت بە منی کـرد
سـەرمـا بە هـەتیـو، با بە دەواری شـڕی ناکا[٤١]

یان وەکو ئەوەی دەڵێن: زبڵ ئەسڵی گووە و گوڵ ئەڕوێنێ.. شێخ ڕەزا دەڵێ:

ســەیری کــە زبڵ ئەســڵـی گــووە و گــوڵ ئەڕوێنێ
باوکی وەک (ئەمـین بۆقـە) کـوڕی وەک عـەبە دێنێ[٤٢]

لێـرەدا هونەرێکی تری (جـوانی) تێـدایە کــە لەوانەیە (بۆقــە)ی نـازنـاوی ئەمـینی باوکی عـەبە، گـوزارە تورکیـیـەکەی مـەبەست بێت و واتە (بوق).. بە

توركی (پیسایییە).. ئەمەش لەگەڵ واتای دێرەکەدا دەگونجێت.

شێخ ڕەزا لە شیعرێکیشیدا پارچەیەکی فۆلکلۆری خستووەتە ناو شیعرییەوە کە باسی (دەوڵەمەندی ساحێب پارە) دەکا و ئینجا لە کۆتاییدا دەڵێ:

دەوڵەمەندی ساحیب پارە
سەد عەیبی هەبێ مەستوورە
ئاگر ئەگەر لە ماڵی چێ
دەڵێن ئاگر نییە نوورە
(نە نوورەیلێ، نە موورەیلێ)
(شاپڵتەیلێ، دەرقوونەیلێ)
قسەی جوولەکەی مەشهوورە[٤٣]

ئەم قسەیە پەنجەکێشانە بۆ ئەو باسەی کە گوایە، جوویێک دەمرێ، جوولەکەکان ئەم کابرا جووەیان زۆر بە پیاوچاک زانیوە، یەکێکی قۆشمەش بۆ گاڵتە پێکردن بەشەو دەچێت و شاپڵیتەیەک دادەگیرسێنێت و دەیکاتە ناو گۆڕەکەیەوە.. جووەکان تیشکی ئاگر دەبینن دەڵێن: نەمانوت ئەمە کابرایەکی چاک و خواناس بوو دەبڕوانن چۆن ڕووناکی و تیشک لە گۆڕییەوە بەرز دەبێتەوە.. کابرای قۆشمەش پێ دەکەنێ و بەشێوەزاری جوولەکان دەڵێ:

نە نوورەیلێ نە موورەیلێ
شاپڵتەیلێ دەر قوونەیلێ

ئەم هونەرانەی کە من باسم لێوە کردن، لە شیعری شێخ ڕەزادا زۆرن، تەنانەت لێرەدا هەستم بەوەکرد کە بەو جۆرەی باسم کرد لەوانەیە هەندێک بێزار بکا – لەبەر درێژیی باسەکە – بەڵام ناچاریش بووم ئەوەندەکە هەر باس بکەم، سەرەڕای ئەو مەیلە و درێژەپێدانەش، هەر دەمەوێ بڵێم: ئەمە مشتێکە و نموونەی خەروارێکە و نەمتوانی لەمە پتر لە کورتی ببڕمەوە.

**پەراوێزەکان:**

١- ئەمین فەیزی - أنجمن أدیبان - چاپی یەکەم - ل/٦.

2- Inal- Son Asir Türk Sairleri-s- 1477

٣- دیوان - چاپی - ١٩٤٦- ل/٤.

٤- س. پ -ل/٦٩.

٥- س. پ -ل/٧٩.

٦-س. پ -ل/٤٦.

٧- س. پ -ل/٨.

٨- س. پ -ل/٢٤.

٩- س. پ -ل/١٣.

١٠- س. پ -ل/٨.

١١- س. پ -ل/٧٣.

١٢- س. پ -ل/٧٧.

١٣- س. پ -ل/٢٤.

١٤- س. پ -ل/٩.

١٥- س. پ -ل/٣٨.

١٦- س. پ -ل/٣٩.

١٧- س. پ -ل/١٦.

١٨- س. پ -ل/٤.

١٩- س. پ -ل/٤٢.

٢٠- دیوانی کوردی - چاپی کوردی و مەریوانی - ١٩٣١ - ل/د (پێشەکی).

٢١- دیوانی کوردی - چاپی گیوی موکریانی - هەولێر - ل/٣٠.

٢٢- دیوانی شێخ - چاپی ١٩٤٦ - ل/٥٢.

٢٣- س. پ -ل/٣.

٢٤- س. پ -ل/٨٠.

٢٥- س. پ -ل/٧٦.

٢٦- س. پ -ل/٤٧.
٢٧- س. پ -ل/٤٧.
٢٨- س. پ -ل/٥٥.
٢٩- س. پ -ل/٥.
٣٠- س. پ -ل/٣٣.
٣١- س. پ -ل/١٣.
٣٢- س. پ -ل/ ٩.
٣٣- س. پ -ل/١٨.
٣٤- س. پ -ل/٢٨.
٣٥- س. پ -ل/٢١.
٣٦- س. پ -ل/٦.
٣٧- براون - تأريخ الأدب في ايران - ج/٢ - ص/٥٨.
٣٨- ديوان - چاپى ١٩٤٦ - ل/٥٠.
٣٩- س. پ -ل/١١.
٤٠- س. پ -ل/٥٧.
٤١- س. پ -ل/٥.
٤٢- س. پ -ل/٧٩.
٤٣- س. پ -ل/٤٣.

## بەندی سێیەم

# وێنەی هونەری لە شیعری شێخ ڕەزادا

هەر لە کۆنەوە هونەری لێچوواندن و خوازە (إستعارە) و پشت بەستن بەم هونەرانە، بۆ دروستکردنی وێنەی هونەری، لایەنی بەنرخی شیعر وتن بووە و بەبێ ئەم وێنە دروستکردنە، شیعر ژیان و نەمریی پەیدا نەکردووە و بەرز بووەتەوە. لە دارشتنی شیعردا ئەم وێنانە دەبن بە هەوارێ کە دەروون تێیدا دەحەسێتەوە و ئەو دیمەنانە پێک دێنن کە سەرنج ڕادەکێشێ و بەپێی پلەی بەهێزبوونی، خۆی دەچەسپێنێ و کاری خۆی دەکا و دەبێتە هۆی لەبیرنەچوونی ئەو شیعرەی کە ئەم وێنانە دەگرێتە خۆوە، وەکو بەشێکی دیاری لێنەپچڕاوی گشتیی شیعرەکە، لە تەک لایەنە هونەرییەکانی تردا بنیاتنانی شیعر پتەوتر دەکەن.

شێخ ڕەزا چاک بەم لایەنە دەزانێت و بە وەستایی دەیخاتە کار بۆ خزمەتی شیعرەکەی و دەستێکی بالا دەنوێنێ، داهێنانێکی سەیر دێنێتە کایەوە و لەم لایەنەشەوە بە سوارچاکییەکی شەنگ و شۆخەوە ئەسپی خۆی تاو دەدات و وێنەی هونەریی جوان و جۆراوجۆر و سەرنجڕاکێشی وا دروست دەکا، کە مەگەر هەر لە توانای خۆیدا بێت. ئێمە لەم کتێبەدا مەبەستمان بەوردی و بە فراوانی باسی شیعرەکانی شێخ ڕەزا نییە، لەبەر ئەوە نەمانویست چ لەم لایەنەوە و چ لە باسکردنی هونەرەکانی تریدا درێژەی بدەینێ و لەو نەخشەیە بچینە دەرەوە کە بۆ خۆمان کێشاوە، بگرە چەند نموونەیەک دەهێنینەوە کە مایە و نرخی شیعرەکانیمان بۆ ڕوون بکەنەوە و بزانین تا چ ڕادەیەک بەرزن و بۆ ئەوەی چاکتر لێیان تێ بگەین کە لایەنە هونەرییەکانی تر خزمەتی وێنەی

هونەری دەکەن و وێنەی هونەریش ڕاژەی داڕشتنی گشتیی شیعرەکانی دەکات.

وەکو وتمان وێنەی هونەری و دروستکردنی، کە لەسەر بناغەی لێچوواندن و خوازە و باسکردن خستنە پێش چاوی دیمەن دروست دەبێ. بەم جۆرە دەتوانین ئەو وێنانە بکەین بە چەند بەشێکەوە.

جۆرە وێنەیەکی هونەری، بە چوواندنی شتێکی گوزارەیی چەمک ئامێز، بەشێکی تری گوزارەیی، واتە بە لێچوواندنی هەست پێ نەکراو بەهەست پێ نەکراوی تر دروست دەبێ. ئەم وێنانە وەکو ئاشکرایە تەنیا خەیاڵ و ئەندێشەیەکی ڕووتی دوور لەم ژیانەیە و مرۆ لەگەڵ خۆیدا دوور دەخاتەوە لە ژیان و لەم جیهانە هەست پێکراوە و بە خەیاڵدا هەڵی دەگرێت و دەفڕێنێ... ئەم جۆرە وێنانە لە شیعری شێخ ڕەزادا کەمتر بەرچاو دەکەوێت.

جۆرێکی تری وێنە دروستکردن بە لێچوواندنی چەمکێکی گوزارەیی بە شتێکی تری بەرجەستە و هەست پێکراو لەم جۆرە وێنانەش لە شیعری شێخ ڕەزادا بەرچاو دەکەوێت. یەک لەو وێنانە ئەوەیە کە شێخ دەڵێ:

کارێ کە غەم و دەردی فیراقت بە منی کرد
سەرما بە هەتیو، با بە دەواری شڕی ناکا[(١)]

واتە ئەو کارەی کە خەم و دەردی جیابوونەوە لە یار و دوورکەوتنەوەیە (کە هەردووکیان چەمکی گوزارەیین) جارێک بە سەرماوسۆڵە دەچوێنێ و جارێکی تر بە با.. کە ئەمانە سەرماش و بایش، هەرچەندە بە چاویش نەبینرێن هەست پێکراون. بەم جۆرە ئەم وێنە بەهێزەمان بۆ دروست دەکا. ئەو خەم و دەردی جودابوون و دوورکەوتنەوەیە لە یار کردوویانەتە کارێک و بەجۆرێک ئازاری شێخ ڕەزایان داوە و وایان لێ کردووە کە بڵێ، هەتیوێکی ڕووت و قووتی بێ کەس و بێ نەوای دەربەدەر و پەژارە چەشتوو کە لەبەر زەبری سەرماوسۆڵەدا دەمێنێتەوە و سەرما پتر ئازاری دەدا، یان ئەو دەوار و ڕەشماڵە شڕ و وڕەی ڕەوەندەکان، کە باوبۆران و ڕەشەبا، هێرشی بباتە

سەر، چیی بەسەر دەهێنێ، چی لێ دێ؟! شێخ ڕەزا دەڵێ هێشتاکە بەو حاڵەی ئەو هەتیوەی بەر سەرمایەشەوە و ئەو ڕەشماڵە شڕەی کە لە بەردەم با و ڕەشەبادا بەرگە ناگرێ، هێشتا حاڵی ئەوان لە حاڵی من چاکترە.. چونکە ئەو کارەی کە خەم و دەردی دوورکەوتنەوەی یار بەمنی کردووە، حاڵم زۆر لە حاڵی ئەوان خراپتری لێ هاتووە.

ئەم وێنە کێشانەی شاعیر ڕادەی هەست بەرزی و خاوێنیی دەروونی داهێنەریمان بۆ دەردەخەن، کە دەیەوێ باری نالەباری خۆیمان بۆ دەرخا، دێنێ وێنەی هەتیوێکی وامان دەخاتە بەرچاو و وێنەی دەوارێک بەو شێوەیە دێنێتە کایەوە، کە لە دڵماندا بچەسپێت و نەتوانین نە هەتیوەکە لە بیر بکەین و نە دەوارەکە و نە باری نالەباری لەوان خراپتری شاعیر. ئەم وێنەیە وەکو بەشێکی لێ دانەبڕاوی گشتی شیعرەکە دەبێتە بەردێکی پتەوی بناغە. لێرەدا کە باسی وێنەی هونەری دەکەین دەبێ ئەوە لە یاد نەچێ کە لایەنە هونەرییەکانی تری شیعرەکانمان مەبەست نییە، بۆ نموونە هەر لەم شیعرەدا دوو سێ هونەری تر دەبینرێ، یەک لەو هونەرانە (لەفف و نەشر)ە کە دەڵێ (خەم و دەردی فیراق) و (من – کە شاعیر بەخۆی دەڵێ) و ئینجا لە لایەکەوە (سەرما) و (هەتیو) دەهێنێت کە (خەم و دەردی فیراق)ی بە (سەرما) شوبهاندووە و خۆیشی بە (هەتیو)ەکە، لەلایەکی ترەوە (خەم و دەردی فیراقی) بە با چواندووە و (خۆی) بە (دەواری شڕ)... واتە نەک دووانی ئاسایی، سێ رستەی (لەفف و نەشری مورەتەب)ی هێناوەتەوە.

لە وێنەیەکی تری هەر لەم بابەتەوە دەڵێ:

زوبدەی مەتاعی حیکمەتە ئەم شیعری کوردییە
هەرزانە بێ موبالەغە حەرفی بە گەوهەرێ
جامەی حەیاتی عارییەت کورتە زینهار
ئاڵوودە دامەنی مەکە بۆ پێچی مێزەرێ[٢]

هاتووە (حەیاتی عارییەت – ژیانی خوازراوە)ی، کە چەمکێکی گوزارەییيە،

شوبهاندوویەتی بە (جامە - کراس)، بەمەیشەوە نەوەستاوە، کردوویەتی بە کراسێکی کورت و ئینجا دەڵێ: نەکەی داوێنی پیس بکەیت و بیلەوتێنی لە پێناوی ساتێکی کورتی ئەوەندەی کە بۆ پێچی مێزەرێک بەس بێ، یان بۆ پەیداکردنی پایەیەک کە پێویستی بە پێچانی مێزەرێک هەبێت، چونکە ئەم پایەیە کەمخایەنە و زوو بەسەر دەچێ. کەواتە داوێنی کراسەکە پیس نەکەی بۆ شتی وەها کەم بایەخ. شێخ ڕەزا ئەم کراسە، بەکورت دادەنێ.. لە لایەکەوە دەیەوێ کورتیی ژیانمان بۆ روون بکاتەوە، لە لە لایەکی ترەوە بەرزی و دووریی داوێنی کراسەکە لە زەوییەوە. مەبەست لەمەی دواییان ئەوەیە کە بڵێ چونکە بەر زەوی ناکەوێ، پاراستنی لە چڵکنبوون کارێکی سەخت و دژوار نییە ئەگەر تۆ بەدەست ئەنقەست نەتەوێ (ئاڵوودە)ی بکەی. کەواتە ئەم شیعری کوردییەت خۆش بوێ و داوێنی خۆت لە پیسبوون بپارێزە.

لە وشەی (عارییەت) کە لەگەڵ وشەی (جامە)دا ڕیزی بەستووە، لە سەرەتادا وا دەهێنێ بە بیرماندا کە مەبەست لە (رووتییە)، با مەبەستی راستە و راستیشی (خوازراوەیی) بێت. واتە ژیانی ئێستامان خوازراوە و بۆ ماوەیەکی کەم بە قەرز وەرگیراوە، کە بەرامبەر بە ژیانی هەمیشەیی هاتووە. ژیانی مرۆڤانەی بە کابرایەکی رووت داناوە، ئینجا کراسێکی داوێن کورتی پێ لەبەر کردووە و بە دوو چەمک تێمان دەگەیەنێ، واتە لە لایەکەوە کراسەکە کورتە و لەلایەکی ترەوە دەڵێ ژیان کورتە. واتە کەمخایەنە، کەمخایەنییەکەشی لەوەند تێپەڕ ناکا کە ماوەی مێزەر پێچانەوەیەکی تێدا بێ - جا ئەم ژیانەی ئەوەندە کورت بێ، ئەوە دەهێنێ کە یەکێک بە سووکی تەماشای شیعری کوردی بکا کە حەرفی بە گەوهەرێک هەرزانە. کەسێ بە سووکی تەماشای شیعری کوردی بکا خۆی رسوا و بەدناو دەکا. لە پێناوی چییش؟ بەرژەوەندییەکی کەمخایەنی ئەوەندەی پێچی مێزەرێک و داوێنی ئەم کراسەی ژیانە کەمخایەنە ئاڵوودە و پیس دەکات و هەتا هەتایە خۆی بەدناو دەکا.

کەواتە شیعری کوردی هی ئەوەیە مرۆ دەستبەرداری نەبێ و هەر ڕێزی لێ

بگیرێ. شێخ ڕەزا لە ستایشی کاک ئەحمەدی شێخدا وێنەیەکی تری لەم جۆرە هێناوەتەوە و دەڵێ:

ئەو قودوەتی ساداتە کە سوککانی سەماوات
شەڕیانە لەسەر سەجدە ئەبەر مەرقەدی پاکی
ئەو مەرقەدی والایە کە وەک عەرشی موعەللا
مەحفووفە بە زوواری مەلەک، دەوری شەباکی(٣)

سوککانی سەماوات: واتە دانیشتووانی ئاسمانەکان، کە چەمکێکی گوزارەییە، چواندوویەتی بە دانیشتوانی سەرزەوی – کە هەست پێکراوە – و لەبەر پایەبەرزیی کاک ئەحمەدی شێخ، ئەوانیش وەک دانیشتوانی سەر زەوی، دەوری گۆڕی پیرۆزیان تەنیوەتەوە و ئاپۆرەیان کردووە و شەڕ دەکەن و پاڵ بەیەکەوە دەنێن، هەریەکە و دەیەوێ خۆی لە نزیکترین شوێندا بۆ (مەرقەد)ەکە کڕنووش ببات و ڕێزی لێ بگرێ. لە دێری دووەمیشدا هاتووە ئەو مەرقەد و قسنە دەرگا والایەی چواندووە بەتەختی شاهانەی پایەبەرز، کە چەمکێکی گوزارەییە، بۆ ئەمیش وەکو ئەوی تریان هەرچەند لەسەر زەویشدایە، بەڵام بە میوانی پەری و فریشتەوە دەورە دراوە، هەر لەبەر زیادەڕۆیی لە ڕادەبەدەر جڵەوی بۆ ئەسپی شیعری بەرەڵڵا کردووە.

جۆرە وێنەکانی تری شێخ ڕەزا دەکەوێتە بەر ئەو بەشەوە کە بە چواندنی شتی بەرجەستە و هەست پێکراو بەشتی تری بەرجەستە و هەست پێکراو دروست بووە. ئەم بەشەیان زۆربەی هەرە زۆری وێنە هونەرییەکانی شێخ ڕەزای بەردەکەوێت. لەو شیعرەیدا کە بەعەشرەت (هۆز)ی جافدا هەڵدەڵێ، لە سەرەتایدا ئەمە دەخوێنینەوە:

خزمینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشرەتی جافا
مێرووله نەچێ چاکە بەگژ قوللەیی قافا(٤)

لە ئەنجامی ئەو خوازە لێکچوواندن ئامێزە هونەرییەدا کە خزمەکانی خۆی بە مێرووله و عەشرەتی جافی بەقوللەی قاف داناوە و بەخزمەکانی دەڵێ:

مـەچن بەگژ عـەشـرەتی جافـدا، چونکـە ئێوە وەکـو مـێـرووڵەن و ئەوان وەکـو قوڵلەی قافن، کەواتە مێرووڵە بەرامبـەر قوڵلەی قاف (قوڵلەی قەفقاس) چی پێ دەکـرێ، جگە لەوەی بـە شـــەرمـــەزاری و بـەدەست بەتاڵی بگەڕێنەوە. ئـەگـەر تەماشـای ئەوەش بکەین کە مێرووڵەی بەرامبـەر بەخزمەکانی هێناوەتەوە و لە کـوردیدا کـە گـوتمان مـێـرووڵە، تـاکـیش دەگـرێتـەوە، کـۆش دەگـرێتـەوە. کـە (خزمینە)کە کۆ بێت. مێرووڵەکەش لێرەدا کۆیە. دە ئینجا با خـەیاڵمان بخـەینە کـار و سـەیرێکـی شـارە مـێـرووڵەیەک بکەین کـە ورووژاوە و بەسـەر چیـای قـەفـقـاسـدا دەدات و هێرشـی دەباتـە سـەر. بزانن شـێخ چ وێنەیەکـی سـەیر و سـەمـەرە و بەسـامـی دروست کـردووە کـە لەگـەڵ ئەو کـێش و ئاوازە جـەنگ ئامێزەدا تێمانی دەگەیەنێ.

لە پەناوە دەمـەوێ ئەوەش بڵـێم کـە زۆر بەجـوانی رشـتـەی (خـزمـینە)ی بۆ بانگکردنی خـزمەکـانی بەکار هێناوە و ئەمـەش رشتـەی هەرە راستی کوردییە بۆ بانگکردن.. دەبینین لە زۆربەی زۆری (حەیران)ەکاندا دەگوترێ:

براینە.. برادەرینە

لەگەڵ ئەوەشدا کە شێخ ڕەزا خۆیشـی جارجار رشتەی وەکو (قـەومەکان)ی بۆ بانگکردن بەکار هێناوە، کە دەڵێ:

(قـەومـەکـان) بەو زاتە وا حـوکـمی لەسـەر بەحـر و بەڕە
بەرخـە نێـرێ، گـەر نەنێـرێ، هـەر کـەسێ خـاوەن مـەڕە
دێم بـەگـژیا.. ئەیدڕم! گــەر (في المثل) شــێــری نەڕە
با نـەقــەومــێت و نـەزانن.. ئەم هـەمــوو شــۆڕ و شــەڕە
گشت لەسـەر بەرخی شەل و کاوڕی لەڕ و، بزنی گەڕە(٥)

من ئەمـەیان بەڕاست نازانم و دەڵێم دەبوو بیـوتایە (قەومینە). لە شـیعری تازەماندا بەداخـەوە بەدەگمـەن نەبێ ئەمـەی دواییـیـان (وەکو ڕشتـە) بەرچاو ناکەوێت.

کە باس دێتـە سـەر باسی سلێـمـانی پایتـەختی بابان و ڕۆژانی مـیرایەتی

بابان لە شیعرە بەناوبانگەکەیدا کە بۆ (سلێمانی.. کە دارولمولکی بابان بوو)ی نووسیوە و دەڵێ:

لەبەر قاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلا و زاهید
مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت، گردی سەیوان بوو(٦)

بڕوانە چۆن وێنەیەکی راستەقینەی ئەو رۆژەمان دێنێتە بەرچاو کە شێخ و مەلا و زاهید لە ریزی پێشەوەی جەماوەری خەڵکدا ریزیان دەبەست لەبەر دەرگای سەرای میرانی باباندا، لە پاشان وەکو چۆن حاجی بەدەوری کەعبەدا دەسووڕانەوە، دەبینین لە دەوری باباندا بەدەوری گردی سەیوانی بەدار ئەرخەوان رازاوەی مەڵبەندی دوایی ئازیزاندا دەسووڕانەوە.. ئەم لێکچوواندنەی گردی سەیوانە بە (کەعبە) لەبەر پیرۆزییەتی و زیادەڕەوییەکی شاعیرانەیە و شێخ ڕەزا بەخۆیشی وەکو شێخێکی موسڵمان ئەمەی چاک زانیوە کە هیچ شتێک بەکەعبەی پیرۆز ناشوبهێنرێت، بەڵام ئەمە شیعرە و.. ئیتر شێخ ڕەزایە.

ئینجا ئەم بەراوردە و ئەم وێنە دروستکردنەی کە شێخ هەوڵی بۆ داوە، ئەوەمان لەلا دەچەسپێنێ کە دەبدەبە و زەمزەمەی ئەو رۆژانەمان بۆ دەربخەن، تا هەستی پێ بکەین و شان و شکۆی ئەو دەمەمان لەلا روون بێتەوە، بەڵام ئەمەی بە کێشانەوەی وێنەیەکی لە بیرنەکراوە دروست کردووە و تابلۆیەکی نەمرمان دەخاتە بەرچاو و بیر.

شێخ کە دێتە سەر باسی خۆی و بەراوردی خۆی لەگەڵ شوکری فەزڵی شاعیردا دەکا. دەبێژێ:

من، کە شابازی شکارەندازی شاهیم پێ دەڵێن
حەیفە با ئاهەنگی جەنگی سەرگەڕ و لەقلەق نەکەم(٧)

خۆی بەشابازی راووشکاری شاهانە دادەنێ و وێنەیەکی خۆی دەکێشێ و خۆی بە بەنرخترین و بەهێزترین باڵندەی ئەو مەیدانە دادەنێ، کە مەیدانی راووشکارە. خۆی داناگرێ و لە بێزی نایێ کە بچێ بەگژ پەلەوەری وەکو

سـەرگەڕ و لەقلەقدا، کـە مـەبەسـتی لە سـەرگەڕ و لەقلـەق شـوکـری فـەزڵیی شاعیری بەناوبانگە. ئەگەر بیرێک لەوە بکەینەوە و شیخ ڕەزای شاعیر بێنینە بەرچاو، لە بـەرچاومـاندا خـۆی رابگرێ، بـەڵام ئەوەشـمـان لەبیـر نەچێ کـە لە وێنەی شـابازێکی راویی هـەرەچاکی شاهانەدا تەمـاشـای بکەین، کە بۆ خـۆی خواستووە و داناوە. شوکریش بهێنینە بەرچاو وەکو سەرگەڕ یا وەکو لەقلەق. تەمـاشـای بکەین کـە شــەڕ بە شـابازێکی وەکـو شـێخ ڕەزا بفـرۆشن و ئەو شـابازەش لە بێـزی نـەیەت بچـێتـە شـەڕیانەوە. ئینجـا وێنەکـەمـان بۆ روون دەبێتەوە. لە دوو دێری داشۆردنی (حەمەی فەتاح)دا دەڵێ:

(حـەمـەی وەسـتـا فـەتـاح) سـەد بارەکـەڵڵا لەم سـەر و ڕیشـە
کــە گــوێدرێژێ بـەتەنـهـا چۆن ئـەبا ئـەم بارە قــامــیــشـــە
لە ســـەد بـاتمان خــوری زیاتر نەبێ کـەمــتـر نیــیــە وەزنی
سـەرت چۆنی هـەڵئـەگرێ، من سـەرم سـووڕ ماوە لـەم ئیشـە(٨)

باسی حـەمـەی وەسـتـا فـەتـاح دەکات و ئینجـا باسی سـەروڕیشی دەکا، لە پاشــان ئەو پرسـیــارە دەکـات و دەڵێ، نازانم گـوێدرێژێک بەتەنهـا، ئەم بارە قامیشەی چۆن بۆ هەڵدەگیرێ؟ لێرەدا دەبێ پەنا ببـەینە بەر هونەری (لەفف و نەشـر) و بزانین شـێخ ڕەزا چۆنی بەکار هێناوە. گوێدرێژی لە دێری دووەمدا بەرامـبەر حەمەی وەسـتا فەتاح و سـەری دێری یەکەم داناوە و، بـارە قامیشی دێری دووەمی بەرامـبەر ریشی دێری یەکەم داناوە. لەلایەکەوە حـەمە و سـەر و ڕیشـیـمـان دێتـە بەرچـاو و ئینجـا لە بەرچـاومـاندا خـۆی و ریشـەکـەی دەبن بەکەرێکی بارقامیش و وێنەیەکی دوو لایەنی سـەیرمان لەلادا دروست دەبێت. هونەرمـەندێک بێت و وێنەی حـەمـەی وەسـتـا فـەتـاح دروست بکا کـە لە کـەر بچێت و ریشـەکەی لە بارە قـامیش بچێ. چ هـونەرێکی بەرزی کـاریکـاتێرە؟! داخوا هـەیە ئەم شیعرە بخوێنێتەوە و لە بیری بکا؟!

لە دوای ئەوەوە شـاعیر دەگـەڕێتـەوە و دیسانـەوە ئەو ریشە سـپـییە بە سـەد باتمان (تەن) خـوری دادەنێ و بگرە بەزیاتریش، کـەچی سـەرسـوڕمـانی خـۆی دەردەبڕێ کـە چۆن سـەری حـەمـە دەتوانێ ئەم هـەمـوو خـورییـە هـەڵبگرێ. دەبێ

چ کـارێکی بەهـێـز بێ، یـان ئەمـە چ ملێکی پیـری بەهـێـزبێ کـە ئەم هەمـوو ریشەی پێ هەڵبگیرێ.

هەر لە باسی سەروڕیشدا کە (دەروێش ئەفەندی) دادەشۆرێ دەڵێ:

ئاه چەخـۆشـە بە چەقـۆ گـوێی لـە بنا خـشت ببـڕن
ڕیشی قـوت کـەن بەمـەقـەس بیکـەنە مـەیموونە قـوتە(٩)

هەناسـەیەک هەڵدەکـێشـێ و سـەرنج لە دەروێش ئـەفـەندی دەدا و هـەروەکـو مـەیمـوونێک دێتە بەرچاوی. بەڵام بە تۆزە جیاوازییەکەوە و ئینجـا ئاواتی ئەوە دەخـوازێ کە دەسـتکارییـەکی سـەر و ڕیش و گـوێی بکەن، بۆ ئـەوەی رێک لە مـەیموون بچێ. خـۆزگە دەخـوازێ کە (گوێی لە بـنا خـشت) ببـڕایە و. ریشی تۆزێک قوت و کورت بکرایە. بۆ ئەوەی بەڕاستی لە مەیموونە قوتەی بکردایە.

شـێخ ڕەزا دەیەوێ وەکـو دەیـەوێ وەکـو ئەو بەزمـەی مـەلا مـەزبوورە (مـەلا مـەشـهوور) بکا کە گـوایە رۆژێک حـاجی لـەقلەقـێکی گـرتووە و بەو دەنووک و لاقــە درێژانـەیەوە دیمـەنەکــەی بـەدڵ نەبووە و هـاتووە دەنووکی قــرتـاندووە و هەردوو لاقی بڕیوەتەوە و پێی وتووە. ئا ئێستا لە مەل دەچی..

وردەکارییەکی شـاعیرانەی تری یاری بە (دەنگ. پیت) کردنـی تێدا دیارە کە لە نیوەی دێڕی یەکـەمدا لە دوو وشـەی (خۆشە) و (خـشت)دا دوو پیتی (خێ و شین) هـاودەنگییـەک و لە دوو وشـەی (قـوت) و (قـوتە)دا هـاودەتگییەک و جـۆرە رەگەزدۆزییەکی بەکارهێناوە کە مۆسیقایەکی ناوەکییان لێ پێکهاتووە.

کە دێینە سـەر ئەو شیعرەی کە بـۆ (کاکە جافی کوڕی کـەریم ئاغا)ی وتووە، ئەم دێڕەمان بەرچاو دەکەوێت:

بۆ کــەشــمــەکــەش و عــەربەدە مــوژگــانی ســیــاهی
وەک لەشکری (تـەیموور) و سـوپای (جـەنگزە) جـافـە(١٠)

شێخ کە ویستوویەتی بە (کاکە جاف)دا هەڵبڵێ، هـاتووە سـەرنجێکی قووڵی لێ داوە و پتر لێی ورد بووەتەوە و ئینجا تەمـاشای ریزە برژانگی رەشی کـاکە جـافی کـردووە و وا بـەو تاڵ درێژی و رەشـییـەوە کـە ریزیان بەسـتـووە و دڵی

یاران دەڕفێنێ و لە کاتی چاوترووکاندندا کەشمەکەش و کێشە و دانەمرکان و ئاژاوە بەرپاکردن دەنوێنێ. ئەم ریزە برژانگە چڕوپڕە رەشەی لەلای شێخ ڕەزادا دەبن بەڕیزی خوێنڕێژی لەشکری (تەیموری لەنگ) و (جەنگیزخانی) وێرانکار و شەڕەوان ئەم سوپای برژانگەش وەکو لەشکری ئەوانە دێتە بەرچاو کە ریزیان بەستبێت و ئامادەی بەگژداچوونێکی کوشندە و دڵپێکانی دڵدارانی بن. بەم جۆرە شاعیر لەسەر پێڵووی چاوەکانی کاکە جافدا بەڕیزی برژانگ وێنەی لەشکری هەردوو سەرکردەی بەناوبانگ (تەیموور) و (جەنگیز)مان بۆ دەکێشێ و دەیخاتە بەر تیلی چاوانەوە و.. لەسەر پردی تیلی چاوانەوە دەیپەڕێنێت و بەدەروازەی چاودا دەیخاتە ناو دڵانەوە و دەیانکاتە جێنشینی ئەم وێنە بەهێزە.

شێخ ڕەزا لە هەجوی شێخ غەفووری مامیدا، پەنا دەباتە بەر شتی سەیر و جنێوی سەیر سەیری پێ دەدا، نەک هەر بەخۆی بگرە بەکچ و ژنی مامیشی، بەڵام چۆن جنێوێکی هونەری..

شەوو ڕۆژ چەپڵە بەکو... لێ دەدەن و هەڵدەپەڕن
فەرجیان تاب و تەبی کوورەیی حەددادی هەیە(۱۱)

شێخ ڕەزا لە پەنایەکی سەیرەوە بۆی دەچێت، وەکو دەزانین چەپڵە بەدوو دەست لێ دەدرێت، ئەمانیش بە دووتای (هینیان) لەبەر تاوو گەرموگوڕیی سۆز، کە بەیەکیدا دادەدەن دەنگی وەکو چەپڵەیان لێ دێت و لەسەر ئاوازی ئەم چەپڵە کوتانە هەڵیش دەپەڕن، بڕوانە چۆن، هەڵسان و دابەزینی بە هەڵپەڕین داناوە و.. بزانە چۆن مەبەستی لە باسکردنی ئەوەیە کە وێنەیەکی شیعریمان بۆ بکێشێ.

دوای ئەوە دیسانەوە شێخ دەگەڕێتەوە، وێنەی کوورەیەکی ئاسنگەرمان بۆ دروست دەکات و وامان دەهێنێتە پێش چاو کە ناو لنگیان، وەکو بەشی سەرەوە و خوارەوەی مووشەدەمە بەرز و نزم دەبنەوە و فوو بە ئاگری سووری ناو گەڵیاندا دەکەن و ئاگری ئارەزووەکە خۆشتر دەکەنەوە. لەبەر ئەوە ناوگەڵیان (فەرجیان).. (تاب و تەب) و گەرما و تینی کوورەی ئاسنگەریان

تێدایە.. ئەم ئاگر و تینە وەکو ئاسنی ناو کوورە سوور هەڵدەگەڕێتەوە و گەش دەبێتەوە و چاوەڕێی چەکوشی ئاسنگەر دەکەن و ئەویان ئارەزووی کوتانی (مێ کوت) دەکەن.. وێنەیەکی وەها کە ناوگەڵی ئافرەت بکاتە کوورەی ئاسنگەر و ئەو هەموو شتە بخاتە روو هەر مەگەر بلیمەتێکی وەکو شێخ ڕەزا توانیبێتی بیسازێنێ.

شێخ دەگەڕێتەوە و یەخەی شوکری فەزڵی دەگرێتەوە و هەڕەشەی لێ دەکات و دەڵێ:

> کۆنە حیزی شاری بەغدا، لێم حەرام بێ شاعیری
> گەر کو... خوشکت، وەکو ئەیوانی کیسرا شەق نەکەم(١٢)

شێخ لەم هەڕەشەیەدا هونەر و بیری تیژ و سەرنجی وردی دەخاتە کایەوە و کەلەپوور بۆ مەبەست تەرخان دەکات و بە شوکری دەڵێ: ئەو شەقارە بەناوبانگەی (تاقی کیسرا) کە کۆشکی شاهانەی ساسانییان بووە و لە نزیک شارۆچکەی (سەلمان پاک)ەوەیە کە ئێستا پێی دەڵێن (مەدائین). قسەیەک هەیە کە ئەو درزە شەوی لەدایکبوونی پێغەمبەر (محەممەد) دروودی خوای لێ بێ، کەوتووەتە دیواری ژووری تەخت لێ دانراوی کۆشکی شاهانەی ساسانییان و ئاگەدارکردنەوە بووە. کە خۆری ساسانییان بەرەو ئاوابوون دەچێ.

شێخ دەڵێ، ئەو درزە گەورەیە ئەو قڵیشەی کە سەرنجی هەموو کەسێک رادەکێشێ و وەکو زانراوە هەر لە سەرەتاوە ئەو قڵیش و درزە بووەتە هۆی نزیکبوونەوەی رووخانی کۆشکەکە ئەگەر من قو... خوشکتم نەدڕی و ئەوەندەی ئەو قڵیشەی تاقی کیسرا نەکردەوە، کەواتە من شاعیر نیم و شیعر و شاعیریم لێ حەرام بێ، ئەی کۆنە حیزی شاری بەغدا.

لێرەدا مەبەستێکی شاراوەی ناو دێرەکەش هەیە لە پاڵ ئەو لێچوواندنە بە بەهرەیە و ئەو وێنە دروستکردنە هونەرییەدا، ئەوەش ئەوەیە کە شاعیر دەڵێ ئەگەر وەهام نەکرد، کەواتە لێم حەرام بێ شاعیری، کەواتە شێخ پێمان دەڵێ

كه ئەم كارە نەك بە كردەوە، بەڵكو بەشیعر بەجێی دەهێنێ. ئەمەش لەلایەكی ترەوە بڕوا پتەویی شاعیرمان بۆ دەردەخا بەرامبەر پەیامی شیعر و بەتوانایی و كاریگەریی شیعر. كەواتە شیعر دەورێكی باڵا دەبینێ و یاری دەكا.. نەك وەكو هەندێ كەس كە دەڵێن: شیعر ئەمەی پێ ناكرێ و ئەوەی پێ ناكرێ، لێرەدا لە جێی خۆیدایە كە قسەیەكی (ئەرشیباڵد ماكلێش) بهێنینەوە كە دەڵێ: خەڵكی، بەو كارانەدا شیعر ناناسنەوە كە لە توانایدا نییە بیكات، بگرە بەو كارانەوە دەیناسن كە دەتوانێ بیكات، ئەو كەسەی كە بشڵێ چامە ئەمە ناكات و ئەوەی لە تواناندا نییە، لەوانەیە بۆ ئەوە بژێت كە گێلی و گەمژەیی خۆیی بۆ ساغ ببێتەوە، یانیش دەمرێت و دۆزینەوەی ئەو راستییە كە گێلییەتی خۆیەتی بۆ خەڵكی تر بەجێ دەهێڵێ[١٣].

هەر لە باسی ئەو قڵیشە گەورەیەی سەر (تاقی كیسرا)یەدا شێخ تاكە شیعرێكی فارسی هەیە، خەییامانە وەكو پەند دادان.. دەڵێ:

شكافى كه بينى در ايوان كيسرا
دهانيست گويد: بقانيست كسرا[١٤]

واتە: قڵیشێك كە لە هەیوانی كیسرادا دەیبینی.. زارێكە دەڵێ: كەس مانەوەی بۆ نییە.. واتە: پاشماوەی ئەم كۆشكە بێ وێنەیەی كە لە پاش خوسرەواندا بەجێ ماوەتەوە و قڵیشەكەی وەكو دەمێك بێت و ئەوەمان پێ بڵێ كە كەس لە خۆبایی نەبێ، چونكە كۆتایی هەر مردنە و (خوا) نەبێ هیچ نامێنێ. ئەم قسەیەی بە لێچوواندنی قڵیش بە (دەم)ی مرۆڤانەیە، وێنەیەكی شیعری پێك هێناوە و جگە لەوەی لە دوو وشەی (كیسرا) و (كسرا)دا رەگەزدۆزییەكی تەواو هەیە.. شیعرەكە ئەوەندە بەرزە، تەنانەت شاعیرێكی وەك مەعروف ئەلڕەسافی، بەم جۆرە كردوویەتی بە عەرەبی:

إن هذا الايوان ايوان كسرا
دكه الدهر بالخطوب وهده
وهو يحكي انفتاح ثغر نذير
صايح البقاء لله وحده[١٥]

شێخ ڕەزا کە دێتە سەر باسی خانووە داڕووخاوەکەی و باسی دەکات و دەڵێ:

حەوشەیەکم هەیە بەقەدەر لەپێ
ڕۆژ عیلاجی ئەکەم، بەشەو ئەتەپێ
مەنفەز و درز و ئاودزی هەر چەند
دەیگرم دەیکوتم بە دەست و بە پێ
شەو کە دێم دەم دەکاتەوە وەکو هار
وا ئەزانم سەگە و بەمن ئەحەپێ(١٦)

شێخ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، یەکسەر پێمان دەڵێ: حەوشەیەکم هەیە بەقەدەر لەپێ. ئیتر خۆمان تێ دەگەین کە چەند بچووکە. بەم جۆرە ڕێ خۆش دەکات و دەستمان دەگرێت و دەچینە ناو ماڵەکە و شیعرەکە.. ئەمەش یەکێکە لەو هونەرانەی کە شیعری کلاسی باسی کردووە و ناوی ناوە (جوانیی دەستپێکردن – حسن المطلع). جا دەبینین شێخ ئەوا کون و کەلەبەر و درز و ئاودزی ماڵەکە دەکوتێ. بە دەست، بە پێ.. هەر دەیکوتێت و سوودی نییە.. بە ڕۆژ هەر خەریکی چارەسەرکردنی دەبێ و کە بەشەو دێتەوە، درزەکان دەکرێنەوە و وەکو سەگی هار دەم دەکەنەوە و بە شێخدا دەوەڕن.. لە بیمی داڕووخان و داتەپینی خانووە شڕە، شێخ لە بەردەمیدا هەڵدەلەرزێ و ناوێرێ لێی بچێتە پێش و خۆی بکا بەژووردا.

بەشێکی تری هونەری وێنە دروستکردنی شیعری شێخ ڕەزا، بەباسکردنی ڕووداوی ریالیزم ئامێزە. لەمەیاندا تەنیا هەر ڕووداوی وات بۆ دێنێتە کایەوە کە لە ڕاستییەوە نزیکن، با ئەو وێنانەش لە دەسکردی شاعیر خۆی بێ. لەو شیعرەیدا کە بۆ (میرانی خدر بەگی خۆشناو)ی وتووە و(١٧) سەرەتاکەی بەم جۆرە دەڵێ:

میر بەسەد مننەت هەناردی ئێسترێکی ڕووت و قووت
دەست و پا سست و سەقەت، ئەندامی هەروەک عەنکەبووت

ئینجا دەڵێ:

گــەرچی ناتوانێ ببــزوێ، هێند لەڕ و کــەم قــووەتە
دەنکە جۆیێکی نیشاندەی، تا قیامەت دێ لە دووت[١٨]

تەماشا دەکەین وێنەی ئێسترەکەی (میر)ی بەجۆرێک کێشاوە، کە بەتەواوی لە بەرچاوماندا بێت و ئێسترێکی بێ هێز و توانا و لەڕولاواز و وەکو خۆی دەڵێ (ئەندامی هەروەک عەنکەبووت)، بەجۆریکی وەها کە نەتوانێ لە شوێنی خۆیدا بجمێ و ئەوەندە برسی بووە، تا وای لێ هاتووە، لەسەر ئەو حاڵە پەرێشانەشەوە، ئەگەر دەنکە جۆیێکی نیشان بدەی، گەشە دەیگرێ و بەدواتدا دێت و هەر لە ئێستاوە تا ڕۆژی زیندووبوونەوەی دوارۆژ هەر بە دواتەوە دەبێ.

دەبا جارێکی دیکەش، ئەو ئێسترە پەککەوتووە بهێنینەوە پێش چاومان، کە وزەی ئەوەی تێدا نەماوە کە ببزوێ و شێخ ڕەزا بەخۆی و ریش و جبەکەیەوە بێت و دەنکە جۆیەک بگرێ بە دەستییەوە و پێشانی ئێستر بدات.. ئێسترەکەش لەپڕ لەسەر چوارپەلیدا بەرز ببێتەوە و دوای شێخ بکەوێت. ئەم وێنەیە وێنەیەکە نزیکە لە ڕیالیزمەوە.

بەم جۆرە دەبینین شێخ ڕەزا لەم مەیدانی وێنەکێشییەی ناو شیعریشدا وەستایەکی کەم وێنە و بەتوانا بووە.

**پەراوێزەکان:**

١) دیوان – چاپی ١٩٤٦– ل/٥.
٢) س. پ – ل/٦٥.
٣) س. پ – ل/٥١.
٤) س. پ – ل/٣.
٥) س. پ – ل/٥٠.
٦) س. پ – ل/٣٤.
٧) س. پ – ل/٣٠.

٨) س. پ – ل/٦٣.

٩) س. پ – ل/٤٦.

١٠) س. پ – ل/٤٦.

١١) س. پ – ل/٣٩.

١٢) س. پ – ل/٣٠.

١٣) ئەشیباڵد ماکلێش – الشعر والتجربة – ص /٣٣.

١٤–١٥) دیوان– چاپی ١٩٤٦– ل/١٩٢.

– ترزی باشی – کرکوک شاعرلری – ج/٢– ص/١٨٠.

١٦) دیوان – چاپی ١٩٤٦– ل/٥٢.

١٧) ئدمۆندس– دەنگی گێتیی تازە– ب/١–ژ/٢–٢ی ت٢– ١٩٤٣– ل/١٥–١٦.

١٨) دیوان– چاپی ١٩٤٦– ل/ ١٠.

# ئەنجام

شێخ ڕەزا، لە سەردەمێکی ئاژاوە و گۆڕانی بەپەلەی ژیان و کۆمەڵ و تیژڕەوی ڕووداوەکاندا هاتووەتە جیهان.. ئەمەیان ئەگەر کەسێک بەگشتی تێی بڕوانێ.

لە هەندێک لای خۆشماندا، بە سستی و بە خاوییەکی بێزارکەرەوە کاتەکە وەکو بڵێی وەستابێ وەها بووە. بلیمەتێکی وەها کە بەنازی باوکێکی لە خۆی بلیمەتتر و لە ناو دەوروبەرێکی تیشکهاوێژ و بەتواناندا پەروەردە بووە.

کەچی لە ماوەی ساڵێک دوو ساڵێکی دابڕانیدا، کە چووەتە گەشتی هەندەران و گەڕاوەتەوە، خۆی لە ناو کۆمەڵێکی وەهادا بینیوە. کە بەو هەموو توانایەوە، نەیتوانیوە هیچ بۆ خۆی بکا. جا وەکو مامۆستا بیمار دەڵێ: دەبوایە بگرێ، بەڵام پێکەنیوە و دەستی کردووەتە گاڵتەجاڕی و جوێندان.. شێخ ڕەزا، لە هەموو ئەو هەڵسوکەوتانەی ناو کۆمەڵەکەیدا، ڕۆڵێکی کاریگەری خۆتێکەڵکردن و خۆهاویشتنە ناو کوورەی بینیوە. هەرچیی کردبێ نەکردبێ، خۆی سەپاندووە بەسەر ئەو خەڵکەدا.

خۆی بەسەر توێژێکی دوور لە ڕۆشنبیری و خوێندەواریدا، بەقسە خۆش و جوێن فرۆشەکانییەوە سەپاندووە و، بەزانست و توانای هونەری و شیعری بەرزی لە ئاستی بەرزترینی شاعیراندا جێی خۆی لە ناو دەستەی زانا و دانا و شاعیرە بەرزەکان و پیاو ماقووڵاندا کردووەتەوە. بەو هەموو پێوەندییەوە بەکەسانی ناو کۆمەڵەوە، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە مرۆڤێکی کۆمەڵایەتیی ئێسکسووک بووە، بەجۆرێک کە کەسی لێ نەڕەنجاوە و، وادیارە، بەو هەموو جوێندان و گاڵتە بەم و بەو کردنەشەوە، کەسێکی وای لێ زویر نەبووە و بە دڵڕوونییەوە لێیان سەلماندووە. هەر بۆ نموونە دەڵێم بەو هەموو قسەیەوە کە بە "کاکەیی" کردووە، شاعیرێکی گەورەی کاکەییی وەکو "هیجری دەدە".. بە

"ڕەئیسو شـشـوعـەرا"ی دادەنێ و زۆری پێدا هەڵداوە و، هـەروەها بەو هەمـوو ڕۆشنبیـرییـەوە و بە چوار زمـان شـیـعروتنەوە، گەیشـتـووەتە ڕیزی پێشـەوەی شـاعـیـران و ناوبانگی نەک هەر لـە ناو کـورددا و بەس، بگرە لـە ناو ئەدیبـە عەرەبە گـەورەکانی بەغـدای سـەردەمی خۆی و «هـەرچەندە هێشـتـا شـیـعرە عـەرەبیـیـەکـانیـشی بڵاو نەبووەتـەوە» و هـەروەهـا لە ناو ئـەدیبـانـی تورک ئێرانیـیـانیـشـدا بـە تەواوی ناسـراوە و بەشـاعـیـرێکی گـەورە دانراوە. بۆیە بەدڵنیـاییـیـەوە دەڵێم.. هەقـی خـۆیەتی کـە بە "کـەڵەشـاعـیـری خـۆرهەڵاتی ناوەڕاست" ناوبنرێ. سڵاو و ڕێزمان بۆ گیانی پاکی شێخ ڕەزای تاڵەبانی.

# سەرچاوەکان

أ- سەرچاوە کوردییەکان


١ـ ئازاد عەبدولواحید - ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری - چاپخانەی شارەوانی - هەولێر - ١٩٧٦.

٢ـ ئەمین فەیزی "أمین فیضی" - أنجمن أدیبانی کورد - مطبعەی ترجمان حقیقت - استانبول - ١٣٣٩.

٣ـ ئەمین فەیزی - ئەنجوومەنی ئەدیبانی کورد - چاپی دووەم - چاپخانەی کاکەی فەلاح - سلێمانی - ١٩٨٢.

٤ـ داماو "حسێن حوزنی" موکریانی - مێژووی میرانی سۆران - چاپی دووەمین - چاپخانەی کوردستان - هەولێر - ١٩٦٢.

٥ـ رەفیق حیلمی - شیعر و ادبیاتی کوردی - بەرگی یەکەم - چاپخانەی "تفیض" - بەغدا - ١٩٤١.

٦ـ عەبدوڵا عەزیز خالد "ئاگرین" - شوکری فەزڵی - چاپی یەکەم - چاپخانەی "دار الحریە" - بەغدا - ١٩٨٨.

٧ـ عەبدولکەریمی مودەرریس "مەلا" - بنەماڵەی زانیاران - چاپی یەکەم - چاپخانەی شەفیق - بەغدا- ١٩٨٤.

٨ـ علاءالدین سجادی - مێژووی ئەدەبی کوردی - بەرگی یەکەم - چاپی دووەم - چاپخانەی مەعارف - بەغدا- ١٩٧١.

٩ـ عەلی کەمال باپیر - گوڵ دەستەی شوعەرای هاوعەسرم - چاپی دووەم - چاپخانەی ڕاپەڕین - سلێمانی - ١٩٦٩.

١٠ـ عەلی کەمال باپیر - شاعیرە ناو ونبووەکانی کورد - چاپی یەکەم - چاپخانەی ڕاپەڕین - سلێمانی - ١٩٧٣.

١١ـ عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ "دکتۆر" - شێخ ڕەزای تاڵەبانی - چاپخانەی عەلاء - بەغدا- ١٩٧٩.

١٢ـ کەریم مستەفا شارەزا - کۆیە و شاعیرانی - بەشی یەکەم - چاپخانەی "النجوم" - بەغدا- ١٩٦١.

١٣ـ مستەفا سەفوەت "مەلا" – شانۆی ناومـاڵ – چاپخانەی "سلمان الاعظمي" – بەغدا ١٩٧١.
١٤ـ "هەردەوێڵ کاکەیی – مستەفا نەریمان" – کتێبی – خەلیل منەوەر– چاپخانەی "دار الحرية" – بەغدا– ١٩٨٤.

دیوانەکان:
١٥ـ دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی – چاپخانەی مەریوانی – بەغدا – ١٩٣٥.
١٦ـ دیوانی شـێخ ڕەزای تاڵەبانی – کـۆکـەرەوە و چاپدەری – عـەلی تاڵەبانی – چاپخانەی مەعارف – بەغدا – ١٩٤٦.
١٧ـ دیوانی طاهر بەگی جاف –چاپی سێیەمین– چاپخانەی هەولێر –هەولێر–١٩٦٦.
١٨ـ دیوانی طاهر فؤاد – چاپی یەکەم – چاپخانەی کوردستان – هەولێر– ١٩٧٠.
١٩ـ دیوانی کـوردی "مـستـەفـا بەگی صـاحـبـقـران" – چاپی دووەمین – چاپخـانەی کوردستان – هەولێر – ٢٥٧٣ی کوردی.
٢٠ـ دیوانی مـەحـوی – لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مـەلا عـەبدولکەریمی مـودەرس و محەمەدی مەلا کەریم – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغدا– ١٩٧٧.
٢١ـ دیوانی نالی –مەلا خدری شارەزووری –چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد– بەغدا – ١٩٧٦.
٢٢ـ دیوانی بێسارانی – بەرگی یەکەم – کۆکردنەوە و لێکدانەوەی " کیـومرث نیک رفتار" – چاپخانەی "الأديب البغدادی" – بەغدا – ١٩٨٢.
٢٣ـ دیوانی مـەلای جـەباری – چاپی یەکـەم – کـۆکـردنـەوە و لێکۆڵینەوە و لەسـەر نووسینی "عبدالجبار محمد الجباري" – چاپخـانەی شارەوانی کـەرکووک – کەرکووک – ١٩٦٨.

کۆوار و ڕۆژنامەکان:
٢٤ـ بیـمـار "عـەبدوڕەزاق حـەمـەد".. وتاری "شـێخ ڕەزای تاڵەبانی لە ڕۆژنامـەی "الرقيب"دا – هاوکاری – ژمارە/١١٦٩ –١٢/٤/١٩٩٠.
٢٥ـ بیـمـار – دیوانی شـێخ ڕەزای تاڵەبانی – هاوکـاری / ژمـارە/ ٢٦٥٥– ١٩٩٧/٣/٢٤.

٢٦ـ بیمار – "لەگەڵ شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە دیوانەکەی" – کۆواری هیوا – ئۆرگانی یانەی سەرکەوتن – ژمارە/ ٣٠ –ساڵی/٤– تشرینی یەکەم/ ١٩٦٠.
٢٧ـ پیرەمێرد "حاجی تۆفیق" – ژیان – ساڵی/ ١٠– ژمارە/ ٢٤٣ شەموو ٢٥/ مایسی/١٩٣٥.
٢٨ـ ج. ب– ڕۆژبەیانی "مەلا جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی"– شاعیرانی تاڵەبانی – دەنگی گێتی تازە – ژمارە/٢٥–٢٦ – بەرگی / ٢٦– ساڵی سێیەم – شەموو– ٨ی حوزەیرانی ١٩٤٦.
٢٩ـ سی. جی. ئندمۆندس – گۆڕینی "تۆفیق وەهبی"– شێخ ڕەزا، هەجوکەرێکی کورد– دەنگی گێتی تازە– بەرگی /١– ژمارە/٢ – تشرینی دووەمی ١٩٤٣.
٣٠ـ سەباح غالب "پێشرِەو".. کۆواری بەیان – ژمارە/ ١٤– ساڵی ١٩٧٤.
٣١ـ عەتا تەرزی باشی – گۆڕینی "ئەحمەد تاقانە"– وتاری: محەمەدی خاڵسی – کۆواری دەنگی مامۆستا " کۆواری نەقابەی مامۆستایانی سلێمانی" – ژمارە/ ٩ – ساڵی /٣ – ئابی ١٩٧٣.
٣٢ـ د. مارف خەزنەدار–گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات –زانستگای بەغدا – چاپخانەی "دار الجاحظ" – بەغدا – ژمارە/١٩–١٩٧٦–.
٣٣ـ محەمەدی خاڵ "شێخ".. وتاری شێخ تاڵەبانی.
گۆڤاری دەفتەری کوردەواری – سێ بەرگ – بەرگی یەک و دوو لە چاپخانەی "ئەسعەد" و ژمارە سێ لە چاپخانەی "الزهراء" لە چاپ دراوە.. – ١٩٧٠.
٣٤ـ محەمەدی خاڵ – دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی..
کۆواری کۆڕی زانیاری عێراق– دەستەی کورد– بەرگی هەژدە و نۆزدە – ساڵی ١٩٨٨.
٣٥ـ م. راسخ – شیعر– ژیانەوە – ساڵی/ ١– ژمارە/ ٢٥ پێنچشەمە – ٣٠ نیسان ١٩٢٥.
٣٦ـ مەسعوود محەمەد – وتاری "کەیفیی جوانرۆیی" دەفتەری کوردەواری ژمارە/ ٢.
٣٧ـ کەریم شارەزا – لاپەڕەی دووەم لە شیعری کلاسیکی کوردیماندا– نووسەری نوێ "یەکێتی نووسەرانی کورد– هەولێر" ژمارە/١ ساڵی/ ١– ١٩٧٢.
٣٨ـ کەمال مەزهەر ئەحمەد "دکتۆر". "پاراستنی پاشماوەی کۆنمان لە کاری کۆڕدا"

کۆواری کۆڕی زانیاری کورد – بەرگی یەکەم – ١٩٧٣.
٣٩ـ د. شوکریە ڕەسوڵ – گەشتێک بەجیهانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی و..–
کۆواری کۆڕی زانیاری عیراق– دەستەی کورد – بەرگی یازدەیەم – ١٩٨٤.
٤٠ـ کۆواری دیاری کوردستان– صاحب امتیاز و سرمحرر: صاحبقران زادە "صالح زکی".. ژمارە/٤ی ساڵی/١–٢٣ی نیسانی ١٩٢٥– ١٣٤١.
ژمارە/٧ی ساڵی/ ١–١٩٢٥
ژمارە/١٠ی ساڵی/١–١٩٢٥
ژمارە/١١ی ساڵی/١–١٩٢٥
ژمارە/١٦ی ساڵی /٢–١٩٢٦
٤١ـ کۆواری ڕۆژی کورد– ژمارە/٢ی – ٦ی تەمووزی – ١٣٢٩ی ڕۆمی.
٤٢ـ کۆواری ترووسکە .م– شێخ ڕەزا و مەسەلەیەکی فەلسەفی
کۆواری ڕۆژی کوردستان – ژمارە/١٥ی ساڵی سێیەم – کانوونی دووەمی– ١٩٧٤.
٤٣ـ عمر تۆفیق– وردەکاریی زانستی لە شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا – ڕۆژنامەی ئاسۆ– ژمارە/٩ی شەموو – ١٩٨٩/٩/٢٣.

ب– سەرچاوە عەرەبییەکان
٤٤ـ ابراهيم الداقوقي – فنون الادب الشعبي التركماني – مطابع دار الزمان – الطبعة الأولى – بغداد– ١٩٦٢.
٤٥ـ ابراهيم الدروبي
البغداديون– أخبارهم ومجالسهم– مطبعة الرابطة – بغداد – ١٩٥٨.
٤٦ـ أدموندس "سيسل جون ادموندس".
كرد وترك وعرب– ترجمة: جرجيس فتح الله – مطبعة التايمس – بغداد– ١٩٧١.
٤٧ـ أرشيبالد مكليش – الشعر والتجربة.
ترجمة سلمي الخضراء الجيوسي – منشورات دار اليقظة العربية – بالاشتراك مع مؤسسة فرنكلين للطباعة والنشر– بيروت– نيويورك/ ١٩٦٣.
٤٨ـ أمين زكي "محمد"
خلاصة تأريخ الكرد وكردستان – ترجمة: محمد علي عوني – مطبعة صلاح الدين –

الطبعة الثانية- بغداد/ ١٩٦١.
٤٩ـ أمين زكي "محمد" مشاهير الكرد وكردستان – الجزء الأول
نقلته الى العربية كريمته "سانحة أمين زكي" – مطبعة/ التفيض الأهلية – بغداد – ١٩٤٥.
٥٠ـ أمين زكي – تأريخ السليمانية وانحاؤها.
تعريب وتعليق: محمد جميل بندي الروژبياني – طبع شركة النشر والطباعة المحدودة- بغداد- ١٩٥١.
٥١ـ أمين زكي- تأريخ الدول والامارات الكردية.
عربه وراجعه: محمد علي عوني – مطبعة السعادة بجوار محافظة مصر- ١٩٤٨.
٥٢ـ انور المائي – الاكراد في بهدينان. مطبعة الحصان – الموصل – ١٩٦٠.
٥٣ـ باقر أمين الورد "المحامي" – بغداد- خلفاؤها، ولاتها، ملوكها، رؤساؤها- منشورات دار التربية – مطبعة دار القادسية للطباعة – بغداد.
٥٤ـ براون " ادوارد جرنفيل براون" – تأريخ الأدب في أيران – الجزء الثاني – ترجمة الدكتور ابراهيم أمين الشواربي – مطبعة السعادة – مصر – ١٩٥٤.
٥٥ـ بروكلمان "كارل" – تأريخ الشعوب الاسلامية.
نقله الى العربية: نبيه أمين فارس – منير البعلبكي – مطابع دار العلم للملايين – الطبعة الخامسة- بيروت – تموز ١٩٦٨.
٥٦ـ تومابوا- مع الاكراد – ترجمة اواز زنگنة – سلسلة الكتب التأربخية – ١- وزارة الأعلام – مديرية الثقافة الكردية العامة.
٥٧ـ فريمان جرنفيل – التقويمان الهجري والميلادي – ترجمة: د. حسام محي الدين الالوسي – وزارة الثقافة والاعلام – دار الشؤون الثقافية العامة- الطبعة الثانية- مطبعة الجمهورية/ ١٩٨٦.
٥٨ـ ريچ – "كلوديوس جيمس ريچ"- رحلة ريچ في العراق عام ١٨٢٠- نقلها الى العربية: بهاء الدين نوري – مطبعة السكك الحديدية – بغداد/ ١٩٥١.
٥٩ـ عباس العزاوي "المحامي" – عشائر العراق (٢) الكردية – مطبعة العارف – بغداد – ١٩٤٧.
٦٠ـ عباس العزاوي.. تأريخ العراق بين إحتلالين – الجزئين السابع والثامن – شركة

التجارة والطباعة المحدودة – بغداد– ١٩٥٥.
٦١ـ عبدالكريم العلاف– بغداد القديمة – الطبعة الأولى – منشورات المكتبة الأهلية– مطبعة المعارف – بغداد/١٩٦٠.
٦٢ـ د. علي الوردي– لمحات إجتماعية من تأريخ العراق الحديث – الجزء الثالث– مطبعة الشعب – بغداد– ١٩٧٢.
٦٣ـ گورگيس عواد– معجم المؤلفين العراقيين– المجلد الأول – مطبعة الإرشاد– بغداد– ١٩٦٩.
٦٤ـ لونگريك "س. هـ. لونگريك"– اربعة قرون من تأريخ العراق– ترجمة: جعفر الخياط – الطبعة الخامسة – نشر مكتبة التحرير– بغداد.
٦٥ـ معروف الرصافي – ديوان الرصافي – الجزء الخامس – شرح وتعليقات مصطفى علي – منشورات وزارة الاعلام العراقية – مطبعة دار الحرية للطباعة – بغداد– ١٩٧٧.
٦٦ـ ميجرسون "ميرزا غلام حسين شيرازي" – رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين و كردستان – ترجمة: فؤاد جميل – الجزء الأول – الطبعة الأولى – مطابع الجمهورية – بغداد– ١٩٧٠.
٦٧ـ ميري بصري – اعلام اليقظة الفكرية في العراق الحديث – الجزء الأول – دار الحرية للطباعة مطبعة الجمهورية – بغداد– ١٩٧١.
٦٨ـ .. أربيل "هەولێر" بين الماضي الحاضر– اللجنة الأعلامية لمهرجان يوم محافظة أربيل – لسنة ١٩٨٦– مطبعة دار الكتب للطباعة والنشر– جامعة الموصل– بدون سنة طبع.

الجرائد والدوريات:

٦٩ـ ابراهيم باجلان: في أربعينية نصير السلم الشاعر الكردي الشيخ مراد زنگنة – جريدة التآخي – الاثنين – الاول من أيلول ١٩٧٥– العدد/٢٠٠١
٧٠ـ محمد مهدي بيات– في الادب المقارن– بين الشيخ رضا الطالباني و معروف الرصافي في رثاء اليتيم الحلبي – مجلة صوت الاتحاد– "مجلة إتحاد الادباء التركمان"– العدد/٢٠– مطبعة الدار العربية للطباعة – بغداد– ١٩٧٨.

٧١ـ محمود زامدار- الشيخ رضا الطالباني شاعرا و... مجلة المثقف الجديد "رۆشنبیری نوێ".. العددان/ ٣٥- ١/١١/١٩٧٤ و ٣٨- ٢١/٢/١٩٧٥- مطبعة الزمان - بغداد.

٧٢ـ معروف خزندار "الدكتور" - الشعر الديني في اللهجة الگورانية الكردية- مجلة الثقافة الجديدة- العدد/ ٩٣-٥ ايار ١٩٧٧- مطبعة الرواد- بغداد- ١٩٧٧.

ج- سەرچاوە تورکییەکان:

٧٣ـ أحمد رشيد - مكمل تأريخ عثماني - ايكنجي قسم - ارتين اصادوريان ومخدوملري مطبعة سنده طبع اولنمشدر- استانبول - ١٣٢٧.

٧٤ـ بهاء الدين - تركجه لغات - اقبال كتبخانەسی- حسين.

٧٥ـ شاكر صابر ضابط- كركوكده إجتماعي حيات- فولكلور- "زمان" باصم ئەوی - بغداد - ١٩٦٤.

٧٦ـ عطا ترزی باشی "اوقات"- کرکوک شاعرلری - برنجی جلد- زمان باصم ئەوی - بغداد- ١٩٦٣.

ايكنجى جلد- جمهوريت باصم ئەوی - کرکوک- ١٩٦٨.

٧٧ـ محمد حسام الدين عمر "الشيخ" - الانفاس الرحمانية في سلسلة القادرية الطالبانية- مطبعة الشمال - كركوك - ١٩٧٣.

٧٨ـ محمد صادق - دوشونجەلرم "شعر"- مطبعة المعرفة- ١٩٥٦.

٧٩ـ محمد طاهر "بروسەلی" - عثمانلی مؤلفلری - بیرنجی جلد- مطبعەء عامره- استانبول- ١٣٣٣ هجريه.

٨٠ـ هاممر- دولت عثمانيه تأريخی - محمد عطا - فرانسزجەدن تورکجەيە. ترجمه ايتمشدر- دار الخلافه العليه- اوقاف اسلاميه مطبعەسی- ١٣٣٥ هجريه.

٨١ـ مشاعره- برنجی طبع- معارف مطبعەسنده طبع اولنمشدر- بغداد- ١٩٥٣.

٨٢ـ سالنامەء ولايت موصل -١٣٠٨عربی - ١٣٠٦ رومی- موصل ولايت مطبعەسی- موصل... ١٨٩٠ ميلادی.

٨٣ـ هجری دەدە - شاعر شهير استاد مرحوم شيخ رضا افندينک مجملا ترجمەء حالی - کرکوک غزەتەسی- سايی/٣٣٠- جمعه- ٢٨-/ تشرينی ثانی/١٩٣٠.

٨٤ـ شاکر صابر زراعتچی- وتووێژێک لەگەڵ شاعیری مەرنمان محەمەد سادق

"بەتورکی"- قارداشلق- شاعر محمد صادق "أوزەل صایی" - صایی/٣ یدنجی ییل/٥ أیلول ١٩٦٧- بغداد.

٨٥- ملا صابر «کرکوکلی بویوک حافظ ملا محمد أوغلی صابر» - کرکوک شعراسی -١٩٥٢دە کرکوکدە یازیلان بیر یازما أثر- قارداشلق- صایی/٥ أیلول ١٩٦٥دە یایینلانمش.

٨٦- دەستنووسێکی شێخ محەمەد نەجیبی شێخ عەلی- شێخ عەبدورەحمانی "خاڵص"ی تاڵەبانی - کە برازای شێخ ڕەزایە.. ئەم دەستنووسە دەفتەرێکە کۆمەڵە شیعرێکی شێخ ڕەزای تێدایە کە هەموو بەتورکیین. چەند شیعرێکی بڵاو نەکراونەتەوە.

* سەرچاوەی تورکیی لاتینی:

87- Ibrahim Alaettin Gövsa- Türk Meshurlari Ansk- lobedisi- Yedigün Nesriyati

88- Ibrahim Alaettin- Meshur Adamlar- Hayatlari- Eserleri- Cikaran- Sedat Simavi- Istanbul- 1933-1935.

89- Ibrahim Dakûki- Irak Türkmenleri- Güven Matbaasi- Ankara- 1970.

90- Sayit Karaalioglu- Türk Edebiyati, Tarihi- C-2- Inkiap ve Aka Kitabevleri- Koll, Sti- Anlara Caddesi- No. 95- Istanbul.

91- Inal- Ibnül- Emin Mahmut Kemal- Son Asir Türk Sairleri- Milli Egitim Basimevi- Istanbul- 1969.

د- سەرچاوەی فارسی:

٩٢- محمد مردوخ «آیت الله آقاي شیخ محمد مردوخ کردستاني» - تاریخ مردوخ - چاپخانەء ارتش - جلد دوم- بدون سنە ومحل طبع.

٩٣- علی اصغر حکمت

مجلە مهر - عدد/٧- سال هشتم- ١٣٣١.

هـ- سەوچاوەیەکی ئینگلیزی:

94- Edward Brown- ALiterary histoy of Persia- volume

4- Modern Times- (1500-1924). Cniversity Press- 1959.

# پاشكۆی ژماره ۱

وەڵامی "شوكری فەزڵی" بەرامبەر داشۆردنەكەی شێخ ڕەزا

شێخ ڕەزا عەرزت دەكێم، خۆت بۆچی ئەحمەق كردووە
قەوچە وەك ماكەر دەكەیت و گوێت وەها لەق كردووە
حیزە، ئێشی مێخی سابیق چاوتی زەق كردووە
قەحپە گوڵچین تۆی كەوا گەووادی موتڵەق كردووە
من بە مەترەق بارەها كو...یم شەق و پەق كردووە
تۆم نەوەك ئەمجارە هەتك و پەتك و نەستەق كردووە
باوكی مەعلوومت نییە، لەعنەت لە زاتت هەی تەرەس
گوو بە گوێی دایكت، چوزانم دایە بەركێ پێش و پەس

*

ئێشی زۆر چاكە بەڵێ: دەروێش، فەقیری بێ نەوا
لینگی شێخ ژن تەوقە بۆی، درزی كوزی كەشكۆڵە وا
هەر كەسێ هات و بەخێری خۆی شتێكی تێ دەخا
پەستە بازاڕی حەدیدی، باز هەتا خانەی ڕەزا
تاڵەبانی چین، هەموو گەوواد و بێ شەرم و حەیا
گەر مەكانیان بۆ نەبێ، ژنیان لە تەكیەش هەر ئەدا
باوكی مەعلوومت نییە لەعنەت لە زاتت هەی تەرەس
گوو بەگوێی دایكت، چوزانم دایە بەركێ پێش و پەس

*

وا لەبەر شـــێـــخـی برات، ئیـــســـپـــاتـی گـــەووادی کـــرا
وەخـــتـــە لێی خـــەن تا بڵــێـن خـــەڵکی لەبۆ بابی ترِا
بۆچ لە مـــەشـــشـــاکی قـــەڵەندەر کـــۆمـی ژنتـــان دادرِا
خـــانەدانی شـــێـــخـی ئاخـــر، خـــانی دانتـــان وەرگـــەرِا
کـــۆمـــەڵی "ک.."، قـــیـــمـــەتی ئەعـــلای بە پوولێ دانرا
کـــەس نەمـــا بێت و نەکـــا هەتا بەهیندییش هەر درا
باوکی مـــەعلوومت نیـــیـــە لەعنەت لە زاتت هەی تەرەس
گـــوو بەگـــوێی دایکت، چوزانم دایە بەرکێ پێش و پەس
*
گـــوو مـــەخـــۆ یا شـــێخ ئیـــتـــر با شـــۆرِشێ بەرپا نەکـــەم
خـــۆت و کـــەرکـــووکت بەجـــارێ ســـەربەســـەر ئەفنا نەکـــەم
با لە ناو لینگی ژنت پێـــچـــاڵی ســـەد جـــۆلا نەکـــەم
با کـــوزی وەک قـــەلعـــەیی خـــەیبـــەر بە مـــەترەق وا نەکـــەم
"مەستی" فیعلەن دایکی گای، ئەم سیررە با ئەفشا نەکەم
بۆچ ئەکەی هەجوم، بەڵێ، تۆ شێخی، هەجوت با نەکەم
باوکی مـــەعلوومت نیـــیـــە لەعنەت لە زاتت هەی تەرەس
گـــوو بەگـــوێی دایکت، چوزانم دایە بەرکێ پێش و پەس
*
ناوی ســـەید بۆچ ئەبەی دەییـــووسی بێ نام ونیـــشـــان
گـــورگـــە بۆ دەرمـــەپەرِێنی، کـــۆنە حـــیـــزی تاڵەبان
واقـــیـــعـــەن ئەو پێی وتم یەک یەک بگێ دایکی ئەوان
هەر لەســـەر قیـتکەی ژنت سەد مێـخی جافیم داچەقان
چی بێ تەقـــســـیـــرم لە خـــزمـــەتتـــا، هەزارم لێ نەگـــان
لێرە دەتوت شـــێخ عـــەلی گـــەووادە، چی بوو فـــەرقـــتـــان

باوکی مـــەعلوومت نیــیـــە لەعنەت لـە زاتت هـەی تەرەس
گـــوو بەگـــوێی دایکت، چوزانم دایـە بەرکێ پێش و پەس

*

من بە ئـاشـــووبم بـەجـــارێ خـــان و بـانووتان ئـەگـــێم
ئیـبنەیی مـەشـهـوورتـان، دەییـووس و بەدخـووتان ئـەگێم
هەر لـە کـوڕ تـا کچ لـە سـاڵی سـەد هـەتا دووتـان ئەگـێم
یەک بـە یەک هـەمـسـایـەگـانـی دەوری خـانووتـان ئەگـێم
حـــەوشـــەو و کـــۆڵان و بیـــر و دار و پـەردووتان ئـەگـــێم
شـەرتە هیـچی دەرنەکـەم، تـا.. کووپ و کـەندووتان ئەگێم
باوکی مـــەعلوومت نیــیـــە لەعنەت لـە زاتت هـەی تەرەس
گـــوو بەگـــوێی دایکت، چوزانم دایـە بەرکێ پێش و پەس

*

# پاشکۆی ژمارە ٢

وەڵامی "مەلا مارفی بیدایەت" بەرامبەر داشۆردنەکەی شێخ ڕەزا

ئەی شــێخ ڕەزایی ســەرســەری، زۆر تاڵبی سـیم و زەڕی
حــاڵت پەرێشــان، دەربەدەر، بۆ زەڕ وەکــو کــەر ئەزەڕی
ســەگ ئەوەڕێ بە مـانگەشـەو، حـەتتـا سـبـەینێ ناخـەوێ
بۆ دەنکە جـۆیێ قـەوچەقـەوچ، گوفت ئەکەی هەر وەک ماکەری
دەس پان ئەکەی، چاو شۆڕ ئەکەی، بۆ چەند قرووشێ ئەی دەنی
ڕیش و ســمـێڵ وەک کلکە سـەگ، با ئەدەی وا بەســەرسـەری
لە لایێ خـەلقی مـەدح ئەکـەی، لە لایێ خـەلقی زەم ئەکـەی
هەر وەکــو مــەیموون هەر زەمـــان، بۆ پارەیێ هەڵئــەپەڕی
فــەزڵ و حــەیای تۆ پارەیە، تف بێ لە شکڵ و هەیئــەتت
لە لایێ وەک کــــەر ئەزەڕی، لە لایێ وەک ســــەگ ئەوەڕی
چیت پێ بڵـێم ئەی کـۆنە حـیـز، بۆ پارە وا سـەمـا ئەکـەی
بێ شــەرم و وەک خلەکـەزی، دەس ئەکـەی وا بە قــەشـمـەری
تف بێ لە جـبـە و مـێـزەرت، تف بێ لە کـەللەی وەک کـەرت
زۆر شەڕ ئەکەی لەسەر کەلاک، بەدەمی ڕەش وەک سەرسەری
ئاوی حــــەیا لە تۆ تکا، ئەی بێ وەفــــا، ئەی بێ حــــەیا
مەجلیس بە مەجلیس، دێ بەدێ، وا سوور ئەخۆی بۆ سواڵکەری
ڕیشـت ســــپی بوو ڕووڕەشی، لە هەردوو لایی بێ بەشی
مـەشـئـوومی ناوچەوان فـشی، وەک جـوولەکانی خـەیبـەری

باڵات درێژ زۆر ئەحــــمــــەقی، ڕوو گـــرژی لائیـــقی شـــەقی
فـاسـیـقی، ئەمـا زۆر شـەقی، بەشکڵ و بەد وەک سـیـخـوڕی
عــەوعــەوی سـەگ زەڕی نیـیـە، بۆ پیـاوی چاک و ئەهلی دڵ
ســـــەگی قـــــەبیلە عــــادەتا، بەهـەر کـــەسێ وا ئەوەڕی
وەک دەڵەســـەگ هـاتووی بابا، هەر کـــەسێ هەڵسێ لێت ئەبا
ســەد کــەڵەگــا بە فــووره فــوور، مــانگا بە کـەڵیـان هەڵبـڕی
باپیــر و بابت بەشـــەرەف، مـــەشـــهـــوور بووە لە هەر تەرەف
تۆ ناخـەلەف، تۆ بێ شـەرەف، هەروەکـو حـەدد بێ جـەوهەری
ئاوی حـــەیای عــەشـــیـــرەتت، ڕژا لەبەر فـــیـــعلی بەدت
حـــاشـــا بکە لە مــیللەتت، زۆر بێ ئەدەب، زۆر بێ فـــەڕی
فـەزڵ و شـەرافـەت زاتیـیـە، بەئەسڵ و فـەسـڵی کـەس نیـیـە
لە زاتی تۆ شـــەرەف نیـیـــە، بێ قـیــمــەتی، پیس و گــەڕی
قـــــــالۆچە ئەســـــــڵی لاڵەیە، خـــــــواردنی تەپاڵەیە
گـــــوڵ لە درک پەیا ئەبێ، خــــەلیلی خـــوا لە ئازەری
ئینسـان کـە تێـر بێ جـێـبـەجێ، مـردار لە پاشی دەرئەچێ
چاک و خــراپ دیار ئەبێ، مـــەعلووم ئەبێ خـێـر و شـــەڕی
شــاعــیــر زوبانی شـڕ ئەبێ، دائیــمــا مــەیلی شــەڕ ئەبێ
تەبیـــعــەتم، زەکـــاوەتم، مـــەیلی نیـیـــە بە شـــاعــیـــری
من "مەعرووف"م بە حوسنی حاڵ، ئەهلی کەماڵ، ساحیب جەلال
تەبعم بڵند، ئەســـــڵم شــــەریف، پاکم بە لوتفی داوەری
عـــــەقڵ و ئەدەب زەکـــــاوەتە، بێ شــــەرەفی قــــەســــاوەتە
هەجـــوی بەشـــــەر جــــەهالەتە، لە هەردوو عـــالەم بێ بەری
فـــیکری مـــونەووەرم ئەگـــەر، مـــەیل بکات بە هەجـــوی تۆ
قـــینگت وەکـــو قـــوزی ژنت بە شـــەقی شـــیـــعـــرم ئەدڕی
گـەر شـاعـیری، ئەی بێ هونەر، لە پێشی شـیـعـرم ڕامەکـە
ڕاوەسـتـە تاکـو لێت بەرم، بە تیـغی شـیـعـری شـەشـپـەڕی